# کودەتای رۆحی

نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

کودەتای رۆحی

فەلەکەدین کاکەیی

ناوی کتێب: کودەتای رۆحی

نووسەر: فەلەکەدین کاکەیی

بابەتە: وتاری فەلسەفەیی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

بەرگ و دیزاین: شۆرش غەفووری

ناونیشانی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی (انقلاب روحی)یە

لە چاپی دووەمی عەرەبییەکەی ساڵی ٢٠١٢ وەرگێڕدراوە

وەرگێڕان و چاپکردنی لەسەر ئەرکی (زریان کاکەیی)یە.

تایپ: وەرگێڕ

ستۆکهۆلم ٢٠١٥

تیراژ: ٧٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی شەهاب هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە (١٠٩) ساڵی ٢٠١٦ی دراوەتێ.

پێڕست

## پیری گەورە و هزرمەندی کورد فەلەکەدین کاکەیی

پێشەکی چاپی دووەم
پێشەکی چاپی یەکەم
وەرچەرخانێکی رۆحی
بەشی یەکەم
کۆتایی جیهانی کۆن و سەرەتای کودەتای رۆحی جیهانی
سەرەتاکانی کودەتاکە
بوونی قەیرانە زۆرەکان، دەرکەوتنی تەنگژەکان نزیکبوونی کودەتاکەیە.
دووبارە داڕشتنەوە و دابەشکردنی سامان و سەرچاوەکان
پشتیوانکردنی نرخەکان رابگرن
پرۆیسترۆیکا
سەرکەوتنی شۆڕشە نوێ و گۆڕانەکە
بازنەکانی ئۆلمپیاد و میهرجانەکان
تەواوکردنی بازنەکان
بازنەی ئاگر و تۆفان
شرۆڤەی مانای کودەتای رۆحی
بەشی دووەم _ یەکەم

عیشقی خودایی
لە هەر گوڵێ گەردیلەیەک
بابەتی ژینگە مرۆڤایەتی یەکدەخات
عیشقی ئیلاهی
ئاین... رەوشت و ویژدانە
بەردەوامی کاروانەکەی حەلاج
بەئاسوودەیی بەرێگادا بڕۆم
ژیانێکی تر لە بەغدا
ئیمپراتۆریەتی رۆبۆتەکان
لامەرکەزیەت
ناکرێ، دەبێ بەیەکەوە بژین
یەکبوونی کێشەکان و یەکبوونی چارەسەرییەکان
جیهانگرییەکی رۆحی
ئازادی ویژدان... عیشقە ئیلاهییەکە ئاودەدات
خۆشەویستی مرۆڤ سەربەست دەکات
پیترا رێزگرتنێک بۆ جەستە
حەلاجییەکان
ئەرزە لەریووەکە وزەیەکی رووناک هەڵدەگرێت
ئەنستاسیا: ساڵی ٢٠١٢... نوێبوونەوەی ژیانی مرۆڤایەتی
پشکی تۆ لە بوون
خەڵوەتی ناوەوە
لاساری رۆح بۆگەن دەکات
منیش ئازاد نیم ئەگەر تۆش ئازاد نەبیت
کەی ئەو ژمارانە لادەبەین
دەربازبوون لە کودەتای قووڵی رۆح
پێنج خوێنەری گەشبینم بەسە
عاشقەکانی هۆشمەندی لە بەغدا
مێژووی بکوژەکان دەناسێتەوە... ئەوان و قوربانییەکانیش
بەشی دووەم ـ دووەم
رەنگە سپییەکەی نەورۆز
جەژنی رەنگی سپی
لە چاوەڕوانی فریادرەس
زەردەشت بۆ نیچە دەدرەوشێتەوە
ئازادی لە هەموو شوێنێک هەر ئازادییە

مافەکانی مرۆڤیش وەک خۆیەتی

لەبەر ترس لە چەک

بەشی دووەم _ سێیەم

بەشی من لە خۆرەکە

سوپاسگوزاری ئەو چرکەساتە بکەم کە تۆی تێدایە؟

کردەوەکان بەرجەستەیی بیر و رامانەکانتانە

رووە شارستانییەکەی ئێران

جینۆساید لەناو ماڵەکەی خۆمان

جەلاد و قوربانییەکان... جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جیایان دەکاتەوە.

ئازایەتی رەخنە لەخۆگرتن

بەغدای پاش مەنسوور

هاوسەنگی یاساییەکە بۆ بوون

بەشی دووەم _ چوارەم

گەشی گوڵاڵەکە

گەشەی گوڵاڵە سوورەکە

سروشت خۆی نۆژەندەکاتەوە

شکۆمەندی کاغەز بەدرێژایی مێژوو

دادگاییکردنی کتێبێک مێژووی بڵاوبوونەوەی نەزاندرێت.

ئازادی زۆرتر بۆ گوزارشتکردن

جوانییەکانی بوون

نازناوی شازادە چەند هەرزان بووە؟!

جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان

بوون ... کتێبێکی کراوەیە

داهێنان فرەکاروانە

بەشی سێیەم_ یەکەم

کێشە کۆمەڵایەتییەکان و وەرچەرخانی داهاتوو

ئاسانکاری بۆ دەستی نێودەوڵەتی لە کاروبارە ناوخۆییەکان

گرفتە ناوخۆیی و تایبەتییەکان

سروشتی مرۆڤ و رێنماییە ئاینییەکان

هاوڕێیەتی و هاوکاری

ئاژاوەیەکی بەرهەمهێن ١

ئاژاوەیەکی بەرهەمهێن ٢

لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی

وڵاتێکی جیهانی

لەناخی قووڵی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە
ژنێک دەزگایەکی چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان بەڕێوە دەبات.
بەشی سێیەم_ دووەم
ژن
لەیلا قاسم حەسەن
ژنی سەربەست پیاویش سەربەست دەکات
هەوارێکی ئارام و تەندروست
بونەوەری زیرەک لە گەردوون
ئاسوودەیی و عافیەت... دوو پێویستییە خۆڕسکەکە
پارکی ژینگەیی و سروشتی
پارکی بارزان
بەهاداری کات
بەهای ڕێژەیی کات
پەیوەندییمان بە گەردوون
تەئەمول (رامان) بۆ نۆژەنکردنەوەی وزە
تەنها بە هزر بابەتەکان یەکلادەکرێنەوە.
دادگایەکی مەدەنی
بەشی سێیەم
لە ئەرشیفەوە
دەستپێشخەرییەکەی بارزانیساڵی ١٩٦٨ هاوکاری کوردی _ تورکی
ئەرشیفی مێژوو
تێگەیشتن لە ئازادییەکان
پاش سەدان ساڵ لێپرسینەوە لە داهێنان دەکەن
پەرۆشی دادپەروەری لە کەرامەتی مرۆڤایەتی
بەشی سێیەم _ چوارەم
شاکر فەتاح، نمونەیەکی سوکراتی ١
شاکر فەتاح نمونەیەکی سوکراتی ٢
ئەو ڕێنماییەکانی زەردەشتی بەرجەستە کردبوو
فەزیلەتی وازهێنان لە خواردنی گۆشت
مرۆڤ رۆح و جەستەیە
بیرەوەریی ریالیستی
هەموو شتێکی نوێ
پێشبینیەکانی کاسترۆ
پاراستنی ئاشتی و کرانەوە

بەشی چوارەم
لە پزیشکی ئەلتەرناتیڤەوە
لە دەریاچەی وانەوە
سوڵتانی مارەکان
قسەکردن لەسەر نەهێشتنی جیاوازییە چینایەتییەکان
سۆفیزم ڕەوشێکی ڕۆحی خۆڕسکە
سۆفیزم لەناخەوە مرۆڤ ئازاد دەکات.
فرەڕەنگی لە جیهانی ئیسلامی دەخنکێندرێت
بڵاوبونەوەی ئاوەزی فەلسەفی هزری ئازادی خوڵقێنەرە
لە کەشکۆڵی ڕۆژنامەگەرییەوە
کلتووری گوڵ
بەشی پێنجەم
لە پزیشکی ئەلتەرناتیڤەوە

پیری گەورە و هزرمەندی کورد فەلەکەدین کاکەیی

مامۆستای گەورە فەلەکەدین کاکەیی خاوەن عەقڵێکی گەردوونی، وێژدانێکی سپی و دڵێکی پڕ لە میهر و خۆشەویستی بوو بۆ ژیان و سروشت و مرۆڤ و نیشتمانەکەی .

کۆچیدوایی ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی بە کردەیی دروستبوونی بۆشاییەکە لە هەر سێ بواری سیاسی و ڕۆژنامەگەری و ڕووناکبیری گەلەکەمان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو لەیەک کاتدا، سێ کەسایەتی گرنگی لە خۆیدا بەرجەستە کردبوو، لە هەر سێ بوارەکەدا سوارچاکە بوو، ئەسپی خۆی لە پێشەنگدا تاودابوو، بۆیە لەدەستدانی ئەم مرۆڤە مەزنە، خەسارەتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان و زەحمەتە بەئاسانی بتوانین پڕیبکەینەوە.

ئەوەی لە کەسایەتی ئەم زاتە مەزنە جێی سەرنج بوو، زۆرجار لە دەرەوەی بازنەی کاری حزبایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری لە کەناری پرسیارە ئەزەلییەکانی تەسەوف نزیک دەکەوتەوە، ئەو زاتە هەمیشە خاوەنی ئەو وتەیە بووە کە دەیگوت:

بۆ سەلماندنی ڕێبازێکی خەباتگێڕانە، پێویستمان بە سڕینەوەی ڕێبازەکانی تر نییە، بۆ سەلماندنی هەر شەرعیەتییەکی سیاسی کوردستانیانە، ئیرادەی گەلمان پێویستە، بیری جیاواز و ڕێباز جیاواز دیاردەیەکی ئاساییە، گرنگە ئەوەیە بە خوێندنەوەی جیاواز، هەبوونێک بۆ سیمای نەتەوەییمان بچەسپێنێت، ئەگەر بە جیاوازی دروستانە نەڕوانینە دەوروبەر و ڕووداوەکان، ئەوە لە ئەنجامدا یەکترقبوڵنەکردن و لەیەکترتێنەگەیشتنی لێدەکەوێتەوە.

ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی بە حوکمی پێگە و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری لەسالآنی(١٩٧٩_١٩٨٠)ەوە نزیک بوو لە بڕیاری سیاسی گرنگ و چارەنووسساز لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەردەوام داکۆکی لە بیروباوەڕی خۆی کردووە و زۆرجاریش لەسەر بیروبۆچوونەکانی تووشی ململانێی توند بووەتەوە، کە هەمیشە لای نەداوە لە حەقبێژی و دڵسۆزی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. هاوکات ئەم زاتە مەزنە، ڕا و بۆچوونەکانی خۆی ڕاشکاوانە دەردەبڕی و بێ ترس بڵاویکردۆتەوە، بەڵام هەمیشە بیر و بۆچوونەکانی زۆر دوور بوون لە تانە و تەشەر و شکاندنی کەسانی تر، لە ڕیشەدا هەڵگری ڕەگەزی ڕاستەقینەی ڕاستگۆیی و حەقبێژی بوو.

چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو ڕاستەوخۆ ڕەوانشاد مامۆستا فەلەکەدین پێشتر لەبارەیەوە نووسیویەتی یا ڕاستەوخۆ لەخۆیەوە بیستراوە و تۆمار کراوە:

- لە ساڵی ١٩٨٥ وەکو هەمیشە وتاری سیاسی ڕۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانم دەنووسی، لەپڕدا قەڵەمەکەم دانا و کەوتمە بیرکردنەوە: (ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە؟! .... یانی چی؟ ئەم هەموو قوربانیدانە بۆ ئۆتۆنۆمی؟ ڕۆژانە بە هەر شێوەیەک باسی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەمان لە ڕادیۆ دەهێنایەوە، بووبوو بە (یەخنی!) لەم وشەیە پەست و بیزار بووم. فیداکاری پێشمەرگە و قوربانیدانی جەماوەر لە ڕادەبەدەر بوو، کەوتمە بیری تێفکرینەوە، چوومەوە قووڵایی... گەیشتمە ئەوەی کە باشترە داوای شتێکی زیاتر بکەین، سەربەخۆیی تەواو مافی خۆمانە، ئەگەریش لەم بارودۆخەدا نەتوانین بەئاشکرا جاڕی بدەین، هەر هیچ نەبێت داوای (فیدراڵیزم) بکەین. بەم ئامانجە بڕێک حەسامەوە، تەزوویەکی لەزەتبەخش بەدەروونمدا هات، بە خۆم گووت: باشە! فیدراڵیزم...! ئیتر لەو وتارانە باسی ئەتۆنۆمیم نەهێنایەوە ئارا. دوای ئەوە، کۆمبوونی مەکتەبی سیاسی بەسترا (کە جگە لە سەرۆک حەوت

ئەندام بووین بە سکرتێرەوە)، بیروڕاکانم خاڵێکی تایبەتی کۆبوونەوەکە بوو، لەوێدا چەسپاندم. ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی یەکەمین کەس بوو بێ دوودڵی پشتیوانی لێکردم.

- لەسەر مەسەلەی پاشکۆبوونی بیری رۆشنبیر و سیاسەتمەداری کورد بە بێگانە: رۆشنبیر دوو بەشە رۆشن... بیر یا بیری رۆشن مانای بە روونی بیر دەکەیتەوە، ئیتر لە هەر مەسەلەیەک بێت. تۆ کوردی هەر چەندە ئاگادار بیت و بیرت فراوان بێت، ئەگەر بە رۆشنی لە کێشەکەی خۆت تێنەگەیت و مەسەلەکەت لا تێکەڵ و ناڕوون بێت، ئەوکاتە دەبیتە پاشکۆی بیری نەتەوەی تر، کە لە تۆ بەهێزتر و پڕ زانیاری ترن. ئەسڵی کارەکەش خوێندنەوە و زانیاری و رۆشنبیری و هۆشمەندیە. زۆربەی سیاسەتمەدار و رۆشنبیرانی کوردستان نەک ناخوێننەوە، ناشخوێنن، ئەوە با بڵێین (١ % )ەش کە دەخوێنێتەوە، بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دەبنە پاشکۆی بیری نەتەوەکانی تر. گەورەیی کەسایەتی بارزانی نەمر لەوەدایە کە کوردە، رەنگە پێشانی نەدابێ، چەند دەزانێ، ئەوانەی نزیکی بوون ئاگادارن، کە (بارزانی) ئاگاداری وەزعی هەموو جیهانیش بوو، بارزانی ئاگاداری هەموو دەوروبەری خۆی بوو، کە لەگەڵی دادەنیشتی هەر چەندە زۆر کەم قسەی دەکرد، بەڵام لە جیهاندا چی دەکرا قسەی لەسەر هەمووی دەکرد، رای تایبەتیشی لەسەر هەبووە و نەشینووسیوە، بەڵام (وەک کورد ماوەتەوە)، لایەنی بەهێزی بارزانی نەمر دەگەڕێتەوە بۆ رەگەزە بنەڕەتییەکانی کەسایەتی بارزانی. بارزانی نەمر دەچێتە سۆڤیەت و نەبووە بە شیوعی و وەک کورد دەمینێتەوە، نەبووە بە پاشکۆی عبدولسەلام و قاسم، لەگەڵ بەعس رێکدەکەوێت، بەڵام نەبووە بە پاشکۆی بەعس، لەگەڵ ئێران هاوکاری کرد، بەڵام نەبووە بە پاشکۆی شای ئێران، پاش نەکسەکە یاخی بووە و چووە بۆ ئەمەریکا، لە ئەمەریکا نەبووە بە پاشکۆی لیبرالیستی ئەمەریکی، بە شێوەی تایبەتی خۆی سەربەخۆیی فیکری نەتەوەیی پاراستووە. دەتوانم بڵێم سەربەخۆیی نەتەوەیی فیکری بارزانی نەمر، یەکێکە لە بەرهەمە ئەساسییەکانی دروستبوونی کەسایەتی کورد. من دەڵێم تۆ رۆشنبیر بە، لەسەر عەرەب چی دەزانی بزانە باشە، ئەوە شتێکە بەڵام تۆ پاشکۆی شێوەی بیرکردنەوەی ناسیۆنالی عەرەب یا فارس، یا تورک بیت، ئەوە خۆت دۆڕاوی، بۆ نموونە لە عێراق بمانەوێ و نەمانەوێ گەر ئێستا بەوردی لێی بکۆڵینەوە دەبینی زۆر لە سیاسەتمەداران بێ ئەوەی خۆیان ئاگادار بن، رەنگە بە رەگەز و زمان کورد

بن، بەڵام قاڵبی مێشکیان شێوەی بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبییە، وا داڕێژراوە بەو شێوە بیردەکەنەوە، رەنگە مەبەستیان تەقلیدکردنی ئەوان نەبێت، ئەمە مەسەلەیەکی سادە نییە لە ئێران و تورکیاش هەر وایە.

• لە ٦٠- ٧٠ ساڵی پێشوو، ئێمەی کورد لەسەر خەیاڵێک، بیر و بۆچوونێک، ستراتیژییەک دەڕۆیشتین... کە گوایە چارەسەری مەسەڵەی کوردستان بەندە بە گۆڕانکاری ئەم وڵاتانە: عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا. واتە: چاوەڕوان بووین خەڵکی ئەو وڵاتانە بەرەو باشتر بگۆڕێن و بتوانن سیستەمی دیموکراسی و عەداڵەتخوازی دابمەزرێنن... تا دان بە رەوایەتی مافەکانی کورد و کوردستان بنێن. هەر لەبەر ئەوەش، لە هەموو پارچەکاندا هەولماندەدا ئێمەی کورد دیموکراسی تر، سۆسیالیسی تر، چەپڕەوتر، شۆڕشگێر تر... ( ئێستا ئیسلامی تر) و... چی و چی بین. چونکە (خۆمان نەبووین) و ستراتیژی نەتەوەیی خۆمان نەبووین، بەڵکو خۆمان لە دروشمە بریقەدارەکانی میللەتانی باڵادەستی ئەو وڵاتانە دەدۆزیەوە.

بەڵام هەموومان تاقیکردەوە... نە ئەو کاتە هەندێ وڵاتی وەکو عێراق و سوریا، گوایە(سۆسیالیست) بوون، ئاوڕیان لە کورد دەدایەوە، نە ئەو کاتەی کە سیستەمی ئیسلامی لە ئێران و تورکیا سەرکەوت، لایان لە ئێمە کردەوە، نە ئێستا گوایە لە عێراق( سیستەمی دیموکراسی فیدراڵییە) لە کاتێکدا عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت و ستەمکاری دەڕوات. کەواتە زۆر رۆشنە، دیموکراسیبوونی ئم وڵاتانە زەحمەتە. مەسەلەی نەتەوەیی ئێمەش مەسەلەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەرییە. من ئێستا لەوە نائومێدم... رۆیشت ئەو رۆژەی رژێمێکی دیموکراسی ببینین... مەگەر ئێمەی خەڵکی کوردستان، خۆمان ببینە پێشەنگ و زیاتر لە هەر کەسێکی تر، دیموکراسی دروست بین و هەوڵبدەین خەڵکی دیکەی ئەو وڵاتانە بکەین بە دیموکراسی!

• هەر وەختێک دین و سیاسەت، یان دین و دەوڵەت، تێکەڵاوی یەکبوون، ئەوە دەسەڵات و سیاسەتوانان دینیان لە خزمەتی سیاسەت و دەوڵەت بەکارهێناوە. واتە: دین و ئایین شێوێندراوە و چەمێندراوەتەوە، تا لەگەڵ بەرژەوەندی کاروباری سیاسیدا بگونجێت.

هەر وەختێکیش دین دەوڵەتی بەکارهێنابێت، ئەوە ستەمکاری یەکلایەنەی لێدەرچووە. مەبەست لە دین لێرە دەزگا و پیاوانی ئایینیە.

• بزوتنەوەی جیهانی(ئیخوان) بە هیچ وەختێک بەدرێژایی سەدەی بیستەم، ئێستاشی لەگەڵدابێ، پشتیوانی و هاوسۆزی خەبات و خواست و ئامانجی نەتەوەی کوردی دەرنەبڕیوە، هەرچەندە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کورد، لە گشت پارچەکان موسڵمانن، بەڵکو لەهەمان ئایینزا و مەزهەبی بزوتنەوەی (ئیخوان)ن، بەڵام دیارە مەسەلەکە سیاسییە، پەیوەندی دینی و ئایینی نەبووە.

وڵاتانی عەرەب بەدەگمەن نەبێت، وڵاتانی ئیسلامی غەیری عەرەبیش هیچ هاوبەستییەکیان لەگەڵ کورد پێشان نەداوە. خۆ (رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی) هەر رێکخراوی دەوڵەتە موسلمانەکان ماوەتەوە، نەیتوانیوە ببێت بە رێکخراوی میللەتان و خەڵکی موسلمانی دنیا. جیهانی ئیسلامی کە زیاتر لە (٥٦) وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆیە، هەروەها رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی تا ئێستا تاکە رستەیەکی بێزاری و ئیدانەی تاوانەکانی جینۆسایدی دەرهەقی خەڵکی موسلمانی کوردیان دەرنەبڕیوە، بۆیەش هیچ کاتێک هاوکاری نەتەوە بەشخوراوەکانی نەکردووە، ئامانجەکانی لە ئازادی و رزگاری هەمیشەیی و سەربەخۆی ئەوان بە هەند وەرنەگرتووە.

لە پێشەکی نهێنییە شاراوەکاندا مامۆستا فەلەکەدین دەربارەی خۆی و پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی خاکییانە بە نووسین ئاماژەی بە رۆڵی خۆی و مافخوراوی پێشمەرگە قارەمانەکان دەکات:

دوای ٤٠ – ٤٥ ساڵ تەنیا لایەنی خەبات لە پێناوی کوردستان، بە بەرهەمی خۆم دەزانم.... نەک ئەوەی بە چی بوومە و چۆن ژیاوم و چی دەبێت!

ژیانی پێشمەرگایەتیم هەر ئەوەیە، کە لەناو پێشمەرگە و دەزگاکانی شۆڕش درێژەم پێداوە. زیاتر خەریکی کاروباری راگەیاندن و رۆشنبیری بووم: کاری ئێزگەی دەنگی کوردستان، دەرکردنی رۆژنامەی خەبات و چاپەمەنی دیکە و هەندێ کتێبی ئەدەبی و سیاسی و کاروباری پەیوەندیی ناوخۆ و دەرەوە.

لەڕاستیدا من خاوەنی هیچ (قارەمانیەتییەکی) پێشمەرگایەتی نیم. هەر پێشمەرگەیەکی مەیدانی قارەمانی ئەسڵییە و شەرەفی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی هێرشی داگیرکەران بۆ ئەوانە، هەر بۆ ئەوان دەمێنێتەوە. هەر پێشمەرگەیەکی سادەی مەیدانی، سەدان بەرابەر ئێمەی بەناو رۆشنبیر ئازاتر و قارەمانترن. ماڵی نەخوێندەواری لە قوڕ بگرم. کە پێشمەرگەی نەخوێندەوار هیچی بەدەستنەکەوتووە، هەندێ (خوێندەواری) چیا و شار و (پاڵ دیوار) هەموویان بەرکەوتووە! هاوسەنگی و یەکسانی لەمەدا نابینم.

ئەمە گەوهەری راستەقینەیی حەقبیژی و راستگۆییە، کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان پێیەتی بۆ رزگاری و سەربەخۆی.

نووسین و ئامادەکردنی

زریان کاکەیی

هەولێر، خانزاد گرین لاند

٩ی نەورۆزی ساڵی ٢٧١٦ی کوردی

پێشەکی چاپی دووەم

نووسەر مافی خۆیەتی، ئەرکی ئەویشە، بەسەر خۆی و نووسینەکانی دابچێتەوە، کورتی بکاتەوە یان گۆڕانکارییەکیش بکات، ئەوەی بەباشتری دەزانێت بۆی زیاد بکات، تا بابەتەکان روونتر و شیاوتر دەربکەون. کەواتە نووسەر مافی خۆیەتی چاپی نوێ بۆ کتێبەکەی بکات، بە گۆڕانکاری و دەستکاریشەوە، بەڵام گۆڕانەکە درێژ و زۆر نەبێت.

ژمارەیەک لە هاوڕێیەکانم، لە خوێنەرەکانم، ئاماژەیان بە چەند بابەت و بڕگەی تایبەتی کتێبەکەم کردبوو، لەراستیش، جەمسەری سەرەکی تێبینییەکان لەسەر کتێبەکە، سەبارەت بە بابەتە سیاسییەکان (قورسەکان) بوو، لەسەر کودەتا رۆحییەکە و گۆڕانە هزرییەکانی، رەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەربکەون.

لەو چاپە بابەتێکی درێژی ناو کتێبەکەم لابردووە، تەنها ئەو بابەتەم لابردووە، ئەویش وتارێک بوو، یان بڵێین پێداچوونەوەیەکی سیاسی و وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی رۆژنامەگەری بوو، کاتی خۆی ئەنجام درابوو.

لەجیاتی وتارە لادراوەکە، وتارێکم بەناوی (شرۆڤەی مانا کودەتای رۆحی)م لەو چاپە لەگەڵ دانا، هزرە سەرەکییەکانی ناو وتارە لادراوەکەم تێدا نووسی، تا خوێنەر بۆچوونە هزرییەکانی لە هەردوو چاپەکە وەربگرن. واتە من سیما جەوهەرییەکەی وتارە لادراوەکەم هێشتوتەوە، بەو ناونیشانەی سەرەوەش کورتەیەکی چڕم بۆی داناوە، ئەو کورتەیەش پێویست بوو بۆ نیشاندانی تیشکێکی تر لەسەر مانای کودەتای رۆحی.

خوێنەرە بەرێزەکانم هەست بەوە دەکەن، وتارەکانی ئەو کتێبە کورتی یەک لاپەڕەیین، بەرووکەش جیاوازن، باس لە جۆرەها کاروبارەکانی ژیان دەکەن، هەندێکیان گوزارشتی سیاسی یان کۆمەڵایەتییان پێوەیە. هەمووشیان دەگەڕێنەوە ناو سەر جۆگەلەکە، ئەوەش رەنگدانەوەی ژیانی ئێمەیە، بە هەموو گۆڕان و بەسەرهاتەکانی پایە بە پایە، لە ساتەکانی کودەتای رۆحی و گۆڕانەکانی لە شێوازی بیرکردنەوە و دیدگای فەلسەفی روودەدەن، زۆر و زۆرتر لە جیهانە کۆنەکەش دووردەکەونەوە.

تکا دەکەم، لێم ببوورن و رێز و خۆشەویستیم بۆ هەمووتان.

فەلەکەدین کاکەیی

٢٠١١/١٢/١٥

پێشەکی چاپی یەکەم

گۆڕانی رۆحی

رەنگە دەربڕینەکە زۆریش ورد نەبێت، چونکە نە کودەتایە و نە گۆڕانە، هەڵگێڕانەوەی رۆحیش نییە، راستر بڵێین، گواستنەوەی رۆحی، واتە گواستنەوە لە دۆخێکە بۆ دۆخێکی تر. مێژووی کلتوور و فەلسەفەش لەوە راهاتووە. خەڵک لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا رووبەڕووی گواستنەوەی زهنی و رۆحی دەبنەوە، لەسەر ژیان و گەردوون قبووڵی هزر و دیدی نوێ دەکەن. رەنگە ئەوەش خۆڕسک

و ڕەمەکیش بێت. ئەوە ڕێکەوت لەگەڵ دەرکەوتنی بلیمەتە مەزنە گەورەکان، خەڵکیش نازانێت چۆن لەناکاو لەسەر رووی دەریاچەی گەنیووی مێژوو دەرکەون، وەک: موسا و عیسا و موحەمەد سڵاوی خودایان لێ بێت، هەروەها دیاردە و کەسایەتی وەک: بودا و کۆنفۆشیوس و فەلسەفەی تانو (داو) و براهمانی و مترانی و زەردەشتی. ئەو بڵیمەتانە بەو دوو قۆناخ و لەماوەی ساڵانی ٥٠٠ ی پ. ز، تا ناوەندی هەزارەی یەکەمی زاینی دەرکەوتوون. ئیتر پاش ئەوانە ژمارەیەک ریفۆرمخواز و ڕووناکبیر و فەیلەسوفی ئیسلام و کریستیان و ئەوانی تر، لە ناوەندی هەزارەی یەکەمی زاین دەردەکەون، وەک: کەندی، فارابی، سەهرەوەردی، حەسەن ئەلبەسری، حەلاج و خەیام، هەروەها ئیبنی خەلدون و ئیبنی روشد و ئیبنی عەرەبی... هتد! پێش ئەوانەش ژمارەیەک ئەستێرەی نازدار لە فەیلەسوف و ڕووناکبیران لە یونان دەردەکەون، وەک: ڤیساگۆرس، سوکرات، ئەفلاتۆن و ئەوانەی لەدوای ئەوانە هاتوون.

لە خۆرئاواش، لە سەدەکانی ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی زاینی کەسایەتی و زانای وەک: گالیلۆ، دیکارت، ڕۆسۆ، هیگل، نیچە، راسل و زۆری تریش دەردەکەون، ئەوانە بنچینەکانی شاری نوێ دادەڕێژن. تا ئیمرۆش کاریگەرییان لەسەر بوون و ژیان و پێگەکانمان هەیە... تا ئەودەماەی سەردەمی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و گلوبالیزم و ئاژاوە دروستکەرەکە (الفوضى الخلاقه) دێتەکایەوە.

لە ئاکامی دۆخەکانی زووتری کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسییش، ئێمە لەسەر دەروازەی قۆناخێکی جیاوازین، قسەش هەیە نزیک بووینەتەوە لە پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەخلاقیەتێکی ڕۆحی جیهانی نوێ و گلوبالیزمێکی مرۆیی، کە مرۆڤایەتی خستووتە بەر وەحشیەت و دواکەوتوویی و تۆقاندن... و سەروەرییەکانی تەواوی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتنی ژینگە و ئازادییەکان، وەک باڵاترین بەهای مرۆڤ.

پێشبینی من وایە، مرۆڤایەتی لەسەر کرانەوەیەکی ڕۆحی بابەتییانەیە، کە هەرگیز سەردەمانێکی وا جوان و ناسک نەبووبێت. ئەگەر سەردەمەکانی پێشوومان بە نازدار و سالار، وەک هەنگاو و خۆراگری ڕۆحی و ویژدانی و هزری بینیبێت. ئاینی ئیسلام شەپۆلێکی مەزنی لە شادی و موژدەبەخش و هیواکان راگەیاند، محەمەد (د.خ) یەکێکە لە کەسە مەزنەکانی مێژوو، ئەگەر بە پێناسەی مرۆیی کۆمەڵگایی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین. ئەگەر بە رامانێکی ڕۆحی بێگەرد و زەلال و پێشوەخت بڕیاری لەسەر نەدرابێت، تویژینەوە لە سەرهەڵدان و رابوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەدەی بیستەم بکەین، دەردەکەوێت ئەوانە پڕۆسەی مەزن بوون. ئەوەی ئێستاش دەگوزەرێن، بەحەق گۆڕان و وەرچەرخانێکی گەورەیە، ڕەنگە تروسکایی سەرەتاکانی ببینین، بەڵام ناتوانین بنچینە و کۆتاییەکانی بزانین.

دۆزینەوە مەزنەکانی سەدەی بیستەم، خۆشی و شادی و کامەرانی بە مرۆڤ دەبەخشێت. لەگەڵ ئەوەی کەساسی و زەحمەتییەکان و بوونی قوربانی زۆری زۆرداری و قۆرخکردن و برسیەتی،

هەست بە بوونی چرکەساتەکانی گرنگ لە ژیان دەکەین، رامانی جوانت لەسەر گەشەسەندنە هاوسەنگەکە دەبێت، ئەگەرچی ئاژاوە و شڵەژانیشی لەدەرەوە پێوەیە.

من بانگەشەی ئەوە ناکەم، کتێبەکەم شرۆڤەی بەشێکی گرنگی ئەوانەیە، بەڵام کۆششی تروسکاییەکە بۆ رووناکی. وتارەکەی پێیش چەند مانگێک نووسیبووم (ساڵی ٢٠١٠) گوزارشتە لە هورێنەکانی ئەو گۆڕانە، یان کودەتا رۆحییەکە، شوێنەواری شۆڕشە کۆمەڵایەتی(شانازترینیان ئەو بزاڤە کۆمەڵایەتییە، بەپێی لۆژیکی گەشەسەندن دەبێ بێتەدی) و هزرییەکانی ئەو سەردەمە. مرۆڤ شاناز دەبێت، کە دەتوانێ بگاتە ئەو ئاستەی لە هزر و ئایدلۆژیای کۆن و لۆکالی و تەسکبین و سەردەمییانە دەربازی ببێت... چونکە ئەوەی دەگوزەرێت جیهانی و گشتگیرە. هەموو ئەو شتانەی لۆکالی و کاتی بن، دەگەنە ناو خانەی بزاڤێکی بەجووڵەی زیندوو. هەر جووڵەیەک لە گوند و شارێک روودات، بە کێبڵی ئاڵۆزی بینراو و نەبینراوی بەستراو بە رۆژەڤی گۆڕان و وەچەرخانە رۆحییەکان پەیوەندارە. بەکورتی جیهانە کۆنەکە داڕما، جیهانێکی تر پەیدا دەبێت، تێدا بەس ئەوانەی لە یەکسانی و هاوکێشەکانی ژیان و بوون و هزرکردن تێدەگەن، ئەوان تام لە ژیانەکەی وەردەگرن. قەرزبار و شەرمەزاری گەورەش، ئەوانەن توندڕەوی و دەمارگیری و تەسکبینی بیرکردنەوە و نەزانین پەیڕەو دەکەن. بە بۆچوونی من، ئەوانەی لە کۆمەڵگای مرۆیی و سروشتیش روودەدەن، کۆششێکی دیالیتکی ناوەوەیە، بۆ گەڕانەوەی هاوکێشەیی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و سروشت.

مەبەستی سەرەکی لە کودەتا رۆحییەکە، کە بانگەشەی بۆ دەکەین، هەڵگیرسانی هەستانەوەیەکی رۆحی نوێیە، بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە دۆشدامان و ناکۆکی و کێشە ئاڵۆزەکان. ئەو جۆرە هەڵگیرسان و بوژانەوەیە، وەک هۆشی ناوەوەیە، لە فشار و کۆتەکانی چواردەورەی دەربازی بووە. ئەگەر بە زمانێکی فەلسەفی بدوێن، رۆح ئازاد دەبێت و هەڵدەستێتەوە، کە عەقڵ و بیرکردنەوەی بەردەوام، گرانی و قورساییەکی خستبووە سەر دیدی مرۆڤ و بوونی واقیعەکە، تا لە ساتی خۆییدا بژیت (ئێستا).

زۆربەی بابەتەکانی ئەو کتێبە، قسەکردنە لە هەڵسانەوە و بوژانەوەی رۆحی (رووناکبەخشی)، ئەوەش تەواوکەری کتێبەکانی تری منە، کە لەسەر هەمان رێباز نووسراون، بە زمانی عەرەبی و کوردی.

1. حلاجيات، بە عەرەبی بەشەکانی لەساڵی ١٩٦٧ی زاینییەوە بڵاوکراونەتەوە.
2. زێدی رووناکی (موطن النور) بە زمانی عەرەبییە.
3. ئاهەنگەکانی بوون (احتفالات الوجود) بە زمانی عەرەبییە.
4. کودەتای رۆحی (انقلاب روحی) بە زمانی عەرەبییە.
5. چرکەساتەکانی هۆشمەندی (لحظه الحكمه) بەزمانی عەرەبییە.

ئەگەر هەندێ لە بابەتەکانی ئەو کتێبە، مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی باوی ئەو زەمانەی تێکەڵیش کردبێت، ئەوە هەڵسانەوەی رۆحی گشتگیرییە، ئەوانەی بە رۆحەوە

هەڵساونەتەوە، کەسانی رووناکبیرن، یان رووناکبەخشن و لەناوەوە گەشاوەن، دەتوانن هەموو کاروبارەکانی ژیان و بوون لە دیدی گەشانەوەی رۆحی پرشنگدارەوە، رووناکی لەسەر هەموو شتەکان پەخش بکەن، ئەو رۆشنگەرییەی ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین، دەکرێ ناوی بنێین گەشانەوەی ناوەوە، یان رووناکبەخشی و ئیشراق و کۆمەڵێک لە کەلەکەبووی هزری و شێوەکانی بیرکردنەوەی تارماییان لەسەر رۆشنگەریی داناوە.

## بەشی یەکەم

### کۆتایی جیهانی کۆن و سەرەتای کودەتای رۆحی جیهانی

یونیوی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی

تکا دەکەم، ناونیشانەکە بە ناوازە و سەیر مەبینن، وشەکانی ئاسایی و نۆرماڵە، ئاماژەیە بە جووڵەیەکی بەرچاو و ناو هزر، لەبەر ئەوەی ئێمەش بەشێکین لە جووڵەی ژیانی ئەو سەرزەمینە، کە زۆر بەئەستەم هەست بە گۆڕانەکانی دەکەین، وەک چۆن هەست بە هاژە گەورەکەی سووڕانی زەوی ناکەین، بەپێی زانیارییەکان و خوێندنەوەم لە بوارەکانی زانستی فەلەک دیارە ئەو جووڵەیە، واتە سووڕانی زەوی دەنگێکی گەورەشی هەیە.

ئایا زاراوەکان پێویستیان بە پێناسە هەیە؟ باشە، وا من بەپەلە پێناسەی کورت بۆ هەندێکیان دەکەم.

یەکەم: جیهانی کۆن، یان جۆری بیرکردنەوە و دیدی گەردوونی، هەزارەها ساڵە تا ئیمڕۆ تێدا دەژین، تا سەدەکانی بیستەم و بیست و یەکەم، ئیتر لەو سیستەم و رەوتەی ژیان راهاتووین و دیدە فەلسەفەییەکانی و جۆری ژیانەکەم قبووڵ بووە: دەیان ساڵە جیهان بەرەو داڕمان و کۆتایی

دەرِوات، ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٥ی زاینی هەنگاوێکی بەپەلە بووە لەو بوارەدا، دوایی لە ساڵانی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٠ی زاینی هەنگاوەکان بە ئاستێکی خێراتر لە رەوتەکەی تر هاتووە و تەواوکەر بووە، بە جۆرێک لەوەتی باپیرانمان لەناو ئەشکەوت و دارستانەکان دەرچوون و بەدرێژایی مێژووی کۆن ئەوە رووی نەداوە، ئێستاش توێژینەوەکان لەسەر رەچەڵەکی مرۆڤ بەردەوامە، ئایا راستە مرۆڤ وەچەی مەیمون بووە؟ یان لە نیاندرتالەوە پەیدابووە؟ یان لە جۆرە بونەوەرێک بووە، لەو مرۆڤەی ئیمرِۆ ژیان دەکات نزیکە؟ زانایانی ئەنتروپولۆژیا و زیندەوەرزانی و جیولۆجیا و کیمیا و فەلەک ئەوانە و زانای تریش، لەسەر بنچینە و وەچەی مادی پەیدابوونی مرۆڤ کار دەکەن، هۆشمەندەکانی تەسەوفی و عیرفانیش لە بنچینەی رۆحی مرۆڤ دەگەرِێن، مرۆڤ جەستە و رۆحە، هیچ جەستەیەک بێ رۆح، ژیان و جووڵە و مانەوەی تێ ناکرێت. هیچ رۆحێک بێ جەستە نابێت، هەردووکیان هاوشانن، وەک مادە و وزە، هەتا ئێستاش زاناکان بە چەندین توێژینەوە و بیردۆزی قووڵ و دۆزینەوە و ئەزموونەکان بەدڵنیایی و مسۆگەرییەوە، ناتوانن ئەوە بسلمێنن ئایا مادە پێش وزە بووە، یان بەپێچەوانە؟ ئەگەر بڵێین راستە ئەو گەردوونە دەرئەنجامی تەقینەوەیەکی مەزن خوڵقاوە، دەپرسین ئەو وزە مەزنە لەکوێ هاتووە ئەو تەقینەوەیە ئەنجام بدات؟ ئەوەش هەژاندنی بۆچوونەکە نییە کە دەڵێت، مادە بنچینە و بناخەکەیە؟ باشە وزەکە لەکوێ هاتووە و مادەکەش لەکوێ هاتووە؟

دووەم: مەبەستم لە کودەتا رۆحییەکە، هزری و فەلسەفە، کە بریتییە لە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ و دیدەکانی بۆ خۆی و گەردوون و بوون، ئێمە بە داخستنی برگەی یەکەم، دەچینە ناو بازنەی ئەو کودەتایە ساوایە.

ئەگەر جۆری بیرکردنەوە و شێوازەکانی تێگەیشتن لە بوون و گەردوون بگۆرِێت، یان گۆرِان بەسەر ئەو گەردوونە دابێت، ئەگەر لەو حیکمەتە نزیک بووینەوە، کە گەردوون بۆ ئاوێتەبوون و تەواوکردن پەیدابووە، مرۆڤیش دروستبووە بۆ ئەوەی بگاتە کەمال، بەوەش سەرپەرشتی ئەو کودەتایە رۆحییە دەکات، سەرپەرشتییەکی بابەتی و هزرییانە، بەوەش لە بارگرانییەکان و پاشماوەکانی جیهانە کۆنەکە بەتەواوی دەربازی دەبێت.

سەرەتاکانی کودەتاکە

چەند سەدەیە پێشەکییەکانی ئەو کودەتایە دەرکەوتووە، لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و زانیارییەکانیش خێراتر بووە، لەگەڵ هەموو دۆزینەوەیەکی نوێ، مرۆڤ هەنگاو بە هەنگاو بلەزتر، بەرەو کودەتای ناوەوەی لە فەلسەفەکەی نزیک دەبێتەوە، واتە بۆچوون و دیدی خۆی لە بوون.

لەسەر بایەخ و گرنگییەکانی گۆڕان لە بۆچوونەکان، نمونەیەکی سادە هەیە، ئەگەر مرۆڤ هەست بکات زۆربەی نەخۆشییە ترسناکەکان لە خواردنی گۆشتەوە بووە (ئەگەر بە پراکتیک ماوەیەک تەنها خواردنی رووەک و گیایی خاوێن بخوات) چەندین دابونەریتی دەگۆڕێت، سەرەتا چیتر خوێنی ئاژەڵ ناڕژێت، باشیش دەزانێت خواردنی رووەک چ سوودێکی هەیە (هەزارەها ساڵە ئەو خواردنانە لەسەر رووی زەمین هەبووە و هەیە) هەست دەکات نووستنی باشتر دەبێت و هزری گەش و چەندین لایەنی جوانییەکانی بوون، دەدۆزێتەوە.

مرۆڤ ئەگەر لە زیانەکانی جگەرەکێشان باش وردببێتەوە، زۆر رقی لە سەیرکردنی جگەرەش دەبێتەوە، بەخێراییش هەست بە شادییەکی ناوەوەی دەکات، کە ماوەیەک لێی ون ببوو (ئەگەر بەیەکجاری دەستبەرداری جگەرە ببێت).

ئەگەر مرۆڤ خۆی لەوە رابهێنێت هەموو بونەوەرەکانی خۆشبووێت، یەکسەر هەست بە شادی هەڵسوکەوتی دۆستانە، لەگەڵ هەموو مرۆڤێک دەکات، هەست بە مانای عیشق دەکات کە لەمێژە مرۆڤ بانگەشەی بۆ دەکات.

ئەگەر گورژاڵک بەو هەموو تاڵییەوە، هەست بەوە بکات دەبێتە دەرمانی نەخۆشییەکان، بۆچوونی لەسەر تامە تاڵەکەی دەگۆڕێت... لە چزەی مێشێک دەرمان بوونی هەیە، وەک چۆن لە بەرۆژووبوون و برسیەتی (بەبڕوا و تەقواوە) دەرمان و چاکبوونەوە هەیە.

تەنگژە و قەیرانەکان هوڕێنەیە بۆ کودەتاکە: من بەر لە نووسینی ئەو بۆچوون و هزرانە، ویستم شرۆڤەیەک لەسەر دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی رۆژانە بکەم... یان: بەرجەستەکردنی رۆژەڤەکەی ئیمڕۆ، بێ ئەوەی مەزندە و بۆچوون و رێنمایی و ئایدلۆژیا و رامانەکان بخەیتەروو، رۆژەڤەکەمان باش لەبەر چاوە (لەژێر پێمانە) پێویستی بە شرۆڤە و رێنمایی وەهمی نییە، بوونێکی شەرمەزاری و زەلالە، هەر چەند گۆڕانەکان بلەز دەبن، زۆرتر رووت دەبنەوە، چونکە دۆزینەوە زانستییە قووڵە گەورەکان، هیچ بواری شرۆڤە و بۆچوونە ئایدلۆژیاکانی نەهێشتێتەوە... بوارەکە وا رەخساوە پێویستمان بەوانە نەماوە.

واتە ئێمە لە رۆژەڤە رووتە روونە کراوەکە، نزیک بووینەتەوە، کە زۆمان بە بۆچوون و شرۆڤە و ئایدلۆژیاکان قورسمان کردووە، هەمووومان بۆچوونەکانی خۆمان لەناودا دەدۆزینەوە، بە باشتر و گونجاوتر و شیاوتری دەزانین، بۆ بڕواکردن و ملکەچبوون... لەودەمانەی گۆڕانە مەزنەکەی لە زانست و تەکنەلۆژیا، لەوانە تەکنەلۆژیای ناوەکی وایکردووە زۆر پێویستمان بەو قەبارە ئەستوورە گرانەی ئەرشیف نەمابێت، دەکرێ لەوانە بژارێک بکرێت، گەردیلە و گەردی دەرچوو لە چرکەساتەکانی تەقینەوە مەزنەکە، ئەوانی تریش نهێنییەکانی خۆیان پاراستووە، چۆن زاناکانی کەڤناسی و کیمیا و پزیشکی دەتوانن لوغز و نهێنییەکانی شێوەی خۆکوشتنی کلیۆپاترای شاژنە ناودارەکەی میسر بدۆزنەوە، دەڵێن ئەو بە چزەی مارێکی وەک کوبرا نەمردووە، ئەو بە

کۆکتێلێکی ئاوێتەی لە داودەرمان و رووەکی ژەهراوی مردووە، بۆیە چیتر پێویستمان بە راپۆرتی هۆکارەکانی مردنی کلیۆپاترامان نەماوە، ئەوەی ئەحمەد شەوقی ئەمیری شاعیرەکان، جوانترین چامەی شیعری بۆ نووسیبوو. سەبارەت بە قەیرانە گەورەکان، بریتییە لە ژان و هەڵچوونی ناو جڤاتی مرۆڤایەتی، بۆ دەربازبوون لە شکۆفەی کرمی جیهانە کۆنەکە و هەنگاونانە بەرەو کودەتای رۆحی.

بوونی قەیرانە زۆرەکان، دەرکەوتنی تەنگژەکان نزیکبوونی کودەتاکەیە.

ئەو خۆرهەڵاتە ساردە سستە ئیمساڵ (ئەو وتارە لە ساڵی ٢٠١٠ی زاینی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە) هەناسە و دەروازیەکی کراوەی لەبەردەمە بۆ کودەتایەکی جیهانی، بۆ یەکەمجاریش لەسەر حیسابی گرژبوونەوە سیاسییەکەی دامەزراوەکان و هزرە کۆنەکان، کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووری روودەدات.

هەروەها قەیرانە ئابوورییەکەی جیهان، دەبێتە فاکتەری قووڵ بۆ چارەسەری فەلسەفەی ئابووری، ئەمریکا وەک دەوڵەتێکی مەزن قسە لەسەر ئەوە دەکات، بزاڤی چاکسازی لە سیستەمی ئابووری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەکەین.

کۆبوونەوە لوتکەییە ئابوورییەکەی دوایی، دەبێتە ناوک و سەرەتایەک بۆ کودەتا رۆحییەکە، دەرکەوت حکومەت و میللەتەکان، پێویستیان بە هاوکاری مەیدانی هەیە و سنوور و بەندەکانی بڕیوە بۆ پێکهێنانی قەوارەیەک، نزیک لە حکومەتێکی ئابووری جیهانی، تێدا ئاراستەی بزاڤ و جووڵەی پارە و کار و پرۆژەکانی گەشەپێدان بکات، دەبێتە پێوانەیەک بۆ شەفافیەت، ئینجا لە سیاسەت یان لە کار و سامانیش، ئەوەش دەبێتە خەسڵەتێکی نوێ، یان رەوشتێکی نوێیە و نزیکە لە کودەتا رۆحییەکە، تێدا مرۆڤ بیر و بۆچوونەکانی لەسەر بنچینەیەک، وەک تاکێکی بچووک لەناو جیهانێکی گەورەتر و بەرینتر دابنێت، فێردەبێت و دەزانێت، کێشە و قەیرانەکان تاکە کەسی یان لۆکالی نییە، بەڵکو هەڵکشانێکی جیهانییە، هەموو میللەت و حکومەتەکان دەگرێتەوە.

دووبارە دارشتنەوە و دابەشکردنی سامان و سەرچاوەکان

میللەت و نەتەوەکانی جیهان پێویستیان بەوە هەیە دووبارە بازارەکان، دابەشکردنی ئاو و سەرچاوەکانی سامانەکان دابەشبکەنەوە، بەڵام دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی هاوسەنگ، ئەوەش پێویستی بە سیستەمێکی جیهانی جیاواز هەیە، تێدا شەر و جەنگ و ململانێیە خوێناوییەکان رابگرێت.

دانانی دادگایەکی تاوان بۆ تاوانبارەکانی شەر و قڕکردن و پاکتاوی نەژادی و دادگاکانی تر، لەناو وڵاتێکی وەک عیراق و لەسەر ئاستی دەرەوە و نێودەوڵەتیش، هەرەشە و هەژموونی ئەوانەی تینووی خوێن و کوشتنن کەم کردۆتەوە، جیهانیش بەرەو ئارامییەک دەروات.

لەگەڵ ئەوەی زۆریش، قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، کە ئەمریکا لە عیراق شکاوە و هەرەسی هێناوە، بەڵام لەرووی پراکتیکەوە رووی عیراق سەدان ساڵ گۆڕیوە، لەناوەوەش هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت، لەداهاتووش ئەنجامەکانی دەردەکەون.

پشتیوانکردنی نرخەکان رابگرن

هەر گۆڕان و بژارێکی ئابووری لۆکالی لە هەندێ وڵات، وەک کاردانەوەی دینامیت دەتەقێتەوە و گۆمە بۆگەنەکان دەشڵەقێنێت، وەک راگرتنی پشتیوانی نرخی خواردەمەنی و بەنزین بۆ نمونە، بەوەش دەنگی ناڕەزایی بەرزدەبێتەوە و هەڵچوون بەرووی پەیکەری دامەزراوەکانی و پێکهاتە کۆنەکان بەرزدەبێتەوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆرهەڵات زۆر زەق بوون... ئەگەر هەژموون و هەڵچوونە جەماوەرییەکە و فشاری راگەیاندن کاری خۆیان نەکەن، لە شەو و رۆژێکدا گۆڕانێک نەکەن، لە خۆرهەڵات کەشێکی ئاگرین و بڵێسەیەکی بەتەوژم وڵاتانی سەرووی خۆرهەڵاتەکەش دەگرێتەوە.

ئیتر هەموو پێوان و هەژموونەکان و دژەکردارەکان دەردەکەوێت، لەو نزیکانە گۆڕانی بەرچاو دەقەومێن.

پرۆیسترۆیکا

مەزندەی ئەوە دەکرا بزاڤەکەی پرۆیسترویکا، ئەوەی میخائیل گۆرباچۆڤ پێش زۆرتر لە بیست ساڵ بەرپایکردبوو، بڵێسەکەی گەشاوەتر بێت و بگاتە ئێمەش لە خۆرهەڵات؟! بزاڤەکە لەناوەوە جووڵەیەکی مرۆیی بوو، ئەوەی جێگای رامان و سەرنج بوو، بۆ میخائیل گۆرباچۆڤ لەناو هەناوی یەکێتی سۆڤیەت بزاڤەکە دەتەقێنێتەوە؟ سەرەتا رژێمەکەی خۆیان بگرێتەوە و بیرِوخێنێت، ئەوەی بە ملیۆنەها ئاوەزی گەورە و ئەزموون و کەسایەتی بیرمەند پارێزراو بوو، پرسیارەکە ئەوە بوو، چۆن میخائیل گۆرباچۆڤ دەتوانێت بەتەنها ئەو دەربازبوون و ئاودیووبوونە مێژووییە ببڕێت، چۆن توانی دیوارە بەرینەکەی بەرلین بڕوخێنێت؟ چۆن هەردوو جەمسەرەکەی دونیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟ چۆن هەزارەها کەناڵ و پەیوەندی و کاردانەوەی هاوبەشی ئازاد لە جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟

هەموو رووداو و کارەساتە بچووک و گەورەکان، روودەدەن و دەگوزەرێن و تەواویش دەبن، چەندین لوغز و نهێنی و تەمی بەگومان و رامانی لەپشتەوەیە. گۆرباچۆڤ نمونەیەک بوو بۆ چەسپاندنی ویستەکانی مرۆڤ لە بزاڤی پرۆیسترویکا، ئەوەش دەبێتە فاکتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییە مرۆیی و زەلاڵەکان ببەسترێن، بەواتایەکی تر، بزاڤەکە لە جەوهەردا سەردەکەوێت و هەتا ئەودەمانەش کاردانەوەی دەبێت.

ئێمە لەو ئاسۆوە بەردەوام دەبین، جیهانێکە زۆرتر ئاکار و مۆراڵی مرۆیی و خۆشەویستی و هاوسۆزی نێوان مرۆڤایەتی تێدایە و هاوژینییەکی ئارامیان نواندووە.. ئەو جیهانەش نیشانەیەکی ئایندەی کودەتای رۆحە.

بەڵام هەندێ کەس لە واقیع ئەوە بە خەیاڵ و میساڵی دەزانێت، کە هێشتا دۆخەکە توند و نەشیاوە، لە هەندێ بواریش هۆڤیانە بەڕێوەدەچێت... گرنگ نییە، با ئەوان قسەی خۆیان بکەن.

سەرکەوتنی شۆڕشە نوێ و گۆڕانەکە

کلتووری قوربانییەکانی زۆرداری و عاشقەکانی هۆشمەندی و زانیارییەکان سەردەکەوێت، هەر لە سوکراتەوە تا حەلاج و سەهرەوەردی و نەسیمی بەغدادی و ئەوانی پێش ئەوانەش، ئەوانەی لەدوای ئەوانەش هاتوون سەردەکەون، ئەوانەی لەناو راستگۆیی و راستییەکان و جێگیربوونی ئیمان خۆراگربوون، ئەوانەی بەڕووی ساختە و قۆرخکارییەکان راپەرین.
لەناو جڤاتەکانی تێدا کلتووری ئۆپۆزسیۆن و ئازادی بەرقەرار نەبووبێت، شۆڕشێک بانگەوازی گۆڕانی کردبێت سەردەکەوێت. هەزارەها کەس لە وڵات و کیشوەرەکان سەردەکەون، لەورۆژەوە دەکرێ گەشبین بین و بڵێین هەموو شێوازەکانی دەمارگیری کۆتایی هات: دەمارگیری نەزانین بەرامبەر کلتوورەکان و دیدی جیاواز، ئیتر لۆژیکی وەرگرتنی بۆچوونی بەرامبەرت دەچەسپێت، بەڵام هەندێک دەیانەوێ ئەوە دوابخەن، کەمێک کۆسپی لەبەردەم دابنێن، ئەوانەی جیاوازن قورگیان دەگرن، ئەوانەی هزر و کلتوور و بۆچوونەکانیان هاوڕا نییە، دەیانخنکێنن، ئەوانە دەیانەوێ تۆ و ریشەی هزری ئازادی تەڕ و تازەپێگەیشتووی ناسک بکوژن.

بازنەکانی ئۆلمپیاد و میهرجانەکان

فیستیڤاڵەکانی ئۆلمپیادی جیهانی رووێکی تری گەشاوەی ئەو کودەتا رۆحییە. فیستیڤاڵە وەرزشییەکان زۆرتر و گەورەتر دەبێت.
میهرجان وشەیەکی کۆنی زەردەشتییە، واتە لە زمانی مادییەوە هاتووە، زمانی کوردی و هەموو زمانە ئارییەکان لەو زمانەوە هاتوون.
وشەکە، وەک چۆن لە کتێبە ناسراوەکەی زەردەشتی حەکیم هاتووە، لە ئاڤێستا، بە وشەی مهرگان هاتووە، بە گافی کوردی و فارسی.

مهرگان، لە کلتووری عەرەبی بووە بە مهرجان، مهرگان جەژنێکی ساڵانەی پایز بووە، بەرامبەر جەژنی ساڵانەی بەهار و نەورۆز، هەتا دوارۆژەکانی سەردەمی ساسانییەکان لە کوردستانیش، بە یادێکی مەزن یادی جەژن مهرگان دەکرایەوە، زۆرتر لە جەژنی نەورۆز بایەخیان پێیدابوو.
مهرگان لە وشەی میهرەوە هاتووە، ئەوەش راستکردنەوەی میترا ئاینە کۆنەکەیە، ئەو ئاینەی لە زەردەشتی کۆنترە، لە ناوچەی کرمانشانی کوردی پەیرەوکراوە، لەوێش بۆ خۆرهەڵات بەرەو هیند و خۆرئاوا بەرەو میسر و یونان و وڵاتانی ئەوروپی بڵاودەبێتەوە.
وشەی میهر، واتە خۆشەویستی و رووناکی، هەندێجاریش بە خۆریان وتووە میهر، هەروەها بە خودای ئاویان وتووە میهر، ئێستاش بە زمانی کوردی وشەی میهربانە واتە کەسی ناسک و بەبەزەیی و خۆشەویست.
فەلسەفەی پەیدابوونی بزاڤە وەرزشییە جیهانییەکە، بەردەوامبوونەکەی لەبەر ئەوەیە میللەتانی سەر رووی زەوی لە ململانێ و شەڕ و ناکۆکییەکان و سنوور و بەربەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەوانی تر بێزار بوون، ئارەزووی دەرچوون و دەرکەوتن لە هەوای بێگەرد دەکەن، ململانێی ئاشتی و جوانەکان بە جووڵەی ناسکی جەستە، جێگای خوێنرشتن و رق و بوغز دەگرنەوە.
میهرجانەکانی ئۆلمپیاد پۆستەری جوانیان هەیە، یان بڵێن دروشمەکەی، کە بریتییە لە چەند بازنەی لەناویەک، هەر بازنەیەک هێما و نیشانەی کیشوەرێکی ئەو جیهانەیە.
بازنەکان لێرە یەکتری تەواو دەکەن، ئەوەش بیرۆکەیەکی جوانە، لە هەڵچوون و تروسکاییەکانی کودەتای رۆحییەوە دەرچووە، کە ئازادی و کرانەوە و هەڵکشان و گەمەکردن لە هەوای بێگەردی ژێر ئاسمانی بێ کۆتایی، یەکێکە لە سیماکانی ئەو کودەتایە.
ئیتر ویستی مەلەکوتی مرۆڤ لە قەفەسی کوێلەیەتی دەربازی دەبێت.

تەواوکردنی بازنەکان

ئیتر بەو جۆرە بازنەکان یەکتری تەواو دەکەن، دەچنە ناو یەکتری و دەکرێنەوە، وەک لێدانی دڵ، گەردوونیش هەناسە وەردەگرێت، وەک چۆن بۆقێک هەناسە هەڵدەکێشێت، وەک چۆن مامزیش هەوا وەردەگریت و هەناسە دەداتەوە، ئێمەش هەمان ئەو هەوایە هەڵدەمژین، ئەو ئۆقیانوسەی ئێمە و هەموو بونەوەرەکان و رووەکی تێدا دەژیت.
ئەو بیرۆکەیە، بیرۆکەی ئەوەی ئێمەش گەردیلە لەو گەردوونە جوانە ناسکە، ئەوەش پێشەکییەکی دروستە بۆ کودەتایەکی هزری رۆحی لەناو بیری مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەو بیردۆزە

هەیە، کەواتە دیاردە و پاشماوەکانی پەیوەندییە ئاڵۆزە نالەبارە توندڕەوییەکان و قۆرخکارییەکان و رق و کینەکان ون دەبن و دەڕەونەوە، ئینجا رووی رۆژە بێگەردە جوانە رووتەکە بێ پەردە و داپۆشین دەردەکەوێتەوە، ئیتر چیتر کارمان بە داپۆشین بەرووی یەکتر نامینێت و فێڵ لەیەکتری ناکەین، زەڵاڵی و بێگەردی دەبێتە پێوەرەکە.

رەگ و ریشە سەرەکییەکانی بینایە کۆنەکەی جیهان، کلۆر بووە، وەک ددانێکی لەقیووی ئامادە و ساز بۆ هەڵتەکان و لێبوونەوە بەئاسانترین جووڵە، باهۆزێکی گونجاو هەڵدەکات، نە توندە و نە نزمیشە، بەوەش میللەتان دەربازیان دەبێت، چیتر لەبن زەبری زۆردارەکان و قامچی سیاسییەکان و سیستەم و رژێمەکانی هەزار ساڵی تریش لە مانای ژیان تێناگەن، نامینێنەوە... ئەوان چەند کاتیان دەوێت بۆ ئەوەی فێربن و رابهێندرێن؟

کاتەکە درەنگە، وادەزانم بوار و دەرفەتەکە نەماوە، ئەو ماوەیەی هەزارەها ساڵە دەڕوات تەواو بوو، قەدەر چاوەڕوانە، ئەویش بەرقراربوونی ئاشتییە لەو جیهانە، ئاشتی و دۆستایەتی نێوان نەتەوە و میللەتان و سەروەری خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی و هاوکار و هاوشانی، وەک چۆن ئەبو قاسم ئەلشابی وتویەتی: ئەوانە لەنێو چاڵەکان دەمینێنەوە، ئەوانەی لە سەرکەوتنی چیاکان دەترسن. ئەوەندەمان بەسە مرۆڤ هەڵبستێتەوە و ژووان لەگەڵ ئازادی بکات، بەرووی مرۆڤایەتی بکرێتەوە و خۆی بەرەو ناسینی خودا و زانیارییەکان بکاتەوە.

هەموو شتەکان لەوانە دەست پێدەکەن، لەو زانیارییەوە... مرۆڤ لە راستییەکان تێگەیشتووە، راستی بەشێکە لە بوون و پابەندبوونێکی قووڵی بە گەردوونەوە هەیە، دەبێ لە شتە کەم و رق و دەمارگیرییەکان دەربازی بێت، ئینجا بە هەر هۆکارێکەوە بووبێت.. ئیتر لەودەمەوە مرۆڤ هەنگاوێکی گەورە بەرەو مەلەکوتی ئاوەز و ویژدان و هەستکردن بە هەموو ماناکانی سادەیی بەرامبەر بونەوەر و زیندووەکان دەنێت.

ئەو بیردۆزە نوێیە، باڵاترین مەبەستە کە فریدریک نیچە لە کتێبە ئیلهامبەخشە نایابەکەی (ئەوهای گوت زەردەشت) وەرگرتووە، نیچە لە کتێبەکەی (ئەوەیە مرۆڤ) دان بەوەدادەنێت بەیانییەکیان زەردەشت بۆی دادەبەزێت و ئیلهامی پێ دەبەخشێت، ئیتر هزری نووسین لەسەر زەردەشتی لەکن چەکەرە دەکات.

ئەو هزر و بیردۆزە لە بیردۆزەکانی یوتوپی خەون و خەیاڵەکان فراوانترە، لە ئەفلاتون و فارابی و تۆماس مور و هۆشمەند و عیرفان و عاشقە راستەقینەکان و سۆفیگەرە باڵکێشەکانی تا رادەی شێتبوون. ئیتر بەو جۆرە وەک گوتمان بازنەکە تەواو دەبێت، بازنە هەمەرەنگەکان دەچنەوە ناویەک، یەکتری تەواو دەکەن و کیشوەر و هەسارە و رەنگەکان ئاوێتە دەبن، ئەوانەی لەپاش ئێمە دەژین دەکەونە ناو بەهاری ئەو گۆڕانە رۆحییە، زووتریش دەرکەوتووە و دەچێتە ناخی خەڵکەکەی پێش ئێمە، ئەوانەی لەناو کیشوەرەکان ژیاون، بەوەش بازنەکان فراوانتر دەبن.

دەستەیەک خەڵک لەناو ئێمە کامەرانن، ئارام و هێمن لەناوەوەی خۆیان دەژین، ئەو جیهانە بەردەوام هەبووە... بەڵام ئاڵۆزییەکان و خراپییەکانی مرۆڤ بۆگەنی کردووە و پڕیکردۆتەوە و بواری نەداوە، نە خۆی و نە براکانی و هەموو بونەوەرەکانی هاوشانی دەژین سوودی لێ ببینن...

پەیڤەکەم بۆ ئەو کەسانەیە، کەسە جیهانبینەکانی دەگەڕێنەوە و دەچنەوە ناو راستییەکان و جوانییە سادە خۆڕسکەکانیان.

بازنەی ئاگر و تۆفان

رۆژی ٢٠١٠/٧/٢٧ وتارێکم لە رۆژنامەی خەباتی کوردی بڵاوکردەوە، لەو وتارە ئاماژەم بە ترسناکی رەوشی خۆرهەڵات کردبوو، گوتبووم کە ناوچەکە دەکەوێتە ئاگر و تۆفان، بەدرێژایی رۆژەکانیش ئاگرەکە گەرمتر دەبێت. ئەوەش ماوەیەک وەک بورکانێکی سست خۆی نواندبوو، ئێستاش هەموو بازنەکانی بەیەکەوە دەتەقنەوە.
ئەوەی جێگای رامانە، تۆفانەکە لەسەر بازنەیەکی گەورە دەخولێتەوە لە سودان و یەمەن و لوبنانەوە سەرهەڵدەدات، دەگاتە ئێران و پاکستان و ئەفغانستان، پروشکی ئاگرەکەش بەڕادەیەک لە رادەکانی پلەداری دەگاتە عیراق و تورکیاش. رووداوەکانی ئەو بازنەیەش هاوبەش و هاوشێوەیە، بەم جۆرە:
_ تیرۆرکردن و تەقینەوە.
_ بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانی شەڕەکان و لەناوبردنی مرۆڤایەتی (بەر لەوەش داواکاری گشتی، ئەو دادگایە بڕیارەکانی پێش ئەو رووداوانە دەرکردبوو).
_ گەمارۆدان و پەراوێزکردن و کەللەرەقی و فشاری دەسەڵاتداران.
بۆیەش ئاسۆ و گۆڕەپانەکانی ئەو وڵاتانە، بەڕووی شەڕ و پەلامارەکان کراوە دەبێت.
کەشتییە جەنگییەکان لەناو دەریاکان، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان لەو وڵاتانە دەسوڕێنەوە و ئازادانە گەشتەکانیان ئەنجامدەدەن، بێ ئەوەی گوێ لە دەسەڵاتداران، هەتا میللەتەکانیشیان بگرن، ئەوانە چڕنۆکیان لەو ناوچانە گرتووە.
وتارەکە بەپەلە ئاماژەیەکە، بۆ شێواویی و ئاڵۆزیی دۆخەکان و نیشانەکانی ئاگر و تۆفان لە چەندین وڵات، لەوانە:
_ سودان، یەمەن، لوبنان، حزبوڵای لوبنانی _ ئیسرائیل، ئێران _ ئیسرائیل، ئەمریکا و عیراقیش ئەگەری شەڕیان نزیکە.
ئێمەش لەو بەرەڵایی و ئاژاوەیە، هێزێکی رێکخراوی هەرێمی و نێودەوڵەتی سازمان نییە، یان ئامادەبین، ئاگرە هەڵگیرساوەکە بکوژێنینەوە، لەناوەوەمان کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر و گەرمە،

دیاردەی ناکۆکییە ئەتنی و کلتووری و ئاینییەکان زۆرتر و ئاڵۆزتر دەردەکەون. چەند رستەیەکم لە وتارەکەم زیادکردووە، لەوانە:
ئەگەر و پێشبینییەکان دیارە، کە ئاژاوە و شەڕانگێزییەکانی هەردوو کیشوەری ئەسیا و ئەفریقیا، بەرەو کیشوەری ئەوروپا و ئەمریکاش دەپەڕێتەوە.
ئەگەر ئەو رووداوانە بقەومێن، ئەوە یەکێکە لە ئاکار و نیشانە قووڵەکانی هزر، دەکرێ ناوی بنێین کودەتای رۆح، واتە نۆژەنکردنەوەی خودی مرۆڤ بەرەو بوون.
ناکۆکییەکان لەناو هەموو شتەکان، لە زۆر بابەتدا بوونی هەیە، هیچ شتێک نییە، ئەوەی تێدا بەدی نەکرێت، یان لەتەنیشتی نەبێت، لەناو هەموو کایەکان ناکۆکی و دژایەتی بوونی هەیە. خەڵکیش هەیە دژایەتی ئەو هزرە دەکەن و ناکۆکن، دەیانەوێ بیرمێنن و خاوەنەکەی شونبزر و ئینکاری بوونیشی بکەن، زۆریش رووبەرووی ئەوە بونەتەوە.
من فشاری لەو جۆرە نامهەژێنێت، هەتا قەناعەتم بەوانە مابێت، ناتوانن هیچ کاریگەرییان لەسەرم هەبێت، تا ئەو رادەیەی ئەگەر رۆژێکیان شتێکی نوێ لەناو هزرم پەیدا دەبێت.
بەکورتی، لەبەر نەبوونی سەرچاوە و ژێدەر، ئەو میللەتانە لە شوێنەکانی خۆیانەوە چەقیوون، ماوەیەکی زۆریش لەو دۆخەدا دەمینێنەوە.
جاران ژێدەرەکان دەرەکی بوون، ئەوانەش نەمان و پوکانەوە، هیچ هێزێکی جیهانیش نایەوێت بە هزر و بۆچوونێکەوە بەرەو ئەو جیهانە بخشێت، ببتە تاکە ژێدەر و پەنا لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو. هیواش نییە و دوورە، تا ئەودەمانەش هەر دوورە بۆ سەرهەڵدانی قەوارەیەکی جیهانی نوێ، وەک پەیامێکی نوێ و دووەم، یان تەواوکەر بیت بۆ پەیام و جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەموو نەتەوە و میللەتەکان پەیڕەوی بکەن، موستەحیلیش نییە، بەڵام بەرێژەیەکی زۆریش ئەوەیان دوورە، کێ دەزانێت... رەنگە کودەتایەکی رۆحی لەناکاو یان گۆڕانێکی رۆحی لەناو مەزاجی گشتی رووبدات، خەڵکەکە خۆڕسکانە، قبووڵی جڤاتێکی بەهادار و رەوشتی جیهانی نوێی وەربگرن. ئەوەش لەناو ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی نوێ نییە. هەندێ لە قەیرانەکان گۆڕانی لەناکاویان بەسەردا هاتووە، وەک ماوەماوە ئاینی نوێ پەیدابووە: لە سەدەکانی پێنجەم و شەشەمی پێش زانین، سەرهەڵدانی زەردەشتی، برهمانی (هندوسی)، بودایی و زۆری تریش، هەروەها سەرهەڵدانی ئاینی کریستیان و ئیسلام و ئاینزا زۆرەکانی سەرەتای سەدەکانی یەکەمی زاین، چەندین فەلسەفە و قوتابخانەی هزری و ئایدلۆژیای گەورە لەدوا سەدەکان پەیدابوون، دۆزینەوە گەورە و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم... هتد! بێگومان کودەتا ئاینییە فەلسەفییە زانستییەکان کاردانەوەی بەهێزیان هەبووە، گۆڕانەکەش مەزاجی خەڵکێکی زۆری گۆڕیوە، ئینجا بزاڤی قووڵتر و پرۆژەی تر بۆ تەواوکردنی زنجیرەکانی گەشەپێدان دەرکەوتوون. چینییەکان فەلسەفەی تاوی، یان بزاڤە ئەزلییەکەی لیین و یانگ، یان شەو و رۆژ، نێر و مێ، هەڵکشان و دابەزین، خۆرهەڵات و خۆرئاوا، هێز و لاوازی... هتد! ئەوانە و لیستی چالاکییەکان درێژە و بێ کۆتاییە. بەپێی فەلسەفەی تاوی، جووڵەی شتەکان، لە گچکەوە تا گەورەکان، هەموو دیاردەکان، جووڵەکە ئارام و سروشتیە، بە هێمنی و ناز و بێ غەڵبەغەڵب دەڕوات. ئەو بزاڤە هێمنەی فەلسەفەی تاوی، نەخشەی بۆ کێشاوە، نهێنی شاراوەی نادیاری ژێدەری کوردستانە،

مەسەلەیەکی شاراوەیە، ناتوانین درک و هەستی پێ بکەین. ئەوەش نهێنی هەموو ژێدەرەکانی کۆمەڵگاکانە. ئێمە لەگەڵ یەک ریشە و بنچینەین بۆ گەردوون و هەسارە مەزنەکان و بچووکترین بونەوەریش. ئەگەر یەکێک لەو هەسارانە، بونەوەرەکان، پەلەیان لە گۆڕانەکان کرد، وەک کودەتاکانی مرۆڤایەتییان دەستکردووە، ژیان دەڕمێت و هەموو کودەتا و گۆڕانەکانیش بەنامویی و بەدکار دەردەکەون.

پایەندبوون بە سروشت و یەکسانییەکانی ناو ڕێڕەوی بابەتەکان، جەمسەری گەشەی راستەقینەییە. یەکسانی و میانڕەوییەکە راگرتن و پاراستنی هاوکێشەکانە. هاوکێشەیی یەکێکە لە نهێنییەکانی گەردوون. کەی ئەو هاوکێشەیەمان دۆزیەوە، ئێمە تا رادەیەک ئارام و ئاسوودە و سازیش دەبین.

شرۆڤەی مانای کودەتای رۆحی

کام بیرۆکە نمایش دەکەین؟ بەکورتی:

یەکەم: بیرۆکەی شۆڕش و سەرهەڵدان (بەهار) و شتی لەو بابەتە... گرنگی گەشەی سروشتی.

دووەم: بیرۆکەی ئەلتەرناتیڤی پاش رووخان و لەناوبردنی قەوارە کۆنەکان، ئەزموونی سەدەی بیستەم.

سێیەم: بیرۆکەی ژێدەر و مەرجەعیەتەکان، کلتووری، یان دەستووری، یان ئاینی، یان نیشتمانی... هتد.

چوارەم: خولەکانی کودەتای رۆحی، یان گۆڕانە هزرییەکان.

وا لە خوارەوە وردەکاری بیرۆکەکان شرۆڤە دەکەین:

١

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئاژاوەی دروستکەر (الفوضی الخلاقه) دادەهێنن، بۆ پەروەردەبوون و پێگەیشتنی کەشێکی بابەتییانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کلتووری ئەوە دەدۆزێتەوە،

دیاریش نییە تا کێندەرێ و چەند بڕەدەکات، ڕەنگە ئەو ئاژاوەیە بپەڕێتەوە چەند ناوچەیەکی تری ئاسیا، هەردوو کیشوەری ئەورووپا و ئەمریکاش. سیماکانی سیاسەتی ئاژاوەگێڕی، بۆ هیچ قەیرانێک چارەسەری دائیمی نییە، نەک ئەوە، چارەسەری کاتییش نادۆزێتەوە. لەگەڵ تەواوبوونی کێشەیەک یەکێکی تر دەخوڵقێنێت، هی تریش، ئیتر بەو جۆرە کێشەکانی مرۆڤایەتی گەشە و زۆر دەبن، وەک ئەوەی لەگەڵ زەمەن پیشبڕکێ بکەن.

لە کاروانی ئەوەی ناوی دەنێن شۆڕشەکان، یان سەرهەڵدانەکان دیارە دەتوانێت کاولکاری و رووخان ئەنجام بدات، بەڵام بۆ ئاوەدانکردنەوە و دروستکردن بێدەسەڵات و ساردە، هەتا ئەو رۆژانەش نەیتوانیوە شتێکی نوێ بەرجەستە بکات.

ئۆپۆزسیۆنیش بوویتە ئامێری ئەو بزاڤانە، ئەویش لەرزۆک و دوودڵە، چونکە لە هەناوی کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسییەکانی پێشوو پەیدابووە، گەشەی ئایندە لەسەر دەستی ئەویش نابێت.

لە ئەزموونی سەدەکانی رابردوو، دوو مەسەلە دیارە:

یەکەم: پێشکەوتن و گەشەسەندن لە وڵاتان و کیشوەرەکان پەیدابوون، دەرئەنجامی گەشەیەکی سروشتی ئارام بووە نەک شۆڕش. بۆ نمونە سەیری ئەزموونی وڵاتی هیند بکە، لە چلەکانی سەدەی رابردوو تا ئیمڕۆ، ئاشتییانە و بەئارامی بەڕێوەچووەوە. لەهەمان سەردەم و بەراورد لەگەڵ ئەزموونەکانی تر، زۆربەیان یان شۆڕشیان کردووە یان چەندین کودەتای سەربازی تێدا کراوە. بەر لە سێ چوار سەدە ئەورووپاش بەسەر هەمان ئەزموون تێپەڕیووە.

دووەم: دەرکەوت شۆڕش و کودەتا سەربازییەکان، ئەنجامیان نەبووە و سەرکەوتنێکی بەرچاویان نەکردووە، لە شوێنەکانی خۆیانەوە سمکۆڵ دەکەن و بەدواکەوتوویی ماونەتەوە. سەیری گەورەترین شۆڕشی سەدەی بیستەم بکە، شۆڕشی ئوکتۆبەری رووسیای ساڵی ١٩١٧ی زاینی، ئەو شۆڕشە و زۆربەی شۆڕش و کودەتاکان و تا ئیمڕۆش. ئەویش وەک شۆڕشەکان ئەنجامەکانی نەپێکاوە، بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکانی هەرەسیان هێناوە. بەڵام ئەزموونی چین دروست جیاوازە، لەوێ شۆڕشێکی مەزن بەرپادەبێت، بەڵام کەسایەتی و بلیمەتی چینییەکان پاش مردنی سەرکردەکەیان، ماو تسی تونگ بە پراکتیک دەستبەرداری ئامانجەکانی دەبن، بەهێمنی دەوڵەتی چینی دەگۆڕێت و چینییەکان بێدەنگ دەبن، بە سوودوەرگرتن لە گەنجینەکانی کلتووری چینی کۆن و دۆزینەوە زانستییە نوێیەکان، لەسەرخۆ گەشە دەکەن. ئەو جۆرە ئاوێتەبوونە لە ئەزموونەکانی ژاپۆن و کوریای باشووریش هەبووە، تێدا حیکمەتی خۆرهەڵاتی کۆن، لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکان و گەشە تەکنەلۆژیایەکان، ئاوێتە دەبێت.

بەڵام هیوای سەرەکی و یەکەمیش لەو رەوشەدا سەرکەوتنی سیستەمی دیموکراسی میانڕەوی نەرمە، ئەوەش وڵاتەکانی تازە دامەزراو، دەباتەوە سەر رێگای گەشەی سروشتی ئاشتییانە.

ئینجا دەبێ چاوەڕوان بکەین و بزانین، ئەو جڤاتانە دەتوانن ئەخلاقیاتی جیهانی نوێ بەرجەستەکراو لە مافەکانی مرۆڤ و ریزگرتنی فرەحزبی و قبووڵکردنی بەرامبەرەکانیان، وەک خۆیان و دیالۆگی کلتوورەکان و شارستانیەت و گەشەسەندنی بەردەوامی لەسەر بنچینەی رێزگرتنی بوون و ویست و کەرامەتی تاکی مرۆڤ پێش هەموو شتێک، بەرجەستە بکەن.

## ٢

وادیارە ئەو ئاژاوە دروستکەرە وەک تۆفان بڵاودەبێتەوە، تەنها چین و ژمارەیەکی کەمی وڵاتان نەبێت، هەمووی دەگرێتەوە. چین بە فەلسەفە و حیکمەت و بێدەنگییەکەی سنووردار و پارێزراوە، وڵاتەکە بەوە ناسراوە و هەموومان دەیزانین. چین گەشە دەکات و پێشدەکەوێت، بەڵام زۆربەی وڵاتەکانیش بە باندۆری بومەلەرزەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دواییش بە سیاسییەکەی دەهەژێت. زۆریش لە وڵاتانی ئەوروپاش چارەنووسیان روون نییە و رەشە، وەک یونان و ئیتاڵیا و ئەسپانیاش.

ئەوەی دیار و بەرچاوە، بزاڤێکی ناڕەزایی جیهانی لە سیستەمی ئابووری و دارایی و سیاسەتی نێودەوڵەتیش پەیدابووە.

ئەوەش نیشانەیەکە، لەسەر نائومێدی و بێهودەیی کۆمەڵگای مرۆیی بەدەستهاتووە، تا ئیمڕۆش نیگەرانن لەسەر ئایندەیەکی نادیاری شاراوە. زۆر لە رووناکبیر و رۆشنگەرەکانی سیاسەت و ئابووری لە سەدەی بیستەم، هەتا سەرەتاکانی ئەو سەدەیەش، بەرنامە و نەخشەرێگا و کورتە بەرنامەیان وەک هیوایەک و دڵنیابوون بۆ مرۆڤ رادەگەیاند، بەڵام لەورۆژانە ئەوەی دیارە جیهان کەماسی لە عەقڵی گەورەی بەتوانا هەیە، بۆ پێشبینی و نەخشەرێگاکان، تەنها ئەوانە نەبێت، هەندێ کەس لەپشت پەردەکان، لە لیژنە و ژوورە داخراوەکان دیالۆگ و پێشنیاریان هەبووە. لەگەڵ قسەکردنی زۆر لەسەر شەفافیەت و روونی و راشکاوەیی لە دەرئەنجامەکان دەردەکەوێت، ماوەماوەش چەند مەسەلەیەکی شاراوە، لە هەموو میللەتان دەردەکەوێت، کە زۆر خەڵکی ئەو وڵاتە و وڵاتانی پێشکەوتووش ئاگاداری نین.

چەندین فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی گچکە و گەورە و زۆریش گەورە، دەسەڵاتی بەسەر ئەو سەرزەمینە داگرتووە، عەقڵی دەسەڵاتیان بە سەر زانیاری و نهێنییەکانی تەکنەلۆژیا داگرتووە، ئیمڕۆ لەڕووی پراکتیکەوە، کۆمەڵگای مرۆیی دەسووڕێنن. هەرچەند دۆزینەوە زانستییەکان و چەکە نوێیەکەیان زۆرتر دەبن، عەقڵەکان، کەمتر بایەخ بە چارەنووسی میللەتان و گەلانی تر دەدەن. رەنگە خاوەن ئەو عەقڵە بێهودانەش، بەپێی بۆچوون و هزرەکانیان، ئاژاوەی دروستکەر بخولقێنن، بۆ دارماندنی جیهانە کۆنەکە، پاش ئەوەی لە شێوازی پرۆسەی هێمن و لەسەرخۆکەی گەشەسەندنی وڵاتانی جیاوازەوە، بێ هیوا و مایەپووچ دەبن.

چارەنووسی مرۆڤایەتی، واتە هەموو دانیشتوانی سەر رووی زەمین، کەوتووتە بن رەحمەتی ئەوانەی خاوەنی شووشەیەکی بچووکن، لە میکرۆبە کاولکارییەکەی ئامادەکراوە بۆ شەڕە کۆمەڵکوژی و کاولکارییەکان، یان ئەوانەی دوگمە سوورەکەی چەکە ناوەکییەکەیان لەبن دەستە، یان فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی بۆمب هایدرۆجینی و موشەکە وردبینەکانیان هەڵگرتووە.

کەواتە، مرۆڤ دووبارە کەوتووتە بەر چارەنووسێکی نادیاری، زۆربەی تاریک و ترسناکە، ئێمەش هیوادارین شۆڕش و بزاڤەکانمان بەرەو گۆڕینی کۆمەڵگاکان هەنگاو بنێن، بۆ بەرقراربوونی سیستەمێکی ئاشتییانەی دادپەروەرانە و ئاشتی و ئاسوودەیی.

٣

لە چاپی یەکەمدا قسەم لەسەر ژێدەر و سەرچاوەکانی کلتووری و ئاینی و نیشتمانی و کەسایەتی یان سومبلێک کردبوو. کاریزما و کەسایەتییەک بۆ کۆمەڵگاکان گرنگ بووە، بەرووی زەمان خۆراگر دەبن، دەتوانن ئاسوودەیی و ئارامییەکانی ناو کۆمەڵگاکان زۆرتر پیادە بکەن. ئێستاش مەرجەعیەتی دەستپاک و دادپەروەری باوەرپێکراو بۆ کۆمەڵگاکان پێویستە. مەبەستمان لە دادپەروەرانە ئەوەیە، لەگەڵ سەردەمەکە بگونجێت و پێویستییە بەرجەستەکانی، ئەوانەی لە مەدارەکەی دەخولێنەوە دابین بکات.

دەکرێ مەرجەعیەت، کەسێکی ئەمین و خودان کەسایەتییەکی تەواو و کامیل بێت، ئەوەش دەبێ بۆ کاتی دیاریکراوی سنوورداریش بێت.

مەرجیش نییە ئەو کەسە، ئەو سەرچاوەیە، تاکە دەسەڵاتداری یەکەم بێت، دەکرێ ئەو کەسە دەسەڵات و چەکیشی نەبێت، وەک پێغمبەر و پەیامبەر و کەسە وەلییەکان و ریفۆرمخوازە گەورەکان.

لەگەڵ زەمەن و سەردەمەکان، مەرجەعیەتی پێغمبەرەکان بەهێز و بەتوانا و بەردەوام و تەمەندرێژ بوون. چونکە هەندێکیان بە پەیامی مرۆییەوە هاتوون، پەیامەکەیان ماوە و کارکەرە، وەک ئاینی ئیسلامی و پێغمبەرەکەیان، هەروەها کریستیان و پێغمبەرەکەی، ئەوانەش خاوەن کتێب و سونەت و یاسا و رێسا و شێوازی خوداپەرستی خۆیانن. لێرە باسی ئاینی زەردەشتیش دەکەین. من بەشێوەیەکی گشتی بانگی فەلسەفەی یەکێتی ئاینەکان و یەکێتی بوون دەکەم. هەموو ئاینە خۆراگرەکانی بەردەم زەمانە، دەبێتە مەرجەعیەتێکی دیار بۆ یاوەرەکانی.

زۆر لە پەیامبەر و رابەرەکان هاتوون و رۆیشتوون، بەبێ ئەوەی پەیامێک لەدوای خۆیان جێبهێڵن، یان پەیامێکیان هەبووە بەڵام لەبیرکراوە. پاش ئەوانە فەلسەفە و هزرە گەورەکان دێت، کە ماوەماوە، کورت یان ماوەی زۆریش دریژ، خەڵکەکەیان هۆگر کردووە. بۆ نمونەی فەلسەفەی یونانییەکان کە لە مەرجەعیەتێکی هزریی مێژوویی نزیکە، هەروەها حیکمەتی چینییەکان، فەلسەفەی هیندییەکان و کلتووری ئێرانییەکان و ئاینەکانی هیندوئارییەکان بەگشتی.

لەو سەدانەی دوایی، فەلسەفەی زۆر دەردەکەون، وەک کانت، هیگل، مارکس و زۆری تریش، تا رادەیەک مارکسیزم دەبێتە قوتابخانەیەکی هزری سیاسی گرنگ، لە سەدەی رابردووش پەیڕەو و پیادە دەکرێت، تا ئێستاش کاردانەوە و باندۆری هەر ماوە.

ئەو سەرچاوە ئاینی و فەلسەفییانە، زۆریان بە کەسایەتی دانەر و هەڵگریان گرێدرابوون.

لەوانە کەسایەتی مرۆیی مەزن هەبوون، گەیشتوونەتە پلەی مەرجەعیەت و براگەورەیی بێ ئەوەی توندوتیژی و دەسەڵاتیش بەکاربهێنن، لەوانە رابەری رۆحی مەزنی هیندی مهاتما گاندی، ئەوەی بەتەنها لەسەر رێبازی ناتوندوتیژی دەڕوات، گۆمە بۆگەن وەستاوەکەی هیند لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەجولێنێت، ئەو وڵاتە مەزنە گەورەیە رزگار دەکات. مهاتما یان (رۆحە گەورەکە) بە بێ پێڵاو دەڕۆیشت و شالێکی سادەی سووکی لەبەردەکرد، بەردەوام و زۆریش بەرۆژوو دەبوو، ماوەماوەش مانی دەگرت و ناڕەزایی مەدەنی کردبووە رێبازی خەباتەکەی بۆ رزگارکردنی هیند. ئەگەرچی گاندی مردووە، بەڵام کلتووره رۆحییەکەی کاردانەوەیەکی قووڵی جێهێشتووە، یەکێک لە نەوەکانی هاوڕێیەکی ناسراو بە جەواهر لال نەهرۆ، بەناوی گاندی، گەنجەکە پەیامی ناتوندوتیژی و خەباتی مەدەنییانەی بە مانگرتن و چالاکی ناڕەزاییەکان دژایەتی گەندەڵی ناو هیند دەکات، واتە ژێدەری گاندی مەزن، کاری خۆی کردووە و کەسایەتی نوێی بەرهەمهێناوە.

هەروەها باس لە کەسایەتی نیلسۆن ماندیلا سەرکردە ئەفریقییەکەی باشوور دەکەین، ئەوەی ماوەیەکی زۆری ژیانی لە زیندان بەرێدەکات، پاش ئەوەی ئازاد دەبێت، دەکرێتە سەرۆکی وڵاتەکە، دواییش ئارەزوومەندانە واز لە دەسەڵات دەهێنێت، لە هەموو پۆست و دەسەڵاتەکان دەکشێتەوە، دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی پەیامی لێبووردەیی و فرەحزبی و قبووڵکردنی بەرامبەرەکەی و ئازادی، بۆیە ئەو دەبێتە مەرجەعیەتێکی جیهانی. کەواتە بەهاکان و نەریت و بەرنامە ئاشتییەکان، فاکتەری دروستبوونی ژێدەرەکانە.

هەروەها باس لە دالای لاماش دەکەین، پێشەوا رۆحییەکەی بودییەکان، ئەویش دەبێتە ژێدەر و سەرچاوەی جەماوەرێکی فراوان، بوویتە نمونەیەک لە جیهان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆشەویستی و لێبووردەیی و هاوسۆزیی و وەرگرتن و قبووڵکردنی کەسی بەرامبەر و ئازادی ویژدان.

من پێشتر قسەم لەسەر ئەوە کردووە میللەتی کوردستانیش، لەو سێ سەدەی رابردوو، ژێدەریان بە شێوازی پراکتیکی کۆمەڵایەتی سیاسی مێژوویی لێ دەرکەوتووە، سەرەتا ناوی فەیلەسوف (ئەحمەدی خانی)یم هێناوە، ئەو پێش سێ سەدە، بنچینەیەک بۆ پەیامی ئازادی بەجۆش و کاریگەر رادەگەیێنێت، لەبەر رۆشنایی پەیامەکەی ئەو، چەندین سەرچاوە و کەسایەتی دوور لە دەسەڵاتی سیستەمە دابەشکراوەکەی ناو کوردستان پەیدا دەبێت، ئەوانەش، لەناو چەند بنەماڵە، یان دەستەی زیرەکی ناو بنەماڵە دێرینەکان دەردەکەون، بۆ نمونە بەدرخانییەکان، شوێنەواری پۆزەتیڤیان لە سیاسەت و بەڕێوەبردن جێهێشتووە، هەروەها کاریان لە بوارەکانی کلتوور و رۆژنامەگەری کردووە، ئێستاش کاردانەوەیان ماوە، ئیتر مەرجەعیەتی تری ئاینی ناسراوی وەک خانەوادەی نەهری و ماڵی بەرزنجییەکانی (لەوانە مەلیک مەحمود) و دواییش لە کۆتایی مەرجەعیەتی کوردستانی لەناو قوتابخانەی بارزانییەکان دەردەکەوێت و ئێستاش بەردەوامە و ماوە.

دەسەڵات و هێزی ئەو ژێدەرانە، لەوانە قوتابخانەکەی بارزانی رۆحی پەیامی ئازادی و سەربەستی رەوا و پەیامی مرۆڤەکانی سەر رووی زەمینە، دوا مەرجەعیەتەکەش کە

قوتابخانەکەی بارزانیم مەبەستە، زوو داوای لێبووردەیی و فرەحزبی لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و کۆششی کردووە ئەو پەیامە بڵاوبکاتەوە و بیچەسپێنێت، جەوهەرەکەی وەرگرتن و ریزگرتنی کەسانی بەرامبەرە، بە سینگێکی کراوە و رێزەوە، تا لە کوردستان دەبێتە رێباز و بەرنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی و کلتووری لە کوردستان. نازانم کۆمەڵگای کوردستانی ئەگەر مەرجەعیەتیان نەبوایە، دواییەکەی قوتابخانەی بارزانی نەبوایە، بەئاسانی دەگەیشتە ئەو رێبازە؟ ئیتر بەر لە سەد و پەنجا ساڵ ئەو رێبازە بڵاودەبێتەوە، لەگەڵ گیان و رۆحی ئەو سەردەمەش دەگونجێت، هاوسۆزە لەگەڵ پێشهاتەکانی سەدەی بیست و یەک و نزیکە لەگەڵ ناوەڕۆکی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان لە مافی چارەنووسین و دادپەروەری و پێشکەوتن. لێرە خاڵی پێشبینی و شکۆداری ئایندە، لە ژێدەرە رەسەنە پێگەیووەکان دەکەین.

ئیتر ئەو رۆژانە نەما، کەسێک، یەک کەس ببێتە ژێدەرێکی دیاریکراو و مەرجەعیەتێکی بەهێزی و ویستی هەموو کۆمەڵگای تێدا بەرجەستە بێت، بەڵکو مەرجەعیەت بەجیهانی بووە، بۆتە دەستوور و یاسا و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و مافی میللەتان، لە بژار و هەڵبژاردنەکان و نەمانی سیستەمە مەرکەزییەکان لە دەسەڵات، لەجیاتی ئەوانە سیستەمی دیموکراسی لامەرکەزیەت شوێنی گرتووتەوە. مەرجەعیەتی داهاتووی کوردستان خۆی لە دەستوور و یاساکان و سەربەخۆیی کلتووری و ئامانجە نیشتمانییە باڵاکانی نەتەوەی کوردی دەبینێتەوە. سەبارەت بە سەربەخۆیی کلتووری، گرنگترین سەرچاوەیە، قەوارەی کلتووری و کەسایەتی نیشتمانی بپارێزێت. سەربەخۆیی کلتووری شانازبوونە بە خود، نەک دەمارگیری و خۆبەزلزانین بەرامبەر کلتوورەکانی تر.

ئەوەشم بۆ ئەوە گێڕایەوە، کە هۆکارەکانی ونبوون و لەدەستدانی کۆششی هەندێ لە میللەت و جڤاتەکان رەوشن بکەمەوە، ئەگەرچی قوربانی زۆریانداوە و سەرهەڵدانی زۆریان کردووە، هۆکارەکەش نەبوونی ژێدەری دەستووری و بابەتییانە بووە، بۆیەش کۆششەکانیان بەخۆرایی رۆیشتووە. ئایا کاتی ئەوە ماوە دووبارە مرۆڤ وەک تاک، سازبێت و بتوانێت پەیامە گەورە مەزنەکان، وەک جاران هەڵبگرێتەوە و خەڵکیش کۆبکاتەوە؟ یان خەڵکەکە هەموویان خۆیان سازکردووە ببنە ژێدەری ئازادی، پاش ئەوەی خۆیان لە پاشماوەکانی ئەو رۆح و هزرەی خۆیان پێوە بەند کردبوو دادەماڵن، کۆتەکانی بواری ئازادی و ویژدانی دیلی کردبوون، نەهێڵن.

باشتر وایە مرۆڤ لەناخەوە کۆشش بکات و هزری بکاتەوە، رۆح و بوونیان بۆ بەرپابوون کودەتاکە بکاتەوە، بۆیەش دەبێت بەرەو ئاستێکی رۆحی و هزری باڵاتر بکرێتەوە. چارەسەریش هەیە، چاوەڕوانکراویشە، ئەویش بوونی مرۆڤەکە خۆیەتی، ئەو خۆی دەبێ کۆشش بکات بۆ دەربازبوونی خۆی و جیهانیش، کە ئەو خۆی دەناسێت و جیهانیش دەناسێت و دەزانێت کێ دروستی کردووە.

بە واتایەکی تر، مرۆڤ دەبێ هەنگاوە رۆحییە هزرییەکە، بۆ دەربازبوون لە خود و گەیشتن بە کەمالی رۆحییەکەی بۆی سازکردووە بهاوێت. چونکە هەموو بونەوەرەکانی ئەو بوونە، بەرەو کەمال دەڕوات.

دوور لەوەش چارەنووسی مرۆڤ فەوتانە و دەربازبوونی تری نییە، وەک چۆن بونەوەر و میللەت و نەوەکانی پێشووتر فەوتاون، ئینجا ئەو فەوتانە بە دەستی مرۆڤەکە خۆی بووە، یان بە چەکی کوشندە و مەترسییەکانی زانستە زۆرەکانی، کە بەهەڵە و چەواشەکاری بەکاریدەهێنێت، یان بە

کارەساتە سروشتییەکان فەوتاوە، ئەوەش رەنگە سروشت، لەبەر زۆری بەدکاری و دەستکارییەکانی لەناو ژینگە کراون، بیەوێت تۆڵەی لێ بکاتەوە.

## ٤

سەبارەت بە جیهانە کۆنەکەی بەرەو فەوتان دەڕوات، جۆر و شێوازێکی کۆنی ژیان و پەیوەندی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەوەندە کۆنە رەنگە بگەرێتەوە بۆ پەنجا هەزار ساڵ پێش ئێستا. ئەگەر سەرنج بدەینە جۆر و شێوازەکانی بەرهەمهێنان و نیشتەجێبوون و جلوبەرگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی گەیاندن و ئاستی گەیشتنی مرۆڤی نوێ لە زانست و زانیارییەکان دەردەکەوێت، هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان، پێش حەفتا هەشتا ساڵ ژیانێکی سادەی سەرەتایی لە جۆرەکانی خواردن و جلوبەرگ و هەموو بوارەکانی هەبووە، با دووبارە سەیرێک و خوێندنەوەیەک بۆ شێوەی ناوەوەی ماڵ و کەرەستەکانی ناوماڵەکان، لەوانە کەرەستەکانی چێشتلێنان و خواردن، دوایی بەڕ و مافوور و دەرگا و پەنجەرە و پەردەکان ... هتد بکەین، دەردەکەوێت لەو چەند ساڵەی دوایی، شتەکان بە هەنگاوی زۆر گەورە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەتایبەتی زۆری بەکارهێنانی کارەبا و پێکهاتەکانی نەوت. ئەگەر سەیرێکی ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندییەکان بکەین، چەند خێرا لە بەرهەمهێنانی ئاژەڵەوە بۆ ئۆتۆمۆبیلی سادە و ترێنی کۆنی لەسەرخۆ، گۆڕاوە بۆ ئامرازە خێراکان و رێگا قیرتاوەکان و فڕۆکە و کەشتی گەورە و ترێنی خێرا و خۆش و سازکراوە و زۆری تریش.
ئەگەر سەیری زۆری جۆرەکانی خواردن و کەرەستەکانی ناو مەتبەخەکان بکەین، دەردەکەوێت لە چاو سالانی رابردوو، لەو چەند ساڵەی دوایی، گۆڕانی چەند زۆر روویداوە، ئەوە و لە هەموو بوارەکانی تریش، وەک خێراییەکانی پەیوەندییەکان و بوارەکانی سوودبینین لە تەکنەلۆژیا و زانستەکان. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ماڵئاوایی لە جیهانە کۆنە، چەقیووە مەیبووەکە کردووە، وادیارە بە سەد ساڵ شێوازە کۆنەکانی پەنجا هەزار ساڵمان دەرباز کردووە. واتە ئەوانەی لە ژیاندا ماون و بەیەکەوە لە کەشە کۆمەڵایەتییە کۆنەکە بوون، لە ژینێکی پێش پەنجا هەزار ساڵ دەربازیان بووە، واتە تەمەنی ئێستایان زۆرترە لە پەنجا هەزار ساڵ. دیارە بەوەیان مەبەستمانە جیهانە کۆنەکە، بەپەلە و خێرا لەباوەشمان دەگرێت. لە نێوان کۆمەڵگاکانی لەودواییانە هەڵساونەتەوە و پێشکەوتوون، لەگەڵ وڵاتانی پێش ئێمەی رۆژهەڵاتی گەشاونەتەوە، جیاوازییەکی دیار و بەرچاو هەیە.
کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بوار و دەروازەکانیان بۆ ئێمە کردۆتەوە، ئێمەیان راکێشاوە و بەرەو ئاسۆ نوێیەکانی چاوەڕوانی دەکەین، دەڕۆین و بەدوایان کەوتووین. لەوەش دیارە مەبەست لە تانەلێدان و شەرمەزارکردن نییە.

ئێمە پێمان خۆش بووبێت یان پێمان خۆش نەبێت، لە جڤاتە دواکەوتووەکان ملکەچ و گوێرایەڵ بەدوای کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دەڕۆین، ئەوانەی لە بوارە زانستییەکان و تەکنەلۆژیا و فەلسەفە و زانیارییەکان پێشکەوتوون. ئەگەر رووداو و رۆژەڤەکە بەپێچەوانە دەبوون، دیمەن و رووداوەکەش پێچەوانە دەبوو، بەڵام ئێمە وا نەبووین.
راکردنە خێراکەی دوای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانستەکان لە هەموو بوارەکان وا دەکەن، بەرەو پێشکەوتنێکی زۆر گەورە لە بواری سیاسییش بکرێت، نەک تەنها لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان. دەربازبوون لە شێواز و سیستەمە سیاسییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆن و باو و چەقیوو و دواکەوتووەکان، دەربازبوون بەرەو سیستەمە سیاسییە نوێیەکان، خەسڵەتێکی دیاری ئەو سەردەمەیە. دەبێ بەرهەمی جۆخینەکە و ماندووبوون و ئەرکی جووتیارەکە هاوشان بێت. ژیانە سیاسییەکە (بە هەموو پێکهاتەکانی دەوڵەت و حکومەت لە سیستەم و یاساکان) دوور و پەراوێز نییە، لەگەڵ ژیانە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکە. لەگەڵ بەکارهێنانی فڕۆکە و ئاسانکارییەکانی گواستنەوە و سەیران لەو جیهانە، دەبێتە بواری دیتنی زۆرترین گۆشەکانی جیهان، ئەوەش دەربازبوونە بەرەو دیتنی گشتگیر لە نیگا و چۆنیەتی پیادەکردنی ژیانی سیاسی، هەروەها لە بوارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و شێوازە نوێیەکانی بەرهەمی زۆرتر و زانیاری لەسەر گەنجینەکانی زۆری هەسارەی زەوی لە سامان و وزە و توانا مەزنەکان... هتد!

٥

گەشەی عەقڵی، گەشەی زانستی و کلتوورییە، لە بەشە کلتوورییەکە مانای کودەتای رۆحیش دەگرێتەوە، من نازانم چ جیاوازییەک لەنێوان ناونانی گەشەی رۆحی و ناونانی گەشەی زانستی هەیە، هەردووکیان پابەندن بە هۆش و هۆشیاری مرۆڤەوە، کە مانای ویژدان و رۆح و فەلسەفەکەی دەگرێتەوە.
ئەوەش کاروانێکی عەقڵی رۆحییە، یان زەهنی رۆحییە. ئەگەر پێشکەوتنی رۆحی لە پەیامە ئاینی و مەزهەبەکانەوە ببەستینەوە، دەکرێ بڵێین عەقڵی ئاینی بوونی هەیە، خولەکانی ئاینیش یەکێکە لە خولەکانی گەشەی رۆحی و عەقڵی، کار و پیشەی ئاینەکانیش، سەرەتاییەکان و ئاینە پێگەیشتووەکانیش، پیشەیەکی عەقڵی رۆحییە، مەبەستەکەی (یان دەرهاتە بابەتییەکانی) بەرهەم و خاوەنداریەتی عەقڵی مرۆڤ و گەشەکردنیەتی، عەقڵ و بازنەی بیرکردنەوە و دیتنی بۆ بوون و گەردوون، ئەگەرچی بوونی حەق گەردوون خۆیەتی، هەروەها پێچەوانەکەشی راستە.
گەشەی رۆحی نزیکبوونەوەیە لە هەستکردن بە بوونی حەق، ئەو حەقەش، هەر ئەو حەقەیە سۆفیگەر و عیرفان و فەیلەسوفە گەورەکان، لەوانە هیگلی ئەڵمانیش لە دیدگاکانیان پەرۆشی دەبن.

هەموو ئاین و مەزهەب و فەلسەفەکان (لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی دەڵێن جیاوازی زۆریان لەنێواندا هەیە، من وادەزانم هەموویان لەیەک سەرچاوە هەڵقوڵاون، لە یەکێتی بوونەوە)، من دەڵێم هەموو ئاینەکان و ئەوانی تریش لە عەقڵ و ڕۆحی مرۆڤ نامۆ نین، بە خۆڕسک لێی نزیک و هاوسۆز نەبوونەتەوە، ئەگەر بوار بدرێتە مرۆڤ، ئازادییەکانی بۆ بیرکردنەوە و رامان و گوزارشت بەرجەستە بکات. چونکە تا ئەوەدەمانەش لە چەندین گۆشەی ئەو جیهانە مرۆڤ کۆتبەند دەکرێت و ئازاد نییە، لە تاریکییەکانی هەست و دیدگا و ویژدانی دەرباز نەبووە. ئەو لە ویژدان و خوداپەرستیەکانیشی ئازاد نییە، ئازاد نییە لە بژاری کاروانی عەقڵ و ویژدانی. فەقیهەکان، هۆشی ئاینی مرۆڤ گەمارۆ دەدەن، لەناو بازنەیەکی تەسکی ڕێنمایی و شرۆڤەی تایبەت بەخۆیان زیندانی دەکەن، زاناکان بەو هزرە، نەک خەڵکەکە خۆشیان ئازاد و سەربەست نین.

دیارە گەشەی رۆحی و زەهینی بەیەکجار و بەیەک بار و بەیەک ساتیش بۆ مرۆڤ نەهاتووتەخوارەوە، ئەوە دەرهاوێشتەی پایەکانی کۆبووەوە و خوڵی دوورودرێژە. بزاڤی گەشەکردن بازنەیەکی لوولەییە، ستوونییە، هەروەها ئاسۆییش دەردەکەوێت. لەگەڵ ونبوون و رەشبوونەوەی ئاینێک یان فەلسەفەیەک مرۆڤ وادەزانێت، ئەوە رۆیشت و ناگەڕێتەوە، بەڵام لەناکاو، لە خولێکی تری ژیانەوەی بە شێوەیەکی تری جیاواز، گەشەدارتر و ریشەدارتر و قووڵتر دەردەکەوێتەوە.

ئەوە یەکێکە لە نهێنییەکانی کودەتای رۆحی، ئەوەی لە دەرگاکانمان دەدات، ئەوەش رەنگە لایەنێکی نوێ بێت، بەڵام زۆریش دوور نییە لەو رووداوانەی ماوەیەک پێش ئێستا روویانداوە، بێ رەگ و ریشەش نییە، لە ئاین و فەلسەفە کۆنەکان. ئەو کودەتایەی ئێمە مەبەستمانە سەرهەڵدانی ئاینێکی نوێ نییە، بەڵکو بەرهەم و میوەیەکی هەموو گەشەکانی رۆحی و عەقڵی مرۆڤ و دەرهاوێشتەی ئاین و فەلسەفەکانی پێشووە.

کەواتە، ئەو کودەتایە، دەرئەنجامی بینینی خولێکی رۆحییە، لە هەمان زەمینە دەوڵەمەندەکەی دەرچووە.

هەندێجاریش مرۆڤ سەرچیغ دەڕوات و هەڵە دەکات وادەزانێت، شتی نوێ لەژێر خۆرەوە نەماوە، ناکرێ شتی باشتر لە جاران و کۆنەکان دەربکەوێت. بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئاگاداریش بێت و دوور لە دەسەڵات و ویستی خۆی، دەکەوێتە ناو مەداری بزاڤێکی عەقڵی رۆحی گەشەدار، بەتایبەتی وەک وتمان، پاش دۆزینەوە زانستە باڵکێشەکانی هەموو بوارەکانی زانست و ژیان... لە فیزیا و کیمیا و پزیشکی تا بایۆلۆژیا و جیولوجیا و فەلەکناسی و بچووکترین دۆزینەوە تا گەورەترین، لە وردترین شتەوە تا دۆزینەوە گەورەکانی فەلەک و قووڵاییەکانی ژێرەوە.

وەک چۆن بوارەکانی زانست و ژیانی کۆمەڵایەتی بەخێرایی گەشەی کردووە، بەهەمان ئاڕاستەش بزاڤەکانی گەشەی رۆحی و عەقڵییش گەشە دەکات، لە خولە ئاسۆیی و ستوونییەکانەوە دیارە. هەر چەند گەشەسەندنەکان مەزنتر دەبن بایەخی زەمەن دەردەکەوێت، تا رادەیەک مرۆڤ سەرسام دەبێت، کە چۆن بابوباپیرانی، هەتا ئەو نزیکانەش بەرگەی سستی و خاوییەکانیان لە سەردەمی خۆیان گرتووە، وەک ئەوەی زەمەن، زەمەنە کۆنەکە نەبێت، زەمەنێکی تر بێت، بونەوەرێکی نوێی لەسەرشان هەڵگرتبێت. منیش بەو ئاڕاستە و دۆخە بینراوە لەسەر بوون،

ئەوەی گۆڕان رووتیکردۆتەوە، وا دەکات لە گۆشە و ئاڕاستەی جیاواز بژین، زۆریش جیاواز، یان وا هەست بکەین ئێمە بە ئاڕاستەی نوێ دەژین.
دیارترین شکۆمەندییەکانی ئەو زەمەنە نوێیە، دیمەنی کودەتای رۆحییە، وەک چۆن ئاماژەمان پێی کردبوو، ئەوە رووێکی تری گەشەی رۆحی عەقڵییە بۆ هەستکردن بە کەون و بوون (هەردووکیان یەک شتە) و بەرجەستەکردن و دیتنی بە نیگایەکی فەلسەفەیی جیاوازی لە دیدی جاران.
وەک ئەوەی من تێبگەم، بە بۆچوونی من، دانانی ئەو وتارە بۆ پێشەکی ئەو کتێبە بۆ روونکردنەوەی دیدگاکەیە بە شێوەیەکی باشتر، ئەگەرچی زۆر لە نووسەر و خوێنەرەکانی هاوڕێم بەسەرسامییەوە دەپرسن، ئەویش مافی خۆیەتی، مەبەست چییە لە چەمکی کودەتای رۆحی، ئەوە پرسیارەش پاش دەرچوونی چاپی یەکەمی ئەو کتێبە ئاڕاستەم کرابوو.

فەلەکەدین کاکەیی
٢٠١١/١١/١٨

بەشی دووەم

عیشقی خودایی

لە هەر گوڵێ گەردیلەیەک(١)

بە دەستەواژەیەکی سەرپێی، نووسەرێک ئاماژەی بە کلتووری هەنگ داوە، لە هەر گوڵێ گەردیلەیەک، مێش لەهەر گوڵێک مژ و گەردیلەیەکی شلە وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە ناو شانەکەی و هەنگوینی پێ دروست دەکات.

مێشهەنگوین لە دروستکردن و سازکردنی هەنگوین و دڵسۆزی و بەردەوامی لەو پرۆسەیە، بەرهەمی هەنگوینێکی سازی خۆش، مامۆستایەکی مەزنە بۆ مرۆڤ، کە دەبێتە دەرمانی دەرد و تێربوون.

من سوود لەو دەستەواژەیە (لە هەر گوڵێ گەردیلەیەک) (٢) وەردەگرم و دەیکەمە گۆشەیەکی ڕۆژانە، باس لە وانەکانی سروشت و خوێندنەوە و تەئەمول دەکەم. لەسەر ژینگە و کۆمەڵناسی و هونەر دەنووسم، قسە لەسەر فیزیا و فەلەک و پزیشکی دەکەم، لەسەر پێشهاتەکانی ڕۆژەڤ دەنووسم، دەمەوێ گۆشەیەکی ڕۆژانەم هەبێت، وەک لە سەرەتای سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ تا مارسی ساڵی ١٩٧٤ی زاینی، گۆشەی تایبەتییم لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی دەنووسی.

هاوڕێم عەبدولغەنی ئەلمەلاح دەڵێن بەیەکجاری ماڵئاوایی لێمان کردووە، وەک ئەو بکەم، ئەویش ڕۆژانە لەو ڕۆژنامەیە گۆشەیەکی بەناونیشانی (من كل بيدر حبه _ لە هەر خەرمانێ دانەیەک) بە ئیمزای ئەبو ذر دەنووسی، ناوەکەشی بەیادی سەحابەی نازدار ئەبو ذر ئەلغفاریی هاوڕێ و پشتیوانی دادپەروەری و ئازادی و ڕاستییەکان بوو. ئەو سەحابەیە بۆ پێداگری لەو هەڵوێستانە و پشتیوانی هەژار و داماوەکانی سەر ڕووی زەمین باجی زۆری دابوو.

هاوڕێمان عەبدولغەنی ئەلمەلاح بەگەنجی هاوبیری کامیل ئەلچادرچی لە حزبی دیموکراسی عیراقی بووە، مرۆڤێکی هرز ئازاد و سەربەخۆ بوو لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی، نووسەرێکی زمان دەوڵەمەند و پاراو بوو، شێوازە سادەکەی لە نووسین وایکردبوو، ڕۆژانە خوێنەران چاوەڕوانی ئەلتەئاخی بکەن، گۆشەکەی خوێنەری زۆری هەبوو، لە نووسینەکانی بە شێوازە تایبەتییەکەی، ڕەخنەی لە دیاردە و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و سیاسی دەگرت.

یەکێک وتبووی: من لەو گۆشەیەدا لاسایی گۆشەکەی ئەلمەلاح (من كل بيدر حبه) دەکەمەوە... با وا بێت، من یەکێک بووم لەوانەی سەرسام بووم بە هزر و نووسینەکانی، ئینجا ئاساییە ئەگەر

گۆشەکەم بە یادی ئەو بێت، چونکە هزرەکەی ئەو لەناوماندا دەژیت، دانیش بەوەدادەنێم کە من بەرامبەر نووسین و داڕشتنەکانی ئەو، نووسەرێکی بێدەسەڵاتم.

من لە نووسینی هەموو گۆشەکانم سەربەستانە دەمنووسی، خۆم بە هیچ قوتابخانەیەکی ئەدەبی، یا بابەتێکی دیارکراو نەدەبەستاوە، بابەتە باڵکێشەکەم کۆشش بوو، بۆ تەقاندنەوەی وزەی ناوەوە مرۆڤ، هەستم بەوە دەکرد و ئاماژەیەکم بەوە دەکرد، کودەتایەکی رۆحی گەردوونی لەسەر تەقینەوەیە... سەیر بکەن چۆن ئیمڕۆ، یان بەیانی، کودەتاکە دەتەقێتەوە و بەرپادەبێت.

---

**( 1 )**و **(٢)**، ناوی گۆشە رۆژنامەنووسیەکەم بوو، ١٠١ دانەم لەو گۆشانە نووسیبوو.

بابەتی ژینگە مرۆڤ یەکگرتوو دەکات

بابەتی ژینگە، بابەتی گرنگی ناو هەموو بابەتەکانە، رەنگە ئەو بابەتە زۆرتر لە کایەی ئاین و کاری فەیلەسوفەکان، یەکێتی مرۆڤایەتی ساز بکات، چونکە کێشەکانی ژینگە، دەگاتە ناو هەموو خێزانێکی ئەو سەرزەمینە.

بایەخدان بە ژینگە، دەبێتە فەلسەفەیەکی دیار بۆ سازبوونی هزرێکی گەردوونی فرەرامان و فرەرەنگ و هیوا، لەو چەند ساڵە دوایی، ژنێکی ڤیتنامی (های جینگ) دەبێتە تیرۆژێک بۆ دەرکەوتنی سەردەمێکی نوێ، بۆ ئاگادارکردنەوەی بوونی مەترسی دەستی مرۆڤ لەناو ژینگە و سروشت.

ئەو ژنە لە ئەمریکا دەژیت و شوو بە پیاوێکی ئەڵمانی دەکات، رۆژێکیان لەناکاو، داوا دەکات لە مێردەکەی جیاببێتەوە، تا خەریکی نەشونمای رۆحی بێت، پیاوەکەش یەکسەر داوای ژنەکە قبووڵ دەکات. بەڵام ژنەکە دەڵێت:

من ئێستاش مێردەکەم خۆشدەوێت و پەیوەندیمان دەمینێت، بەڵام بەرنامەیەکی تر بۆ ژیان هەڵدەبژێرم، کە جیاواز بووە لە ژیانی هاوسەرگیری. ئەو بۆ دۆزینەوەی مامۆستا و رابەرێک

بەرەو دەربازبوونی رۆحی و روونبوونەوەی ناوەوە دەچێتە چەندین وڵاتی خۆرهەڵاتی ئاسیا (بژاری رۆحی بێگەرد) لەسەر شێوازی بودا، لە چیاکانی همالایا، راهیبێکی خەڵکی تبیت دەدۆزێتەوە، لەسەر دەستی ئەو، دەستبەرداری ژیان دەبێت و رێنمایی و ئامۆژگاری و بەرنامە رۆحییەکانی لێ وەردەگرێت. ئیتر ئەو لە رۆحەوە دەبوژێتەوە، هەروەها دەڵێت:

گەردوون و سروشت و بونەوەرەکان بۆم رووناک دەبنەوە.

لە چیاکان بەرەو کیشوەرەکانی جیهان دادەبەزێت، پەیام و باوەڕەکەی بڵاودەکاتەوە، ئێستاش و لەودەمانەش خەڵکی لێ کۆدەبێتەوە، ژنانی زۆر، پیاوانیش، لە هەموو کلتوور و ئاین و رەنگ و هەوارەکان دەیناسن. ئەو ژنە، ئێستا کاردەکات هەڵوێست و بڕواکەی رابگەیێنێت، راستەوخۆ خەڵک دەبینێت، یان دووربەدووری ئەزموونەکە ئاشنا دەکات، کەسایەتی گەورەی سیاسەت و هونەر و ئەدەب و ئاین دەبینێت. لە کەنالەکانی تەلەفزیۆنی تایبەت بەخۆی، بێوچان کاردەکات، لەدوورەوە تیشکە رۆحییەکەی دەنێرێت، ئەو ژنە دەڵێت:

من دەتوانم بە تیشکی رۆحەوە، باوەڕدارەکان ببینم و باندۆریان لەسەر بکەم و بیانهەژێنم.

ئەو ژنە، بە هەموو بوارەکان کار دەکات، ژینگەی زەمین بپارێزێت، زوو ئەو ژنە ئاماژەی بە هەڵکردنی باهۆزی گەورە و بومەلەرزەی زۆر و لەهی و کارەساتی سروشتی وەک بەبیابانبوون کردبوو.

ئەو ژنە، جەختی لەسەر نەخواردنی گۆشتی ئاژەڵ دەکات، داوا لە خەڵکەکە دەکات، روو لە خواردەمەنی رووەکی بکەن.

ئەویش وەک ئەبو عەلا ئەلمعەری گۆشت ناخوات، لەسەر رێبازەکەی ئەو دەڕوات، ئینجا ئێمە دان بە ماف و راستییەکان و فەلسەفەی گەردوونی ئەلمعەری دانانێین.

کەمال جونبلات، قەدیسە شەهیدەکە، شۆڕشگێڕە رووناکبیرەکە، ئەویش رووەکخۆر بوو، گۆشتی نەدەخوارد.

لە بوارەکان زۆرتر دەگەڕێمەوە سەر های جینگ.

## عیشقی ئیلاهی

عیشقە ئیلاهییەکەی ئیبنی ئەلفارز و رابیعە عەدەویە و حوسێن مەنسوور حەلاج و ئیبنی عەرەبی و شێخی ئیشراق شەهاب ئەلدین سەهرەوەردی و مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و مەولەوی و ئەوانی تریش باسیانکردووە، هەمان عیشقە، ژنە ڤیتنامییەکە های جینگ و فەیلەسوفی هیندی ئۆشۆ و گەورە سۆفییە عارفەکانی لەو سەردەمە لەسەر رووی زەوی دەژین باسیانکردووە.

مەلای جەزیری ئەو ناوی لەو عیشقە ناوە، ئامرازی پێنجەمی ئامرازەکانی سروشت، واتە پاش خۆڵ و ئاو و هەوا و ئاگر، ئەو عیشقە وەک هێزی کێشکردن بۆ هێشتنەوە و پتەوی هاوبەشی ئامرازەکانی سروشت.

مرۆڤایەتی لە هەموو زەمان و شوێنێک، یەک تەن و یەک ئامراز بووە.

جیهانی ئیمڕۆش، پێویستی زۆری بە کودەتای رۆحی هەیە، ئەوەی پێغمبەر و عارف و سۆفییەکان داوایانکردووە.

بۆچی لەسەر شتە هەرزانەکانیش لەگەڵ یەکتری چاوچنۆک بین... ئەویش سڵاوێکی گەرم، بزەیەکی دۆستانە، یان لقێک بەگوڵەوە، پرسین لە تەندروستی، راستەوخۆ یان هەر بە تەلەفۆنکردنێکیش بێت... یان بە هەر جۆرێکی تری پەیوەندی بێت... دیمانەیەکی سادە و سەرپێی، لەوانە فەلسەفە، بریتییە لە دانان و سازکردنی خۆشی و کامەرانی لە ناو دڵی خەڵکانی بەرامبەرەکەت.

کامەرانی، پرۆسەی دانان و بڵاوکردنەوەی شادی و سەرفرازییە لەناو خەڵک، هەمووومان بەشێکی زۆرمان لەو گەنجینە تێدایە، دەکرێ پەخشانی بکەین و بەسەر خەڵکەکەی دابەشبکەین، ئینجا بە گوفتار یان بە سامان ئەوە بکەین.

فەلسەفە بایەخی زۆری بە هاوکاری نێوان بنیادەمەکان داوە.

هیچ کەس نییە، رۆژێک لە رۆژان لێرەولەوێ، لە رۆژانێکی ژیاندا پێویستی بە هاوکاری یەکێکی تر نەبووبێت.

ئەوەی بەختیارییە، جڤات بریتیە لە کتێبێکی کراوە، بە چاکە و بەخشندەیی ئازادی و فرەرەنگی و کرانەوەکان کەوتوینەتە ناو ئەو کتێبە، بوار زۆرە بتوانین یارمەتی یەکتری بدەین، دەستی هاوسێیەک، هاوکارێک، هاوپۆلێکی خوێندن و حزب و سەرنشینی پاسێک و هاموشۆکەرانی ناو سوپەرمارکێتێک... کەسێکی ناو باخێک بدەین... هتد!

کەسمان دەستی نەگیراوە لە بوارێکی گونجاو، لە جەژنێکی شادمانی و بۆنەیەکی تایبەتی، غەدرێکی وا بکەین یارمەتی بەرامبەرەکەمان نەدەین.

ئەگەر رۆژانە بتوانیت دڵی پێنج کەس خۆش بکەیت، شادی بەوانە ببەخشیت، تۆ بە یەک مانگ یان بە یەک ساڵ، چ گەنجینەیەکی بەهادارت بۆ خۆت کۆدەکەیتەوە.

ئاین... رەوشت و ویژدانە

ماندوونابم، ناخۆم و ناخۆمەوە لە دووبارەکردنەوەی بانگەشە سادەکەم، بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆشەویستی لەناو خەڵک... هەتا لە ژیاندا ماوم کۆڵنادەم و کاردەکەم، چونکە دەزانم پەیامەکەم سەرچاوەی کامەرانی و مان و خۆراگرییە.

مرۆڤ بەردەوام پەرۆشی ئەوە بووە، بیانووی بەهێز بۆ ژیان بدۆزێتەوە، هیچ لەوە جوانتر و نازدارتر نییە، ئەو مەبەستە سادەیە بکەیتە مایەی بەخشین و کۆشش... جوانترین دەسکەوتیش دەرچووی ناوەوەی بوون و سۆزی ویژدانە.

رازیکردنی ویژدان و ئارامی و ئاسوودەیی، بناغە و بنەمایە.

هەندێ جار مرۆڤ، بەدوای شتێک پەرۆشی پەیامێک دەبێت، بەڵام نازانێت شتەکە چییە... رەنگە مرۆڤی سەلامەت و دەوڵەمەندیش، هەست بەوە بکات پێویستی بە شتی تر دەبێت، پەرۆشە و بیر لە دۆزینەوەی شتێکی ونبوو دەکاتەوە، ئەو تێرە و هەست دەکات برسییە، تێرە و هەست دەکات ئاوی خواردنەوەی دەوێت، لەناو خانووێکی باش و پۆشتەیە، بەڵام هەست دەکات رووتە و شەرم لە بێ بەرگییەکەی دەکات. ئەوانە لەچییان کەمە و چییان دەوێ؟

وادەزانم لەو رەوشەدا، مرۆڤ پێویستی رۆحی بە پشوو و ئارامی ویژدان و کامەرانییەکەی هەیە.

زەردەشتی پەیامبەر جەختی لەسەر ویژدان کردووە، بۆ گەیشتن بە پاکی و ئارامییەکەی باڵاترین هیوای کۆششی ئیماندارەکانە، سەبارەت بە وشەی ویژدان، لە کتێبی ئاڤێستای زەردەشت بە شێوازی ئاین هاتووە.

وشە و دەربڕینی ئاین و ماناکەی لە ئاڤێستا، نزیکەی سێ هەزار ساڵ یان پێنج هەزار ساڵ ناوی هاتووە، ئەوەش تەمەنی ئاینەکەیە، زۆربەی توێژەرەکانی ئەڵمان و رووس و عەرەب و ئەوانەی تر، کە لەسەر زەردەشت کاریانکردووە، کۆکن لەسەر ئەو تەمەنە، بەڵام هەندێ لە باوەڕدارانی زەردەشتی، ئەو تەمەنە بۆ ئاینەکە بەکەم دەزانن، دەڵێن تەمەنی ئاینەکە دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەتا حەوت هەزار ساڵ، ئەو بابەتەش خودی باسەکەمان نییە، چونکە ئەوە کار و توێژینەوەی زۆری دەوێت و بابەتێکی ئاڵۆزە، دەمەوێ ئاماژە بە رێنمایی و ئامۆژگارییەکان زەردەشت بدەم، کە بریتییە لە (بیری چاک و قسەی چاک و کردەوەی چاک) یان بە مانایەکی تر: (هزرێکی باش و قسەی باش و کردەوەی باش)، لەوەش دیارە کە ئەو لە بیرکردنەوە و هۆشەوە دەستی پێکردووە، واتە نیەت و مەبەست، ئیش و چالاکییەکان بە نیەتە، مرۆڤ سەرەتا بیر لەوە دەکاتەوە کاری چاکە و خێر بکات، باش ئیش بکات، ئەوەش لە مێشک و دڵی جێگیر دەبێت، دەبێتە خەسڵەتێکی باش، لەوەش وشە چاکخوازەکان و رفتارە بەسوودەکان سەرچاوە دەگرێت، هەموو قسە و لێدوانەکانی بەسوود دەبێت و دووردەکەوێتە لە ئازاردان و برینداركردنی بەرامبەرەکەی، دەست لەسەر بەرامبەرەکەی بەرزناکاتەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە، ئیشێکی باش ئەنجام دەدات، ئیتر لەو رەوشە ویژدانییە هزرییەدا، کردەوەیەکی چاک بۆ خۆی و خەڵکەکە بەرهەم دەهێنێت.

بەردەوامی کاروانەکەی حەلاج

١

رۆژێکیان حەلاج لە بەغدا دووردەکەوێتەوە...

نەخێر! هەرگیز دوورنەکەوتیتەوە، ئەو هێشتا لە خاچدراوە، ئەو دڵۆپە خوێنەی لێی دەتکێت، داوا و سۆزی خۆشەویستەکەی دەکات، لەسەر کەناری رووباری دیجلە دەنووسێت من لەسەر حەقم.

رۆژێکیان بۆی دەگەڕێن، سێدارەکەی بەچۆڵی دەدۆزنەوە، دارەکە دەنوزایەوە، تەرمەکە لە غافڵبوونی جەلادەکان دەڕوات، لەناو کۆچە و کۆڵانەکان بۆ هوشیارکردنەوەی عاشقەکانی هاواری دەکرد... لەگەڵ کازیوە هاواری دەکرد، هەڵسن لە خەو و چاوتان بە تیشکی هەتاوەکە رەوشن بکەن، بە رووناکییە پیرۆزەکە... من بە کراسێکی تر گەڕامەوە(١)، گەڕامەوە.

٢

زۆر لە تەرمەکەی دەگەڕێن و نایدۆزنەوە، یەکێک لەوانە جەستە سەربڕاوەکەی لە گەڕەکێکی بەغدا دەدۆزێتەوە.

یەکێکی تریش لە گەڕەکێکی تری ناو بەغدا سەری دەدۆزێتەوە، بێ جەستە تەنها سەری دەدۆزێتەوە.

لەو کاروانەدا شێخێکیان لێ پەیدا دەبێت، چیرۆکی دوو براکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوانەی لەسەر خەرمانەکە لەسەر ئەوەی یەکێکیان گومان لە براکەی دەکات پەیوەندی سۆزداری بە ژنەکەی هەبێت، دەبێتە شەڕیان، داسەکانیان لەیەکتری دەردەهێنن، داسەکانیان بە ملی یەکتری دادەهێنن، هەردووکیان سەری یەکتری دەبڕن، ژنەکەش داماو و سەرگەردان بە دیار تەرمە سەربڕاوەکەیان دادەنیشێت، نازانێت چ بکات. لەناکاو دوو جورج لەبەردەمی دەردەپەڕن دەبێتە شەڕیان، ئەوانیش وەک دوو براکە، سەری یەکتری دەبڕن، جورجێکی تر دەردەکەوێت، بە گەڵای تەڕی خڕنوک دەرمانە هەویرێکیان بۆ دەگرێتەوە، بەو دەرمانە جورجەکان سەریان بە لاشەیان وەدەنووسێتەوە، بەزیندوویی هەڵدەستنەوە، هەردووکیان بە ژیانەوەیان شادومان دەبن!

ژنەکە، چاو لە جورجە حەکیمەکە دەکات، بەو هەویرە سەریان بۆ لاشەیان دەگێڕێتەوە، بەڵام لە تەنگاوی و ترس و خەمە گەورەکەی، سەرەکانیان بەپێچەوانە دادەنێتەوە، هەردووکیان بە سەری یەکتر و جەستەیان خۆیانەوە دەبێتەوە شەڕیان، لەسەر ئەوەی ژنەکە هاوسەری کامیانە؟ ژنەکە بۆ سەرەکەیە یان جەستەیەکە؟

٣

لەپاش سەدەکانی بیستەم لەو بەغدایە، سەرەبڕاوەکان بە جەستە خوێناوییەکان وەدەنووسێنن، بۆیە مرۆڤی بەگومان و پرسیار و سەرسام دەپرسێت:

ئەوە کێیە؟ ئایا ئەو خاوەنی سەرەکەیە؟ کێ خاوەنی جەستەکەیە؟ ئەویش هەر ئەوەندەی دەزانی لەناو بەغدا ماوە و خۆی ناناسێتەوە... دەڕوات و دەپرسێت، دەڕوات دەمێکیان دەچێتە ئەو بەری بەغدا، دەمێکیش دەگەڕێتەوە دیوەکەی تری شارەکە، دەڕوات... بەرەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باکوور و باشوور و لە رووباری دیجلە دەپەڕێتەوە، دەچێتە ناو باخ و چایەخانە و چاپخانە و بازاڕەکان... بۆیە ئاشنای پیادەیی دەبێت و دەڕوات، تاکە هیوای ئەوە دەبێت ئارام و ئاسوودە بژیت... لەسەر کەناری رووبارەکە ئارام دادەنیشێت... بە بەلەمەکان ئارام و لەسەرخۆ سەول لێدەدات و دەڕوات.

ئەو هیوای گەورەی ئارامی بوو، تا بەیانییەکیان حەلاج خۆی نیشاندەدات و دەستماڵە سوورەکەی بۆ هەڵدەشەقێنێت و پێی دەڵێت: وا گەڕامەوە.

---

(١)حلاج ٨٥٨_٩١٢ی زاینی، لەبەر ئەوەی عیشقی ئیلاهی رادەگەێنێت، عەباسییەکان لەداری دەدەن و دەیکوژن، بەڵام هەوادارەکانی بیریان وایە، ئەو رۆژێک هەر دەگەڕێتەوە. بەناوی حەلاجیات، لە سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زایینییەوە گۆشەیەکمان لە رۆژنامەی ئەلتەئاخی نووسیوە.

بەئاسوودەیی بەرێگادا بڕۆم

١

هێشتا هیوام ماوە رۆژێک بەئاسوودەیی بەرێگادا بڕۆم.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ی زاینی هاوڕێیەکی نووسەرم لە ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)، لە من و لە خەڵکی تریشی پرسی:

_ بۆ ساڵی ئاینده ئاواتت چییه؟

من لە وەڵامدا گوتم:

_ ئاواتخوازم ئاسووده بەڕێگادا ڕێ بڕۆم(١).

من پەرۆشی ئەوە بووم، کە دەڕۆم هیچ ئەستەنگ و کێشەیەکم نەبێت... بەئاسوودەیی!

ئیتر لەو ڕۆژەوە گەردەلوولێک منی برد، بەو ڕەوشە زۆرتر نیگەران و سەخڵەت بووم، تا ئەو چرکەساتەش، من هەستم بەئارامی نەکردەوە، وەک ئەوەی لەناو گێژاوی کارەساتێک نقووم بووبووم، نازانم لەکوێ ئەو نەگبەتییەم بۆ هات؟

هەتا مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی نەگەڕامەوە بەغدا، ئیتر زۆرتر پەرۆشی ئاسوودەیی دەبم. لەو ساڵانەی رابردوو گەشتی زۆرم کرد، سەردانی وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا و ئەمریکام کرد... بەپیادەیی، بە کەشتی، بە فڕۆکەش سەفەرم کرد... باخی سەوزم بینی، گۆمی ئارامی جوانم هاتنەپێش، ئاسایی بوو ئەو دیمانانە سەرفرازی بە مرۆڤ ببەخشن... هەموو کەسێک تەنها من نەبێت، من هیچ جۆرە ئاسوودەییەکم لەو گەشت و سەفەرانە نەبینی، کەس دڵی خۆش نەکردم و ئارامبەخش نەبوون.

من ئێستا هاتوومەتە بەغدا، تەنها حەلاج بەدارەوە دەبینم، خۆڵەمێشەکەی ئەویان، لەناو ئاو دیجلە پەخشانکردووە، هەزارەها هەزار حەلاج، لەو ڕووبارە سەرهەڵدەدەن. کە دەزانن حەلاجێکی تر دەردەکەوێت، یەکسەر لەداری دەدەن، لەسەر شەقامە کۆنەکان، نوێیەکانیش هەزارە داریان بۆ کوشتن و لەخاچدان داناوە... لە هەموو سەرەکۆڵانەکانی ئەو شارە، حەلاج لەدار دەدەن... حەلاجی دەست و پێ بڕاویان، بە هەموو دارخورماکان هەڵواسیوە، هەر دارێک و حەلاجێکی پێوە هەڵواسراوە.

٢

سەیرە! کەی جەلادەکان لە کوشتن و دەستبڕین و کەوڵکردن و سووتانی لاشەکان ماندوو دەبن؟! ئایا گرەوەکەم دۆڕاند؟! دەبێ چاوەڕوان بم، جەلادەکان ماندوو بن لە کوشتن بێزار بن، تا دەستبەرداری کوشتن و ئەو پیشەیە بن؟!

وەرەن، کەواتە وەرن... با سەیر بکەین و چاوەڕوانی تەواوبوونی کاری جەلادەکان بین و کۆتایی بە ژیان بهێنین؟!

کەی؟! دیارە کە من چۆکمدا و شکام و لە ئاسوودەیی نائومێدبووم؟

دوو ڕۆژ بوو، من لەدایکببووم بە منیان گوتبوو، لە گوندەکە بومەلەرزەیەک دەبێت. ئەوە نیشانەی ڕووداوێک بوو... تا بەدرێژایی ژیانم هەر بلەرزم و ئۆقرە نەگرم، هیچ شوێن و ڕەوشێک من ناگرێتەخۆی بۆ؟!

٣

پاش سی ساڵ گەڕامەوە هەوارەکەم(٢)، ڕۆژنامەکەم، سەرێکم لە شەقامی ئەبو نەواس دایەوە. ئەو لەوێ نەمابوو، چەند ماسیگرێکم بینی، خەریکی ماسی برژاندن بوون، بە ماسیگرەکانم گوت:

_ خۆشەویستەکانم؟! نابینن ماسییەکان هێشتا وا دەجولێنەوە، ماسییەکە پەرۆشە و دەیەوێ بگەڕێتەوە ناو ئاوی دیجلە، نابینن چۆن دەجولێنەوە؟ یەکێکیان قاقا پێم پێدەکەنێت و سەیری هاوڕێیەکەی دەکات:

لەناو تاریکی تاراوگەکان، ئەو شێتە بۆمان گەڕاوەتەوە، لەکوێ بۆمان پەیدا بوو؟

ئەوان لە من تێنەگەیشتن، ئەو ماسییەی بەرەو ئاوی ڕووبارەکە دەخشی، ڕۆیشتم، پێم گوت:

_ ئەی ماسییە خۆشەویستەکە! من لەناو هەناوی تۆم. منیش لەگەڵ تۆ دەبرژێنن. هەردووکمان لەناو ئەو میللەتە دەڕۆین و خودامان هەیە، خودا، خودامان هەیە من و تۆ خودامان هەیە.

---

(1) سەیری ئەرشیفی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی ڕۆژی ١ی ینایری ساڵی ١٩٧٤ی زاینی بکە.

(2) پێش ساڵی ١٩٧٤ی زاینی ئۆفیسی بەڕێوەبردنی ئەلتەئاخی لە شەقامی ئەلسەعدون بوو.

# ژیانێکی تر لە بەغدا

## ١

هەناسەسوار و تەنگاو لەناو شارەکە دەخولامەوە، تێدا هەزارەها کەسیان لە حەلاج کۆپی کردبوو، هەموویان لەو شارە دەبینران.

بەیانییەکی زوو، چاوەکانم هەڵدەپشێوم تا دیمەنە بێگەردە جوانە کۆنەکەی شارەکە بدۆزمەوە، رەوە باڵندەیەکم لە ئاسمان بینی، بە باڵەفرەی ئەوان شادمان بووم.

_ سەیرە، نازانم و چۆن ئەو باڵندانانە، لەو کەشە تەماوییە خەمگینە، شادمانن و ئاسوودە ماون؟!

دەبێ لەوانە فێربین، تا بتوانم کامەران و سەرفراز بژیم.

زۆرجار کۆششیان کرد و پەلاماریاندام، گەمارۆیاندام، ئازار و ئەشکەنجەی زۆریاندام، دەیانویست وزەی خۆشی و ژیانویستییەکەم بکوژن. لە هەموو شوێنێک پێم رادەگەیشتن، لە هەموو کیشوەرەکانی ئەو جیهانە ئامادەبوون، ویژدانیان شێواندم، هزریان شپرزە کردم، تا گەردوونە جوانەکە، وەک خۆی نەبینم چاویان دادەخستم.

هەڵیانکوشیم، دەیانسڕیمەوە تا بە چاوی ئەوان، نەک بە چاوەکانی خۆم دونیا ببینم.

بە منیان گوت: چل دزەکە لێرەیە.

نەخێر! ئەوانە دز نەبوون! عاشقبوون و هاتبوون لێرە و لە شوێنێکی ئارام بژین، لەناو هەناوەکان جەرەی گەورەیان دەرهێنا، وەک فەیلەسوفە یونانییەکە (دیوجین) ئەوەی دەیویست لەناو بەرمیلێکی سەر گوفەکەکە بژیت. لەوێ ئاسوودە بوو. رۆژێکیان ئیمپراتۆرەکە لێی دەپرسێت:

_ دیوجین؟ دەتەوێ چیت لێ بکەم؟

گوتی: ئەی ئیمپراتۆر سێبەرەکەت ئازارم دەدات. تۆ بەری خۆرم لێ دەگریت. بوارم نادەیت خۆرەکە وەک خۆی ببینم، پێشم دەگریت و ناهێڵیت خۆم چۆنم خۆر بەو شێوەیە بمبینێت. من تەنها ئەوەم دەوێ، بەری خۆرم لێ مەگرە، هەر ئەوەم دەوێ.

ئیمپراتۆر شەڕەکە دەدۆڕێنێت، ملکەچ لەکن بەرمیلی زەبڵەکە دووردەکەوێتەوە!

## ٢

تا ئاسوودە بڕۆم و پیادە بم...

من هەر ئەوە دەخوازم، ساتێک دەستبەردارم بن و چێژ لەیەک ساتی ئارامی وەربگرم.
چل کەسەکە هاتن، ئەوانەی هەرگیز دز نەبوون، لە بژاری نیەتەکانیان هەڵە دەکەن و نەوتیان بەسەر دادەکەن.
ئەو تاوانبار نەبوو، کە هەموویان دەکوژێت. نەزانین و گەمژەییەکە تاوانبارە، کە فەرمانەکە دەردەکات. ئەویش بوو فەرماندەدات حەلاجیش بکوژن، دەیکوژن و نازانن حەلاج چاکخوازە مەزنەکەیە، موژدەی ئازادی رادەگەێنێت، مافی داماو و رەشورووتەکان دەستەبەر دەکات.

هێشتا لەو ئازادییە بێبەشمان دەکەن!؟

لە ئازادی رووتمان دەکەنەوە. ئەوان لەسەر کردەوە و دەستدرێژییەکان ئازادن، ئەوان ئازادن و ئێمەش بێبەش و بەلەنگازین، کە دەممان دەکەینەوە و قسە دەکەین، زەیتی گەرم بەسەرمان دادەکەن و دەمانسوتێنن، یان لەسەر کەنارەکانی دیجلە دەمانبرژێنن.
کێشە سەرەکییەکەمان وەک خۆیەتی و ماون... ئەویش نەبوونی ئازادییە، ئازادی تەئەمول. ئازادی هەتا قسەکردنیش.
هەتا ئێستاش ویژدانمان چەسپ دەکەن، دەیانەوێ درۆ بکەین و دووڕوویی بکەین و خۆمان هەڵخەڵەتێنین، ئێمە بکەنە کەرەستەی ئاهەنگەکانیان و بە ئازارەکانمان شادمان بن.

ئیمپراتۆریەتی رۆبۆتەکان

سیماکانی گلوبالیزم و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانستەکان، ئاکار و شێوەی زۆری بەخۆییەوە بینیووە، تێدا رۆبۆت بۆتە کارکەری زۆر پیشە و کار و چالاکییە پیشەسازی و هونەری و ناوماڵ و خزمەتگوزارییەکان و زۆری تریش.

لەودەمانە زۆر لە جڤاتەکان کێشەی پاشکەوتن و برسیەتی و داگیرکردن و شەڕی ناوخۆ و نەژادپەرستی و پاکتاونەژادی و جینۆسایدی تێدایە... لەولاشەوە، بەشەکەی تری ئەو جیهانە، بە هێمنی و بێدەنگ و دوور لە دەنگۆ و ریکلامکردن لە سەرەتاکانی سەردەمی رۆبۆت، هەنگاو دەنێن.

دەرکردنی هەزارەها کرێکاری کارگەکان بوارسازییە بۆ پەیدابوون و زۆربوونی رۆبۆتەکان، ئەوەش هەنگاوێکە بەشێوەیەکی ورد و باشتر و دەستمایەی کەمتر، بۆ لەناوبردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان، بە قسەی زاناکان، رۆژێ دێ، رێستورانت و هوتێلەکانیش بەو رۆبۆتانە کارەکانیان رادەپەرێن، هەندێکیش مەزندەی ئەوە دەکەن، رۆژێ ئەوەش نزیکە، رۆبۆتی زیرەک دروست دەکەن، رۆبۆتەکان چاک بکاتەوە و رێبەرییان بکات.

ئیتر بەشە زۆرەکەی خەڵکەکە بێکار دەمینێنەوە، بۆیەش ئێمە دەپرسین ئەوانە لەو سەردەمە چۆن دەژین؟ ئەو میللەتە بێکارە، چۆن بژین ئەگەر کار و بەرنامەکانی رۆبۆتەکان، خاوەن کارەکان دەوڵەمەندتر بکەن، چونکە چیتر رۆژانە و پارە نادەن بە کرێکارەکان؟

وادەزانم پێویست ناکات ئاماژە بەوە بدەین، کە رۆبۆتەکان ئیشەکانیان لە مرۆڤەکان ئەمینتر و وردتر و باشتر و بە پارەی کەمتر بەڕێوەدەبەن، ئەگەر رۆبۆتەکان بێنە مەیدانی کارکردن ئیتر ئەندازیار و پسپۆرەکانیان بۆ چییە، کارەکانیان مانای چ دەبێت.

ئەو جیهانە دوورە لە مەزندە و هزری ئێمە.

له سینه‌ماکانی ئه‌وروپا و ئه‌مریکا فیلمی به‌ڵگه‌نامه‌یی و به‌سه‌رهاتی راسته‌قینه‌یی له‌سه‌ر جیهانی ئاینده‌ی رۆبۆته‌کان نیشانده‌ده‌ن، ئه‌و جیهانه‌ش دووره له هه‌ست و نه‌ست و سۆزی مرۆڤایه‌تی، به‌ڵام خۆشگوزارییه‌کی زۆرتر و به‌رهه‌مى باشتریش به‌و رۆبۆتانه سازده‌بێت، ئاساییه، به‌رهه‌م و ئیشکردنی رۆبۆته‌کان وردتر و سازتره، به‌ڵام بێ سۆزن و دوورن له هه‌ستی مرۆڤایه‌تی، که شکۆدارترین قۆناخه‌کانی گه‌شه‌ی سروشته.

رۆبۆته‌کان ده‌گه‌نه ناو هه‌موو بواره‌کانی گشتی و تایبه‌تی خه‌ڵکه‌که، جڤاته‌که تووشی شۆک و نیگه‌رانی ده‌روونی ده‌بێت، رۆبۆته‌کانی سۆزیان نییه، هه‌موو خشته‌کانی رۆژانه‌کان ساز ده‌که‌ن، رووبه‌ری ده‌سه‌ڵاتی مرۆڤ به‌رته‌سک ده‌که‌نه‌وه، ئاره‌زووه‌کانی ده‌پوکێنه‌وه و کاره‌کانیان لێره‌وله‌وێ که‌م ده‌بێته‌وه، به‌وه‌ش سه‌عاته‌کانی بۆشایی زۆرتر ده‌بن و ده‌گاته ئاستێکی زۆر به‌رز، بۆیه ناچار ده‌بن بوارێکی تری نوێی جیاواز و بیرکردنه‌وه و چێژی هونه‌ری بدۆزنه‌وه، بۆ سازبوونی بواره‌کانی ژیان و سوودوه‌رگرتن له به‌رده‌وامی ژیان.

مه‌به‌ستی سه‌ره‌کی بوون، شادی و چێژوه‌رگرتنه، ده‌بێ له باره‌گرانه‌کانی کار و چالاکییه‌کانی رۆژانه‌کانیان سووک بکه‌ین، ئه‌وه‌ش مانای ئه‌وه‌یه، رۆبۆته‌کان به‌شی هه‌ره زۆری خه‌ونه‌کانی مرۆڤ فه‌راهه‌م ده‌که‌ن، ئه‌و خه‌ونانه‌ی له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تاکانی مێژوو هاوشانی مرۆڤ بووه، بواره‌کانی بۆ چێژوه‌رگرتن به بوونیان هه‌بووه، به‌ڵام له‌گه‌ڵ په‌یدابوونی به‌ربه‌سته پیشه‌سازییه‌کان، ئه‌وانه ته‌گه‌ره‌یان ده‌که‌وێته پێش و سه‌رده‌می رۆبۆته‌کان پێشهاتی نوێ ده‌ره‌خسێنن.

لامه‌رکه‌زیه‌ت

درزی نێوان به‌شه پێشکه‌وتووه‌که‌ی جیهانی ناو سه‌رده‌می رۆبۆت له‌لایه‌ک، به‌شه زۆرینه‌که‌ی تری جیهانی نقوومبوو له‌ناو پاشماوه و که‌له‌که‌بووی مێژوو له‌لایه‌که‌ی تر، تا ئیمرۆش به‌رین و گه‌وره‌یه.

بۆ پڕکردنەوە و تەسکردنەوەی ئەو بۆشاییە، پێویست دەکات گۆڕان و پێشهاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی گەورە ئەنجام بدرێت، ئەگەرنا جڤاتە بەجێماو و پاشکەوتووەکە، کە ڕێژەکەی زۆرترە، چۆن بەمزووانە، لە کێشە و قەیرانەکانیان دەربازی دەبێت.
وادەزانم یەکێک لە ئەگەر و بژارەکانی دەربازبوون لەو قەیرانە، هەنگاونانە بەرەو دیموکراسی کۆمەڵگاکان و لەناوبردنی سیستەمە سیاسییە زۆردار و نەژادپەرستی و تاکڕەوییەکان، نماکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و بیر و بەرنامەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی ژنانە...
سەرەتا پێش هەموو دەستپێکێک و هەنگاوێکی چاکسازی، دەبێ سەرەداوی ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی جیهان لەناوبەرین، کە دەبنە هەڕەشە، بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و دەبێتە سەرچاوە و فاکتەری رووبەڕووبونەوەی گەورەی هەرێمایەتی و جیهانیش... پەلە بکرێت لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە ساختەکانی ناو هەموو کیشوەرەکانی جیهان: هەر لە مافەکانی مرۆڤ لە چین و تیبت و قەیران و ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی هیند و کردەوە تیرۆریستییەکانی پاکستان و ئەفغانستان و دۆزی کشمیر و بلوجستان و کوردستان و قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێی ئاینزاکان و تایفەگەری لە میسر و یەمەن و سودان و نایجیریا ... هتد.
نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەرچی لەسەر ئاستێکی سنوورداریش بێت، بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشانە بەرنامەی دروستی داڕشتووە.
فشاری نێودەوڵەتی زۆر بووە، بۆ ئەوەی جەخت لە حکومەتەکان بکەن، بۆ کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان و چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵمەتی بەرفراوانی زۆر نراوە، لە ئایندەش بەردەوام دەبێت، بۆ نمونە: گەمارۆدان و ساردکردنەوەی هەوڵدان بۆ کودەتاکردن لە مۆریتانیا و نایجیریا و شوێنی تریش، کۆشش بۆ گەڕانەوەی شەرعیەت و دانانی سەندوقی هەڵبژاردن، لەجیاتی لوولەی تفەنگی سەربازەکان.
ڕێژەی کودەتا سەربازییەکان کەم بووە، ژمارەی ئەو وڵاتانەی روو لە سەندوقی هەڵبژاردن دەکەن زۆرتر بووە، ئەوەش هەنگاوە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و بەشداری ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکەکە لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیان.
ئاڕاستەی ئیدارەی لامەرکەزیەت و خۆسەری و دانانی سیستەم فیدراڵی عیراق وەک نمونە، لەو نزیکانەش لە سودان ئەوە بەرقرار دەبێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی خۆرهەڵات، ئەزموونی ئەو دەوڵەتانە، لە بواری بەڕێوەبردن زۆرە و دەوڵەمەند بووە، دەرچەی باشی دەبێت بۆ ئاسوودەی ناوچەکانیان. کەمینەکانی ناوچەکە، کە مافە سیاسی و کلتوورەکانیان دەستکەوتووە، ناوچەکە بەرەو ئاسوودەیی و ئارامی بردووە.
میللەتانی زۆری جیهان، جەور و ستەمی زۆری نەتەوەیی و نەژادپەرستی و بێبەشبوون و داپۆسلینیان چێشتووە، ژیان ئەوەی سەلماندووە چارەسەر و بژاری دروست، بۆ بنبڕکردنی کێشەی ئاینی و نەتەوەیی و نەژادی میللەتەکان سازبوونی سیستەمی لامەرکەزییە، کە بوارسازە بۆ دەسەڵاتی خۆسەری و بەڕێوەبردنی ناوخۆ و فیدراڵیەت، بەشدارییەکان لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری، ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا دەگمەن و ناوازەیە، ئەوەش دەرچەی

پشتیوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووە، کە لەپاش ساڵی ١٩٩١ی زاینی هاتووتە کایەوە، بڕیار و پشتیوانییە نێودەوڵەتییەکەش، وەک سیاسەتێکی ئاسایی پەیڕەوکراوە، بۆ چوونە ناو وڵاتان و فشارکردن و جەختکردن لەسەر کەمکردن، نەهێشتنی کێشە ناوخۆییەکان بۆ پشتیوان و یارمەتی، جڤاتە بندەست و ستەملێکراوەکانی هەڕەشەی لەناوبردنیان لەسەر بووە.

ناکرێ دەبێ هەر بەیەکەوە بژین

کێشەکانی ژینگە، لەسەر رووی زەمین هاوکاری و یارمەتی هەموو وڵات و حکومەت و میللەتانی دەوڵەمەند و هەتا هەژارەکانیشی دەوێت، وا جیهان بەبێ ئەوەی رەچاوی گەورەیی و دەسەڵاتی ئەو هێزانە بکات، دان بە فرەلایەنی دەنێت، هەموو میللەت و رەگەزێک لەو جیهانە، پێگەی خۆی هەیە، یاسا و رێنمایی زۆریش، بۆ پاراستنی زمانەکانی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە دەرچووە و پیادە دەبێت، سەنتەر چارەسەری کارەساتە سروشتییەکان، بەدواچوونەوە بەدوای کێشەکانی برسیەتی و نەخۆشە کوشندەکان دامەزراوە.

چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک با بچووکیش بێت، یان لە هەر وڵاتێکی ئەو جیهانە بێت، بوویتە کێشەی و بابەتی جیهانی و بەرباسی دەوڵەتە گەورەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

بۆ نمونە لە سودان، فشارە نێودەوڵەتییەکەی کە خرایە سەر سەرۆکی سودانی و حکومەتەکەی، لەسەر دەستدرێژیی بۆ لەناوبردنی خەڵکی هەرێمی دارفۆر، دەوڵەتە گەورەکان هاتنەدەنگ و بە چەندین کەناڵ و پەیوەندی و دانوستان و دانیشتن، لەگەڵ حکومەتەکەی ئەلبەشیر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارفۆر و راگرتنی هەڵمەتی شەڕەکان و لەناوبردن و قڕکردن و دەستدرێژی، هەموو ئەو کۆششانە، دەبنە مایەی ئەوەی حکومەتی سودان، رێکەوتنی ئاشتی لە دۆحە واژوو بکات، لەگەڵ گەورەترین لایەنی دارفۆر دانوستان بکات، بزاڤی داد و یەکسانی، ئەوەش دەبێتە مایەی خۆشحاڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەڕەشەش لە ئەلبەشیر دەکرێت، لەسەر تاوانەکانی لە دادگای نێودەوڵەتی، کە هێشتا داواکە ماوەی دادگایی

بکرێت، ئەوەش فشارێکی گەورە بووەوە، کە خەرتووم ناچار دەکات زۆرترین چارەسەری بۆ کێشەکەیان بدۆزێتەوە.

لەو دە ساڵەی دوایی، هاوڵاتیانی دارفۆر مەینەتی زۆریان دیوە، سەدان هەزار کەسیان لە رۆڵەکانیان لەناوچووە و خانووبەرە و کێڵگەکانیان رووخێنراوە، سەرچاوە پترۆلییەکەیان هەڕەشەی لەسەر بووە، سودان بە سەبەتی خواردنەکانی نێودەوڵەتی ناسراوە، پێویستی بە ئاشتی و ئاسوودەیی و چەسپاندنی دیموکراسی  هەیە، بۆ نۆژەنکردنەوە و بوژاندنەوەی راستەوخۆ، ئەگەر ریفراندۆمەکەی باشوور و هەڵبژاردنی سەرۆکەکەیان پیادە بوو، دەبێتە چارەسەرییەک بۆ ئاشتەوایی و زەمانەتی مافی هاوڵاتیانی باشوور، چونکە کێشەکانی سودان کێشەیەکی ناوخۆیی نییە، بوویتە دۆزێکی ئاڵۆزی بابەتییانە، هاوشانی کێشە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەی کێشەی وزە و ژینگە و فێربوون و بوژاندنەوە و هتد... تێدایە!

لەگەڵ ئەوەش، کێشەی نێودەوڵەتی تری ترسناک و گەورە لەئارادایە، وەک چەکە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا و رووسیا، ئەوەیان کێشەیەکە یەخەی هەموو کۆمەڵگا و دەوڵەتەکانی دەگرێتەوە، هەتا ئەو قەیرانە مابێت، هەموو مرۆڤایەتی ئاسوودە نابێت، چونکە بوونی ئەو کەرەستە زۆرەی چەکە ئەتۆمییەکان، هەڕەشەیەکی گەورەیە، خوانەخواستە ئەگەر بتەقێتەوە، هەموو هەسارەکە و رەنگە زیان و مەترسی لەسەر هەسارەکانی تریش پەیدا بکات، چونکە لەنێوان هەسارەکان و زەوی، پەیوەندی راکێشان و کارکردانەوەی فیزیایی هاوبەش هەیە.

کەمکردنەوە و نەهێشتنی چەکە ئەتۆمییەکە، کێشەیەکی ناوخۆییە، بەڵام هەموو وڵات و نەتەوە و میللەتێکیش دەگرێتەوە، ئەوەش وەک نەخۆشییەکانی ئایدز و هەموو دەرد و کارەساتانەی دەرئەنجامی برسیەتی و تیرۆر و قەیرانە داراییە جیهانییەکانە، چونکە جیهان نەک گوندێکی بچووکە و بەس، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵە خانووێکی هاوسێ و هاودیوار و بە تۆڕەکانی پەیوەندی و گەیاندن و زانست و سیاسەت و ئابووری و .. بەستراوەتەوە، ناکرێ هیچ خێزانێک بەتەنها و دوور لە خەڵکەکە بژیت.

بەجیهانیبوونی کێشە و قەیرانەکان (لۆکالی و جیهانییەکان) چارەسەر و بایەخدانی جیهانی خۆی دەنوێنێت.

ئەوەش مانای ئەوەیە، بوارەکانی بیرکردنەوەت بگاتە پلە بەرزەکان، لە بازنە و گێژەلوکەی تەنهایی و لاچەپی بەبیانووی تایبەتمەندی و دابونەریتی لۆکالی ناوخۆیی دووربکەویتەوە.

چەمکی مرۆڤی گشتگیری پەیدابوو، لە بەجیهانیبوونی کێشە و چارەسەرییەکان، پێویستی بە گەشەی تێگەیشتن و هەستکردنی ئەو سەردەمەیە، سەردەمی رۆبۆتەکانی ئاینده...

مەبەست و ویستی عیرفان و تەسەوف، ئازادبوونی رۆحی مرۆڤ و شکۆدارییە، بەرەو ئاسۆکانی جوانی گەردوونی و هەستکردن بە یەکبوونی بوون و یەکبوونی ئاینەکانی و مرۆڤایەتی.

یەکبوونی کێشە و چارەسەرییەکان، هەنگاو بە هەنگاو یەکبوونی مرۆڤایەتی دەچەسپێنێت، خاڵ و جەمسەرە سەرەکییەکانی، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژینگە و فێرکردن و کێشەکانی شەڕ و ئاشتی خۆی دەنوێنێت.

لە فەلسەفی تەسەوف، مرۆڤ دەگاتە پلەکانی کەمال و تێدا تۆوی خۆشەویستی گەردوونی خودایی چەکەرە دەکات، دەستبەرداری جیاوازی و ترازان، لە هەموو ئاین و زمان و کلتوور و ژینگەیەکی جوگرافی دەبێت.

لەبەر زوهد و خوداپەرستی و ژیانە خاکییەکەی و دوورکەوتنەوە لە خۆشییەکانی ژیان، بە شاعیری کورد بابا تاهیری هەمەدانییان وتووە عوریان، ئەو وتویەتی:

(کە روو لە بیابان و پێدەشتەکان دەکەم، ئاکارە شکۆدارەکەی تۆ، روو جوان دەبینم،

کە روو لە دەریاش دەکەم، لەوێش، لەناو دەریاکە تۆ دەبینمەوە).

شاعیریش لێرە قسە لەگەڵ خوداکەی، خۆشەویستەکەی دەکات، لە هەموو شوێنێک دەیبنێت، لەو چوارینەیەدا نووسیویەتی:

(هیچ شوێنێک نادۆزمەوە، تۆی تێدا نەبێت،

لە کڵێسا و کەعبە و دێرەکان و بتپەرستەکان تۆ دەبینم).

بابا تایەر ناوی کڵێسای هێناوە، ئەوەش ناوهێنانی کڵێسای کریستیانەکان، یان کنیستی جووڵەکەکانە.

پاش ئەو و دوای دوو سەد ساڵ، ئیبنی عەرەبی، ماناکانی ئەو شیعرە دووبارە دەکاتەوە، لەناو پارچە شیعرێکی عەرەبی، لەناو یەکبوونی ئاینەکاندا وتویەتی:

لقد صار قلبي كل صوره
فمرعى لغزلان ودير لرهبان
وبيت لاوثان وكعبه طائف
والواح توراه ومصحف قران
ادين بدين الحب انى توجهت
ركائبه، فالحب ديني و ايماني.

(لێرە شاعیر سروشتی جوان و فرەئاینی و پیرۆزی باوەڕ و خۆشەویستی پیرۆز دەکات. وەرگێڕ).

_ بابا تایەری هەمەدانی (٩٣٥_ ١٠١٠ی زاینی) لە هەمەدان ژیاوە و لەوێ مردووە، کوردێکی هۆزە رەسەنەکانی لوڕە.

_محەدینی ئینی عەرەبی (١١٦٥_١٢٤٠ی زاینی) لە ئەسپانیا لەدایکبووە و لە دیمشق مردووە. ئەو دوو شاعیرە، پێشەنگی شیعر و عیرفان و تەسەوفن.

جیهانگیریەکی رۆحی

خۆشەویستی و موحیبەتی گشتگیری مرۆڤایەتی و بوونی بابا تاهیری هەمەدانی و ئیبنی عەرەبی و پێش ئەوانیش رابیعە ئەلعەدەویە و ئەلحەسەن ئەلبەسری، هەتا دوا عاشقی باوەڕداری تەسەوف و عیرفانیش، گوزارشت لە خۆشەویستی و موحیبەت وەک جیهانگیرییەکی رۆحی، تەواوکەری زانا و سۆفییەکانی خۆرهەڵات و هەموو خۆرهەڵاتی ئیسلامییە.

وادەزانم، ئەگەر جیهانگیری رۆحی هاوشانی و تەریب لەگەڵ عەولەمەی تەکنەلۆژی و زانستی و سیاسی بڕوات، ژیانی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکات و دەستی دەگرت، تا لە داهاتوو بە ترسناکی نەکەوێت، مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە خواردەمەنی مەعنەوی هەیە، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی رۆحی لەو جیهانەی بەردەوام بەرین و گەورەتر دەبێت.

جیهانگیری رۆحی، شوێنەواری باش و نازدار و جێگیر جێدەهێڵێت، جا ئەگەر کودەتایەکی رۆحی گەردوونی رووبدات، مرۆڤایەتی لە کارەساتە مرۆییە بۆماوەییەکانی لەبەریان دەناڵێنێت دەربازی دەکات.

کەواتە... مرۆڤ شێلگێرانە پێویستی بە سازیی رۆحی، مەعنەوی، پاک و سەلامەت دەبێت، ئەوەشی پێش دروستکردنی پرد و شار و کارگە و پیشەسازی رۆبۆرت و کەرەستە ئەلکترۆنییە هەمەجۆرەکان دەبێت.

بومەلەرزەکان، بەنداو و پردەکان دەروخێنن، باهۆزە گەورە بەتەوژمەکانیش، هەموو شتێک رادەماڵن، نەخۆشییە کوشندەکانیش بەرۆکی مرۆڤ دەگرن. ئەوەش مانای ئەوەیە دروستکراوە مادییەکانی دەستی مرۆڤ، ئاساییە بەیەک پێشهات و رووداوی لەناکاو بفەوتێن و لەناوبچن، بەتایبەتی کە شەرێکی ناوەکی یان میکرۆبی رووبدات.

بەڵام دەرخستە رۆحییەکان دەمینێنەوە، مرۆڤی تۆکمەکراوی رۆحی، مرۆڤێکی بەهێزە و دەمینێتەوە. هەر ئەویش دەتوانێت، خۆراگر و بەردەوام بێت. کەچی دۆزینەوە و دەسکەوت و ساختمانە جوانە سیحراوییەکان، لەگەڵ ئاکارە نازدارەکانیان، مرۆڤی ئیفلیج و بێدەسەڵات بەرهەمدەهێنن، لەناو بەرهەمەکانیان وێڵ و سەرگەردانیش دەمینێنەوە، دەبێتە دیل و دەستەمۆی بەرهەمەکانیان. ئەو جۆرە مرۆڤانە وزە و بەهرەکانیان کز و سیس دەبێت، ئارەزوویان بەرەو عیشق و ئارەزووەکانیان بۆ شکۆی رۆحی کەم دەبێتەوە. ئەو مرۆڤانە نهێنییەکانی بوونی لەدەست دەدات، وەک چۆن ئێستا دیارە!

من وادەزانم، مرۆڤ زۆرتر پێویستی بەو جۆرە عیشقە هەیە، لە بەرهەم و دەسکەوتەکانی زانست و تەکنەلۆژیا. ئەو بەرهەمانەش رۆلێکی مەزنیان هەیە و سوودبەخشن! بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە بیرکردنەوە و خەیاڵی مرۆڤ، چەق لەسەر ئەوە دەگرێت و دەیکاتە مەبەستی سەرەکی بوون، پەیامە رەسەنەکەی بوونی لە دەستدەدات. چونکە ئەو بوونە، فاکتەر و بیانوو و نامەی هۆشمەندانەی هەیە، عاشقە گیانفیداکانی مەعشەری عیرفان و تەسەوف، لەسەر ئاستی هەمەجۆری قوتابخانەکان، بە هەموو زمان و لە هەموو هەوار و وڵاتەکان، بە هەموو رەنگێکیش دەیپارێزن. حیکمەتی خودایی، لەناو هەموو گەردیلەکانی بوون دەخولێتەوە. ئەوەش بوونێکی گشتگیرە و فاکتەرە تەکنەلۆژی و یاساییە زانستییەکان سنووردراری ناکەن، بەپێچەوانە ئەو هەموو زانست و دۆزینەوە و تەکنەلۆژیاش ئاودەدات.

ئەو دەستەواژە و مانایەش، لە راستییەکەی ئینی سینای فەیلەسوف و پزیشک (٩٨٠_١٠٣٧ی زایینی) نزیکت دەکاتەوە، (لە فەلسەفە تایبەتییەکەی) ناوی نابوو (زانستی گەردوون)، لە پەیامە نەورۆزییەکەی ئین سینا هەنگاو دەنێت، بۆ سازان لەنێوان زانستی گەردوون و رامان و بینینی ئیسلامی و خۆرهەڵاتی. ئیبن سینا، لە سەردەمی خۆی ناونرابوو (شیخ المشائین)، ئەوەی پاش فارابی فەلسەفەی مەشرقیەی دانابوو، دەبێتە بنچینەی حیکمەتی ئیشراق، لەپاش سەدە و

نیوێک، شەهاب ئەلدین یەحیا بن حەبش بن ئەمیرک ئەلسهرەوەردی (١) دایدەرێژێت و نازناوی شێخی ئیشراق وەردەگرێت.

(١)ئەلسەهرەوەردی (١١٣٥_١١٩١ی زاینی) سەیری: سید حسن نصر، ثلاثه حكماء مسلمین، دار النهار للنشر ١٩٨٦م بیروت، وەرگێران لە ئینگلیزی بۆ عەرەبی سەلاح ئەلساوی، بکە.

ئازادی ویژدان... عیشقە ئیلاهییەکە ئاودەدات

جوانی، هەواری ئازادییە، جوانی، چاوی ئازادییە، ئاوێزانبوون بە جوانی، بالاّترین پلەکانی عیشقی خوداییە.

هەروەها جوانی وجودی _ گەردوونی، ئەوەی خالیقی جوان، بە بوونی بەخشیوە، دروست عیشق خۆیەتی، یەکێک لە هێماکانی عیشق، ئەوەیە ئازادی دەبەخشێت، هیچ ئازادییەک بێ عیشقی ناوەوە ناتوانێت ناخی قووڵی ویژدان رووناک بکات، لە هەموو زەمەنە جیاوازەکان عاشقەکان پێکی شەهادەتیان نۆشیووە.

خەسڵەتی داگیرکردن و زوڵم ئەوەیە، دژایەتی لەگەڵ بەهاکانی ئازادی و عیشق هەیە.

بەو لۆژیکە شێواوە لەسەر ژیان، عاشقەکان لەداردراون، بەتایبەتی سۆفی و عارفەکان، دەست و پێیەکانی حوسێن ئیبنی مەنسووری حەلاج دەبڕن، بەناوی حەق، هاواری دوڵبەرە ئەبەدییەکەی دەکرد... ئەلنەسیم ئەلبەغدادیش کەوڵدەکەن و پڕ کای دەکەن و لە مەیدانەکانا نمایشی دەکەن، چاوەکانی قوزاتی هەمەدانی دەسوتێنن، شێخی ئیشراق، شەهاب ئەلدین ئەلسەهرەوەردی لەناو زیندانەکەی لە حەلەب تیرۆر دەکەن... ئەوانە و زۆری تریش.

بۆ بەو جۆرە و کوێرانە، دژایەتی عیشقی ئیلاهی دەکەن؟

بۆ هێشتا توندڕەو و کەللەرەقی لە جیهانی ئیسلامی دژایەتی سۆفی و عارفەکان دەکرێت؟ وەڵامەکەش ئاسانە، دیارە توندڕەوەکان دژایەتی ئازادی ویژدان دەکەن، لە ئازادییەکەی دەترسێن، نەوەک بەرەو ئاسۆکانی دیتن و نزیکبوونە لە رووناکییە گەشەکە بڕۆن.

ئەوان عاشق و شێتەکانی تەسەوف دەکوژن، دەیانەوێ ئازادییە ویژدانییەکە بخنکێنن و نایەوێ لە جیهان بڵاوببێتەوە.

تەسەوف حەقی مرۆڤە و باڵاترین ئازادییەکانی ویژدان و ئازایەتی رادەربڕین، لە خودی خۆی دەبەخشێت، ئەوانیش بەرامبەر ئەوە، دەیانەوێ ئەو ناخ و ناوەوەی مرۆڤ، زەلیل و کوێلە بکەن و لەناو تاریکی ونی بکەن، وەک چۆن یوسف (د.خ) لەلایەن براکەی دەخرێتە ناو بیرێکی قووڵ و لەوێ بەتاریکی جێیدەهێڵن، توندڕەوەکانی ئەو زەمانە، دەیانەوێ دیل و گیراوی ناو تاریکی نەزانین و گەمژەیی و غافڵی بژین، ئەوان لە هوشیاری مرۆڤی ئازاد دەترسێن، عاشق کەسێکی ئازادی باڵدارە، بە وشە و پەیڤە راستگۆییەکان دەبریسکێتەوە، بۆیەش بەرامبەرەکەی بەپەلە، پلان لەسەر سەرچاوەکەی ژیان و هزر و بینینیەکانی دەگێڕن، ئەگەر ملکەچیان نەبێت فرمانی تۆڵە و نکۆڵیکردنی لەسەر دەردەکەن.

لە سەردەمی ئازادی و شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژیا، ئازادی ویژدان سەرهەڵدەدات، ئازادی نزیکبوونەی بێ مەرج و پێناوی سێبەری گران بە خودا و گەیشتن بە کانییەکە... من دەزانم رێگاکەمان دوورە، من دەزانم دەوڵەتی فەقیهەکان دان بەو ئازادییە دانانێن و سەرگەرمی نەریتە باوەکانن، بایەخ بە راستییەکی بنچینەیی نادەن، کە بریتییە لە هەموو سروت و خوداپەرستی و گەڕانەوە بۆ ناو ماڵی خودا، ئەوەش تەنها (ئەلف و بای سەفەرە بەرەو مەملەکەتی عیشق)... ئەوان لە سەرەتاوە دژایەتی ئەو سەفەرەیان کردووە و راستەوخۆ تەگەرەی دەخەنە پێش...

خۆشەویستی مرۆڤ سەربەست دەکات

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش، وەک پەیوەندییە مرۆییەکان دەبێ، لە شوێنەوار و ئەستەنگەکانی مەملەکەتی تاریکی دەربازی ببێت، زیندەوەریش کۆمەڵگای خۆیان هەیە، بۆ نمونە سەیری مێروولە و مێش بکە، مێروولە پەیوەندییە جڤاتییەکەیان لەسەر بنچینەی یاساکانی سروشتی، لەبەر رۆشنایی هەموو ئەندامێکی ئەو جڤاتە ئەرک و فەرمانەکانی خۆیان، لە جووڵە و گەشەسەندن دەزانن، هەروەها هەنگیش، ئەگەر شرۆڤەی ژیانی کۆمەڵگای ئاژەڵەکانی تریش، وەک فیل و مەیمون و مامز و هەندێک لە باڵندەش بکەیت، دەبینیت سیستەمی ناوەوەیان وردە و سیستەمی ژیانیان، لەسەر بنچینەی ریزگرتنی بەرامبەرەکەیان تەواو دەبێت، بۆ نمونە ئەگەر مەیمونێک لە (زوو)ێک بمرێت، کە تەرمەکەی دەنێژن، هەموو مەیمونەکان لەناو قەفەسەکانیانەوە سەریان بۆ ریزگرتن لە تەرمەکە نەوی دەکەن، وەک مرۆڤ لەکاتی ناشتنەکە بێدەنگ و هێمن دەوەستن.

کەرێکم بینی، بەدیار کەرێکی کوژراو بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل درێژ بووبوو، کەرە زیندووەکە تەرمی کەرە مردووەکەی جێنەدەهێشت، هەر چەند ئۆتۆمۆبیلی سەر رێگاکە هۆڕنیان بۆی لێدەدا ئەو نەدەجوڵایەوە... وەستابوو وەک ئەوەی بگرێت و چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون، هەروەها رۆژێکیان سەگێکمان بینی، بە مردنی بێچووەکانی بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل پرسەی دانابوو، سێ رۆژ سەگەکان بەدیارە تەرمەکە دەوەستن، پاش ئەوەی تەرمەکەیان لەناو شەقامەکان بۆ کەنارەکە دووردەخەنەوە... نمونەی لەو جۆرە زۆرن**!**

بەڵام پەیوەندییە مرۆییەکان شکۆدارە چونکە مرۆڤ، وەک چۆن زانست دەڵێت، مرۆڤ تاکە بونەوەرە خاوەن سۆز و هەست و بیرکردنەوەیە، بەڵام هێشتا ئەو بونەوەرە هەستیارە سست و دەستەوەستانە، بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەیی ئازادی، بۆ نمونە مرۆڤ هێشتا لە خۆشەویستی ئازاد نییە، بەتایبەتی لە خۆرهەڵات و کیشوەرە نائارامەکانی تریش.

ئەوەی لە سەدەکانی رابردوو، لەنێوان ژن و پیاو بە خۆشەویستی و پەیوەندیی سۆزداری دەناسرێن، ئینجا لە چەند پەیوەندییەکی شپرزە دەربازی نەبووە، هەر چەند پەیوەندییەکانی نێوان دوو دڵدار بەرز و گەرمیش بێت، لە هەنگاوی ئاڵۆزی بەپەلەی دوور نییە، هەردووکیان بەرامبەر یەکتر پێبگەن و باشتر لەیەکتری بگەن، پەیوەندییەکان لە سنووری قرتاو و لەرۆژکە، بۆیەش زۆر لە پڕۆسەکانی خۆشەویستی هەرەس دەهێنێت و سەرناگرێت، چونکە پڕۆسەی خۆشەویستی ئەوانە، بەر لە هاوسەرگیری تەواو و نەگەیوو بووە، کەماسییان ماوە و هەردوولا لاری و کەماسی لەیەکتری دەستنیشان دەکەن، چونکە زۆر لە پڕۆسەکانی هاوسەرگیری لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی بووە، سەرکەوتووتر و جێگیرتر بووە، ئەوەش مانای ئەوە نییە هاوسەرگیری بەرژەوەندی لەسەر هاوسەرگیری خۆشەویستی، بەباشتر لەقەڵەم بدەین، دەمانەوێ ئەوە بەبیربهێنمەوە، تا ئێستا هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان ئازادی خۆشەویستیان نییە... کە ئازادی رادەبڕینی ئاشکرا و روونە لەسەر کەسی بەرامبەرەکەی و دەرکەوتنی بەئاشکرای دۆستایەتییەکە، بۆ خۆشەویستی بەشاراوەیی بێت؟ بۆچی دیاردەیەکی وەک خۆشەویستی و پەیوەندی مرۆیی ناسکی پیرۆز و سەربەست بۆ بەشاراوەیی بێت؟ کۆمەڵگاکەمان خۆشەویستی

قۆڵبەست دەکەن و دەیخنکێنن و بواری گەشە و پێگەیشتنی نادەن، ئەوەش یەکێکە لە هۆکارە نادیارەکانی ئاڵۆزیی و کێشەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، جیاوازی لەنێوان داپلۆسینی سیاسی و کۆمەڵگای خەفەکراو و زۆرداری و رەتکردنەوەی هەستی دوو دڵدار نییە.

جەوهەری مەسەلەکەش، سازکردنی بوارەکانی ئازادی کۆمەڵایەتییە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی کراوەیی کۆمەڵایەتی سەربەست. خۆشەویستی فریادرەسی مرۆڤە، دەگەشێتەوە و رۆحی ئاوەدات، بۆیە وڵاتی زۆردار بەئەنقەست لە دارشتنی یاسا و رێنمایی و بڕارەکاندا ئازادی خۆشەویستی سنووردار دەکەن، بە گورلایەکی ترسناکیش باسی دەکەن و بە هەرەشی دەزانن!

پیترا رێزگرتنێک بۆ جەستە

خۆشەویستی چاوەکانی ئازادییە، ئینجا ئەوان دەیانەوێ سنوورداری بکەن، لەناو قالبێکی بەرجەستە چەسپی بکەن.

عیشق، دوا پایەی خۆشەویستی و موحیبەت و هاوسۆزییە، شاژنی ئازادی سۆزداری دەکات و هانی دەدات، دیارە کە دڵدارەکان پەیڤەکانیان گەرمە و ئازادانە قسە دەکەن، هەندێجاریش هورێنە دەکەن و زمانیان دەکرێتەوە، خەڵکەکە لەناوەوە، گوێیان لێ رادەگرن و قبووڵی شێتبوونی عاشقە بەڕەڵا و کراوەکان دەکەن، عاشقەکان، زۆرتر روو لە ئازادی دەکەن، بەو کرانەوەیە باجی زۆریش دەدەن، بەڵام بەرامبەر نەشئەی رۆح و بەختەوەری ناوەوەیان، بەرامبەر سەرگرانییەکە هیچ نییە.

واتە، عیشق دەروازەی رۆحە، بۆ شادی و کامەرانی، زۆر ئازاری خۆمان دەدەین، کە رۆحەکانمان ئازار دەدەین و دەرگای ئەڤین لەسەر خۆمان دادەخەین، خۆمان لەو بەخشندە سروشتییەی خودا بۆی سازکردووین بێبەش دەکەین؟!

لەبەر بایەخی زۆر بە ئازادی رۆح و تەواوکردنی ئاکارە جوانەکەی، هەندێ لە فەیلەسوفەکان پەیڤیان لەسەر (پزیشکی رۆح) وەک (پزیشکی جەستە) هەبووە، ئەگەر عیشق وەک مەساژی ناسک

و شیرینی رۆح و دڵیش بێت، ئەو جەستەیەش، مەساژی بەردەوامی پێویستە، چونکە جەستە، بەخشندەیی خودایە و بەپیرۆزی دەبێ سەیری بکرێت، شایستەی ئەڤین و چاودێرییە وەک رۆح، جەستە خۆشەویستی رۆحە، ئەوەی جەستەی خۆشنەوێت، رۆحیشی خۆشناوێت و مانای ژیانیش نازانێت، هیچ جەستەیەک نییە، ڤاڵا بێت لە رۆح و هیچ رۆحێکیش بێ قاڵبی جەستە نابێت... داوا و ویستی رۆحە.

ماوەیەک پێش ئێستا، لە وڵاتێکی ئەوروپی دکتۆرەکەم ئامۆژگاری کردم، ماوەی هەفتەیەک چارەسەری مەساژ وەربگرم، چارەسەرییەکەم بریتی بوو، لە مەشقی سووک و ئاسانی وەرزش و مەلەوانی، مەلەوانی لەناو گۆمێکی رووناکی خاوێن و مەساژی بەردەوام. بۆ رۆژی دووەم کیژەکەی بەنیازبوو، مەساژەکەم بۆ بکات خۆی پێناساندم و دەستی کوشیم:

من پیترام! رۆژانە پەنجا دەقە مەساژت بۆ دەکەم، دوایی پرسی، کەی بوو دواجار مەساژت کردووە، منیش وتم:

_ بەر لە ساڵێک... لە شارەکەم... ژنێکی چینی مەساژی بۆ کردبووم.

_ باشە... چینییەکان لە مەساژا زیرەک و شارەزان، ئێمە لە خۆرهەڵاتییەکان فێری مەساژ بووین، لە چین و تایلاندەوە فێربووین.

هەروەها من وتم:

_ ماوەماوەش لەلای خۆمان مەساژی میللی دەکەم.

ئەو وتی: ئێمەش ئەو مەساژەمان هەر ماوە، ئەوەش هەر باشە، گوندنشینەکان باش ئەو مەساژە دەزانن. من پرسیم لە گوندەکەتان مەساژ فێربوویت، یان ئەو هونەرەت خوێندووە؟

ئەو وتی: مەساژم لە ئامۆژگایەکی تایبەت خوێندووە، سێ ساڵم خوێندووە، کیژەکە داوای کرد خۆم ئامادە بکەم و وتی:

با دەست پێبکەین، زۆر بەنەرمی و بەناسکییەوە دەستی بە جەستەم دادەهێنا، جوڵەی پەنجەکانی زۆر خێرا بوو، پەنجەکانی گەیاندە پەنجەی پێیەکانم، هەستم بە سڕبوونێکی ناسک دەکرد، پاش شێلانی چارەکە سەعاتێک، ئارام بومەوە و هەستم دەکرد خەو دەمباتەوە و خەواڵوو ببووم..

بە فشارێکی ناسک، پەنجەی پێیەکانی دەکوشیم، بە پیترام وت دەخەوم. ئەو وتی:

بخەوە. چوار پێنج دەقەیەک خەوم لێ کەوت، کە چاوەکانم کردەوە، بینم لەسەر سەرم وەستاوە، باسکەکانی لەیەکئاڵاندووە، وەک پەپوولەیەکی ناسک بزەم بۆ دەکات، نازانم چۆن لە خەوەکە هەڵسامەوە، ئەو بانگی نەکردبووم، راینەهەژاندم... کە چاوم کردەوە بزەی لێوەکانی ئەوم بینی... دەبێ بزەش دەنگ و چرپەی هەبێت، نووستوو لە خەو هەڵسێنێت؟!

حەلاجییەکان

ئایا ڕێکەوتە!؟ یان بزوێنی هەستەکانە؟! یان بەرهەمی کارێکی هاوبەشە لەسەر یەک بابەت؟ بەشی پێنجەم ئەو گۆشەیەم لە ڕێکەوتی ٢٨ی فبرایەری ساڵی ٢٠١٠ی زاینی بڵاوکراوەتەوە، گۆشەکە لەسەر حەلاج بوو، لەسەر ڕێبازی حەلاجیات، کە زووتر بڵاومکردونەتەوە...

هەر لەو ڕۆژەدا لە ٢٨ی فبرایەر ڕۆژنامەی (ئەلسەباح) هاوڕێم عەلی حەمود ئەلحەسون بابەتێک بڵاودەکاتەوە، ئەو لەگەڵ فۆتۆگرافەر و توێژەرێکی ئەنترولۆژی لە گەڕەکی مەنسوریە بەغدا سەردانی مەزارەکەی حەلاج دەکەن، هاوڕێیەکەم من دەخاتە ناو بابەت و ڕامانێک، کە لەمێژە بیری لێ دەکەمەوە، ئایا حەلاج لەکوێ نێژراوە، گۆڕەکەی لەکوێیە، دەڵێن پیاوەکانی خەلیفە تەرمەکەیان سوتاندووە و خۆڵەمێشەکەیان بە ئاوی دیجلە داداوە. من دڵنیا نیم حەلاج گۆڕ و مەرقەدی هەبێت، بەڵام وا هاوڕێیە ڕۆژنامەنووسەکەم، وێنەکی لەتەنیشت مەزارێک گرتووە و نووسیویەتی، لەسەر مەرقەدی حەلاج لە گەڕەکی مەنسوریە گیراوە و لە ڕۆژنامەی ئەلسەباح بڵاوکراوەتەوە، ئەو دەڵێت:

ناوەکەش ئاماژەیە بە لەخاچدانی حەلاج لەو شوێنە تەسکە لاچەپە... ناوی ڕاپۆرتەکەش بەو جۆرە بوو (حەلاج لەناو نیو پارچە زەوی دایە) و بەو جۆرە باس لە گەشتە مەیدانییەکەی دەکات بۆ دۆزینەوەی گۆڕی حەلاج و دەنووسێت:

_ وەک چۆن لە فیلمەکان ڕوودەدەن، سەکۆی ئێستا بەرەو ڕابردوو دەرباز دەکەین. لێرەوە حەلاجی کۆتکراو گوزەری کردووە.

لەوێ لەخاچدراوە و پارچە پارچەکراوە. زۆریش لێرە دوورنا، گوێم لە ناڵە و فیغانی سۆفییەکی هەڵقرچاو دەبێت. لە سەرەکۆڵانێکی تریش، موریدێکی ئەو، بەدەم گوتنەوەی شیعر و پەندەکانی دەنوزێتەوە... ڕێگاکان تەسکتر دەبنەوە و کۆڵانەکان باریکتر و کورتتر دەبن، چەند بوار و کۆڵان

دەردەکەون، هیچ مەرقەد و گومبەتێک دەرناکەوێت، خانووە بچووکەکان دیوار بەدیوارەوە قیتکراونەتەوە.

ژنێک، لەنزیک مەزارەکە دەدۆزنەوە، ئەو ژنەی خزمەتی مەرقەدەکە دەکات، ژنەکە گوتویەتی: ماوەیەکە مەرقەدەکە پشتگوێخراوە، کەس ئاوڕی لێناداتەوە و نۆژەنیش نەکراوەتەوە، ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر زیارەتی دەکەن و موریدی زۆریشی هەیە، لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە رووی تێدەکەن، خەڵکی گەڕەکەکە بەو مەرقەدە شانازن و بەپیرۆزی دەزانن.

ئیتر دەچنە ناو ژوورەکە، لەوێ نووسیویەتی: دەچینە ئەو ژوورەی مەرقەدەکەی لەناوەڕاستی هەڵکەوتووە. بە پرشنگی رۆحی حەلاج پیرۆز بوون. هەستمان بە رامان و هیوایەکی گەش کرد. سورەتی فاتیحەمان خوێند. بەیەکەوە قسەکانی حەلاجمان خوێندەوە: (تهذی الاضاحی واهدی مهجتی ودمی...) بەژان و حەسرەتەوە لە شوێنەکە دوورکەوتینەوە، ئەو سۆفی و عارف و زانا لەکاتی خۆی دونیای سەرقاڵکردبوو، گیانی خۆی دەکاتە قوربانی بیروباوەڕەکەی و لایەنگیری هەژار و سەرگەردانەکان دەکات، داوای مافە رەواکانیان دەکات، ئێستاش کەس نییە مەرقەد و مەزارەکەی نۆژەن بکاتەوە.

_ من لەسەر قسەکانی هاوڕێیەکەم لە رۆژنامەی ئەلسەباح هیچ قسەیەکی نوێم نییە... بەناوی موریدەکانی حەلاج سەرسامم، من لەدوای کتێبم لەورۆژانە دەردەچێت، ناوم لەوانە ناوە حەلاجییەکان، لەو کتێبەدا دەگەمە نزیکترین و باوەڕدارترین توێژینەوە، لەسەر راستی شەهیدکردنەکەی پێش هەزار ساڵ، لەپێناو بەرگریکردن لە هەژار و داماوەکان، ئەگەرچی بە کافر و زەندیقیش ناویان بردبوو، ئەوەش خەسڵەت و بۆچوونی زۆردارەکانی هەموو سەردەم و زەمانێکە، نەیار و شۆڕشگێرەکان بەوە ناوزەد دەکەن.

(ئەنستاسیا) وەک چۆن فلادیمیر میکری پێناسەی کردووە، ژنێکی جوان بووە و بەتەنها و لە دارستانەکانی سیبریای رووسیا لاتەریک ژیاوە، وزەیەکی تیژ و ناوازەی لە رۆح و بێگەردی ئاسمانی هەبووە، هەتا ئێستاش مێژووی مرۆڤایەتی کەسێکی تری، وەک ئەوی لێ هەڵنەکەوتووە، ئەوە دە ساڵ دەبێت، ئەنستاسیا لەناو ئەدەبی مرۆیی جیهانی پەخشان بووە، مکیری دەنووسێت: پێشبینییەکانی ئەو ژنە جێبەجێ دەبن، ئەو دەچێتە ناو دڵ و رۆحی ملیونەها کەس لە وڵاتانی جیهان، کتێبەکەی مکیری سەبارەت بەو ژنە وەردەگێڕدرێتە سەر چەندین زمانی جیهان، لەوانە زمانی عەرەبییش.

کتێبەکە باس لە ئەرزە لەریووەکەی دارستانی تایکای سیبریا دەکات و دەڵێت:

خودا ئەرزی دروستکردووە، وەک سەرچاوەیەکی وزەی گەردوون، داری ئەرز، پێنج سەد و پەنجا ساڵ دەژیت، ملیۆنەها گەلا کێوییەکانی ئەو دارانە، بەشەو و بەرۆژ وزەیەکی رۆشن و گەڕانەوەی هەموو تیشکەکان هەڵدەگرن، وزەی بەخشینی دارێکی ئەرز بۆ مرۆڤ، زۆرترە لە وزەی هەموو ئەو کەرەستە و ئامێرانەی بە مرۆڤی دەبەخشن. ئەوەش پەیڤی ئەنستاسیایە و نووسەر دەیگێڕێتەوە، دارەکە وزە بە مرۆڤی دەبەخشێت، لە فەزاوە وەریدەگرێت و بۆ کاتی پێویستی هەڵیدەگرێت و دەیبەخشێتەوە، کە دەزانێت بەش ناکات و کەمە دەیگێڕێتەوە فەزا، وزەکە بەخشینە بۆ مرۆڤ و رووەکی سەر رووی زەمین.

نووسەرەکە دەڵێت: لە حاڵەتی ئەڤین (واتە کاتی هەستکردن بە خۆشەویستی و سۆزداری و بەزەیی بۆ هەموو گیاندارەکان لەوانە مرۆڤیش) مرۆڤ چەندین تیشکی لێوە پەخش دەبێت، لە ماوەی کەمتر لە یەک چرکە، ئەو تیشکانە لە هەسارەکانی ئاسمانەوە، ئەوانەی لە سەرەوەی مرۆڤ دەفرن، کاردانەوەیان دەبێت و دەگەڕێنەوە سەر رووی زەمین، ژیان بە هەموو بونەوەرەکان دەبەخشن، خۆریش یەکێکە لەو هەسارانە، کە تەواوی تیشکەکە ناگێڕێتەوە، تەنها تیشکە روناکە رەوشنەکان لە مرۆڤەوە پەخش دەبن، لە گەردوونیش تەنها تیشکە بەهادارەکان دەگەڕێنەوە، لەناو مرۆڤە بەدکارەکان، ئەوانەی خراپەکاری باندۆری لەسەر داناون، تیشکی رەش دەبەخشن و تیشکەکەش ناتوانێت بەرز بفڕێت و دوور بڕوات، بۆیە دەچنە ناخی بنەوەی زەوی و لە شێوەی بومەلەرزە و بورکان و شەڕەکان و کارەساتی تریش دەتەقنەوە...

ئەنستاسیا باس لە داری ئەرزی سیبریا دەکات، بەڵام لە لوبنانیش ئەو دارە بوونی هەیە، ئەرزی لوبنانیش بەهای باڵای هەیە، لە ئەسفاری ئەنجیلدا، نووسراوە کە ساموئیل پاش ئەوەی پەرستگایەکی لە داری ئەرز دروستکردووە، بەرامبەر وەرگرتنی دارەکەی لوبنان، پاشاکە بیست شاری بە مەلیک هارون بەخشیوە... ساموئیل بۆ دروستکردنی پەرستگاکە، داوای لە پیاوانی ئاینی کردووە بۆ بڕینی دارەکان بێنە لوبنان.

ژنە توێژەری رووسی ئیلینا ئیڤانوڤنا لە کتێبەکەی (ئەدەبە زیندووەکە) نووسیویەتی پاشاکانی خراساتی کۆن (ئێران) لە سرووتە ئاینییەکانیان، کەتیرەی ئەرزیان بەناوی پێکی ژیان هەڵداوە... ئاگرەکەی زور وسترا (زەردەشت) لە سووتانی کەتیرەی ناو پەرداخەکان پەیدا بووە.

کورتەی هزرەکەی ئەنستاسیا، بە ناردنی تیشکێکی پەخشان لەخۆییەوە، یارمەتی خەڵکەکە دەدات، بۆ هەر کەسێک تیشکی تایبەت دەنێرێت... بەڵام خەڵکەکە ئەو ناس ناکەن، ناتوانن تیشکەکە بەکاربهێنن... بەڵام ئەو و کەسانی وەک ئەویش، دەزانن و شارەزان لەدوورەوە تێشکەکە بەکاربهێنن، ئینجا بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بێت بۆ ناو سروشت و چارەسەری سروشتی و خواردنی تەندروست و قەدەغەکردنی لیستێک لە خواردن و خواردنەوە لەوانە:

_ قەدەغەکردن و دەستهەڵگرتن لە خواردنی هەموو جۆرە گۆشتێک.

_ نەخواردنەوەی قاوە و چای رەش و خواردەمەنی قوتووکراو، هەموو ئەو خواردنانەی بە کەرەستە و پەینی کیمیایی و مادەی پاراستن سازکراون، شوکولاتە و خوێ و شەکر و داودەرمانی دەستکرد و جگەرە و ئەلکهول و بیرکردنەوەی رەشبین و نەگەتیڤ و دەستەواژە و قسەی نابەجێ و ساردەمەنی و کێک و هەموو شیرینەمەنییە گشتییەکان و زۆری تریش...

ئەو بەرنامەیە، سیستەمی چارەسەرکردن بە خواردن، بەندە بە خواردنی دروستی چاک، جەستەی مرۆڤ پەرستگای رۆحە، تاقیگە و چارەسەری نەخۆشییەکانە، کە هاوسەنگییەک لەنێوان نیەتە بێگەردە پاکەکان، بێگەردی رۆح و ئاوێتەبوون لە چوارچێوەی هۆشی تەواوی مرۆڤ، وزەیەکی ئەرێنی دەبەخشێت، زامنە بۆ خۆشەویستی مرۆڤایەتی. وزەی خۆشەویستی باڵاترین هێزەی گەردوونە، بۆ شکۆداری قەوارەی مرۆیی و زەمانەتی ئاسۆکانی ئایندە و کامەرانی ئەو وزەیە و هێزێکی بەجەبەروت.

ئێمە بۆ چارەسەری لە نەهامەتییەکانی جیهانە ئاڵۆزەکە، دەربازبوونی پێش رووخان و شپرزەبوونی، بوار نادەین دەسەڵاتە شوومەکە، بەرنامە جەهەنەمییەکانی پیادە بکات، تا وزە و دەسەڵاتە خێرخوازییەکان جەبەروت و وزە ئەرێنییە ئاسمانییەکانی لەناو رۆحی مرۆڤ برژێنێت، دکتۆر سەباح یاقو تۆماس وەرگێڕی کتێبەکەی ئەنستاسیا و پەخشکەری کتێبێک، لەسەر خواردنی باش و تەندروستی پشتیوان بە راز و رێنماییەکانی ئەو ژنە سیبریاییە دەڵێت: دەرچە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ٩٠% دانیشتوانی سەر رووی زەمین، لەلایەن رۆحە بەدکارەکان دەستەمۆکراون، تەنها رێژەی ١٠% لەو خەڵکە رۆحیان پاک و بێگەردە،ساڵی ٢٠١٢ دەبێتە مەحەک بۆ دووبارە نوێبوونەوەی ژیانی مرۆڤایەتی، تا رۆحە بێگەردەکان وەک ئەو دەڵێت دەمینێتەوە.

پشکی تۆ لە بوون

هەموومان بەشمان لەو بووندا هەیە، بەشدارین، بۆیە دەبێ کۆشش بکەین بەشەکەی خۆمان بەدەست بکەوێت و چێژی لێ وەربگرین و تام لە مەزاجە ئەرێنییە پرشنگدارەکەی وەربگرین.

رۆژێکیان ژنێکی برادەرم لەناکاو پرسیارێکی سەیری لێم کرد:

_ ئایا تۆ لە بوونی خۆت رازیت؟ تۆ بەشە ژیانی خۆت وەرگرتووە؟
منیش وتم: لە هەندێ بوار بەشی خۆم وەرگرتووە، بەڵێ... بەشێکی دیاریکراوم وەرگرتووە، من وادەزانم، هەموو کەسێک رامانی خۆی هەیە، هەندێک وادەزانن زۆری بەش و دەسکەوت بە سەرمایە و موڵک و سامانە، هەندێکیش وادەزانن پشکی زۆر لە ساتەکانی شادی و کرانەوە و خۆشگوزەرانییە، بەڵام هەندێکیش وادەزانن بەدکاری و ئازاردانی خەڵکی ترە.
بەڵام ئەو دووبارە پرسی:
_ فەلسەفەی تۆ لەسەر بەشی ژیانی خۆت چییە؟
منیش وتم: من لەودەمانەی سەرقاڵی پەروەردەکردنی گوڵ و سەیرکردنی سروشت و گوێگرتن لە موزیکی ئارەزوومەند و چاودێری پێشکەوتنی زانست و زانیارییەکانم، زۆر شادمان و کامەرانم و دڵم دەکرێتەوە.
لە گەشتەکانم، کە لەو جیهانە دەخولێمەوە، کۆششدەکەم زۆرترین تۆ و پیاز و چەکەرەی گوڵ و رووەک بهێنمەوە، جوانترین و نوێترین تۆماری موزیک پەیدا بکەم، بەرهەمە نوێیەکان، یان ئەوانەی من نەمبیستوون، کتێبە نوێیەکانی عیرفان و تەسەوف و فەلسەفە و دۆزینەوەکانی فیزیا و گەردووونناسی، بەگشتی من بایەخ بەوانە دەدەم، ئەوانە ئارەزووی منە.
ژنەکەی هاوڕێم وتی:
_ دیارە تۆ ئارەزووەکانت زۆرن، بۆ نمونە باسی موزیکم بۆ بکە..
منیش وتم: گەنجینە بەهادارەکانی لەو بوارەدا پاراستوومە، چەند دانەیەک سیدی و کاسێتی موزیکی کلاسیکی میللی میللەتانە، موزیکی خۆرهەڵاتی بوداییەکان و یوگا و کلاسیکی کوردی و تورکی (موزیکی مەولەوی) و ئێرانی و عەرەبی (وەک نمونە ئوم کەلسوم)، بۆ ئارامبوونەوەش گوێ

لە کاسێتی دەنگی سروشت دەگرم: باران، خشەی دارستان، جریوە جریوی چۆلەکەی ناو دارستانێکی مەند، هاژەی ئاو و ...هتد!

موزیک خۆراکی رۆحی من و بژاری یەکەمی منە، من دەتوانم بڵێم و شانازم کە بەشی خۆم لەو بوونە بردووە، پشکی خۆم لە سامانی گەورەی مرۆڤایەتی لە موزیک و گۆرانی بردووە، لەوانە ژەنینی تاکەکەسی ئامێری عود و قانوون و ساز و تەنبوری کوردی کرمانشانی و پیانوو و شمشاڵ (بەتایبەتی شمشاڵژەنی هەموو وڵاتێک) و دەف و زۆری تریش.

ئەو وتی: ئەدی قسەت لەسەر گوڵ چییە؟

من وتم: لە سەیرکردنی گوڵ تێر نابم، سەرسامم بە باخچە و نەمامگەکان و ئارەزووی چاندن دەکەم. من سەلکە گوڵ و تۆی وڵاتانم زۆر هێناوە، بەسەرکەوتوویی لە باخچەکان چاندومە، نەمامگە بچووکەکان، وادەزانم کەشوهەوای کوردستان بۆ چاندنی ئەو گوڵانە ساز و باشە، خاکوخۆڵەکەشی سازگارە، بەڵام پیویستی بە سەرپەرشتی هەیە، هاوڕێیە شیرینەکەم من شوکری خودا و سروشت و بوارسازییەکانی تاموەرگرتن لە سروشت دەکەم، بەتایبەتی کە گۆشت ناخۆم هەرگیز نەمخواردووە... ئەوەش بەشێکە لە جەستە و رۆح.

خەڵوەتی ناوەوە

بە بیانووەکانت بڕواناکەم، تۆ بواری یەک سەعاتت نەبێت، مانگانە تەنها جارێک نەتوانیت لە خەڵوەتێک بێدەنگ و مات رامان بکەیت، گوێ لە ناخی خۆت رابگریت، تام لە ئاوازی موزیک بگریت و هەستت بورووژێنیت، بڕواناکەم کاتت نەبێت.

خەڵوەتی ناوەوە، بۆ رۆحی مرۆڤ و جەستەی پێویستە، وەک پێویستی هەواو و ئاو و خۆراک.

رۆحیش فەرمانێکی لەسەرمان هەیە، ئەویش حەقی ئەوەی هەیە تامی لێ وەربگرێت، سەعاتێک یان زۆرتریش، ئارام ببیتەوە لە کارە قورسەکانی رۆژەکە سووک بێتەوە و پشوویێک بدات!

من بڕواناکەم، بەو قسەیەت بڕواناکەم، هەر چەند سەرقاڵ و بێکاریش بیت، لە مانگێکدا نەتوانیت یەک سەعات بۆ خۆت تەرخان بکەیت و لەناوەوەی خۆتا رابمینێیت، ئازادانە چێژ لە یەکێک لە هونەرە جوانەکانی وەربگریت، مانگێ جارێک.

ئەگەر ئەوەت پێنەکرا و نەتوانی ئەوە بکەیت، تۆ لە دۆزەخا دەژیت...

خەڵکی کەم هەیە، بواری نەبێت ئەگەر بۆ ساتێکی کورتیش بێت خەڵوەتێک نەکات و نەچێتەوە ناو ناخی خۆی.

مەسەلەکە راهاتن و فێربوون و خولیای رەوشتە باشەکانە، کەواتە، ئەوەیان، عادەتێکە، با لەناخەوە بیچێنین، بگەڕێیتەوە ناو ناخی خۆت، لە گۆشەیەک دوور لە جەنجاڵی بمینێیتەوە و ئارام بیت... دوور بیربکەیتەوە ئینجا لەناو ماڵەکەی خۆت، یان لە دەشتاییەک، دەکرێ ئەوە لەناو باخچەیەکی گشتیش بێت.

ئەگەر توانیت مانگانە یەک سەعات ئەو خەڵوەتە بکەیت، فێردەبیت، خەڵوەتەکە دەبێتە هەفتانەش، هەفتانە یەک سەعات، دوایی زۆرتر دەبێت و زۆرتریش دەبێت لە سەعاتێک، تا دەگاتە رۆژانە نیو سەعات و رۆژانە سەعاتێکیش لە خەڵوەتی تەنیایی دەمینێیتەوە.

بۆیەش مرۆڤ هەفتانە رۆژێکی کردووە بە پشوو، بەپێی دابونەریت و ئاین و کلتوورەکان، خەڵک بەیەکسانی هەفتانە رۆژێکیان بۆ خۆیان کردووە بە پشوو، لە وڵاتانی نوێی پێشکەوتوو خەڵک لە رۆژێک زۆرتر پشوویان داناوە، بوونی پشوو پێویستییەکی پیرۆزە، ئەگەر خەڵک بزانن بە هاوکاری و سازییەکانی ناو خێزانەکانیان کاتەکە ساز بکەن، بەرنامەکانیان لەگەڵ ئەندامی خێزان و هاوڕێیەکانیان پشووەکەیان ساز بکەن.

جەژن و پشووەکانیش، دەکرێ ببێتە بوار و کاتی گونجاو بۆ پشوودانی دەروونی و جەستەیی، هەموو جەژنێک نوێبوونەوەی ژیانی رۆژانەیە، وێستگەی پشوودانە بۆ نۆژەنکردنەوە و رابوونی گەشتەکانیان، هەندێ لە جەژنەکان پەیوەستن، بە شوێن و جوگرافیا، هەندێجاریش بە مێژوو و کارەساتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، بیرەوەرییە بۆ بەستنەوەی مرۆڤ بە خاک و ئاسمان و رۆح.

من وادەزانم گەورەترین کێشە و ئاستەنگەکانی مرۆڤ، لەناو خێزان، لە پەیوەندییەکانی ناو ماڵەوەیە. واتە کێشەکان لەناوەوەیە، نەک لەدەرەوە، ئەگەر کەسێک دیل و گیراو و ئیفلیج نەبێت، ئەوانە لەو رەوشەش، دەتوانن چەند ساتێک و چەند سەعاتێک، بۆ رامان و تەئەمول و پشوودانی دەروونی و رۆحی تەرخان بکەن، زۆرتریش لە مرۆڤی ئاسایی ئازاد تام لەو رەوشە وەربگرن و پشووکانیش جوانتر بەڕێبکەن.

ژیانی ناوماڵ و خێزان بە دووبەرەکی و ناکۆکی دوولایەنەی ژن (دایک)ی لاسار، یان پیاو (باوک)ی سەرخۆشی قوماربازی سەرسەری ئاڵۆز دەبێت، لەو دوو رەوشەدا چارەسەر تەنها دابڕان و جیابوونەوەیە.

لاساری رۆح بۆگەن دەکات

لاساری و بەدکاری لەناو شیرازەی خێزان دۆزەخە... ژەهراویکردنی رۆح و جەستە و دڵە.
لاساری ئەوەیە یەکێک لە دوو هاوسەرەکە، یەکێکیان بەبێ هۆ کەللەرەق و لاسار بێت، بە بۆنە و بێ بۆنە منگەمنگ و دەمدرێژی بکات، بێ بیانوو پرتەپرت بکات، لەسەر هەموو شتێکی تایبەت بێتەدەنگ، بە هەموو کردەوەیەکی هاوسەرەکەی سەرگران بێت.. ژنی لاسار ئەو کەسەیە لە کاروباری ناوماڵ کەمتەرخەم بێت، خاوێن نەبێت و پاکوخاوێنی نەپارێزێت، لە چێشتلێنان زانا نەبێت، هاوکار و هاوڕێی پیاو و هاوسێیەکانی نەبێت.
پیاوی لاسار و بەدکار، ئەو کەسەیە مەست و قومارباز و سەرسەری بێت، دەست لەسەر ژنەکەی و منداڵەکانی بەرزبکاتەوە، هەتا دەستی لەسەر دایکیشی بەرزبکاتەوە کە لە قومار دەدۆڕێنێت، یان گیانبازییەکی شێتانە دەکات، کە مایەپووچ و هەژار دەبێت و پارەکەی لە مەشروب و گەمەکانی دەدۆڕێنێت... هتد! پیاو زۆر لاسار و بەدرفتارە، کە بەردەوام ناڕەزایی دەردەبڕێت و گلەیی و گازاندەی بە بۆنە و بێ بۆنە هەبێت...
من ناتوانم و ئیشی من فەتوای ئاینی دەربکەم.
ئەگەر ئاینەکان، رێنماییەکان و بەندەکانی شەریعەتیش جیابوونەوەیان دانابێت، لەبەر هەر هۆیەک بێت دژی جیابوونەوەم، جیابونەوە ئەگەر لەبەر نەخۆشی یەکێک لە دوو هاوسەرەکە، یان لەبەر نەزۆکی بێت، داوا دەکەم، وادەزانم بەیەکەوە هاوڕێ بن، هاوکار بن با یەکێکیان نەخۆشیش بێت، بەیەکەوە بن تا خودا ئەمانەتەکەی دەباتەوە، هەرگیز روو لە تەڵاق ناکەم.
بەڵام ئەگەر یەکێکیان، ژن یان مێردەکە لاسار بوو، ناڕەزایی هەبوو، بە بۆنە و بێ بۆنە لامل بوو، وادەزانم جیابوونەوە چارەیەکی باشە، جیاببنەووە ئینجا کامیان بەرپرسن لەو لاسارییە، لەبەر دەمەقاڵییەکانیان جیاببنەوە، چونکە ژیانی لەو رەوشە دۆزەخە و هەردووکیان لەناو دۆزەخ دەژین.
لاساری و دەمەقاڵێ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانییە، کارەساتێکە بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکە، ئەوەش بەرەو جیابوونەوەیان دەبات، لە هەموویان کوشندەتر و ناپەسندتر ململانێی و کەللەرەقی رەوشی راگەیاندنە، وەک ئەوەی لە کوردستان بەرجەستە بووە، یان لە ناوچەکە.
بەڵام ئەگەر رەخنە و رامانی گونجاو و تێبینی بەرچاوی حەقانی هەبێت، ئەوە زۆریش لاساری و بیانووی نەگونجاو و دەرکەوتنی گلەیی و گازاندەی بێ چارەسەر و دوور لە ئاشتەواییش هەیە.
نووسینەکانی (بەدکار و لاسار) یەکێکە لە بەدترین شێوەکانی نووسین، ئەوەش لەساڵانی ١٩٥٩و ١٩٦٠ی زاینی و ساڵانی دواتر پەیدابووە، لەو ساڵانە، ئەو نەخۆشییە دەگاتە کوردستان، دەگاتە ناو میدیای کوردیش، زۆر دیاردەی تانە و جنێوو و ناوزەد و درۆ و کەمکردنەوە و زێدەڕۆیی بەشێوازی لاساری هەیە، کە لەناو بازنەی لاساری و لاملی و هەراسانکردنی ئەوانی تر رەنگدەداتەوە، قەڵەمی دوور لە ویژدان و زانیاری ئەوە دەکەن، لەگەرمەی ململانێیەکانی ناوخۆی دژوار، گەشەی کردووە و توێژێک سوود لەو لاسارییی و بوختانە وەردەگرن، نانی پێوە دەخۆن و

باجەکەشی گران دەدەنەوە، هەندێ لەو کەسە دەبەنگ و گەمژانە، بەسادەییەوە ئەوە بە پێشکەوتن و ئازادی دەزانن!

ئەگەر تۆ سەربەست نەبێت، ئازادییەکە کەماسی تیدایە.

میللەتی کوردستان و زۆر لە میللەتانی تر، بە چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی پابەندە، ئەوەش لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بێ بەرنامە و نەخشەسازی نەبووە، ئەزموون و دەرچەکان دیارە، کە میللەتی کوردستان ئەوە باش دەزانێت، ئازادییەکانیان بەندە بە ئازادی هەموو عیراقییەکان... بۆ گەیشتنیان بە ئازادی، دەبێ ئەوانیش ئازاد بن، وەک هەموو وڵاتێکی تر.

ئەگەر تۆش ئازاد نەبیت، ئازادییەکانی منیش، کەم و لار و لەرۆزکە.

ئەگەر من ئازاد نەبم، تۆش ئازادییەکانت دوورە... سوڕانی ژیان بەو جۆرەیە.

برادەرێک بۆی گێڕامەوە لە ساڵانی شێستەکان لەسەر کوردایەتی و شۆڕشی کوردستان گیراوە.

بەرێکەوت، رۆژی جەژنی نەورۆز لە زیندان بووە، ئێوارەکەی لەبەردەم شیشبەندی زیندانەکە، لەناو هۆڵەکە هاتوچۆ دەکات، پاسەوانەکەشی وەک ئەو هاتوچۆی بوو، چەند مانگێک بوو یەکتریان دەناسی، لەناکاو رووبەڕووی گیراوەکە دەوەستێت، داوای جگەرەیەکی لێ دەکات.

پیاوە گیراوەکە جگەرەکێش نەبوو، بەڵام لەبەر دڵ و ویستی برادەرەکانی بەردەوام پاکێتێک جگەرەی لە گیرفان بووە، ئەوەش لەبەر دڵسۆزی و دۆستایەتی ئەوان بوو، جگەرەیەک دەداتە پاسەوانەکە، ئەویش جگەرەکە دادەگیرسێنێت و دەپرسێت: بیر لە چی دەکەیتەوە؟!

لە وەڵامدا دەڵێت: من بیر لە نەورۆز دەکەمەوە، هاوڕێیەکانم، خزم و ناسیارەکانم ئیستا ئاهەنگ دەگێڕن، لەسەر بەرزاییەکان، لە هەوراز و نشێوەکان ئاگریان کردوتەوە، ئەدی تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: من بیر لە خێزانەکم، منداڵەکانم، ئەگەر ئێستا پاسەوانی ئێوە نەبوام لەناو ماڵ و منداڵەکانم خەوتبووم.

(کاتەکە پاش نیوەی شەو بوو) گیراوەکەش بە پاسەوانەکەی دەڵێت:

کەواتە، تۆ لێرەیت، چونکە ئێمە لێرە گیراوین، هەردووکمان گیراوین، من لەناوەوە تۆش لەدەرەوە، ئەگەر من ئازادکرام و کەوتمە دەرەوە، خەبات بۆ ئازادبوونی تۆش دەکەم.

هەتا من لەناو ئەو هۆڵەدا بگیرێم، تۆش لەو شوێنە بەندیت، لەبەردەم ئەو دەرگا ئاسنە دەوەستیت... مەرجی ئازادی تۆش ئازادی منە، بەپێچەوانەش راستە...
هاورێیەکەم وتی: نازانم پاسەوانەکە لە مەبەستی قسەکانم تێگەیشت... لەگەڵ بەباکردنی دووکەڵی جگەرەکە، لە من دووركەوتەوە، چونکە بۆیان نەبوو قسەی زۆر لەگەڵ گیراوەکان بکەن، دەترسان لەوەی دۆستایەتی گەرم لەنێوانمان پەیدا ببێت!
چەندین ساڵە کوردستانییەکان، بوونەتە پێشەنگی داواکاری ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و هاوشانی، خەبات دەکەن بۆ ئازادی ئەوانی تریش و یارمەتیان بدەن تا ئەوانیش ئازاد و سەربەست بن.

کەی ئەو ژمارانە لادەبەین

هەندێجار زمانی ژمارەکان سیحراوی و هەستیارن، یان گاڵتەجاری و بەزمی خۆشییە، رووی سێیەمیشی تراژیدیا و کۆمیدییش دەبێت.
نزیکەی یەک ملیار (هەزار ملیۆن) برسی لەو دونیایەدا هەیە، رۆژانە لە برسانا دەنوزێنەوە، یان بەشە خواردنەکانیان کەمە و پێی تێر نابن، لەوانە شەوانە بێ نان دەمینێنەوە.
دەرئەنجامێکی ترسناکە، لەو گەردوونە ئەو ژمارە زۆرە برسییە هەبێت.
نازانم، دەزانین ژمارەی برسییەکان ئەوەندە زۆرە، ئێمە چۆن ئارەزووی خواردن دەکەین.
هەندێجار من شەرم دەکەم (مەبەستم هیچ بانگەشەیەک نییە) کە ژەمێکی باشم لەبەردەمە، وادەزانم بەشە خۆراکی یەکێکی سەر رووی ئەو زەمینەیە دەیخۆم.
ئایا ئەوانەی گوزەرانیان باشە، لە بەشە خۆراکی ئەو برسییانە تێر دەخۆن؟! من هەڵوەستەیەک لەوە دەکەم... نهێنی ئەوەش نەبوونی دادپەروەرییە لە دابەشکردنی سامان و خێر و بەرەکەت و بوارەکانی ژیان و بوارەکانی سیاسەتیش.
واتە نەبوون و کەماسییەکانی ئازادی لەپشت برسیەتی و نەبوونی برسییەکانە، برسیەتی و سەرگەردانی و بێبەشن لە مافەکانی رادەربڕین، ناتوانن و دەنگیان نییە... لەبەر برسیەتی و زەلیلی، کەرامەتی مرۆییان نەماوە، بڕواشیان بە خۆیان نییە، ناتوانن بەرگە بگرن و خەباتیش بکەن بۆ ئەوەی تێر بن و بە برسیەتی نەمینێنەوە.

مانایەکی تری ئەو ژمارەیە ئەوەیە، مەزندەکردنە لە کۆبوونەوەی سەدان میلۆن کەسانی برسی بۆ هێرشی سەر وڵاتان، بۆ پەیداکردنی نان و خواردن.. هیچ وڵاتێک ناتوانێت روو لەو هێرشە بگرێت، ئەگەر ئەو بەلەنگاز و برسییانە پەلاماریان بدەن؟!
بەڵام زەلیلی و نەهامەتییەکانیان رێگایان پێدەگرێت هەڵبستنەوە و شۆڕشیش بکەن، بە لەهی گەورەیان وڵاتەکان بخنکێنن، ناتوانن وزەیان لەبەر نییە.
لەو ژمارە ترسناکانە، لەو وڵاتەی خۆمان، نزیکەی چوار ملیۆن بێوەژن لە گوند و شارەکانمان دەژین، شەش ملیۆن مرۆڤی نەخوێندەوار و ملیۆنەها کەسانی بێ هەوار و خانوومان هەیە... لەگەڵ ئەو رەوشە کوشندەیە، لەو رەوشە شەرمەزارییە، ئاهەنگی هەڵبژاردن و سەرکەوتنیش دەگێڕین!
لەگەڵ ئەوانەش، باسی پیسبوونی ژینگەی شارەکان، گوندەکانمان هەر مەکە!
کێشەکان زۆرن، بەبیابانبوون و وشکەساڵی و هەڵکردنی گەردەلولی لماوی... شارە گەورەکان بە هیچ جۆرێک پشدێنە سەوزیان نییە، رووەک و شیناییەکانیش بەو باهۆزانە وشکبوون... باسی چ بکەین، لەسەر چ هەڵوەستە بکەین!؟

دەربازبوون لە کودەتای قووڵی رۆح

بەپێی ئامارەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، ملیۆنەها تۆن زەبڵ و پاشماوەکان فڕێدەدرێنە ناو رووبار و دەریا و ئۆقیانووسەکان، لەسەر رووی زەوی ئاوەکان پیس دەکرێن، ژیانی بونەوەرە دەریا و وشکاییەکان ژەهراوی دەکرێن.
ئەگەر لێرەش، ژمارەکان شرۆڤە بکەینەوە، دەردەکەوێت رووی زەوی بۆتە زبڵدانێکی بەرین، رووبەری بەرتەسکی ئەو جیهانە، بە پاکوخاوێنی و جوانی راگیراوە و ماوەتەوە.
قەبارە گەورە و زۆرەکەی پیسبوونی ژینگە، هەرەشە لەسەر جەستە و بەشە جوان و باشەکانیش دەکەن، ئێمە لەسەر هەسارەیەک دەژین، بەرووی باهۆز و بەرزبوونەوەی پلەی سەرما و گەرما و

کەژی پیس و ئاوە ژەهراوییەکان کراوەتەوە، لە کیشوەرێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کیشوەری تر، لە بەشێکەوە بۆ بەشەکانی تری گوێی زەوی.

هیچ گوندێک با لەوپەڕی هەسارەکەش بێت، ئیمڕۆ پارێزراو نییە، هیچ شارێکی بچووکیش ناتوانێت پارێزراو بێت، پیسبوون، نەخۆشییەکە و بڵاودەبێتەوە، وەک برسیەتی و ئەنفلونزاکان و ململانێیە توندڕەوییەکان.

هەسارەکەمان بەو ئافاتانە مینرێژکراوە، چەکی زۆری گەورە و ناوەکی و هایدروجینی و کیمیاویی و میکرۆبی تێدایە.

دەربازبوونیش تەنها بە دەستی مرۆڤەکانە، تەنها مرۆڤ دەتوانت بەسەر ئەو کێشانە زاڵ بێت، بەتایبەتی خەڵکە هوشیار و زاناکان، ئەوانەی خەم لە ئایندەی ئەو هەسارەیە دەخۆن، خەمی بوونی سەر رووی زەمینەکە دەخۆن، نەوەک خەڵکەکە چارەنووسیان وەک دەیناسور و زیندەوەرەکانی پێشوویان لێ بێت، ئەوانەی ناموراد و بەگەمژەیی لەناوچوون.

هەر ئێستا جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەرمان هەیە، رووبەڕووی نەمان و رووچوون دەبنەوە، وەک چۆن چەندین زمان و کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی فەوتان و نەمان.

وادەزانم دەربازبوونمان بە کودەتایەکی رۆحی مەزن دەبێت، هەموو گۆشەیەکی ئەو زەمینە بگرێتەوە، کودەتایەک لە گەمژەیی و غافڵبوون و چاوچنۆکی بێ بیانوو بکرێت، بگەڕێینەوە سەر بونەوەرە رەسەنەکەی پێشینیان... بگەڕێینەوە ناو سروشت، دووبارە رێزی هەموو بونەوەر و کایەکانی ناو سروشت بگرین، وەک گەنجینە بەهادارەکانی ناوماڵەکانمان رێزیان بگرین... دووبارە، لەگەڵ ئاو و خاک و دار و بەرد و زیندەوەرکان، هەڵسوکەوتی ناسک و سۆزداریان لەگەڵ بکەینەوە، بە هەستێکی بزوێنی قووڵ بجولێینەوە، هەموو شتەکان وەک خزم و کەسوکارەکانمان چاویان لێ بکەین... وەک خودی خۆمان... وەک خۆمان، وا بیربکەینەوە بێ ئەوانە نائومێدین، ئایندەمان دەکەوێتە مەترسی، ئەگەر بوونی سروشتیمان وەک خۆی نەبێت، وەک خۆی...

پێنج خوێنەری گەشبینم بەسە

وشە و پەیڤەکان هەتا کوێ بڕ دەکەن؟ لەکوێ دەنگم بە دیوارێکەوە دەکەوێت؟ لەکوێ ئەو سەدا و دەنگدانەوەیە کۆتایی دێت و دەپوکێتەوە؟ ئەوانە هیچیان گرنگ نییە، هەرگیز بایەخیان نییە... با کەسێک رووم لێ وەربگێرێت و سەیرم نەکات و گوێم لێ نەگرێت. ئەوەندەم بەسە من بۆچوونەکانی خۆم دەردەبڕم و رامانەکەم دەڵێمەوە...

٢

من تەنها پێنج خوێنەرم بەسە، تەنها پێنج کەس رامانیان هەبێت، چەند دەقەیەک بیر لە بۆچوونەکانم بکەنەوە، ئەوەیان و بۆچوونەکانی تریش.
کەمێک نائومێدم، وادیارە خەڵکێکی زۆر توانای رامان و وردبونەوەی ناسک و زەلاڵی ناوەوەیان لەسەر مانای ژیان نەماوە... ئەو بەهرە نازدارەیان لەدەستداوە، کە ئیلهام بە مرۆڤی دەبەخشێت... هەستکردن بە ئیلهامیان نەماوە، ئەوەش هەستێکی ناسکە، خۆڕسک ئەو هەستەمان هەبووە و هەیە. لەجیاتی ئەوەش بە تاریکی و وەهم و مەزندە و ململانێیەکان، ئێمەیان داپۆشیوە و هەموو ساتێک بەوانە داگیرمان دەکەن.
جەنجاڵییە زۆرە ئاڵۆزەکان، یەک سات بواری ویستی ناوەوە و هەستکردن بە ئیلهام نادەن.

٣

_ ژیان بۆتە زەحمەتییەکی چڕ و قەرەباڵغ... ئاڵۆزییەک لە ململانێی و ئاژاوە لەسەر سادەترین و بچووکترین دیاردە و پێشهات. زەحمەتی و جەنجاڵییەکان لەسەر کار و گەیاندن و بازاڕەکان هەیە... لە راگەیاندن و کەناڵە ئاسمانییەکانیش.
ئێمە وادەزانین ئەو ئاڵۆزی و جەنجاڵییە، خێر و نیعمەتە، بەڵام نیعمەت نییە نەفرەتە، چونکە هەستە جوانەکانمان خاپوور دەکات، کانییە روونە بێگەردەکانمان پڕدەکاتەوە و دەیانسڕێتەوە.

٤

_ خۆدەرهێنان و رووکەشی سوودی نییە... هاندان و جۆشدان رەنگە ببێتە مایەی بێزاری و سەرگرانی... جەخت لەسەر فۆکس و سەرەنجدان دەکەمەوە.
بەبیر خۆتان بهێنەوە.. بەو هیوایەی هوشیار ببنەوە، بە ئاوازی جادووگەرێکی تەنهای سیحراوی بێدار ببنەوە و هەڵبستنەوە..

بەبیر خۆتان بهێنەوە... بەو هیوایەی جوانییەکانی ئەو بوونە بدۆزنەوە یان (دووبارە بیدۆزنەوە)... رق و کینە و جەنجاڵی ئاڵۆزی چڕ، وا خەریکە چاوەکانی ئەو جوانییە دادەپۆشێت و دەیشارێتەوە، وەک چۆن هەزارەها کانی ناوچە شاخاوییەکانیان بە هێرشەکانیان، بەڕووی مرۆڤ و دار و زیندەوەرەکان کوێرکردەوە، هەموو شتەکانیان سووتاند، کوێرکردەوە و زیندەبەچاڵیان کرد، بەتاک و بە کۆمەڵ.

٥

_ یەکێک لە ژمارەکان ئاماژە دەکەن، لە وڵاتی چین و هیند، لەو دوو کۆمەڵگایە پێویستیان بە ٩٦ ملیۆن ژن هەیە، پیاوەکان ژمارەیان زۆرترە. ئەو ژنانە چییان بەسەر هاتووە؟ بۆ ون بوون؟ راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەوانە بە منداڵی و لە ئەنجامی خەمساردی لەناوچوون، زۆریان لەبەرچوون، هەندێکیان زیندەبەچاڵکراون! ئەو جۆرە نایەکسانییە لە تەرازووی سروشتی هەرەشەیەکی تری ئایندەی ئەو هەسارەیە.
ئەوەی دەمانەوێ ئاماژەی پێ بدەین، مرۆڤ بگەڕێتەوە دۆخی یەکسانییەکە لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ سروشت و بونەوەر و پێکهاتەکانی.

## عاشقەکانی هۆشمەندی لە بەغدا

١

پەیمانم لەگەڵ بەغدا ئەوەیە، دەبێتەوە شاری ئاشتی، وەک شاری ئاشتی و رۆشنبیریش دەمینێتەوە.
سەرسامم کە دەبینم بەغدا هێشتا نیگەرانە، کە حەلاج لەو شارە پەیڤی هەبووە و تێدا ژیاوە.
بەغدا ئاڵۆز و شپرزەیە کە حەلاجیان تێدا کوشت.
خەمگینە کە دەنگی حەلاجی تێدا نابیسترێت.
حەلاج روو لەکام هەوار بکاتەوە؟! چارەسەر چییە؟

٢

چل عاشقی حیکمەت هاتوونەتە ئەو شارە، هاتووونەتە بەغدا، لە نوای ئارام گەڕاون، ئەوەش لە هەناوی جەرِە گەورەکان دەدۆزنەوە، ئەوانە عاشقی راستەقینە بوون.
بەڵام بەغدا ئەوانەی بە دز ناسیووە، زەیتی گەرمیان بەسەرداکردوون و لەناویان بردوون.
_ ئەوەی زەیتی گەرمی بەسەریان داکردن خۆشیدەویستن، ئەو وایدەزانی گەمەیان لەگەڵدا دەکات، نەیدەزانی زەیتەکە گەرمە و ژەهری ژیانە، بە گەمەکە دڵشاد دەبێت و کامەران خۆی دەنوێنێت.
ئەویش عاشق بووە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی دولبەرەکەی بووە. نەیزانیبوو، عاشقەکەی ئەویش یەکێکە لەو چل کەسە، لەو چل فێرخوازەی بۆ زانست هاتبوون، دەسەڵاتی نەبوو، نەیتوانی هیچ بکات!
ئەو تاوانە گەورەیە ئەنجام دەدەن، لەسەر دەستی ئەو، تاوانەکە گەورەکە دەکەن و دەیانکوژن.
بۆیەش پەریشان بەدوای عاشقێکی بەستەزمان دەگەڕێن، دەیانەوێ عاشقە گەڕاوەکان لەناوبەرن، ئەوانە نەوەی حەکیم و زاناکان بوون.
ئەوانە کۆمەڵە دزێک نەبوون، دز نەبوون.
دەیانفەوتێنن و ئێستاش داوای لێبووردنیان لێدەکەن... لەجیاتی ئەوان چل گوڵدانی سەوزیان داناوە، جەرِەکانیان لەسەر زار داناوە، رۆژانە ئاویان دەدەن، بەو هیوایەی بە بۆنە خۆشە سازگارەکان زیندووببنەوە، زەیتە گەرمەکەیان بەو ئاوە زەلاڵە پاکە گۆڕیوەتەوە، رۆژانە چل هەواری عاشقانەیان پێدەشۆن و پاکدەکەنەوە.

٣

چەپکە گوڵێکی جوانیان لەمل کردبوون و داوای لێبووردنیان لێیان دەکرد... بەڵام (عەلی بابا) ئەویش دز نەبوو، ئەویش قوتابییەکی زانست بوو، هاتبوو لە بەغدا زانست فێربێت، ئەوان بەهەڵە لە مەبەستەکەی تێگەیشتبوون.

مێژوو بکوژەکان دەناسێتەوە... ئەوان و قوربانییەکانیش

١

ئەو مێژووە گەمژەیە سەیرە!
ئەو، وەک چۆن ناوی قوربانییەکانی لەبەرە، ناوی بکوژەکانیش دەزانێت.
ناوی جەلادەکانی بەنەمری هێشتووتەوە، وەک ناوی شەهیدەکان.
ناکرێ ناوی شەهیدەکان بێ ناوهێنانی جەلادەکان بهێندرێت!

٢

شەهرەزاد (هەزار و یەک شەوە) دەکوژێت، شەهرەیاریش بێدار دەکات، بەدرێژایی شەوچەرەکان و فەزیلەتی چاوەڕوانی، تروسکایەتی ڕووناکی بینینی لێوە دەردەکەوێت، چاوەکانی دەکاتەوە و حەقیقەت بە چاوەکانی دەبینێت.
شەهرەزاد کیژەکانی هاوتەمەن و هاوڕێیەکانی لە مردن ڕزگار دەکات، شەهرەیاریش لە تووڕەیی و ڕق و کینەکانی دەرباز دەکات و فێری عیشقیشی دەکات.
چەندین هەزار و یەک شەوەکان، پێویستیان بەوە هەیە، کانییەکانی دیتن و جوانییەکانیان لەناودا بتەقێتەوە، ئینجا شارەکە وەک خۆی، مێژووش وەک خۆی دەربکەوێت؟!
کێ جەلادەکە بوو؟ کامیان قوربانییەکە: شەهریار یان شەهرەزاد؟
مێژوو باسی هەردووکیان دەکات... بەیەکەوە ناویان دەبات و ناویان ماوە و باس دەکرێن، ئەو مێژووە گەمژەیە زۆر سەیرە!

٣

من ڕووبارە بەلافاوەکەم، دەڕۆم و لە هیچ پێچ ناکەمەوە.
منم، لەوبەری ڕووبارەکە دەپەڕمەوە ئەوبەری ئاوەکە، وەک چۆن حەلاج لەوبەری بەغدا دەپەڕیەوە بەرەکەی تری بەغدا، تا دەگیرێت و دەیکوژن.

ئەگەر بشگیرێم و بەندیشم بکەن، من لۆمەی کەس ناکەم، چونکە مێژوو جەلاد و قوربانییەکە باس دەکات، بەیەکەوە ناویان دەهێنێت... وەک چۆن ناوی وەزیرەکەی عەباسی حامید و قازییەکەی فەرمانی مردنەکە دەردەکات: (خوێنی حەلاڵە) و ناوی مەنسووری کوڕی حوسێن حەلاج، ئەوەی بە ئەشکەنجە و ئازارەکان سەخڵەت نابێت، وادەزانێت یەکێک لە هاوڕێیەکانی گوڵێکی بەدیاری بۆ دەهێنن، دەڵێت: ئاخ! ئەو گوڵە کوشندەترین لێدان و زەبرە!

٤

مێژووی داگیرکەر و بەلەنگازەکان یەکسان دەکات. مێژووی هەردوولا لەسەر لاپەڕەی مێژوو نەخشینە. وەک چۆن زۆردارەکان، هەندێک لە شەهیدەکانیش پەیکەریان بۆ دانراوە، لێرە پەیکەر بۆ هەردوولا دانراوە!

ـ داگیرکەرەکان لەسەر بوارەکانی کتێب و بەرگە هەڵدراوەکانی ناو بەغدا گوزەر ناکەن و ناڕۆن. چیتر ناڕۆن، ناپەڕنەوە، کاغەزەکان لەناوچوون و نەمان... حوبریش تەواو بوو. زانیارییەکان لەناو پارچە ئەلکترۆنییە باریکەکان هەڵدەگیرێن، ئیتر نازانم لەوێش دووبارە مێژوو هەواڵی ملیۆنەها جەلاد و قوربانییەکان بڵاودەکاتەوە؟!

بەشی دووەم

رەنگە سپییەکەی نەورۆز

جەژنی رەنگی سپی

١

رەنگی سپی ناونیشانی نەورۆزە، چونکە جەژنی رووناکی و ئاشتی و ... بەهارە.
هەندێ لە والییەکانی سەردەمی عەباسییەکان لە رۆژی نەورۆز دادەنیشتن، کەژاوەی نەورۆز بە جلوبەرگ و شالی سپییەوە لەبەردەمیان رەتدەبوو.
ئەوەش یەکێکە لەدابونەریت و پاشماوەی سەردەمی ساسانییەکان، هەندێ لە مێژوونووسەکانی دەڵێن رەچەڵەکیان لە ئورمێی کوردستانە.

٢

نەوروز جەژنی میللەتانی ئارییە: کورد و فارس و بلوژ و ئازەری و ئەفغان و میللەتانی تری خۆرهەڵاتی ئاسیا و ناوەڕاستەکەی، هەتا سەرووی ئاسیاش.
ئاگرکردنەوە، نەریتێکی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی هەموو کیشوەرەکانە، ئاگرەکە موژدەی بەهار و کۆتایی وەرزی بەفر و سەرمایە، هاتنی بەهار و خۆشی و بەرەکەتە.
زۆر لە میللەتان ئاهەنگ بۆ ئەو جەژنە دەگێڕن، بوویتە کلتوورێکی مرۆڤایەتی فراوان. هەندێ لە میللەتان جەژنەکە دەکەنە جەژنی تایبەتی خۆیان، بەڵام جەژنەکە وەک چۆن جەژنی کوردانە، جەژنی فارس و نەتەوە و میللەتانی تریشە.
ئاهەنگی نەورۆز لە عیراق و تورکیا قەدەغە بوو. لەساڵی ١٩٦٩ی زایینی، بەغدا دان بەو جەژنە دادەنێت، لە تورکیاش لە نۆهەدەکانەوە یادی دەکەنەوە، بەڵام لە ئێران بەردەوام هەبووە و یادی کراوەتەوە.

٣

ئێستاش نەورۆز جەژنی کوردانە، لە ئێران و تورکیا و عیراق یادی دەکەنەوە... هەروەها لە لوبنان و روسیا، لە هەر شوێنێک رەوەندی کوردی هەبێت، لە هەموو کیشوەرەکان، لە ئوسترالیا و ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیاش.

ڕێکخراوەی یونسکۆی نێودەوڵەتی بڕیار دەدات، نەورۆز وەک کلتوورێکی رۆحی مرۆڤایەتی بناسرێت، موسکۆ و واشنتۆن و زۆر لە پایتەختەکانی ئەوروپی نەورۆز شاناز دەکەن، رۆژی ٢١ی مارس (نەورۆز) ڕێکەوتە لەگەڵ رۆژی: شیعری جیهانی و جەژنی دایک و رۆژی رووناکی و رۆژی وازهێنان لە خواردنی گۆشت و رۆژی چاندنە لە چەندین وڵاتانی جیهان.

لە چاوەڕوانی فریادرەس

هزر و بیری مەزنی سنووردار هەیە، لەنێوان نەوە و میللەت و کلتوورەکان دەگوازرێتەوە، هەر کلتووره و بەرگی خۆی لەبەردەکات، بە سیمایەکی شانازی شکۆداری دەکەن، وەک ئەوەی سەرچاوەکەی لەلای ئەوانەوە بووبێت.
بیرەوەری مرۆڤایەتی، ناتوانێت ئەوە دەستنیشان بکات، کێ بیرۆکەی فریادرەسی داناوە، ئەوەی رۆژێکیان پەیدا دەبێت، خەڵکەکە لە زوڵم و ستەم و شەڕەکان رزگار دەکات، ئاشتی و دادپەروەری و حەق بەرقرار دەکات.
پێش سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ، زەردەشتی پەیامبەر هاتووە و دەڵێن سێ جاریش دەگەڕێتەوە، لە دڵۆپەیەکی شاراوەی ناو دەریاچەیەکی پیرۆز هەڵگیراوە، سێ نەوەی زەردەشتی لێ دەکەوێتەوە، ئەوانەش لە هەناوی سێ کیژی پاکیزە لەدایک دەبن، ئەوەش بەپێی بۆچوون و بڕوای زەردەشتییەکانە.
جاری سێیەم، دواجارە، بەناوی (سوشیانس/ سوشیانت) وایە فریادرەس و چاکەخواز و بونەوەری بەهەرمدار. سوشیانت(١)، کوڕی زەردەشتە، ئەوەی هێشتا لەدایک نەبووە. دڵۆپە ئاوەکە زەردەشتیش لەناو دەریاچەی کاسو شاردراوەتەوە.
دیارە چۆن بیرۆکەی فریادرەس، دەگوازرێتەوە ناو ئاینی کریستیان، وادەزانن مەسیح دووبارە زیندوو دەبێتەوە، هەروەها بیرۆکەی مەهدی لەناو ئیسلام.
هزرە نازدارەکان، کە دەبنە بەها و چەمکەکانی جوانی و حەق، لەناو مرۆڤایەتی و بە جیاوازی زەمەن و زمان و جوگرافیا پشتاوپشت دەکەن.

(1) خالد السيد محمد غانم: الزرادشتيه تاريخا وعقيده وشريعه. دمشق ٢٠٠٩م.

زەردەشت بۆ نیچە دەدرەوشێتەوە

١

لە کتێبی زەردەشت وای گوت، نووسینی فریدریک نیچە (١) چەند بڕگەیەکی هەڵدەبژێرم، ئەو لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی:

_ کە زەردەشت تەمەنی دەگاتە سی ساڵ، وڵات و دەریاچەکەی جێهدەهێڵێت، دەچێتە سەر چیایەک. لەوێ ئارەزووی ژیانی تەنهایی دەکات، تا دە ساڵیش لەو تەنهاییە بێزار نابێت.

بەڵام پاش مانەوەیەکی زۆر بەرگە ناگرێت، بەیانییەکیان لەگەڵ کازیوە هەڵدەستێت و روو لە خۆر دەکات و قسەی لەگەڵ دەکات:

(ئەی هەسارە مەزنەکە! ئایا تۆ ئەوەندە شادمان دەبوویت، ئەگەر رووناکییەکەت بۆ یەکێک پەخشان نەکردبوایە؟).

(لەو دە ساڵەی تۆ دەهاتیتە ناو ئەشکەوتەکە: ئەگەر من لەوێ نەدەبووم، من و باز و مارەکە، تۆ لە ناردنی تیشکی رووناکییەکە نائومێد دەبوویت؟).

(بەڵام هەموو بەیانییەکیش چاوەڕوانمان دەکردیت، بە تیشکەکانت دەکراینەوە، موبارەکمان دەکردی).

(سەیر بکە! من وەک هەنگ تێرم، هەنگوینی زۆرم کۆکردۆتەوە! بۆیە پێویستم بەوە هەیە، دەست بۆ بەرهەمەکەم درێژ بکەن و بیبەن).

(پەرۆشم و دەمەوێ بەشدار و هاوکاریش بم، تا زاناکان لەناو خەڵکەکە بە شێتبوونیان سەرسامیش دەبن، هەژارەکان بە دەوڵەمەندبوونیان، بۆیە دەبێ من بچمەوە خوارەوە و داببەزم).

٢

ئیتر زەردەشت لە ئەشکەوت و چیاکە دادەبەزێت، دەیەوێ رێنمایی و هزرەکەی بڵاوبکاتەوە.

پاش دەیان سەدە، نیچە هاتووە هۆشمەندی زەردەشت بکاتە، پەیامێکی نوێ بۆ لەدایکبوون و سەرهەڵدانی مرۆڤێکی باڵاتر، زاڵ بەسەر خودی خۆی، بە گۆڕینی جیهانی بەهاکان (ویستی هێزە پایەدارەکە)، بەهای نوێ ساز دەکات، ئیتر ویستە جێگیر و ئیجابییەکان، شوێنی ویستی پاسیڤ دەگرنەوە.

٣

نیچە لەو کتێبەی لەسەر زەردەشت وتویەتی بەیانییەکیان زەردەشتم لێ هەڵساوەتەوە بۆیە ئەو شاکارەم نووسیوە، وەک ئەوەی بیەوێ بڵێت من زەردەشتم. بواریش بەخۆی دەدات کلتووری زەردەشتی لەناخی رەنگ بداتەوە و گەشە بکات. ئەوەش لەگەڵ سروەیەکی سرووش، وەک لە کتێبەکەی گوتویەتی بۆم هاتووە، مرۆڤ لەو جۆرەیە.
نیچە مافی خۆیەتی بڵێت: من زەردەشتم، وەک چۆن ژن دەڵێت من خۆرم. بەس لەبەر ئەوەی تیشکدانەوەی خۆرە. بەڵام ئەو لە گەرمەی سۆزی عەشقە وادەزانیت بوویتە خۆرەکە. ئەوەش رووبەڕووی شاعیر و فەیلەسوفی ئەلمانی نیچە (١٨٤٤_١٩٠٠ی زاینی) دەبێتەوە.

---

(1) بیار هیبر، زرادشت نیچە بە زمانی فەرەنسی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی ئوسامە ئەلحاج. بیروت ٢٠٠٢م.

ئازادی لە هەموو شوێنێک هەر ئازادییە

١

قسەکردن لەسەر مافەکانی منداڵان و ئازادی پەیڤێکی درێژە و بڕانەوەی نییە.
ئازادی هەر ئازادییە ئینجا لە هەر شوێنێک بێت.
کە گەشەی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان دەگەنە ئاستێکی دیاری وەک ئەورووپای ئێستا، دەکرێ قسە لەسەر یەکێک لە ماناکانی ئازادی رادەربڕین بکەین... مەبەست لەوەش لادانی قەداسەتە لەسەر هەر مرۆڤێک، تا ئاستی پاپای ڤاتیکانیش بێت، باڵاترین دەسەڵاتی رۆحی کاسۆلیک... پێش چەند سەدەیەک، دەسەڵاتی پاپا لەسەر دادگاییکردنی هەر مرۆڤێک هەبوو، ئینجا با کەسەکە زانایەکی گەورەی وەک کوبرنیکۆس یان گالیلۆ، یان بیرمەندێکی وەک برونو و جان دارک بووبێت، دەیتوانی سزای کوشتن و لەداردان و سووتانیش دەربکات... هەموو کەس تومەتی دەرچوون لە فەرمان و پەیامەکانی کڵێسا بەس بوو، رووبەڕووی مردنیش ببێتەوە.
سەبر سەبر دەسەڵاتە رەهاکانی کڵێسا و ئاینەکە، لەبەر هەژموون و فشارەکانی گەشەی فەلسەفە و گەشەی زانستی، لەو چەند سەدەیە تەسک و کەم دەبێتەوە، تا ئاین دەگەڕێتەوە بۆ خودا و بەس، سیاسەت و دەوڵەت و نیشتمانیش بۆ میللەت... بیرکردنەوەی زانستانە باڵکراوە و ئازاد دەبێت، ئازادییەکانی رادەربڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری دەکرێنەوە، بۆیەش لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی تر ئەو گەشە بەرچاوە دەکەن.

## ٢

هەر لەسەر ئازادییەکانی رادەربڕین، بۆ نمونە رۆژنامەگەری و دەزگاکانی میدیایی لەورۆژانە قسە لەسەر شەرمەزاری سێکسییەکانی، ژمارەیەک لە قەشەکان دەکەن، بەتایبەتی ماوەماوە دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر منداڵان.
ئاشکرایە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، هەڕەشە و پێشێلکردنێکی ترسناکە، لەسەر پیرۆزی و کەرامەتەکان، دەبێتە برینێکی دەروونی قووڵ هەتا مردن دەمینێتەوە.
دەزگاکانی میدیا، لەسەر ئەو دەستدرێژییە پاپای ڤاتیکان هەراسان دەکەن، بەوەش تاوانباری دەکەن لەساڵی ١٩٨٥ی زاینی بەرگری لە قەشەیەکی کاسۆلیکی کردووە، کە دەستدرێژی سێکسی لەسەر منداڵان کردووە، بواری نەداوە لەسەر ئەو کارە دووربخرێتەوە. ئەوەش یەکەمجار نییە هەواڵی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان، لەلایەن ژمارەیەک لە پیاوانی کڵێسا رووبدات.
گرنگ نییە دەرهاوێشتەکانی ئەوانە چی دەبێت، باسکردنی شێوەیەکە، لە بوارەکانی ئازادی رادەربڕین، نیشانەیەکی گرنگە لە ئازادی.

## ٣

لە تورکیا لەودواییانەدا دەستکاری چەند بڕگەیەکی یاساکانی تورکیا دەکەن، تێدا دادگاییکردنی منداڵان، بە هۆکاری سیاسی قەدەغە و حەرام دەکەن. ئێستا لەناو وڵاتی تورکیا هەزارەها منداڵی کورد، بە تومەتی جۆراوجۆری وەک بەردهاویشتن و چالاکییەکانی بەشداربوون لە خۆپیشاندانەکان گیراون.
مافەکانی منداڵان هەموو یەکە، دەبێ منداڵ لە دەستدرێژییە سێکسییەکان و گرتن بە هۆکارە سادەکانی سیاسەت، وەک بەشداربوون لە خۆپیشاندانەکان بپارێزرێن.

مافەکانی مرۆڤیش وەک خۆیەتی

١

قسەکردن لەسەر چاکسازییەکانی یاسای تورکیا لەسەر دادگاییکردنی منداڵان لەوەوە هاتووە، کە چیرۆکی منداڵە کوردەکەی دیاربەکر، لە خۆپیشاندانەکان پێش چەند مانگێک بڵاودەبێتەوە، تومەتی منداڵەکەش ئەوە بووە، بەردی لە پۆلیس گرتووە، بۆیەش دەدرێتە دادگای تاوانەکان، ئەوانیش بەتومەتی تیرۆریستی سێ مانگ زیندانی بۆ دەبڕنەوە، منداڵەکەش فڕێدەدەنە ناو سالۆنی تاوانبارە گەورەکان، رەنگە بەوەش زۆرتر، رووبەڕووی دەستدرێژی و پێشێلکارییەکان ببێتەوە.
چەند ساڵە لەناو زیندانەکانی تورکیا، منداڵانی کورد بە هۆکاری سادەی بەشداری رەمەکی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان دەگیرێن، بۆیەش لەوێ، رەنگە رووبەڕووی دەستدرێژی و نارەحەتی ببنەوە، لەوانە دەستدرێژی سێکسی و دەروونی.
بۆیە دروست و رەوایە، ئەگەر لە تورکیا یاسایەک دەربچێت، تێدا ناردنی منداڵ بۆ بەردەم دادگاکانی تاوان، لەبەر هۆکارە سیاسییەکان رابگرێت، سنوورێکیش بۆ کۆت و بەربەستەکانی مافی رادەربڕین و چالاکی منداڵان دابنرێت، چونکە ئەوانە سۆزدارانە بەشداری گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکان دەکەن.

پێش دوو ساڵ لە دیاربکر، منداڵیان گرتووە لەسەر ئەوەی سروودی بە زمانی کوردی لە ناو شار و گوندەکانی کوردستان گوتوە. منداڵ گیراوە لەسەر ئەوەی، ویستوویانە بچن فێری زمانی کوردی بن، بزانن بە کوردی بخوێنن و بنووسن.
ئەو جۆرە دەستدرێژییانە دەبێ نەمینێت...

٢

قسەکردن لەسەر گرتنی منداڵان بەتاوانی بەردبارانکردنی پۆلیس، یەکسەر ئەوەمان بەبیردەهێنێتەوە، چۆن منداڵە فەلەستینییەکان سەرکردایەتی رابوونی بەرد دژ بە داگیرکەرانی ئیسرائیل بەرپادەکەن.
منداڵانی فەلەستینی ئازار و دەستدرێژی زۆریان لەناو گرتووخانەکانی ئیسرائیل دیبوو.
هیچ جیاوازییەک نییە..
منداڵ هەر منداڵە، چ منداڵی کورد یان فەلەستینی و قرغیزی، یان منداڵێکی ئەفریقی و ئەوانی تریش بێت، هەموویان منداڵن و ناکرێ و نابێ بگیرێن و زیندانی بکرێن... بەڵام ئەوانە لەبەر مەرجە کۆمەڵایەتییەکان باجی گەورە دەدەن، دەبنە قوربانی بێتاوانی کوشتارەکانی ئازادی. ئەوانە لەناو وڵاتانی برسی و نەبوونی، برسی دەبن و بەر لە گەورەکانیش دەمرن.
ئازادی هەر ئازادییە.
مافە مرۆییەکان، لە هەر شوێنێکی ئەو جیهانە بێت، یەکە، بە زەمان و شوێن ناگۆڕێت..
شادمانم بەدرێژایی زۆرتر لە چل ساڵ، بەگوێرەی تواناکانی رادەربڕین، بەرگری لە ئازادی میللەتان، هەموو مرۆڤەکان لە هەموو شوێنەکان دەکەم... من هەموو درەفەتێکی گونجاو و ئاسایی دەگرمەبەر، بۆ بەرجەستەبوونی ئەو هزرە، ئەویش ئازادییە، ئازادی وەک خۆی لە هەموو شوێن و سەردەمێک، مافەکانی مرۆڤیش بۆ هەموولایەک گشتگیرە.

لەبەر ترس لە چەک

لە شێستەکانی سەدەی رابردوو، بیرۆکەی چەکدامالێنی گشتی و تەواو لەسەر زاری سەرۆکی سۆڤیەتی ئەودەمانە نیکیتا خرۆشۆف بڵاودەکرێتەوە.

هەردوو وڵاتی زلهێزی ئەمریکا و سۆڤیەت، زۆرترین باری چەکی ناوەکی و هایدرۆجینیان هەڵگرتووە، بەوەش سەرجەم گۆی زەوییان خستووتە بەر مەترسییەکی گەورە... تەنگژەی موشەکە سۆڤیەتییەکانی لە کوبا لەساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦١ی زاینی، زۆری نەمابوو ببێتە هۆکاری رووودانی شەڕێکی ناوەکی ترسناک.

ئیتر لەورۆژەوە، هاوڕێیانی ئاشتی و دادپەروەری و ئازادییەکانی هەموو جیهان، دەکەونەخۆ بۆ دانانی سنوورێک بۆ پێشبڕکێیەکانی چەکسازی و دانانی و دەست بکرێت بە داماڵینی گشتی چەکەکان، تا دەگاتە چەکە سادەکانی کاریگەرییان سنوورداره.

هەردوولا، دەکەونە دیالۆگ و دانوستانی چڕ و زۆر، بەوەش دەگەنە بنچینە و سەرەداوی رێکەوتنێکی نهێنی و ئاشکرا، لەسەر چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی (پلاکە ناوەکییە سوورەکە) و پاراستنیان و قەدەغەی بڵاوبونەوەی چەکە کۆمەڵکوژییەکان بۆ بەردەستی حکومەت و دەستە و رێکخراوە توندڕەوەکان.

رێکەوتنامەی (سالت)ی یەکەمی ناوەندی هەشتاکان، بەشێک لە مەترسییەکانیان لەناو هەناوی هاوڵاتیان کەمکردەوە، بەڵام نەمانی هاوکێشەکانی پاش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و جەمسەری وڵاتانی سۆسیالیستی لە سەرەتای نۆهەدەکان، بۆشاییەک پەیدا دەکات، ئەوەش دەبێتە جێگای رامان و مەترسییەکی گەورە.

لەبەر ئەوەی واشنتۆن و موسکۆ گەورەترین و زۆرترین عەمباری چەکی ناوەکی و موشەکی کیشوەربڕ و دوورهاوێژن، هەر ئەوانیش خاوەن عەقڵە زانستییەکان و کەرەستە تەکنەلۆژیاکانن بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی، بۆیەش دەبێ هەردوولایەن بەردەوام کۆببنەوە، رێکەون لەسەر راگرتنی پێشبڕکێیەکانی پڕچەکبوون، بەتایبەتی کە هەندێ لایەنی توندڕەو، دەبنە خاوەنی ئەو چەکانە و دەتوانن چەکی ناوەکی دروست بکەن.

بۆیە ئەگەری بەرپابوونی شەڕە ناوەکییەکان بوونی ماوە، رەوشەکە لەبارە، ئەو دۆخەی بوارسازە بۆ تیرۆر و نەخۆشییە ترسناکەکان و پیسبوونی ژینگە و برسیەتی و نەبوونی و نەخوێندەوارییش.

رێکەوتنی دووەمی (سالت) لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی، لەنێوان هەردوو سەرۆکی رووسی و ئەمریکی، رەنگە مەترسییەکان و نائارامییەکان بڕەوێنێتەوە، بەڵام بەیەکجاری بنبڕنەکراون...

من لە نەوەی ساڵانی سەرەتای شێستەکانم، بەیانییان چاوەڕوان دەبووین، لەسەر کێشەی موشەکەکانی کوبا، لەگەڵ زەنگی مەترسی چاوەڕوانکراوی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕە ناوەکییەکە بێدار ببمەوە، ئەو قەیرانە، بە رێکەوتنێکی نهێنی و ئاشکرای هەردوو جەمسەر کۆتایی دێت، تێدا سۆڤیەت موشەکەکانی دەکشێنێتەوە.

ئەو مەترسییە... هەتا ئێستاش هەستی پێدەکەم، زۆر بەوردی و بەبایەخەوە بەدواچوونەوە بۆ کەمکردنەوەی داکردن و هەڵگرتنی چەکە کۆمەڵکوژییەکان دەکەم... هێشتا ئەگەری بەکارهێنانی سنووورداری، چەکە ناوەکییەکان لە شەڕە سنووردارەکان ماوە، بۆ کپکردن و تواندنەوەی گرووپە توندڕەوەکان. دوور نییە لە هەر خوولەکێک، لەهەر رۆژێک رووبەڕوومان ببنەوە. چەکەکان(وەک

لە یاسا پەیڕەوکراوەکاندا هەیە) بۆ شەڕکردنە، دروست نەکراوە بۆ شادمانی و ئاشتی و ئاسوودەییەکان!

بەشی سێیەم بەشی من لە خۆرەکە

سوپاسگوزاری ئەو چرکەساتە بکەم کە تۆی تێدایە؟

من ئیمڕۆ بەشی خۆم لە خۆرەکە وەرگرت.

ئیمڕۆ بەیانی زوو، لە کەشێکی جوان و لەناو دیمەنێکی سەوزی پانوبەرینی بەرزایی و دۆڵ و نشێوەکانی بەر ئاسۆی بینین و چاوەکانم، بۆ پشوودان و هەناسەیەکی خۆش و ئارام لە ماڵەوە دەرچووم.

رۆژانە ئەوانیش، دوو بولبولەکە ئامادەبوون، دوو بولبولی بچووک، باڵەفرە دەکەن، ئینجا لەسەر تێلی عاموودێکی کارەبای نزیک خۆمان دەنیشنەوە... لەدوورەوەش رەوە کۆتر و باڵندەی تر، بەرەو بەرزایی چیا نزیکەکانی خۆمان دەفڕن.

چۆلەکەکان، باڵندە ماڵییەکان، فێربوون زیقەزیق دەکەن، موژدەی بەیانییەکی بەخوناوی نوێ رادەگەێنن.

لەبەر ئەو بوون و ئامادەییە سوپاسگوزارم، سوپاسی خالیقی داهێنەر دەکەم، نازانم بۆ سوپاسی دەکەم، لەبەر سروشتە جوانەکەی چواردەورەمان! لەبەر ئەوەیە نازانم، ئەو سروشتە کەینونەتی بوونە، خاک و ئاسمان و هەوا و ئاوە سازگارەکەی... سوپاسگوزارین بۆ بوونی ئەوانەی لێمانەوە

دیارن، یان ئەوانەی دیار نین... ئەوانەی گوێمان لە چرپەکانیان دەبێت، یان ئەوانەی هیچ دەنگیان نییە.

چێژوەرگرتن لە جوانییەکانی ئەو کەشە بەستەزمانە جوانە، گران لەسەرت ناکەوێت، هیچی ناوێت، مافی کەس پێشێل ناکەیت، سروشتیش زەرەرمەند نابێت... رەنگە وادەزانم، سروشت خۆی، ئەو، من هەستێکی شاراوەم هەیە، سروشت لەناخەوە شادمانە، بەوەی ئەگەر یەکێک شادمان بکات، یەکێک بۆ جوانییەکانی هەڵپەڕێت و سازگار بێت.

نیو سەعاتم بەسە، بەشی خۆم لە رووناهی و وزە و تیشکەکان وەربگرم، من و بونەوەرەکانی نزیک خۆشم، ئەوەندەیان بەسە، باڵندەکان، بزن و پشیلە و رووەک وەرزی و هەمیشە کەسکەکانیش، ئەوانە هەموویان بە نیعمەتی بەخشندەی بەخۆرایی خۆرەکە، شادمانن.

گومان دەکەم لەگەڵ خۆما رادەمینێم، چەند ساتێک، بیر لەوە دەکەمەوە، پەلکە گیایەک و لقی داربەڕوو و کۆترێک، یان هەر بونەوەرێکی تر، سوبحان و سوپاسگوزار بێت بەو نیعمەت و بوون و پیرۆزبایی لە خۆیشی بکات، موژدە بداتە هەموو بونەوەرەکان، شادمانە بە هاتنی رۆژێکی نوێ بۆ ناوماڵە گەورەکەی هەموومان، واتە کەون و گەردوون.

جیاوازییەکەش ئەوەیە، رەنگە، بونەوەرەکان هەموویان، خۆیان بۆ رامان و بیرۆکەکان سەرقاڵ و شەکەت نەکەن، بایەخ بە ماناکانیشی نەدەن، واتە مانای بوون و گەردوونەکە... یان رەنگە لە من زۆر هەستیارتر بن و باشتریش بیانورووژێنێت؟! رەنگە وابێت... هەندێجاریش من وا هەست دەکەم، کە زۆر گەمژە و مشەخۆر و کەمتەرخەمم، کە خۆم دەکەمە دادوەرێکی توندکار و بڕیار و حوکم، لەسەر شتەکان و بونەوەرەکانی بوون دەدەم. ئەوان بوونیان هەیە...! رامان و بڕیارەکانی من هیچ لەسەر بوون و ئامادەییان زیاد ناکات. من ئێستا لێرەم، لە شوێن پێیەکانی خۆمەوە سەیری بوون دەکەم، من بەسەرخۆشی و مەستییەوە سەیری دەکەم... لەو بوونە سەرمەدییە دووردەکەومەوە و دەخافڵێم و سوپاسگوزارم.

من هەر ئەوەندەم دەسەڵاتە، ئەوەندەم پێدەکرێت سوپاسی زۆر بکەم و بەس.

لەو ساتەی تۆ دەژیت و هەست بە بوونت دەکەیت، سوپاسگوزاریت، دڵت بە هەناسە و بیرکردنەوەی ئازادەکەی خۆشە؟! ئایا رۆژێک گەرمایی ئەو ئازادییە روومەتت دەسووتێنێت و دەبرژێنێتەوە، ئەو گەرمایەی زەوی، رووی تێدەکات و بە ئاڕاستەی ئەو چەسپیووە؟!

کردەوەکان بەرجەستەیی بیر و رامانەکانتانە

تا لە هۆکاری کردەوەکان تێبگەن چاودێری پەیڤەکان بکەن.

قسەکانی دەرئەنجامی نیەت و هزر و رامانەکانە.

کردەوەکانیش بەرجەستەیی هزر و بیرکردنەوەی پێشووی مرۆڤە.

ئەگەر بتانەوێ، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی کردەوە تیرۆریستەکانی بەتوندی ماوە ماوە دەکرێن بزانیت، دەبێ حوکم لەسەر ئەو خەڵکەی نیەتی توندەڕەوییان هەیە و هزری زۆر بەدکارییان هەڵگرتووە، بدەیت.

وادەزانم پێویست بەوە ناکات، تۆڕی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە و راونان و گرتن بکەیت... هۆکارەکان دیارن، لەناو پەیڤ و دەستەواژە و رامانەکان دیارن، لەناو کتێب و پەیام و پەیڤەکانی بڵاوبونەتەوە، لە دەزگا و کەناڵ و پەیوەندییەکان بڵاودەبنەوە.

تیرۆر، ئەنجامدەرەکەی هەر کەسێک بێت، دەرچەی توندڕەوی هزری و پەیامی ئاینی یان نەتەوەیی و ئایدلۆژی و جوگرافی، یان بە مەرامی تایبەتییە... هەندێجاریش بەناوی بەرژەوەندی گشتیش دەکرێن!

سەیری هەزارەها کتێب بکە، چۆن پشتیوانی توندڕەوی دەکەن، شانازی دەکەن و دەیکەنە خۆشەویست و ویستی منداڵ و گەنجەکان... بیر لە هەزارەها وتار و بانگەشە و پەیام و فەتواکانی بەئاشکرا ویستی لەناوبردنی ئەوانی تر، لەناوبردنی و سڕینەوەی سیاسی و فیزیکی دەکەن، ئینجا بە هەر بیانوو و هۆکارێک بێت.

ئەوانە هەموو بخوێنەوە... ئێنجا دەزانن و تێدەگەن کێ بە پراکتیک تیرۆر دەکات..

ئەو کەسەی منداڵان چەکدار دەکات، پشدێنەی تەقینەوەیان لەپشت دەبەستێت، ئەو کەسەی ژنێک بۆ تەقاندنەوە و کوشتنی ئەوانی تر ساز دەکات. ئەو کەسانەی ئایندەی وەهمی بۆ خۆکوژەکان دەنەخشێنێت.

کتێبەکان زۆرن و لەبەردەست و ئامادەن بۆ راهێنان.

ئازادییەکان بۆ سازبوون و گەشەکردنی هزری توندڕەویی کراوە و ئامادەیە، بەڵام بۆ هزری میانڕەوی دروستیش ساز نییە. زۆریش کەسە ئازادەکان، خاوەن هزرە کراوە لۆژیکییەکانیش تەنگاو دەکەن، رەخنەش لە توندڕەوە بکوژەکانیش ناگرن.

تیرۆر دەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی هزرە، ئەوەش سەرچاوەی بنچینەیی تیرۆرە.

مامۆستاکانی تیرۆر، هزرەکانی توندڕەوی بڵاودەکەنەوە، ئەوانەش بە ژمارە زۆرن و ناسراون و بەئاشکرا بۆچوونەکانیان دەردەبڕن.

ئەوەی زانراوە و ئاشکرایە، هەموو رووناکبیرەکانی توندڕەویی و تیرۆر، زۆر لە جێبەجێکەرەکانی لە توێژە خۆشحاڵ و یان نیمچە خۆشحاڵە خوێندەوارەکانن، کەسیان خەڵکی هەژار و نەخوێندەوار نییە.

ئەگەر هەژارەکان لە برسانا تیرۆر بکەن، کۆمەڵگای مرۆیی هەڵدەوەشێتەوە، چونکە هەزارەها ملیۆن برسی و رەشورووتی تێدایە.

ئەوەش مانای ئەوەیە ناکرێ دەستبەرداری برسیەتی و حاڵەتەکانی ببین، دەبێ کۆششی زۆر بۆ لەناوبردنی بکەین... ئەگەر کەسێکی تیرۆریست، ویستی کەسێکی لاتی هەژار بەکاربهێنێت و رەوشە ئابوورییەکەی بکاتە بیانوو، تاوانەکە دەبێتە دوو سەرە.

روەە شارستانییەکەی ئێران

رووێکی تری ئێران، پرشنگی هزری و کلتووری و داهێنانی هونەری و ناسکی هەستەکانە.

هەندێ کەس، رەوشی ئێران لەبەر دەرچە و دەرئەنجامەکانی جەنگی ئێران عیراق، یان لەبەر رۆشنایی ململانێیە نەتەوەییە کۆنەکان بەرجەستە دەکەن، ئەگەر ئەوانە نەبێت و بوارەکانیان بۆ ساز بێت، بۆ ئاشتەوایی نێوان میللەتان و شارستانیەتییەکان و کلتوورەکان دەکرێنەوە.

چەندین سیستەم و رژێمی گشتگیر و دیکتاتۆریەتی دیوە، سەردەمی تاریکی بەسەردا هاتووە، ململانێیە میانڕەوییەکانی دیوە، ئینجا دەربازی بووە.

ئێران بریتی نییە، لە پاشماوەی خراپەکارییەکان، ئێران ئاکاری ناسکی هونەری بیناسازی و نووسین و موزیک و وردەکاری و مافوورە، هونەری پەروەردەکردنی گوڵزار و چاکسازی زەوی و چاندن و زانستەکانە...

رووی تری ئێران، کەلەپووری قووڵی رۆحە لە سەردەمی میترا و زەردەشت، هەتا هاتنی ئیسلامیش، بە زمانی فارسی ئاینی ئیسلام لە خۆرهەڵات بڵاودەبێتەوە. یان بە مانایەکی تر دەکرێ بڵێین، دوو زمانە سەرەکییەکەی بوارسازبوون بۆ گەشەسەندنی ئاینی ئیسلام و کەلەپووری تەسەوف و عیرفان، زمانی عەرەبی و زمانی فارسییە، هاوشانی ئەوانەش زمانی تورکی و زمانی کوردییە، بەڵام بە پلە و رادەی جیاواز.

بە زمانی عەرەبی ئاینی ئیسلام بەرەو خۆرئاوا بڵاودەبێتەوە و دەگاتە ئەندەلوس.

بە زمانی فارسی ئاینی ئیسلام بەرەو خۆرهەلات و تا دەگاتە ولاتی چین و ئەندونیسیا بڵاودەبێتەوە...

بێگومان دەستەواژەی بڵاوکردنەوەش رێژەییە، قسەی راستیش ئاینی ئیسلام، زۆرجار بە عەرەبی لێرە و بە زمانی فارسیش لەوێ بڵاوبۆتەوە.

ئێران، ولاتی سەدان زانا و داهێنەری مەزنە، ولاتی ئیبنی سینا و فارابی و خەیام و نەسرەدینی توسی و فەردوسی و فریدالدین عەتارە... ولاتی حافیز شیرازی و سەعدی شیرازی و جەلالەدینی رۆمی و سبزواری و مەلا سەدرا و تەباتەبائییە.. ولاتی شاعیر و رۆماننووسە هاوچەرخەکانە، نیما یوشیج و سادیق هیدایەت و شاملۆ و سێ براکە و پاشای شاعیرەکان بەهار و پەروین ئیعتسامی و مەهدی سێ براکە و مەحمود دەوڵەت ئابادی و ئەحمەد مەحمود و موحمەد قازی وەرگێڕ و زۆرانی تریش.

جینۆساید لەناوماڵەکەی خۆمان

تاوانەکانی ئەنفال لە کوردستانی عیراق، پرۆسەیەکی پاکتاوی نەژادی و قڕکردنی بەکۆمەڵ بوو، رژێمی پێشووی عیراق لەساڵی ١٩٨٨ جێبەجێ دەکرد، تێدا بە چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی و بەرەشبگیری خەڵکی گرتووە و لەناوبردووە، خێزانی بە هەموو ئەندامەکانی گرتووە، ژن و پیاو و منداڵ، گوندەکانی خاپوورکردووە و کانییەکانی تەقاندوتەوە و کێڵگە و باخەکانی سوتاندوە... هەر لەو پرۆسەیەدا خەڵکە گیراوەکەی کۆدەکردەوە، کە هەموویان کورد بوون، لە ئۆردوگا زۆرەملێیە ترسناکەکان بەندیکردوون، لەوێش ژن و پیاوەکانی جیادەکردەوە، ژنەکانی لە منداڵەکان و کیژەکانیشی جیادەکردەوە، دەستدرێژییان کراوەتە سەر و زۆریشیان چارەنووسیان دیار نییە، رەنگە و دووریش نییە، لە ولاتەکانی تر فرۆشرابن و سەودایان پێکرابێت.

ئەوانە، ئەو رووداوانە، هەموویان لە بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای عیراقی تۆمارکراون، هێشتا داروەدەستەی رژێمی پێشووش بەو تاوانانە دادگایی دەکەن، دادگای عیراقی ناوی لە کۆمەڵکوژییەکان ناوە جینوساید، ئەوەش لەلایەن پەرلەمانی عیراقی و سەرۆکایەتی کۆماری

عیراقی فیدراڵ پەسەندکراوە، بۆ پەسەندکردنیش رەوانەی پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکانی جیهانیش کراوە.

پرۆسەی ئەنفال، نزیکەی هەموو ناوچە کوردییەکانی گرتووتەوە، لە دەشتەکانی کەرکوک و ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک ئەنجامدراوە، هێشتا شوێنەوارەکانی لەرووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کاردانەوەی ترسناکی هەر ماوە، هاوڵاتیانی کوردستان پێوەی دەناڵێنن، بەتایبەتی ئەوانەی راستەوخۆ خزم و کەسوکاریان، لەو پرۆسەیە لەناوچوون، ئەو تاوانەش لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کراوە.

بوار هەیە بەخێرایی ئاماژە بە تێبینییەکان لەسەر تاوانەکانی ئەنفال بکەم، ئەوانەیە:

1. بێدەنگییە ترسناکەکەی هەزارەها شاهیدی زیندووی بە چاوی خۆیان تاوانەکانیان دیبوو، راستەوخۆ ئاگاداری پرۆسەکە بوون، شاهیدەکانی بەرپرس بوون لەو پرۆسەیە، لە عەرەب و کورد و ئەوانی تریش، لەوانەی راستەوخۆ دەستیان هەبووە یان ئاگاداری بەشێکی تاوانەکان بوو. ئەوانەی لە تاوانەکانی ساڵی ١٩٨٨ بێدەنگ بوون، هەتا ئیمرۆش هەر بێدەنگ و شاهیدی نادەن، ئەگەرچی زۆر لە دیمەن و رووداوەکان روون بوونەتەوە و ئاشکرابوون، رای گشتی ناوەوە و دەرەوە پێی دەزانن.
   ئەوەش مانای ئەوەیە، ئەوانە بەشدار و هاوکاری یاسایی و سیاسی و ویژدانی پرۆسەکە دەبن، چونکە سەربردەی تاوانەکان ئاشکرا ناکەن، زۆریش لەو شاهیدانە ماون و نەمردوون.
   ژرێمەکەی بە رووخاندنی خەمی لێ ناخورێت، رووخاوە، راستییە ترسناکەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی قوربانییەکانی ئەنفال و قوربانییەکانی باشووری عیراق و خەڵکی زۆری تریش دەردەکەوێت، ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەگاتە نزیکەی چوار سەد گۆڕی گەورە، هەتا ئێستاش هەزارەها هاوڵاتی کوردستان چاوەڕوان دەکەن، لە بیابانەکان و ناوچەکانی نوگرە سەلمان روفاتی قوربانییەکانیان بۆ بگێڕنەوە.
2. هەتا ئێستاش سەدان تاوانباری بەشداربووی راستەوخۆی تاوانەکان، ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی کورد و عەرەب هەبووە، نەدراونەتە دادگا. هاوڵاتیانی کوردستان داوا دەکەن بەپەلە تاوانبارەکان دادگایی بکرێن، سزای یاسایی وەربگرن. تاوانی ئەنفال و قوربانییەکان، بە تێپەڕبوونی زەمەن لەبیرناکرێن و بەدواچوونەوەیان بۆ دەکەن، چونکە تاوانەکان دەرحەق بە مرۆڤایەتی، تاوانی گەورەن و تاوانبارەکان لەوەیان پاک نابنەوە و دەبێ دادگا هەموو دۆسیەکان یەکلابکاتەوە.

(ماویەتی).

جەلاد و قوربانییەکان... جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جیایان دەکاتەوە.

تێبینی سێیەم لەسەر پرۆسەکانی ئەنفال ئەوەیە، هێشتا بەرپرسانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە و رژێمی پێشوو سوورن و جەخت لەسەر دروستی کردەوەکانیان دەکەنەوە، یەکێک لە گەورە تومەتبارەکانی گوتویەتی، ئەگەر دەستم بڕوات و بوارم بۆ سازببێتەوە دووبارە پرۆسەکە دەکەمەوە.

پێداگریی ئەوانە، رەوشتێکی تایبەتییە و هەست بە عیزەتی تاوانەکە دەکەن و شانازی پێوە دەکەن.

ترسمان لە نەوەکانی داهاتووی ئەو وڵاتە هەیە، چونکە هێشتا لە عیراقی ئیمڕۆ، کەسایەتییە باڵاکانی حزبەکان و دەستە سیاسییەکان بەیەک لێدوان، بە وشەیەک کردەوەکانی رژێمی پێشوو شەرمەزار و ریسوا ناکەن، ئەوانە دەیانەوێ بە سەندوقەکانی دەنگدان و دیموکراسی لە بەغدا بگەنەوە دەسەڵات.

سەیرە... کە بواری ئەو گەمە دەدەین، ئەو پلانە شەیتانیانە دەربازی دەبێت، چونکە هێشتا گۆڕە بەکۆمەڵەکانی گەواهی هەزارەها کارەساتی جەرگبڕ دەدەن، تێدا خەڵکی سڤیلی بێدەسەڵات سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لەسەر ناسنامە دەیگرتن و دەیکوشتن.

کە قسەش لەسەر ئاشتەوایی و دۆستایەتی دەکەین، مانای ئەوەیە ئەو کەسانە دەبێت لەگەڵ خودی خۆیان ئاشتببنەوە، دوایی لەگەڵ ئەو میللەتەی بە دڕندەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجەیانداون ئاشتببنەوە. هەنگاوی یەکەم، وەک ئەوەی چەندین جار نووسیومانە، بەرپرسەکانی رژێمی پێشوو، گچکە و گەورەکانیان، عەرەب و کوردەکان لەبەردەم میللەتەکە، دان بەتاوان  و هەڵەکانیان دابنێن، باس لە تاوانەکانیان بکەن و داوای لێبووردن بکەن، بەتایبەتی لەبەردەم کەسوکاری قوربانییەکان... ئینجا، ئەگەر ئەوان لێیان خۆش بوون، دەتوانن بگەڕێنەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی و کار بکەن.

من بەگشتی لەگەڵ ئاشتەوایی و لێبووردەییم، خەڵکەکە هەموویان لەوانە ببوورن، هەموو پێکهاتەکانی میللەتانی عیراق، تاوانبارەکانیش سزای خۆیان وەربگرن، سزاکان بەپێی یاسا و لەبەردەم دادگاکان بێت.

دوا تێبینیم لەسەر بێدەنگی حکومەت و میللەتانی عەرەبی و ئیسلامییە لە تاوانەکانی رژێمی پێشوو ساڵانی ١٩٨٨، هەموو تاوانەکان لەبەردەم دادگاکانیش روون دەبنەوە و باس

دەکرێن، چەندین لایەن و دەسەڵاتی ئەوروپی و ئەمریکی و ئوسترالی و ئەسکەندەنافی رەسمی و میللی و پەرلەمانی و حکومیش تاوانەکان ریسوا دەکەن، سەرکۆنەی رژێمی پێشوو دەکەن، ئەوانەی لە سەردەمی جیاوازەوە ئەنجامیانداوە، بەڵام هێشتا ئەوان بێدەنگ و لێدوانێک نادەن.

هێشتا جڤاتی کوردستانی چاوەڕوانە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی رژێمی پێشوو، لە خشتەی جینوساید بناسێت، کۆشش بۆ ئەو مەبەست دەکەن.

بەڵام لە هەموویان سەیرتر ئەوەیە، هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، ئاوڕێک لە ژان و مەینەتییەکانی میللەتی کورد نادەنەوە، کە زۆرینەیان موسلمانی ئاینپەروەر و لێبووردە و ئاشتیخوازن. کۆمکاری عەرەبی و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، هیچ دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی رژێمی پێشوو ریسوا ناکەن، پرۆسەکانی ئەنفال و بۆردومانی کیمیاویی هەڵەبجە، زۆر ناوچەکانی تری کوردستان شەرمەزار ناکەن.

کەی ویژدانی ئیسلامی و عەرەبی هەڵدەستێتەوە، سەیری نیشانەکانی تاوانی دەسەڵاتدارانی عیراقی پێشوو دەکەن، کە بەناوی ئیسلام (ئەنفال) و بەناوی نەتەوەیی و بەناوی دوژمنی دەرەوە و زۆری تر کردویانە.

ئازایەتی رەخنە لەخۆگرتن

ژمارەی فیلمی بەڵگەنامەیی و تۆماری گێڕانەوە، لەسەر تاوانەکانی ئەنفال لە کوردستان زۆر بووە، ئەوانەی هونەرمەندانی کورد، یان بێگانە سازی دەکەن، لەساڵی ١٩٩٠ یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی لەلایەن رۆژنامەنووسی بەریتانی کوین رۆبرت بووە، کە لەساڵی ١٩٨٩ سەردانی کوردستانی کردووە، رووداو و پارچە ساچمە و پاشماوەکانی موشەکە کیمیاوییەکانی دیوە، دیمانەی لەگەڵ شاهیدحاڵەکان کردووە، زۆرتر جەختی لەسەر رووداو و پرۆسەی ئەنفالی ناوچەکانی بادینان و بەشێکی هەولێر کردووە، کە لە ماوەی ٢٥ی ئاب تا ٣١ ئاب لە

ساڵی ١٩٨٨ روویانداوە، تێدا زۆرتر لە حەفتا هەزار کەس، ژن و پیاو و منداڵ ئاوارەی تورکیا، ئەوەندە کەسەش ئاوارەی ئێران دەبن، هەر لەو هەڵمەتانەدا هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی عیراقی، زۆرتر لە چل هەزار کەس بە ژن و منداڵەوە دەگرن، لە چیاکان کۆیاندەکەنەوە، لەناو ئۆردوگاکانی ناوچەی هەولێر بەزۆری نیشتەجێیان دەکەن، کە لە هەموو پێویستییەکانی ژیان و گوزەران بێبەش بوون، ئەگەر لەبەر کۆمەک و هاوکاری خەڵکەکە نەبوایە، ئاسان نەبوو بژین و بمینێن، خەڵکی هەولێر لەورۆژانە زۆر دەستکراوە و دلۆڤانانە، بەدزی و دوور لە چاو و زانینی حکومەت هاوکارییان دەکەن. بەوەش ژان و ئازارەکانیان سووک دەکات.

راستییەکان زۆرن، دەبێ باس بکرێن و نەشاردرێنەوە، بەردەوامیش دووبارە بونەتەوە، تاوانبارەکان دەستیان لەو دەستدرێژییانە هەبووە، دەبێ بگێڕدرێنەوە تا ببێتە پەند بۆ هەموو میللەتان و حکومەتەکانیان. لە مێژوو پرۆسەی کۆمەڵکوژی و لەناوبردن لەسەر ناسنامە، لە چەندین ناوچەی جیهان کراوە، بەڵام پرۆسەکانی ئەنفاڵ زیندووە، لاشەی قوربانیەکان زۆر دەگێڕنەوە، بابەتی زۆریان هەڵگرتووە، هەزارەها کارمەندانی رژێمی پێشوو و خۆفرۆشە کوردەکان و داروەدەستەکانی بەشداری دەکەن، نەوەکانیان شەرم لە کردەوەی باوکیان دەکەنەوە، ئەگەر ئیستا بەخۆشیان شەرم نەکەن و ریسوا نەببوون.

بیست و دوو ساڵ بەسەر قۆناخی یەکەمی تاوانەکانی ئەنفال تێدەپەڕێت، ئەوەش ماوەیەکی کورتی مێژووە، ئێستا دەتوانین تاوانەکان ریسوا بکەین و بکوژ و تاوانبارەکان ریسوا بکەین، پرۆسەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە بابەتی جینوساید پێناسە بکەین، کۆشش بکەین سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و کۆمەڵکوژییەکانی لەسەر ناسنامە دەکران دووبارە نەبنەوە.

ئەو تاوانانە کۆن نابن و لەبیرناکرێن، بەڵکو کاریگەرییەکانی دەمینێتەوە... دەبێ لە هەڵویستی سەرۆک وەزیرانی تورکیا تەیب ئۆردوغان، پەند و ئامۆژگاری وەربگرین، بەر لە ماوەیەک، لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا هەڵدەستێتەوە و تاوانەکانی کۆمەڵکوژیی هاوڵاتی سڤیل ریسوا و شەرمەزار دەکات، کە لە شاری دەرسیم و دەوروبەرەکەی و کوردە عەلەوییەکانی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ی زایینی روویانداوە، لەوێ دەڵێت ناکرێ ئەوانە دووبارە ببنەوە. لەوێ ئازایانە هەڵسوکەوت دەکات و ناوە کوردییەکەی شارەکە دەڵێتەوە، دەرسیم واتە دەرگا زیوینەکە، کە زووتر حکومەتی تورکیا ناوێکی تورکی لێ دەنێت و بە تونجلی ناوداری دەکات.

شەرمەزارکردنی کۆمەڵکوژی کوردەکانی پێش حەفتا ساڵ، مانای وایە تاوانە گەورەکان لەبیرناکرێن، بە تێپەڕبوونی کات و زەمەن کۆن نابن و مافی خەڵکەکە ناسوتێت، دەبێ تاوانباران سزا بدرێن.

بەغدای پاش مەنسوور

بۆ زانیاری و ناسینی وشەیەکی کۆن... بەخێرایی قسە لەسەر ناوی بەغدا دەکەن، شرۆڤەکان زۆرن، ناوەکە بۆ چەندین نیشانە و ئاماژە دەگێڕنەوە، من لێرە شرۆڤەیەکی تر دەخەمەروو، رەنگە ئەوەیان رووناکی بخاتە سەر لایەنێکی مێژوویی شارەکە.

لە (ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی مەزن)دا، کە بە زمانی فارسییە لە بەرگی ١٢ و لاپەرە ٢٩١ و لاپەرەکانی دواتری، چاپکراوی مەڵبەندی مەعاریفی ئیسلامی و بە سەرپەرشتی کازم موسەوی بنجوردی لە تاران و ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی هاتووە:

بەغدا، وشەیەکە لە دوو بڕگە پێکهاتووە: بەغ + داد.

برگەی بغ، بە فارسی مانای ئەوەیە دروستکراوی خودایە، یان خالیق، یان دروستکراوەکەی خودا.

هەروەها بە فۆنتی (بخ)یش دەگوترێت. ئەوەش ناوێکی پیاوانەی کوردییە، (خودا_ خدادا) واتە:

ئەوەی خودا بەخشیویەتی، بە عەرەبی دەڵێن: عطیەاللە.

بڕگەی بغ، بە چەندین شێوە دەگوترێتەوە، وەک: بخ_ بگ بە فارسی بەپیتی کاف. هەندێجار، ئەو ناوە دەبێتە پاشکۆی پیاوانی ئاینی زەردەشتی. وشەی بگ، لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکیش نازناوە، بۆ پیاوی گەورە و بۆ رێزگرتن. لەناو هەندێ هۆز و عەشیرەتەکانی کوردی نازناوی سەرۆکەکانە.

ئەوە بڕگەی بغ.

سەبارەت بە برگەی داد واتە بەخشندە، ئەوەی شت دەدات. برگەکە مانای دادپەروەرییش دەگەیێنێت. وشەی داد، دەبێتە ناوی وەزارەتی دادپەوەری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دادگاش بۆتە ناوی دەزگاکانی دادپەوەری.

لە ئێران وشەکە بە هەمان مانا دەگوترێت، چونکە هەردوو زمانی فارسی و کوردی لەیەک نزیکن. ئەو بڕگەیەش بە زمانی هیندیش هەیە، بەڵام دەنووسرێت بغا. ئەو وشەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی هخامنشی (٣٢٥ پ. ز) لەودەمانەش شارێک بەو ناوە هەبووە، (بگ داتە)، لە تەلمودیش ناوی ناوچەیەک بە باگدادت هاتووە، لە زمانی فارسی پیتی (غ)ی عەرەبی دەبێتە ک.

دەڵێن لە سەردەمی ساسانییەکان، پێش هاتنی ئیسلام شارۆچکەیەک، یان شارێک بەناوی بەغداد هەبووە و سەر بە مەدائین بووە، لەو شارە بازاڕ هەبووە، لە سەرچاوە ئیسلامییەکان بەناوی بازاڕی بەغداد ناوی هاتووە. شارۆچکەکە هەمان ناوی هەبووە و بەڵگەشمان بۆ ئەوە، لە ساڵی دوازدەی کۆچی هەندێ لە سەرۆک هۆزە ئێرانییەکان، لەبەر بوونی پەیمان و بەڵێنیان لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان پەنایان بۆ دەبەن.

دەڵێن ئێرانییەکان رەخنە لە رۆستم فرخزاد و فیروزان دەگرن، چونکە لە یەکەم شەڕدا دەشکێن و بەغدا لەدەست دەدەن، ئەوەش مانای ئەوەیە، ئەو شارە پێگەیەکی ئابووری و سەربازی و سیاسی گرنگی هەبووە.

واتە بەغدا پێش ئەبو جەعفەر مەنسور (٧٦٢ی زاینی) هەبووە و شارەکەی بەهەمان ناو نۆژەنکردیتەوە، هەروەها ناوی ناوە شاری ئاشتی، لەودەمانەش رووباری دجلە ناوی چەمی سەلام بووە.

هاوسەنگی یاساییەکە بۆ بوون

بەیانی رۆژی ١٧ی ئەپریلی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی

نووسین و دیارکردنی رێکەوتی رۆژەکە بۆ من بایەخێکی رێزپەڕی هەیە..

سەرقاڵ و خەمبار بووم، بە دەرچوونی دووکەڵ و گەردەلوولی بورکانە تەقیووەکەی ئیسلاند، کە لە ئاسمان بڵاودەبێتەوە، بوار و گەشتی زۆر فڕۆکەوانی پەکدەخات.

نازانم چڕی ئەو دووکەڵ و تەمە، دەگاتە ئاسمانی وڵاتەکانی ئێمەش یان نا... ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوو، پێش و دوای بڵاوبونەوەی ئەو وتارە، ئەوە بزانین.

وتیان پێش ماوەیەک، بورکانەکان بۆ یەکسانی و هاوسەنگییەکانی توێژەکانی ژێرەوەی زەوی دەتەقنەوە.

سروشت بە چەندین جۆر و شێوە هاوسەنگییەکانی ڕادەگرێت. دەڵێن هەسارەی زەوی، وەک هەموو هەسارەکانی تر، دەتوانێت کێشە سروشتییەکانی بەپێی یاسا تایبەتییەکانی چارەسەر بکات.

هەروەها سەبارەت بە بومەلەرزە و لافاو و باهۆزەکانیش، خۆیان یەکسان و هاوکێشە دەکەنەوە و تەرازووە لارەکە ڕاست دەکەنەوە... ئەگەر مرۆڤ لەسەر زەوی بەرپرس بێت، لە دەستوەردان لە کاروبارەکانی زەوی، ئەوە دیاردە سروشتییەکان و کارەساتەکان گەمژەیی و لاسارییەکانی مرۆڤ پیادە دەکەن، چونکە مرۆڤ وادیارە بە دەستی خۆیان کێشە و ناڕەحەتییەکان بۆ خۆیان بەرهەم دەهێنن و دەخوڵقێنن.

ئێمەی مرۆڤ، هیچ دەسەڵاتێکمان نییە کارەسات و بومەلەرزە و بورکان لە تەقاندن و هەڵبوون ڕابگرین... ڕەنگە تاکە چارە و بوار بتوانین دوعا و نزا بکەین، لەبەر یەزدان بپاڕێینەوە، ئەوەی دەتوانێت کاروان و ڕێرەوی هەسارەکان ڕابگرێت و ژیانمان ئاسوودە و بەرنامەڕێژی بکات. ڕەنگە ملیۆنەها کەسانی وەک من، بێ دەسەڵات و توانا دەبین بەرامبەر ئەو ڕووداوانە... ئەوانیش وەک من بیر لە مردن و لەناوچوونی زیندەوەرەکان بکەنەوە، دەمرن و ڕەشدەبنەوە، بەگەڵ ڕەشەبا دەکەون، گەردەلوول بەرەو بەرزاییەکان بەرزیان دەکاتەوە، لە بەرزاییەکان و لەسەر زەوی و لەناو دەریا و ئۆقیانووسەکان هەڵدەفڕن، ڕەنگە دووبارە وەک گەردیلە و تۆزوخۆڵ لەسەر هەسارەکەمان بنیشنەوە، لەسەربان و شەقام و ڕووەک و ئاوەکانمان جێگیرببنەوە.

ئەو خۆڵ و دووکەڵەی لە بورکانەکان بەرزدەبنەوە، پاشماوەی ئاگرە گەورەکانی ناو بورکانەکانی، بەرد و خۆڵ و ڕووەک و زیندەوەرەکان دەتاوێنەوە، ژەهرن و ژەهراوی بوون.

## بەشی چوارەم

### گەشەی گوڵاڵەکە

### گەشەی گوڵاڵە سوورەکە

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی ئەپریلی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی.
لەناو باخەکەم پیاسەم دەکرد، گوڵێکی سووری گەشاوەی نازدار سەرنجی ڕاکێشام، وەک ئەوەی بیەوێ بڵێت: وەرن و سەیرم بکەن و بزانن چەند جوانم!
لە گوڵەکە نزیک بومەوە، تا بۆنی بکەم نەک بیقرتێنم، مێشێک لەسەر پەڕەکانی گوڵەکە هەڵنیشت، تا مژێک لە قەڵەم و دەزوولەکەی بدات و شیلەکەی هەڵمژێت.
ئایا ئەوە ڕێکەوت بوو؟ یان تاقیکردنەوە بوو، لەنێوان دوو بونەوەر، بیانەوێ سوود لە گوڵەکە ببینن، کامیان زووتر دەگەنە کن گوڵەکە؟ منی شەیدا بە جوانی سادەی گوڵەکە، فێرم زۆر گوڵ بۆن دەکەم و هەناسەیان لێ وەردەگرم، یان ئەوە هەنگە ئازاکەی بەرەو گوڵەکە دەفڕێت، منەتیشی بە نزیکبوونەوەی من نەبوو؟
ساتێک بیرم لەو پێشبڕکێیە لەناکاوە کردەوە، بڕیارمدا بکشێمەوە، خۆم دووربگرم تا مێشەکە شیلەکەی خۆی دەمژێت، ئەو نەکشایەوە، با من بکشێمەوە. ئەو ئازایانە بەرەو پێشەوە باڵەفڕە دەکات، دەیەوێ بگاتە ناو دڵی گوڵەکە و شیلەکەی بمژێت، بەقەد قورسی و بارەکەی بەشی خۆی ببات!
بیرم لەوە دەکردەوە، ئەو لە من باشترە، ئەگەر بێتە پێشەوە و کاری ڕۆژانەی ڕاپەڕێنێت، بەپێچەوانەی من. ئەگەر درەنگی بەسەردا بێت و نەگەڕێتەوە و شەوی بەسەردا دێت و نەتوانێت بەرهەمەکەی بباتەوە، لە هەر شوێنێک بۆی بگونجێت پاڵدەداتەوە، شەوەکەی بەڕێدەکات و بەیانی زوو، دووبارە بەرەو شانەکەی هەڵدەفڕێت و زەخیرەکەی دەباتەوە.
پاڵدەداتەوە، داهاتەکەی بە قاچەکانی توند گرتووە، نایەوێ هیچی لێ بکەوێت، ئەو پێداگرییە شیاوی باس و سەرسامبوونە.
بیر لەو کۆششە هێمنە دەکەمەوە، چاوم لەسەر گەردەلوولە چڕەکەی بورکانەکەی ئیسلاند بوو، چەند مەترسی لەسەر بونەوەرە بەهادارەکانە، وەک مێش و مرۆڤیش!
ئەوە منم، کەواتە، منم لەگەڵ ئامرازەکانی سروشت ئاوێتە بووم، بواردەدەم مێشەکە بەئارەزووی خۆی، شیلەی گوڵەکە هەڵمژێت و بچێتە سەر گوڵێکی تر، ئینجا من بۆ گوڵەکە دەچەمێمەوە، گوڵەکە بەشی من و مێشە هاوڕێیەکەمی کرد.

لە دووری چەند مەترێکەوە، چەند مێشێک لەسەر حەوزێکی بچووکی ئاو کۆدەبنەوە، بە نۆرە ئاوەکە دەخۆنەوە و هەڵدەفرن و دەڕۆن، بەرەو شانەکانی پشت دارەکەی نزیکەی سەد مەترێک لێم دوورە دەفرن.
کۆمەڵە مێشەکە، لەوێ، ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن، بایەخ بە رووداوی بورکان و کارەساتە سروشتییەکان، کێشە مرۆییەکان نادەن و ئاگاداریش نین، ئەویش، واتە مێشەکە، وانەیەکی زێڕینمان فێردەکات: (کار دەکەین، وەک ئەوەی بەردەوام دەژین... لە سروشت و نهێنییەکانیشی رادەمینێن، وەک ئەوەی بەیانی دەمرین).

سروشت خۆی نۆژەندەکاتەوە
لەودەمانەی بیرمان لەوە دەکردەوە، هەسارەی زەوی بتوانێت خۆی نۆژەن بکاتەوە، بیرۆکەیەکم بۆ دێت، بۆ بوونی وزەیەکی ناوەوەی نۆژەنکردنەوەی جەستەی مرۆڤ، کە رۆژانەی خۆی راست دەکاتەوە.
ئێمە بیر لە سەعات و رۆژەکانی نەخۆشییەکانمان دەکەینەوە، وەک ئەوەی تەنها لەبەر ئەو نەخۆشییە، یان نەخۆشییەکی تر بناڵێنین، جەستەی مرۆڤیش رۆژانە خۆڕسک هەزارەها نەخۆشی و پێگەی کەماسی لەباردەبات، بێ ئەوە هەستی پێبکەین و مەبەستمان بێت.
جەستەی مرۆڤ، کارگەیەکی گەورە و تاقیگەیەکی مەزنە، باشترین دەرمانیشە بۆ هۆکاری زۆر لە نەخۆشییەکان. هەندێجاریش، لە رەوشی نائاسایی نیشانەی نەخۆشییەک، لە جەستەی مرۆڤ دەردەکەوێت، چارەسەری ناوەوەی جەستەش، ناتوانێت چارەی بکات.
دەکرێ قسە لەسەر ئەوە بکەین، بڵێین لەناوەوەی جەستەی مرۆڤ، دکتۆرێکی زیرەک و لێهاتوو و بەتوانا و دڵسۆز و ئاگادار هەیە، بەردەوام بەبێ ئەوەی ببیینین و هەستی پێ بکەین، سوپاسی ئەرک وماندووبونەکانی بکەین ئیشی خۆی دەکات. خۆپاراستنی ناوەوەی جەستە، یەکێکە لە نیشانەکانی بوونی ئەو دکتۆرە بێدەنگە نهێنییە، لەناو هەناوت کاردەکات.
خەون و پێشبینییەکان بەشێکی کەماسی ناوەوەت چارەسەر دەکات. ئەوەی خۆمان ناتوانین چارەسەری بکەین، ژیانی چالاکی رۆژانەش، بەشەکەی تری چارەسەر دەکات. لەناو هەموو بونەوەرە زیندووەکان، تاقیگە و کارگەی ناوخۆیی هەیە، چارەسەری زۆر لە نەخۆشییەکان و شوێنە لەنگ و نەگونجاوەکان هاوسەنگ دەکات. سەردانی دکتۆر و پەنابردن بۆ نەخۆشخانە بەناچاری، خراپترین چارەسەرن، ئەوانیش ئەوەندەیان پێ دەکرێت، رێنمایی و ئامۆژگاری و رێنیشاندەریمان بکەن، تا نەخۆشەکە دەتوانێت چارەی خۆی بکات و هەڵبستێتەوە.

لە هەندێ ڕەوشی تایبەتی، دکتۆرەکان ئەرکێکی تایبەتی مرۆیی مەردانە دەکەن، ژیانی نەخۆشێک بە کەرەستە و دەرمان و چارەسەری دەرباز دەکەن، ئیتر لەو ڕەوشەدا کاریگەری زیندووی دکتۆرەکەی دەرەوە دەردەکەوێت.
سروشتیش بەردەوام خۆی دەبوژێنێتەوە، لەگەڵ ڕوودانی ڕەوشی نائاساییش، کارێکی تایبەت و هەنگاوێکی دروست، ڕێرەوی ڕووداوە سروشتییەکە ئاسایی دەکاتەوە و دەیگۆڕێت. ئەوەش بەکەمی و بەدەگمەن ڕوودەدات، چونکە دەسەڵات و وزەی مرۆڤیش، بەرامبەر ڕووداوە مەزنە سروشتییەکان کەم و بچووکە.
یەکێک لە ئامانجە نادیارەکانی عاریفە سۆفیگەر و شەیدایانی ڕامانی ڕۆحی و عاشقان بووە، بە نەشئەی ئەڤین و سۆزەکانی، ئاوێتەبوونی نهێنییە، لەگەڵ بزاڤی نەبینراوی گەردون، تاقیگە مەزنەکەی فراوانبوون و قوڵایی.

شکۆمەندی کاغەز بەدرێژایی مێژوو

تەکنەلۆژیای نوێ، هەموو کەرەستەکانی ئیشکردن تا ڕادەیەکی زۆر کەم و کورت کردیتەوە، بۆ نواندن و بەرجەستەیی کارەکان، ئاسان و خێرا بووە، بۆ دەرچوونی ئەنجام و بەرهەمەکان.
مەبەستمان ریکلام بۆ هیچ کۆمپانیایەک نییە، مەبەستمان بیرکردنەوە و ڕامانە لەوەی (ئەپل) کەرەستەیەکی نوێی بەناوی ئایپاد، تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەریی داهێناوە، بەوەش کاغەز و دەفتەر بەرەو لەبیرچوونەوە دەڕوات و پێویستییەکانی نامێنێت.
کاغەز لە سەرەتای پەیدابوون و دروستبوونەوە، ڕۆڵێکی مەزنی لە خزمەتی کلتوور و زانیارییەکان گێڕاوە، هەتا ئیمڕۆش، خزمەتێکی بەرچاوی دیار و باوەڕدار و دروست بە خوێنەران دەگەیێنێت.
بەڵام نەوەی نوێ (ئایپاد)ی ناو شەپۆلی سێیەمی ئەلکترۆن، میدیا پۆلین دەکات و بەئاسانی لاپەڕەکان دەردەکەون و بەخێرایی، بەئاسانی دەگەنە بەر دیدی خوێنەران و بەئاسانی دەتوانن ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان ببین و بخوێنەوە.
لەبەرئەوەی دەستلێدان و جووڵەی خێرا، یەکێکە لە ئامرازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرە نوێیەکە، بەوەش ئەرک و ماندووبوون کەم دەکاتەوە، ئەوانەی لە سەرەتای ئیشکردن و فێربوون، یان ئەوانەی تا ئیمڕۆش ناتوانن کۆمپیوتەر بەکاربهێنن، ئەوە ئیشەکانیان ئاسان و خێراتر دەکات، من لێرە دەمەوێ جەخت لەسەر دوو خاڵ بکەم:

یەکەم: خێرایی زۆر لە گەشەی ئامێرەکانی ئەلکترۆنی، خێرایی گواستنەوە و هەڵگرتن و ئاسانی بەکارهێنان و وردی و دروستی کارکردنە.
دووەم: رەنگە لەو نزیکانە بەیەکجاری واز لە بەرکارهێنانی کاغەز بهێندرێت، تەنها کتێب و بڵاوکراوە ئەلکترۆنییەکان کار بکەن و لەبەردەست بن.
خێرایی گەیاندن و گواستنەوەی زانیارییەکان، بۆ هەر کەسێک زۆرترە لەوەی جاران دەیان هەزار کەس کۆیاندەکردەوە و دەیانزانی. کەمکردنەوەی ئەرک و کات و کەرەستەکان، واتە کەمکردنەوە و کورتکردنەوەی رێگاکانی گەیشتن، بە باشترین و مەزنترین گەنجینەی زانیاری و هونەر بە کەمترین مەسرەف.
کە سەیری کەرەستە و پێشهاتەکانی پێشمان دەکەین، سەرسام و شۆک دەبین، ئاسان نییە بتوانین، ئەو پێشکەوتن و گۆڕانە گەورانە وەربگرین.
ئەوەی مایەی خۆشی و کامەرانییە، لە ژیانی خۆمان گەیشتینە ئەو رۆژانە، کە سوود لە دەرچە و ئەنجامەکانی دەرەوە ببینین و بزانین، تارادەیەک ناتوانین بچینە ناو (بەهەشت)ی بەکارهێنانی زۆری کەرەستە و زانیارییەکانی تەکنەلۆژیای نوێ.

دادگاییکردنی کتێبێک کاتی دەرچوونەکەی نادیار بێت.

١

بزاڤی مێژوویی جووڵەیەکی لولەییە... هەرگیز راست و رێک نییە!
پاش نزیکەی هەزار ساڵ، لە بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە داوای تەحریمی دەکەن، بەبیانووی لەکەدارکردنی حەیای گشتی، شەرمەزاری دەکەن.
لەلایەن ملیۆنەها کەس چەندین سەدەیە ئەو رۆمانە دەخوێندرێتەوە، لە زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوەتەوە سەر چەندین زمان، ئەوروپییەکان باسی سۆز و کاریگەری چیرۆکەکانیان لەسەر ئەدەبی ئەوروپی کردووە.

لە ئاژانسەکان و بەر لە چەند رۆژێک، ئەو هەواڵە بڵاودەکرێتەوە، (چەند پارێزەرێکی میسری داوا و شکایەتییەکیان بۆ قەدەغەکردنی کتێبی هەزار و یەک شەوە _الف لیلەو لیلە_ پێشکەش بە دادگا کردووە، لە داواکەیان باس لەوە کراوە، کە چیرۆکەکانی ناو ئەو کتێبە بابەتی ئیروتیکی و بێئابڕوویی گشتی تێدایە!
هەر بۆ تەحریم و قەدەغەکردنی کتێب، لیستی ناوی کتێب زۆریش ئامادەیە تەحریم بکەن.
ئەوەی بەختیارییە، نووسەری کتێبی هەزار و یەک شەوە دیار نییە و نەماوە و ناناسرێت، تا راپێچی دادگای بکەن... کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆکێکی میللی هەستیار و سیحری و سەرنجی خوێنەران رادەکێشێت، گچکە و گەورە ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەن، لەلایەن ژن و پیاوان ئەوە نزیکەی هەزار ساڵە، هەتا ئیمرۆش کتێبێکی ویستراو و دڵخوازە.
زەمەنی ئەو حیکایەتانە، دەگەڕێتەوە سەرەتای خەلافەتی عەباسی، بەتایبەتی سەردەمی هارون ئەلرەشید.
دیارە کە بزاڤی مێژووی هزری، بە بازنەیەکی لوولەیی دەگەڕێتەوە دواوە... دەگەڕێتەوە رۆژانی زۆر دوور... داواکردنی قەدەغەکردنی کتێبێک، سەدان ساڵە دەخوێندرێتەوە و دەستاودەستی کردووە، بەڕاستی مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕییە، دیارە کە هەندێ لەو خەڵکە چەند شێواو و رووخاو و گەمژەن.

## ٢

لە ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٧ی زاینی لە کوردستان چەندین کتێب، دوور لە رووناکی و لەبەرچاوان رووبەڕووی کارەسات و فەوتان هاتوون... لەودەمانە رەوشەکە کەوتبووە نێو ململانێی ناوخۆ و ئەزموونەکەی کوردستان ماندوو کرابوو، بۆیە دەستەیەک لە ئیسلامییە توندڕەوەکان و لەگەرمەی ناکۆکی حزبەکان، دەستدەکەن بە کۆکردنەوەی ژمارەیەک کتێبی کوردی و بەنهێنی دەیگوازنەوە شاری هەولێر و بەبیانووی کوفر و ئیلحاد و ... دەیانسوتێنن. لەو کتێبانەی بەر ئەو هەڵمەتە دەکەوێت، رشتەی مرواری زانای گەورە عەلادین سوجادی بوو، کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بڵاوکراوەتەوە، بیانووی سوتاندنی ئەو شاکارەش بوونی هەندێ دەستەواژە و بڕگەی رووت و کوفر، لە ژمارەیەک لە دەقەکانی ناو کتێبەکەیە! ئەوانەی لە ئەدەبی کوردی شارەزان و دەخوێنەوە، دەزانن عەلادین سوجادی زانایەکی گەورەی ئاینی و مامۆستایەکی زانکۆ بووە، کتێبەکە کۆکراوە و کەشکۆلی پەند و قسەی نەستەق و چیرۆکی میللی بەرئاگردانەکانە، لە مزگەوت و ماڵ و دیوەخانە میللییەکان گێڕدراونەتەوە.

ئازادی زۆرتر بۆ گوزارشتکردن

کە دەزانین لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٦ی زاینی چ لە کتێبە کوردییەکان دەکەن، بیرمان لەوە کردەوە دووبارە کتێبەکان چاپ بکەینەوە، بەتایبەتی بەرگەکانی رشتەی مرواری، لەناکاو بۆمان دەرکەوت، دەزگایەکی پەخشی ئێرانی بە بەرگێکی قەشەنگ، کتێبەکەیان چاپکردۆتەوە، سەدان دانەی ئەو کتێبەمان بینی، بۆیە لە کردەوەی گروپە ئیسلامییەکانی کوردستان، زۆر تووڕە بووین کتێب دەسوتێنن و تەحریمی دەکەن، لەولاشەوە کۆماری ئیسلامی هاوسێمان، دووبارە هەمان کتێب چاپدەکەنەوە و بڵاویدەکەنەوە.
بۆیەش من دەڵێم بزاڤی زەمەن و هزر، هەندێجار بە جووڵەیەکی لوولەیی و لار و بەپێچوپەنا دەخولێتەوە؟ بڕوامەکەن بگەڕێتەوە و بەشێوەیەکی کاتیش بوەستێت، لە گەڕانەوە بەرچاوەکەی نائومێدیش مەبن. ئەگەر هزرەکان لە شوێنێک بشاردرێتەوە و ون بکرێت، ئەوە لە شوێنێکی تر، بەبەرگێکی تر و جوانتریش دەردەکەوێتەوە.
بۆیەش لەو ساتەوە بیر لەوە دەکەمەوە، قەدەغەکردنی کتێب و وتار و شرۆڤە و فیلم یان گۆرانییەک سوودی چییە، لەو نزیکانە رێنمایی و یاساکان هەمواردەکرێنەوە، هەموو هێڵە سوورەکان لەبەردەم و لەپشت هیچ  هزر و نووسەرێک نامینێت.... تاکە بەربەست و قەدەغەش بمینێت لاسارییەکانی ئازادییە! سەرکوتکردنی بوارەکانی ئازادی و رادەربڕین و هزر سوودی نییە.
ئەوەی ئیمڕۆش قەدەغە بکرێت، بەیانی ئازاد دەبێت. بوارەکانی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر و پەیوەندییەکان، دەبێتە پەنجەرەیەکی فراوان و کراوەی دواوە و پشتەوەی دەرچوون و دەربڕینی ئەوانەی دەرگا و دەروازەیان لەسەر دادەخەن.
لە ئەمریکا داوای زۆرترین ئازادییەکان دەکەن، دەیانەوێ ئامرازەکانی ئەو ئازادییە بکەنە بنکە و بنچینەی سەروەرییەکانی دەرەوەیان. دیڤید ئاگناتیوس لە واشنتۆن پۆست، وتارێک بەناوی (پێویستییەکانی ئازادی بڵاوکردنەوە لە جیهان) دەنووسێت، لە رۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت لە ژمارەی رۆژی ٢١ی ئەپریلی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات، بەرپرسە ئەمریکییەکان دەبێ ئەو کتێبە نوێیە بخوێننەوە، کە باسی ئەو هزرە دەکات، هەژموونی ئەمریکا لە سەدەی بیست و یەک و سەدەی بیستەم لەوەدایە، چەمک و ئامرازەکانی هەمواری یەکەمی دەستووری ئەمریکییە، بۆ هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە بڵاوبکەنەوە. کتێبە نوێیەکەی ئاماژەی پێدەدەن، لەلایەن بولینگر سەرۆکی زانکۆی کۆلۆمبیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نووسراوە، تێدا داواکارە ئازادییەکانی میدیا زۆرتر بکرێت و بڵاوکردنەوە بوارەکانی کراوەتر بن. دیارە مەبەستیانە ئەو ئازادییەی لەوێ هەیە، هێشتا کەمە و پێویستە زۆرتر دەروازەکانی والابکەنەوە، وەک ئازادییەکانی میدیا و چاپکردن و بڵاوکردنەوە و بە هەموو شێوازەکانی، بیستن و دیتن و خوێندنەوە. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە لەو سەردەمە

جیهانگیرییە، پێویستمان بەوە هەیە بنچینەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوە زۆرتر بکرێت، تا ئازادییەکانی بڵاوبوونەوە و گەیشتن زۆرتر و ئاسانتر بێت. بەڵام حکومەتە زۆردارەکان هێشتا دەست و هەژموونیان بەسەر ئەو لایەنە داگرتووە و ئازادییەکانیان کۆنترۆڵکردووە. بەپێی ئاماژەی ئەو سەرچاوەیە، بولینگر نووسیویەتی:

مەبەست و ئامانجی ئازادی میدیا لە گۆڕەپانی جیهانی، ببێتە ئامانجێکی سەرەکی و بکرێتە بنچینەکانی کۆمەڵگای جیهانی. هەروەها نووسیویەتی:

حکومەتی ئەمریکی بڵاوبوونەوەی دەرچوون و گەیاندنی ئازادی زانیارییە ئەلکترۆنییەکان، بخاتە سەرشانی خۆی، وەک چۆن ئەستوولی ئەمریکی لە قووڵایی دەریاکان ئازادانە دەسوڕێتەوە.

جوانییەکانی بوون

١

بەیانییان لە گیا و رووەکە خۆڕسکەکان بۆنی سازگار پەخش دەبێت، داربەڕووەکان لقە زراڤ و گەڵا تەڕەکانیان، بەرەو ئاسمان پەخشان دەکەن، دوو بولبولی کێوی لەسەر دارتێل و سیمەکانی نێوان دوو خانووەکە هەڵنیشتبوون، یەکێکی تریش، یەکێکی تریش هەڵدەنیشێت و زۆرتر دەبن...

بەیەکەوە ئاوازێکی سازگار دەخوێنن، نەرم نەرم دەخوێنن، ئاوازەکە تەواو دەکەن و بەرەو چەمەکە هەڵدەفڕن، لە ئاسمان دەگەنە رەوە کۆترێک، جۆگە ئاوەکە بەناو کەژ و گیا و دار و دەوەنەکان دەڕوات، دەگاتە ناو بەرد و زیخ و چەوەکە و بەرەو چەمەکە دەڕوات...

ئەگەر سامالْ بێت، تەم ئاسمانی نەگرتبێت، ئەو دیمەنە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

لەسەر بەرزایی چیاکانیش، هەور باوەش باوەش کۆدەبنەوە و با و سروەش دووریان دەبات و بەئاسانی دەڕۆن...

هەموو شتەکان ئاسان و بێ ئازار بەرێوە دەڕوات، سروشت کێشە و لاساری و تەگەرەی تێدا نییە، خنکان و وەستان و پاڵەپەستۆش نییە.

٢

لەودەمانە، شکان و شەپۆڵ و هەڵچوون و گرژییەکان، دەتوێنەوە، لەناخی درێژایی دوێنێ کۆدەبنەوە، تێدا باسک و شانی کێشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ژەنگی نیشتوو و پاشماوەی خاشاکی رق و کینە، هەندێک لەو خەڵکە دەمگرێت و دەمهەژێنێت.
لەودەمانە هەست دەکەم ئازار و خەم و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکەکە، خاودەبنەوە و کەمێک ئاسوودە دەبنەوە و نامینێن... ئیتر جارێک و دوو جار و هەتا هەزار جاریش، هەست دەکەم کێشە و تەنگژە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکەکە، گەردەنمان دەگرن، بۆیەش دەبێ کۆشش بکەین دەربازمان بێت و خۆمان لەو بازنەیە دەربچین.
هاوڕێیەکەم وتی:
جەنجاڵییەکانی ئەو زەمانە، بێ هۆکار و مەرج بەردەوام ئاڵۆز و شپرزەتر دەبن، دەروازە و بوارەکانی جوانی بوونمان لەسەر دادەخەن.

نازناوی ئەمیر چەند هەرزان بووە؟!

لە وڵاتی عیراق چەند ئەمیر هەیە؟
رۆژانە و بەردەوام گرتنی ئەمیرێکی رێکخستنی ئەلقاعیدە رادەگەیێندرێت. ئەو وڵاتە لانە و ژینگەی چی بووە؟! دیارە رۆژانە ئەمیرمان بۆ هەڵدەهێنێت، دەگیرێن و نازانین چییان بەسەردێ، چۆن دادگاییان دەکەن.
سێ سەد ساڵ پێش ئێستا، ئەوروپا پڕ بوو لە بەگزادە و شازادە، ئەوانە کاربەدەستی هەرێم و شار و هەواری دیار و زانراو بوون.
بەڵام ئەمیرەکانی تاریکی، حوکمی رووبەر و ناوچەی نادیار و شاراوە دەکەن و سنووریان دیار نییە!
بڕواناکەم ژمارەی ئەمیرەکان ئەوەندە زۆر بێت، رەنگە زۆر بن، ئەگەر نازناو و پۆستی ئەمیر بدرێتە هەموو کەسێک و هەرزانفرۆش کرابێت... نازناوەکە دەدرێتە ئەو کەسانەی دەکوژن و توندکار و توندڕەون؟

چەندین سەدەیە، لە عیراق سەرۆک عەشیرەت و هۆز هەر هەبووە. دەزانین دەوڵەت و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان، پێویستیان بە دەسەڵات و پلە و سەرکردایەتی و والی هەبووە، چاو و پاسەوانیان بۆ بەرگری هەبووە، هەرێم و باخ و گوند و سەرچاوەکانی ئاویان وەک خەڵات بەخشیوە... ئیتر بەو شێوەیە موڵکەکان بوویتە میرات.

لەگەڵ رێزی زۆرمان بۆ هەموو مرۆڤێک، ئینجا لە کام پلە و پۆستێک بێت، یان ئەوانەی تا ئیمڕۆش پۆست و ناو و مافەکانیان ماوە، لێرە مەبەستم کەس نییە، نامەوێ باسی کەس بکەین، ئەوەش مەبەستی ئێمە نییە، هەموو کەسێک جاران حورمەت و شکۆداری هەبووە و ئێستاش هەیەتی و شەرعیەتی موڵک و ناوەکانیان مافی خۆیانە.

بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمانە، سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چەمک و بەهاکانە... مانا و بوونی نازناوە کۆمەڵایەتییەکانە.

نازانین ئەو زەمەنە جیوەییە، هەتا کێندەرێمان دەبات... زەمەنە بۆرەکە!

ئێستا دەبێ چ بگۆڕین و سیستەمە سیاسییەکەی عیراق چۆن دەگۆڕێت، لەناکاو سیاسەتمەدار و دەسەڵاتداری سیاسی وامان بۆ پەیدا دەبێت، دووبارە چەمک و سیستەمە سیاسییە ئەخلاقییە کۆنەکان زیندوو دەکەنەوە، بۆ سەرۆکە کۆنەکان پۆشاک و بەرگی نوێ دەچنن، تەنها بۆ وابەستەیی و پاشکۆی سیاسی!

ئەوەش هێمای ئیفلاسبوون و دەرچەکانی کارەساتی لێدەکەوێتەوە، وەک چۆن لە سیستەمی دارایی ئەمریکی و خۆرئاواییش، گەندەڵی و فێڵبازی و دزی و ساختەکاری لێدەکەوێتەوە، بەرهەم و دەرکەوتەکانی ئەو سیستەمە، تەقینەوە لە بانک و کۆمپانیا و سستبوونی بۆرسەکان ... هتد!

لێرەش دەستە و گرووپی کۆمەڵایەتی بە پشتیوانی کاربەدەستە نوێیەکان، سەرکردەی حزبەکان پەیدابوون، لیستی ناوی ئەمیرەکانیش، جۆرێکە لەو پێشهات و دەرئەنجامانە، ئەوەش فێڵی سیاسییە، بەسەر یەکتری دەیکەن، بەپێی لیستەکان لە عیراقی ئیمڕۆ لیستی ناوی ١٥٠ ئەمیر بڵاوکراوەتەوە، ناو و ئەدرێسیان دیار و بەرچاوە، کەسانی بەخشندە و بەرێز و دیارن، ئەمیرن و لەگەڵ جیاوازی زۆریش لەگەڵ ئەمیرەکانی ئەلقاعیدە.

جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان

کەش و دۆخی کۆمەڵایەتی هێشتا لە عیراق ئارام نەبووە.

پۆلینی هەموو ناو و نازناو و ناسینەکان، هیشتا زووە و کاتی نەهاتووە.
ئەوەی بەپێی دەستوور و دابونەریتە دیموکراسییەکان دەزاندێت، هاوڵاتی بوونی هەیە... پەیوەستبوون و پێشەنگییەکان بۆ مافی هاوڵاتیبوونە، ئەوەش دوورە لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بڕوای ئاینی و نەتەوەیی و جوگرافی و ئەوانی تریش.
ئەوەش مانای ئەوەیە، نێر و مێی هاوڵاتیان لەبەردەم یاسا و لەبەر دەروازەی هەموو مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن، لەبەر حەزرەت و شکۆی سەندوقەکانی دەنگدان یەکسان و هاوسەنگن.
ئەو سەندوقانەی لەلایەن هاوڵاتیانەوە پڕدەکرێنەوە، ئەوانە نازناو و پێگە و پۆستەکان دیار دەکەن، ئەوانە پەرلەمانتار و وەزیر و بەرپرسە دیار و باڵکێشەکان، هەر لە پۆستە نزمەکان تا ئاستە باڵاکان دیار و دەسنیشان دەکەن...
کار و وەزیفەی مەدەنی، دووبارە پێگە کۆمەڵایەتییەکان ریزبەند دەکاتەوە... ئەوەش مانای ئەوەیە، ئەمیر و گەورەی عەشیرەت و هۆزەکان، وەک چۆن ژمارەیەک خەڵکیان چەواشە کردووە و بەناوی خۆیان، لیستیان داناوە و خەڵکیان لەدوای خۆیان ریزکردووە، ئەوانیش هاوڵاتی ئاسایین، لەبەردەم مەرج و رێسا کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی دیموکراسی بەرپرسن.
ئەگەر زانایەکی گەورەی وەک عەلی ئەلوەردی، بۆ توێژینەوە لە رەوشی جڤاتی عیراقی دووبارە دەردەکەوێتەوە، هەموو زاراوە و چەمک و دەرچەکانیان پۆلین دەکاتەوە، ئینجا بۆ یەکەمین جار ئەو کۆمەڵگایە، لە تاریکییەکانی سەدەکانی رابردوو دەربازی دەبێت، بە ئاکارێکی پاکی بێگەردی رووبەڕووی جیهان دەبێتەوە، پڕ بەدەنگی خۆی دەڵێت:
ئێمەش وەک ئێوە مرۆڤین، هەموو دەرچە و دەسکەوتە بەخشندەکانی ژیانی دیموکراسی بۆمان دەخوڵقێنن، سازین.
جیاوازییە چینایەتییەکان، بەیەک هەنگاو ناڕەونەوە، توێژی هەژار و دەوڵەمەند و خۆشگوزەرەکان هەر دەمینێن، میراتی هەزارەها ساڵ و زۆریش ناکەوێت و سیس و رەش نابێتەوە.
هەموو کەسێک، تا رادەیەک مافی هەیە بە کۆشش و بەپێی بەهرە و وزەکانی بگاتە ئاست و مەقامی شایستەی خۆی، ئەگەر زۆریش نمونەیی و رەهاش نەبێت!

دۆزینەوەکانی بواری فەزا و گەردوون، بۆچوونەکانمان لەسەر گەردوون دەگۆڕێت.
بۆ یەکەمجار، ناسای ئەمریکی، پاش تێڕامان و چاودێری دیاردەکانی خۆر، دیاردەی وامان نیشان دەدات، سەرسام دەبین، هەرگیز قسە و باسی وامان نەبیستبێت. وێنەکان دیاردەی نوێمان لەسەر خۆر نیشان دەدات، تا رادەیەک بۆچوونەکانمان لەسەر خۆر و کاریگەرییەکانی لەسەر کەشوهەوای زەوی بگۆڕێت، بۆچوونەکەش پابەندە بە راپۆرتەکەی ناسا.
بابەتەکە، دەبێتە مایەی رامان و چاودێری روانگەکە، کە باس لە بوارەکانی موگناتیسی خۆر و رۆڵی کیمیایی و کەشوهەوای فەزای زەوی دەکات.
ئەگەر بۆچوونەکانمان، لەسەر رۆڵی خۆر و کاردانەوەکانی بگۆڕێت، ئەوە رەنگدانەوەی لەسەر چەمک و بەها کۆمەڵایەتییەکانیش دەبێت. بەر لە چەند سەدەیەک، کوپەر نیکوس و گالیلۆ و زاناکانی تر بەشێوەیەک لە شێوەکان، تێگەیشتنی ئێمەیان لەسەر پەیوەندییەکانی هەسارەی زەوی لەگەڵ خۆر و هەسارەکانی تر دەگۆڕێت. ئەوەش شۆڕشێکی مەزنی هزری و کۆمەڵایەتییە، نەک پرۆسەیەکی فەلەکی بێت و بەس.

## ٢

هەموو بونەوەرێکی زیندوو، بونەوەرەکان، بواری موگناتیسی تایبەتییان هەیە، وەک چۆن خۆر هەیەتی. بوارە موگناتیسییەکان، بە پاڵدان و گەڕانەوە ئاوێتە دەبن... جولەی ناوەوەی ناوک و بەشە بچووکەکانی، جولە خێراکانی ناو بازنە و بوارە موگناتیسییەکانە.
هەندێک لە توێژەرەکان دەڵێن، بەشێک لە خەڵکی دەگمەن و ناوازە، وزە و تاقەتی ئەوەیان هەیە، بوارە موگناتیسییەکانی چواردەورەی جەستەی مرۆڤێکی تر و بونەوەرێکی زیندووی تریش ببینن، دەتوانن خاڵەکانی نەخۆشی و کەماسییەکان، لە خاڵە بۆرەکانی دەرچوو لەو بوارە ببینن و دەستنیشان بکەن...
زانست لەوەیان پێشمان دەکەوێت، نهێنییەکانی ئەو بوارە موگناتیسییەی چواردەورەی جەستەی زیندوو دەدۆزنەوە، هەتوان و دەرمانیش بۆ ئەو دەردە دەدۆزێتەوە.
گەشەی زانستی نەک بەرەو دۆزینەوەی نهێنییەکان، لە فەزا بەرینەکە و هەسارەکانمان دەبات، لەوەش زۆرتر بەرەو بوارە نزیک و ئاوێتەکانی تریشمان دەبات.
ئیتر بوون، دەبێتە کتێبێکی کراوەی بەردەم دیدی بینەرەکان، هەسارەی خۆریش دەبێتە لاپەڕەیەک لەو کتێبە گەورەیەدا.

داهێنان فرەکاروانە

شیعر فەلسەفە و حیکمەتە.
بەڵام زۆریش وادەزانن، شیعر دەمەقاڵێ و خشتەی وشە یەکتربڕەکانە.
ئەوە لەناو ڕۆشنبیری عیراقی، هەروەها لەناو ڕۆشنبیری کوردیش، ڕەنگە ئەوەیان لەبەر کاریگەری یەکەمیان بووە، شیعر دەبێتە ناونیشانی یەکەم و ناوی دیاری ڕۆشنبیری... بۆیەش، بەدرێژایی ساڵانی سەدەی بیستەم، کۆڕە ڕۆشنبیرییەکان، کەمتر بایەخ بە شیعر دەدەن، ئەدیب و توێژەر و نووسەران زۆرتر باسیان دەکەن، بۆیەش مرۆڤ وا هزر دەکات، شیعر تەنها داهێنان و ڕۆشنبرییە، لایەنەکانی تری شیاوی باس و سەرنج نییە.
هاوڕێیەکی عیراقی باسی ئەو بابەتەی بۆ کردم، بەرەو پەنجەرەیەکی نیگا و سەربردەیەکی تری ڕۆشنبیری بردم، وتی:
ئێمە لە عیراق، شاعیرەکانمان زۆر هەڵکێشا و بەرزمان کردنەوە، ئەوانمان لەسەرووی زانا و نووسەر و توێژەرەکانی وەک عەلی ئەلوەردی و مەستەفا جەواد و زۆری تریش دانا.
لە بوارەکانی ڕۆشنبیری کوردیش، ڕەنگە لاسایی ڕەوشی ڕۆشنبیری عیراقی بکەنەوە، شاعیرەکانمان، زۆر لەسەر ڕۆشنبیر و زاناکانمان باڵاتر دەکەن، کەسانی وەک پیرەمێرد و عەلائەدین سوجادی و محەمەدی مەلا کەریم و دکتۆر کەمال مەزهەر و زۆرتریش.
ئەوانە و هاوڕێ و زاناکانی تریش ڕۆشنبیری کوردییان زۆر دەوڵەمەند کردووە، ئەگەر لەبەر ئەوانە و زانیارییەکانیان نەبوایە، شیعریش ئەوەندە گەشەدار نەدەبوو.
بەڕاستی لە سەدەی بیستەم، کورد تەنها سێ چوار شاعیری شیاوی مەزن و گەورەی هەبووە، ئەوانەی کە حەقیان بە شیعر داوە، ئەوانی تر کەسانیک بوون لاساییان کردیتەوە، یان شیعران هۆنیوەتەوە (ئەوەش جیاوازی داهێنانی شیعرییە) یان ئەوان رستەی رازاوە و درەوشاوەیان ریزکردووە، کە دوور و ڤاڵایە لە داهێنان و بلیمەتی.
وادەزانم لە عیراق سیاسەت، لەوەیان کەمتەرخەمە، ئینجا لە کوردستانیش.
زێدەڕۆیی لە وابەستەیی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، لەسەر حیسابی داهێنان و حیکمەت و سۆزی ڕۆحی بووە.

## بەشی سێیەم

## بەشی یەکەم

### کێشە کۆمەڵایەتییەکان و وەرچەرخانی داهاتوو

ئاسانکاری بۆ دەستی نێودەوڵەتی لە کاروبارە ناوخۆییەکان
سنووری نێوان دەستوەردانی دەرەکی و هاوکاری دەرەکی چییە؟
هەردوو سنوورەکە ئاوێتە و تێکەڵە، وابەستەییەکان ئاماژە و جۆری نێوان هەردوو سنوورەکە دەستنیشان دەکەن، ئایا ئەوەیان یارمەتی دەرەکییە، یان هاوکارییەکی بێ مەبەست و بەرنامەیە.
هەندێ لە دەستوەردانە دەرەکییەکانی سەردەمی شەڕی سارد، دروست و شایستە بوون، بە مەزندە و بۆچوونەکان بیانوویان هەبووە، لە هەردوو جەمسەر، خۆرهەڵات و خۆرئاواکە، ئەوە دەبێتە هەژموونی دۆستایەتی و هاوکاری بەڕووی هەژموونەکانی خۆرئاوا، بەڵام لەدیوەکەی تر، دەبێتە پشتیوان بەڕووی مەترسییەکانی کۆمۆنیزم... هەردوولا وابەستییەکان بیانوو و قسەی خۆیان هەبووە.
بەڵام لە سەرەتای نۆهەدەکان، گۆڕانێکی ریشەیی دەبێت، دەستوەردانی دەرەکی لێرەولەوێ بە بریارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەبێتە بابەتێکی پەسند و پێویست. لایەن و دەوڵەت هەبووە، لەسەر خۆرهەڵات یان خۆرئاوا ئەژمارکراوە، کۆکە لەسەر دەستوەردانی دەرەکی گونجاو، بۆ بەرژەوەندی تایبەت، کە لەبەر پێویستی و مەبەستەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەربچێت، وەک چەسپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران، یان هەرەشە و فشارکردن لەسەر حکومەتەکەی عومەر ئەلبەشیر لە سودان، رەوشە تایبەتییەکانی ناو لوبنان و فەلەستین و ئیسرائیل، پێشهاتەکانی ئەفغانستان و عیراق.
کەشی پارادۆکسەکە، لە عیراق لەوەدایە، ئێمە دوێنێ داوامان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکرد هاوکارمان بن، میللەتەکەمان لەبن زەبر و زۆردارییەکانی رژێمە دیکتاتۆرییەکە دەرباز بکەن، ئەوەیان بۆمان کرد... ئێمە و زۆرینەی عیراقییەکان، داوای دەستوەردان و هاتنەژوورەوەمان کردبوو، بەڵام تیمێک لەو خەڵکە، پاش رزگاری و ئازادی عیراق، مانەوە و دەستوەردانەکە ریسوادەکەن و قبووڵی ناکەن، داوای بلەزی دەرچوونی هێزە دەرەکییەکە دەکەن.

بەڵام ئێستا، پاش قەیرانەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقی ساڵی ٢٠٠٩ی زاینی، رەوشەکە ئاوەژوو بوویتەوە، لێرە پارادۆکس و دژایەتییەکە دەردەکەوێت، یەکێک لە قەوارە براوەکانی پەرلەمان، داوای وەدەنگهاتن و یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی دەکات، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوخۆی عیراق، لەولاشەوە قەوارەیەکی تری براوەی هەڵبژاردنەکە ئەو داوایە و دەستوەردانە، رەفز دەکەنەوە، ئەوەش بە دەستوەردانی دەرەکی دەزانن. وەزیری بەرگری عیراقی لەساڵی ١٩٨٨ی زاینی، دژایەتی هەڵمەتی ریسواکردنی تاوانەکانی ئەنفالی ناوچەی بادینانی مانگی ئابی ئەو ساڵە دەکات، تێدا فرۆکە جەنگییەکانی عیراقی نۆزدە ناوچەی پارێزگای دهۆک و هەولێریان بۆردمان کردبوو، وەزیری ناوبراو بەناوی حکومەتی عیراقی پێشوو، دژایەتی هەڵمەتەکە دەکات، ئەوەش بە دەستوەردانی دەرەکی باس دەکات، هەڕەشە دەکات ئەگەر دەستبەرداری ئەو هەڵمەتە نێودەوڵەتییە نەبن، واز لە رژێمەکەیان نەهێنن و پێیان دەڵێت:

مێزەکەتان لەسەر وەردەگێرین. مەبەستی حکومەت و لایەنە ئەوروپییەکان بوو، ئەوەی من تێناگەم ئەوان چۆن دەیانتوانی مێزەکانیان بەسەردا وەرگێرن، سازش و دەستی حکومەت و کۆمپانیا ئەوروپییەکان، بۆ رژێمی پێشوو و ئاسانکارییەکانیان بۆ پەیداکردنی چەکی کیمیاوی و چەکە قەدەغەکراوەکان ئاشکرا دەکەن، نهێنییەکان باسدەکەن، کێشەکەش ئەوەیە؟

## گرفتە ناوخۆیی و تایبەتییەکان

من وادەزانم کێشە و قەیرانەکانی دەوڵەتەکانی جیهان ناوخۆییە نەک دەرەکی. رژێمی پێشووی عیراق، بەرپرسە لە تاوانەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کراوە، نەیتوانی بە پشتیوانی میللەتەکەی کێشەکان ئاشتییانە چارەسەر بکات، بە زەبری چەکیش، نەیتوانی شۆڕش لە چیاکان لەناوببات، بۆیە دواجار پەنا دەباتە بەر چەکە کۆمەڵکوژییەکانی قەدەغەکراوی جیهانی، بەوەش هەر نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێت و سوودی نەبوو، بۆیەش دەرئەنجام رژێمەکە رووخا.

ئەگەر رژێم کێشە و ئاریشەکانی بە دانوستان و رەهاکردنی ئازادییەکان و بەشداری میللەتی لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت چارەسەر دەکرد، پێویستی بەوە نەدەبوو رووبەڕووی فشارە گەورەکانی نێونەتەوەییش ببێتەوە.

دیاره لە هەموو تەنگژە چارەسەرنەکراوەکانی وڵاتان، بەرپرسە شکستخواردووەکان لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، دەستی دەرەکی تاوانبار دەکەن لە خولقاندنی کێشەکان و ئاڵۆزبوونیان، بەڵام هەموویان دەرچەی راستەوخۆی سیاسەتە شکستەکانی خۆیانە، کە ناتوانن کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکەن.

بەواتایەکی تر: کێشەی ئەنجامی هەڵبژاردنی عیراقی و سەرنەکەوتن لە پێکهێنانی حکومەتە نوێیەکە، قەیرانێکی ناوخۆیە. ئەگەرنا هیچ رۆژێک، لە هیچ کێشەیەک پێویستیان بە یارمەتی نێودەوڵەتی یان عەرەبی نەدەبوو، ئەوەش دەستوەردانی دەرەکی نییە، بە واتایەکی تر، ئەوە هەرەس و سەرنەکەوتنی ناوخۆیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانیان، ئەگەر بە خۆمان بتوانین کێشەکانمان چارەسەر بکەین، هەرگیز پێویستمان بە باسکردنی داوا و یارمەتی دەرەکی نابێت.

ئەدی بۆچی رۆژێک گوێمان لەوە نەبوو، قەوارەیەک، گروپێکی سیاسی یان حزبێک لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپی، یان کەندی و ئوسترالیا و ئەمریکی و هیند و زۆری تریش، داوای پشتیوانی نێودەوڵەتی بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە لۆکالییەکانیان... کە بریتییە لە تەنگژەی بەردەوام و کێشەی زۆریش، وەک کێشەی سیاسی و ئابووری و نەژادی و هی تریش؟

هۆکارەکە روون و دیارە، هەر چەندە گرفت و کێشەکان و ئاڵۆزییە لۆکالییەکانی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە رووبدات، ئەوان بەپشتیوانی دەزگا دەستوورییە جێگیر و بەها و کلتوورە دیموکراسییەکان، بە دانوستان، دەگەنە دەرئەنجام و چارەسەری گونجاو، پێویستیان بە یارمەتی دەرەکی نابێت.

کە رێسا بنچینەکان هاوشێوە و یەکە، مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێت:

بۆچی ئەو سیاسەتمدارە، یان ئەو قەوارە سیاسییە، کار و بەرنامەکانی خۆی لە رابردوو بە رەوا و دروست دەزانێت، لە رەوشی تریش ئەوەیان بە دەستوەردان و هەڕەشە و فشار لێکدەداتەوە؟!

ئەگەر لە رابردوو مافی ئەوەت هەبووبێت، داوای کۆمەک و پشتیوانی دەرەکی بکەیت، بۆ ئێستا ئەو پشتیوانییە بۆ خەڵکی تر قەدەغە دەکەیت؟

لەبیرمە ئێمە، لەو ساڵانەی لە ئۆپۆزسیۆن بووین، چۆن بوین، رەخنەمان لە جڤاتی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانیان دەگرت، گلەییمان دەکرد، بۆچی ئەوانە بۆ لابردن و سووککردنی مینەتییەکانی میللەتانی عیراق و دەربازکردنی میللەتەکە هاوکارمان نابن؟

چارەسەریش ئەوە نییە داوای دەستوەردانی دەرەکی یان نێودەوڵەتی بکەین، چارەسەر ئەوەیە وزە و تواناکانمان ساز بکەین، لەسەر ئەوەی یەکتری قبووڵ بکەین، رێزی مافە دەستووری و دیموکراسییەکان یەکتری بگرین، لەسەر دەستاودەستی دەسەڵات کۆک و هاوبیر بین.

سروشتی مرۆڤ و ڕێنماییە ئاینییەکان

کێشەکان لە ناوەرۆکی ئاین و ڕێنماییە بێگەردە مەزنەکانیدا نییە.
کێشەکە، لە سروشتی مرۆڤ و ڕەوشت و جۆرەکانی بیرکردنەوەیەتی، کێشەکە لە کۆشش و نیازی لێکدانەوە و بەقاڵبکردنی دەقەکان و ڕێنماییە ئاینییەکانە، بەمەرجێک لەگەڵ بەرژەوەندی و مەبەستەکانیان لە کات و شوێنی دیاریکراو بگونجێت.
لەو چەند هەفتەی ڕابردوو، بەدواچوونم بۆ هەواڵی شەرمەزاری چەند قەشەیەکی ناو کڵێسا کاسۆلیکی دەکرد، ئەوانەی بە دەستدرێژیکردنی سەر منداڵان تومەتبارکرابوون، پاپای ڤاتیکان لەگەڵ شەرم و خەجاڵەتی زۆرەوە، دان بە تاوانی ئەوان دادەنێت، داوای لێبووردن و نارەحەتی و ئەفسوسی بۆ دەکێشێت، داواکارە بەرپرسی ئەو کارانە سزا بدرێن.
ئەوەی ئاشکرایە ئاینی کریستیان دەستدرێژی و هەموو پێشێلکارییەکانی بۆ سەر مافی مرۆڤ و کەرامەتی تەحریم دەکات.
کڵێسای کاسۆلیکی لەگەڵ پابەندبوون بە ڕەوشتە بێگەردە پاکەکانی مەسیحیەت زۆر توندە. کێشەکەش لەناو ئاینی کریستیاندا نییە، لەناو سروشت و ئەخلاقی خەڵکەکەیە. پیاوانی ئاینیش توێژێکی کۆمەڵایەتی ناو جڤاتەکەن، یەکێک لەوانە لادەرە و کاری ناڕەوا دەکات، لە ڕێنمایی و پەیام و پیرۆزییەکانی کریستیانیەت لادەدات.
ئەوەش لە جیهانی ئیسلامی ڕوودەدات و دووبارە دەبێتەوە.
ئەگەر سەیری دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی ڕۆژی ٢٩ی ئەپریلی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی بکەیت، تێدا هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە، کە دادگایەکی دوبەی لە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، یەکەم دانیشتنی دادگایی بۆ مەلایەکی بە ڕەچەڵەک هیندی، کارکەر لە یەکێک لە مزگەوتەکان لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر منداڵێکی ئەمریکی دادەنێت... پێشتر میدیاکان باسی منداڵەکەی جەژنیان کردبوو، کە لەناو مزگەوتێکی ئەو ئیمارەتە، لەئاکامی دەستدرێژیکردنەکە منداڵەکە مردبوو.
لە ڕاپۆرتەکانی میدیاوە، دیارە کە دادگای تاوانەکانی دوبی بە سەرۆکایەتی قازی ئەلسەعید بەرغوس لە ڕۆژی ٢٧ی ئەپریلی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی دەست دەکات بە دادگاییکردنی مەلای مزگەوتەکەی بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵانە گیرابوو،، لەکاتی فێرکردنی قورئانی پیرۆز، مەلاکە یەکێک لەو دوو  برایە، دەباتە ژوورێکی لاچەپ و دەستدرێژی دەکاتە سەر.
ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت کۆتایی بەوە هێناوە، کە دۆسیەی منداڵەکەی جەژن تاوانبارە ئیماراتییەکە ر. ر. بەتاوانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵە پاکستانییە تەمەن چوار ساڵییەکەی، ناوی موسا موختار گیرابوو، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت، مەلاکە بەیانی ڕۆژی

جەژنی قوربان، لە یەکێک لە مزگەوتەکانی ناوچەی ئەلقەسیس لە ئیمارات دەستدرێژی کردبووە سەر منداڵێکی پاکستانی.
ئەو لاساری و بەدرەوشتییانە، مانای ئەوەیە رێنماییە ئاینییەکان و رێسا کۆمەڵایەتییەکان و بەها مرۆییە گشتییەکان، مرۆڤ لە لادان و دوورکەوتنەوە لە چێژە ناوازە ناسروشتییەکان دوورناخاتەوە، بۆیە دەبێ شرۆڤە و لێکدانەوەی رەوشی کۆمەڵایەتی، هەموو کەسێک بکرێت، ئینجا ئەو کەسە، لە چ پایەی ئاینی و کۆمەڵایەتییەکیش بێت، دوور لە سۆز و بانگەشەی قودسیەت و دەرکەوتنی پاکی و تەقواش.

## هاورێیەتی و هاوکاری

ژمارەی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد لەگەڵ میللەتانی تر بەرەو زۆربوون دەڕوات... لەوانە دۆستایەتی کوردی _ کۆری، کوردی _ تورکی، کوردی _ ئەمریکی، کوردی _ چینی، کوردی _ فەلەستینی و زۆری تریش لەو کۆمەڵانە بەڕێوەن.
ئەو کۆمەڵانە، ئەگەرچی نوێ و تازە و کەم ئەزموونیشن، بەڵام دیاردەیەکی ئەرێنی باشە بۆ پەیوەندی نێوان میللەتان.
لە بەغدا وەزارەتێک بۆ پشتیوانی و هاوکاری ئەو کۆمەڵە و سەنتەرە چالاکانەی بواری بزاڤی مەدەنی هەیە. حکومەتی هەرێمیش هاوکاری دەیان رێخکراو و سەنتەری کۆمەڵگای مەدەنی دەکات.
کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی _ تورکی بۆ ناسینی هاوبەشی نێوان کورد و تورک، گۆڤارێکی کوردی تورکی بەناوی دیالۆگ دەردەکات.
هەر لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم، لە رۆژانی شەڕە ساردەکە، چەندین کۆمەڵەی دۆستایەتی و هاوکاری لەنێوان میللەتان دادەمەزرێت، لەودەمانە زۆریش چالاک بوون، بەڵام سیما و مۆرکی ئایدۆلۆژی سیاسییان پێوە بوو، هەموویان ئاڕاستەیان حزب و کەسایەتییە چەپەکانی ناو وڵاتەکان بوون، لەبەر رۆشنایی سیاسەتێکی نەتەوەیی بەرووی ئۆردوگای خۆرئاوایی ئەمریکی کارکەر و بەرنامەرێژییان دەکرد.
لەگەڵ تەواوبوونی شەڕە ساردەکەش، چالاکی و بوونی ئەو کۆمەڵانەش کەم دەبێتەوە و لاواز دەبن، لەگەڵ گرژبوونی شەپۆلی چەپ و سۆسیالیستی لە جیهان، کۆمەک و پشتیوانی مەعنەوی و داراییان نامینێت، بۆیەش زۆریان هەر نەمان و رەشبونەوە.

کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی لەگەڵ میللەتەکان، سیمایەکی سیاسی و ئایدلۆژیی نییە، کۆمەڵەی گشتیین، بایەخ بە کلتوور و هونەر و پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان میللەتان دەدەن، بەڵام لەبەر کەمی و سستی پشتیوانییە داراییەکە، کەمی هاوبەشی خەڵکەکە و ئاشنانەبوونیان بەو جۆرە سەنتەرانە، کارەکانیان زەحمەت و قورسە.

جۆری چالاکییەکانیان، بەندە بە ئەزموون و کەسایەتی کارمەند و هاوکارەکانی، چەند ئەو ئەزموونە وەردەگرن و ئاوێتەی دەبن و دەتوانن پەیامەکانی بگەیێنن.

کۆمەڵە نوێیەکان، دەبێتە بژارێک بۆ دیالۆگ و تێگەیشتنی کلتوور و شارستانییەکان، ئەوەش ویستێکی پیرۆزی میللەتانە، ئەوانەی کەوتوونەتە ناو چەرخە ئاڵۆزەکەی گلوبالیزم و گەشەی زانستی و تەکنەلۆژیا مەزنەکە.

مەبەستم لەو باسە، سەرنجی حکومەت و دەزگاکانە، بۆ پشتیوانی ئەو کۆمەڵە و سەنتەرانە، کە کۆشش بۆ ئەو بەرنامانە دەکەن.

## ئاژاوەیەکی دروستکەر Creative chaos

### ١ _ ٢

ئایا ئەمریکییەکان لە عیراق شکان... ناوی چی لێدەنێن؟!

زۆریان ئەو قسەیە دووبارە دەکەنەوە، ئەمریکییەکان ناچارکراون بڕۆن، ڕۆیشتنی ئەوانیش مانای ئەوەیە ئەمریکییەکان لەساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ی زاینی شکاون.

بەردەوام پرسیارێکم لە هزردایە: هەرەسی ئەمریکییەکان و شکانی ئەوروپییە هەڤاڵبەندییەکانی لە عیراق، چ ناونیشانێکی هەیە؟! لەکوێ ئەوان شکاون؟! ئەگەر ڕۆیشتنیان لە عیراق شکان بێت، ئەوان کە هاتنە عیراق، بانگەشەی ئەوەیان کردبوو، لەو وڵاتە نامینێنەوە و دەڕۆن.

ئەوان لە سەرەتاوە وتبوویان، هاتووین و زۆر نامینێنەوە. ئەوان تەنها بۆ یەک نەبەردی هاتبوون، هاتبوون میللەتی عیراقی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەرباز بکەن.

بەڵام هەندێکیان هاوڕای بۆچوونەکانی من نین، دەڵێن ئەمریکییەکان داگیرکەر بوون، هاتبوون وڵاتەکە بۆ داگیرکردن داگیر بکەن... ئەوان مافی ئەوەیان نەبوو، دەست لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتەکە وەربدەن.

وەڵامدانەوەی ئەو قسە و بۆچوونانە، کاتێکی زۆری دەوێت، ئێمەش ئەو کاتەمان نییە، بۆچوون و رامانەکان، زۆر لەیەک دوور و جیاوازن.

دەکرێ بگوترێت، ئێمەی عیراقی هەر هیچ نەبێت زۆربەمان داوامان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردبوو، بۆ لابردنی رژێمی پێشوو یارمەتیمان بدەن، داوای دەستوەردانی دەرەکییمان کردبوو. لەگەڵ هەندێ لە بۆچوونە جیاوازەکان، پرۆسەکەش دروست وابوو. ئەوە روودەدات، هەندێک دەڵێن ئایا ئەوە راست بوو یان هەڵە بوو. بەرژەوەندی و بۆچوونەکان فرەئاراستەیە. کەسیش ناتوانێت زێدەڕۆی لەسەر ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی بکات. هەندێک لەوانەی خۆیان بە وڵاتپارێز دەزانن، بەڵام ئەوانە، هۆکاری رووخان و کاولبوونی وڵاتەکەن.

دەگەڕێمەوە ناوەڕۆکی باسەکەی ئیمرۆم: هەرگیز ئەمریکییەکان لە هیچ وڵاتێک نەماونەتەوە، پاش تەواوبوون و کۆتایی نەبەردییەکانیان، کە داوایان لێکراوە گەڕاونەتەوە وڵاتەکەی خۆیان، وەک: لەکاتی شکان و هەرەسی نازییەکان، فاشییەکان لە ئەلمانیا و ئیتالیا، پاش کۆتایی هاتنی هەژموونی سەربازی لە ژاپۆن، راگرتنی هێرش و پەلاماردانەکانی کۆریای باکوور بەرەو باشوور، نەمانی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی ئەمریکای لاتینی... هتد!

لەوەش مەبەستم نییە، بڵێم ئەمریکییەکان دلۆڤان و فریشتەن و جیهان رزگار دەکەن. ئەوانیش بەرژەوەندی و مەبەستی خۆیان هەیە، کۆشش دەکەن ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، بەپێی پێوەرەکانیان هەڕەشەیان لەسەر بێت، بەڵام! رژێم و حزبە توندڕەوە بەدکارەکان پێش ئەوەی هەڕەشە لەسەر دەرەوە بکەن، لەسەر میللەتەکانی خۆیان دەکەن.

هەر چەند قسە لەسەر بیانوو و بەرنامەکانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکی جۆرج بۆش و یاریدەرەکانی، لەسەر لێدانی دامودەزگا و هێز و بارەگاکانی رژێمی پێشووی عیراقی و شکانی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی بکرێت، ئەوان کار و بەرنامەی خۆیان بەسەرکەوتوویی تەواو کرد.

کە قسەش لەسەر هەرەس و سەرنەکەوتنی هەر کار و چالاکییەکیش بکرێت، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کار و نەبەردییەکە لەسەر ئەرز چۆن دەکەوێتەوە.

ئاژاوەیەکی دروستکەر

## ٢ _ ٢

ئەگەر بەپێی نەخشە و پلانە دیارە راگەیاندراوەکان بێت، بڵێین ئەمریکییەکان رژێمی سیاسی عیراقی توندکاریان لەناوبرد و روخاندیان، بە بۆچوونی چاودێر و شرۆڤەکاران و ئۆپۆزسیۆنی عیراقی رژێمەکە ببووە سەرچاوەی نیگەرانی و هەڕەشە و ترسی ناوچەکە.
بە پێوەرێکی تر، ئەمریکییەکان کەشێکی دیموکراس و ئازادیان لە عیراق خوڵقاند، توانیان خەون و کۆششی ئەوانەی دەیانویست رژێمەکە لە رووخان بپارێزن، لەبارببەن و لە مەیدانەکە دووریبخەنەوە.
هەر بەو پێوانەیە ئەمریکییەکان شتێکی مەزنیان کرد، بەرنامە و رێباز و بزاڤەکەیان، گۆڕانێکی مەزنی خوڵقاند بۆ سەرهەڵدان و پەرەپێدانی بزاڤەکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، نەک لە عیراق لە هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش.
هەموو سیستەمەکان کەوتنەخۆ بۆ ئاڵوگۆڕ، هەر وڵاتە و بەشێوە و پێوەرێک کەوتنە ناو شەپۆڵی دیموکراسی ئازادی جیهانی، بیری گلۆبالیزم و لامەرکەزیەت و فیدراڵی لە بەڕێوەبردن گەشە دەکات، دان بە مافی رەوای کەمینە و میللەتانی تر دەنێن، ئەوەش وا لە تورکیا دەردەکەوێت.
دەرچە و ئەنجامی باشی بوونی ئەمریکییەکان لە ناوچەکە دەردەکەوێت و سوودی دەبێت.
لەگەڵ بوونی بۆچوونی جیاوازی زۆر، لەسەر ئەو بابەت و رۆژەڤەکە، من وادەزانم حکومەتی ئەمریکی و ئامادەییە گەرم و چڕەکەی لەو ناوچە، لەپاش ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی هەست دەکەم روو و پێشهاتەکانی بەیەکجاری ناوچەکە دەگۆڕێت... سەرەتا گۆڕانەکان لە عیراقەوە دەستپێدەکات و رەوشە ناوازەکان دەگۆڕێن، کە ماوەی شێست ساڵ درێژەی هەبووە، عیراقی ئیمڕۆ لەگەڵ عیراقی پێش ٢٠٠٣ی زایینی جیاوازی زۆرە، گوێمان لە دیالۆگ دەبێت، دەزانین خەڵک گوێ لە بۆچوونی بەرامبەرەکانی دەگرێت، هەڵبژاردنی ئازاد و ئازادییەکانی رادەربڕین و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆ، لەو رۆژگارە بەدی دەکرێن... من دەڵێم: ئەو دەنگە جیاوازەی ئیمڕۆ لە میزوپۆتامیا دەبیستین، زۆر جیاوازە لە دەنگەکانی پێشوو.
هزری فرە بۆچوون و هزرەکان لە ناوچەکە بڵاوبۆتەوە و ئاساییە.
سەرۆکی پێشووی ئەمریکی جۆرج بۆش و یاریدەرەکەی، وتوویانە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بەرەو دیموکراسیەت دەڕوات، ئەوەش لە بەشێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەدی دەکرێن و هاتووتە ئاراوە.
کەواتە هەرەس و شکانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە لە چیدایە؟!
یان دەکرێ باس لە رۆژەڤەکە بە پێوانەیەکی تر بکرێت، ئەویش قازانج و زیانە. میللەتانی ناوچەکە قازانجیان کردووە، بەڵام رژێمەکانیان زیانیان بەرکەوتووە. ئەمریکییەکان بە تاک و کەس و ئابووری زیانیان لێکەوتووە و باجی گرانیان داوە، بەڵام بە فەراهەمکردنی ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی خزمەتی ناوچەکەیان کردووە. ئینجا خەڵکەکە هەستی پێدەکات یان لەوەیان بێهۆشە، مەبەستیان لەو هزر و بۆچوونە هەیە، یان بەرەمەکی رۆژەڤەکە هاتووتە

ئاراوە!؟ یان ئەوەی روویداوە، گوزارشتە لە ئاژاوەیەکی دروستکەر، وەک چۆن وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکی (رایس) ناوی بردبوو؟!

لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی

کێشە کۆمەڵایەتییەکان، زۆرجار لە نووسینەکانم هەڵوەستەی لەسەر دەکەم، دەزانم ئەو کێشەیە رووبەڕووی عیراقییەکان دەبێتەوە و زۆریش دەبێت، بەتایبەتی کە هەژاران ژمارەیان زۆرتر دەبێت، بەپێی سەرژمێرییەکان ژمارەی هەژارەکانی ئەو وڵاتە، دەگاتە نزیکەی حەوت میلۆن کەس... لەگەڵ ئەوەش ژمارەی بێوەژن و منداڵی بێ باوک و کەمئەندامەکانیش بەرەو زۆربوون دەچێت.

لەگەڵ زۆربوونی تەقینەوەکان و بەردەوامیان لە بەغدا و موسڵ و شارەکانی تر، کارەساتە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو زۆربوون دەچێت، بەتایبەتی بە نەمان و کوژرانی سەرپەرشتی خێزانەکان. پرسیارەکەش ئەوەیە، کێ لە بەخێوکردنی ئەو منداڵ و ژنانە بەرپرس دەبێت، قوربانییە مەدەنییەکان کێ نازیان هەڵدەگرێت؟

لەو رەوشانەدا تەنها ئەندام و پیاوانی دەزگاکانی پۆلیس و سوپا و فەرمانبەرەکان قەرەبوو دەکرێنەوە.

ئەوەی رۆژانە لە بازاڕەکان کاسبی دەکەن، شوفێرێک، یان هاوڵاتییەک فەرمانبەر و کارمەندی میری نەبێت، هیچ لایەنێکی حکومی ئاوڕێک لەو توێژە ناداتەوە، ئەوانەی دەکوژرێن و خێزانی بچووک و گەورە لەدوای خۆیان جێدەهێڵن، هەموو دەسکەوتەکانیان لەکیس دەچێت و وەک کارمەندەکانی حکومەت نین، ئەوانە و خێزانەکانیان لە دووسەرە زیانیان بەردەکەوێت:

یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان دەمرێت و سەرچاوەی ژیانیان نامینێت، کە بە ئارەقەی نیوچەوانی کەسە قوربانییەکە پەیدا دەکرا.

لە هەندێ شوێن و لە هەفتەکانی یەکەمی رووداوی کارەسات و تەقینەوەکان، ئەوانە بە پارەیەکی کەم قەرەبوو دەکرانەوە.

بەڵام نەبوون و دەرنەکردنی یاسایەکی نوێی خانەنشینی لە عیراق بۆ قوربانییەکانی تەقینەوە و شەڕ و خۆکوژییەکان، مەسەلەیەکی هەستیارە، ئەوانیش وەک قوربانییەکانی شەڕی ئێران عیراق، پێویستە چاودێری گونجاوی خێزانەکان بکرێت.

ئەوەش مانای ئەوەیە، بەو کارەساتە کۆمەڵایەتی و ئەمنیانە، سوپای بەلەنگاز و داماوەکانی ناو عیراق زۆرتر دەبێت.

راستییەکی روون هەیە، دەوڵەت لە هەموو هاوڵاتیان و ژیان و ئایندەیان بەرپرسە، ئینجا ئەوانە کارمەندی دەوڵەت و دامودەزگانی بن، یان کاری ئازاد و کاسبیماڵی خۆیان بکەن و رۆژانە لە بازاڕ و کارگەکان ژیانی خۆیان دابین دەکەن.

ئەوەیان کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەبێ بەزووترین کات چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، خێزانەکانی کەسێکیان دەبێتە قوربانی رووداوەکان، دەبێ بە پارە و پشتیوانی و چاودێری یارمەتیان بدرێت، وەک قوربانییەکانی شەڕی ئێران عیراق و قوربانییەکانی سەردەمی رژێمی پێشوو. دیارە خێزان و کەسوکاری زیندانی سیاسی و دیل و بێسەروشوێن و کەمئەندام و ئەوانەی بەختی ئیش و خوێندن و ژیانی کۆمەڵایەتییان لە سەردەمی رژێمی پێشوو نەبووە، ئەوانەی لەودەمانە راودەنران و سەرگەردان دەبوون، ئەوانەش چاودێری ناکرێن و پەراوێزکراون.

دەبێ ئەوانە بە ئینساف هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت، بێ ئەوەش هەرگیز دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێگیر نابێت، بەقرتاوی و کەموکوڕیی دەمینێتەوە.

ئەو وتارە لە بەهاری ٢٠١٠ی زاینی نووسراوە.

## وڵاتێکی جیهانی

دەپرسم وڵات چییە؟ ئایا وڵات ئارامی و تەندروستی و ئاسوودەییە؟ یان تەنها بریتیە لە پارچە زەوییەک و بەس؟!

کە قسە و رامان لەسەر دەستوەردانی دەرەکی و رۆژەڤە لۆکالییەکان گەرم و ئاڵۆزیش دەبێت، ئەو بابەتە دەورووژێندرێت، ئەو پرسیارە دەکرێت، کە کۆچ لە وڵاتانی باشوور (جیهانی پاشکەوتوو و تازەپێگەیشتوو) بەرەو باکوور دەستپێدەکات، وڵاتانی تا رادەیەک دەوڵەمەند بە ئازادییەکان و ئاسوودە و بوونی بوارەکانی کارکردن.

کە بیرۆکەی وڵاتی جیهانی پەیدا دەبێت، واتە گوێی زەوی هەمووی (وڵاتی مرۆڤە) و دەیەوێ لەکوێ بژیت و بارگەی دابنێت، بەمەرجێک ئارام و ئاسوودە بژیت و کار بدۆزێتەوە.

ئەگەر مرۆڤ لە زێد و وڵاتی خۆی (وڵاتە رەسەنەکەی) بێکار بوو، بواری کار و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەبوو، لە گەشەی شارستانی دوور بوو، لە ژیان و ئاسایشی خۆی لەبەر رەوشە توندکارەکان و شەڕ و نەبوونی کار و ئازادییەکان بێبەش و نائومێد بوو... لەو رەوشەدا مرۆڤ هەست بەدڵنیایی دەروونی لە وڵاتەکەی ناکات، بەپێچەوانە هزری دەربازبوونی دەکات لە رەوشە ناڵەبارە قورسەکان، گەیشتن بە وڵاتێک، زۆرترین ئازادی و بوارەکانی کارکردنی تێدا بێت.
وڵاتی دووەم و ئەڵتەرناتیڤ، دۆزینەوە و دەسکەوتی ئەو بەها و ئامانجانەیە، کە لە وڵاتی یەکەمی خۆی دەستی نەدەکەوت و لێیان بێبەش بوو.
هەستکردن بەو رازە، شێوەیەکی مرۆیی گلۆبالیزمە کە بوار بە مرۆڤ دەدات هەردوو داخوازەکانی ئاسایی مرۆڤی تێدا بدۆزێتەوە، ئەویش (ئاسوودەیی و تەندروستییە)... ئاسایش و ئارامی داوای یەکەمە، ئینجا بوارەکانی ژینی ئارام و بەخشندە.
بەڵام گەیشتن بە وڵاتی دووەم و دەربازبوونیش، بوارەکانی سەخت و بەژانە، مەرجەکانی کۆچ زۆربوون، گەیشتن کێشەی زۆرە، وڵاتە دەوڵەمەندەکان وا خەریکە شوورەی ئاسن لەسەر سنوورەکانیان ریزدەکەن، مەرج و داوای زۆریان بۆ وەرگرتن هەیە، پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان پرسیار و رامانیان زۆر بووە، بوارەکانی کۆچیان تا رادەیەکی زۆر بەرتەسک کردیتەوە.
بەشی هەر زۆری سامان و دەسکەوتەکان، کەوتوونەتە وڵاتانی باکوور، زۆرینەی خەڵکەکە برسی و نەخۆش و بێکارەکانیش کەوتوونەتە وڵاتانی باشوور.
لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن، بۆشایی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و تەکنەلۆژی لەنێوان باکوور و باشوور بەرین و زۆرتر دەبێت، بەیەکەوە کێشەی نێودەوڵەتی و لۆکالییەکان زۆرتر دەبن، لە وڵاتانی باشوور گرفتەکان لۆکالین و کێشەیەکی نێودەوڵەتییشە، هەڕەشە لە خۆشگوزەرانی و بوارەکانی کارکردنی باکووریش دەکات...
وڵاتە دەوڵەمەندە پێشکەوتووەکانیش، کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی تەقینەوەکانی دەرئەنجامی برسیەتی و تیرۆر و پاشکەوتن پەیدابوون، وەک ئەوەی پشدێنەیەکی ترسناک کەمەری گرتوون.
لەگەڵ قەیرانە ئابوورییەکان و کارەساتەکانی باهۆز و بومەلەرزە و بورکانەکان و ئەوانی تر، رەوشی وڵاتەکانی باکووریش ئاڵۆز دەبێت، چڕەهەورە بۆرەکەی ئاسمانی ئیسلاندا، وەک نمونە زیانی زۆری ئابووری بە وەستانی فڕۆکەوانی لەو وڵاتانە دەدات.
چارەسەر و بواریش دەکرێ پێشنیار بکرێت، جەختکردنە لە توێژینەوەی کێشە لۆکالییەکان لەناو وڵاتەکان خۆیان، واتە گەشەسەندنی وڵاتە تازەپێگەیشتوو و دواکەوتووەکان.

---

ئەو وتارە لە مایسی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی نووسراوە.

لەناخی قووڵی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە

بایەخدانی زۆر و خەریکبوونی زۆرتر بە سیاسەت، دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر و گەورە.
ئەگەر نەکرێ بۆشاییەکانی نێوان، وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکان پڕبکرێتەوە، واباشترە وڵاتە هەژارەکان لەناو خۆیان، لە مەیدانەکانیانەوە خەریکی سارێژکردنی کێشەکانی خۆیان بن.
نەبوونی دیموکراسی و ئازادییەکان، لە وڵاتە هەژارەکان کۆسپی سەرەکییە لەبەردەم دەربازبوونیان لە گەندەڵی و دەرچوون بەرەو بوارەکانی پێشکەوتن.
مەسەلەکان ئاوێتە و تێکەڵە، لە سیاسەت و کلتوور و بوارەکانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پاشماوە و ژێرخانی دابونەریتی کۆمەڵگاکان و ئاستەنگە هزرییەکان ئاوێتەیە.
نەزانین و نەخوێندەواری، ڕۆڵێکی ترسناکی هەیە، لە پەکخستنی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.
چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەکوێ دەست پێدەکات؟ ئایا لە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری دەبێت؟ یان نەهێشتنی هەژاری و بێکاری؟ یان زۆرداری و نەبوونی ئازادییەکان؟ یان پاشکەوتنی بوارەکانی تەکنەلۆژیا و زانستی و خراپی بواری تەندروستی و فێرکردن؟ یان لە خەباتکردن بۆ نەهێشتنی بەبیابانبوون و وشکەساڵی و مەترسییەکانی نەهاتی و برسیەتی؟ یان زۆرداری و توندکارییەکانی کارەساتەکانی کۆمەڵایەتی و سروشتی؟ یان جیاوازی و پاکتاوی زمانی و نەژادپەرستی و ئاینی و مەزهەبی و ناوچەیی و زۆری تریش؟
یەکسەر هەموو ئەو کێشە و قەیرانانە، بخرێنە سەر مێزی گفتوگۆ، ئینجا دەزانین کێشەکان چەند بەیەکەوە بەستراون و کاریگەری و کاردانەوەی زۆریان بەیەکەوە هەیە!
هەرچەند سیاسەتمدار و حکومەتەکان، زۆرتر سەرقاڵی کارە تایبەتییەکان بن و کۆشش بکەن لەو چەقە بوەستن، گەندەڵییەکان و بایەخنەدان و ناتەندروستی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت بەرەو خراپتر دەچێت؟
هەر چەند سیاسەتمدارەکان، لەسەر دەسەڵات و پاوانخوازییەکانیان بەردەوام بن، کێشە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر و بەرینتر دەبێت، ئاڵۆزتر دەبن، ئەوەش ڕاستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر ڕەوشە سیاسییەکان دەبێت.
لەسەر هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت، ململانێ و ناکۆکییە سیاسییەکان، بەڕوونی و بەزەقی دیارە، (ئەو دیاردەیەش تایبەت نییە بە عیراق و بەس)، ململانێ و تەسکبینی هەنگاوەکان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، ڕەوشی ناوخۆی وڵاتەکان ئاڵۆز و شپرزەتر دەکات، دەرئەنجام شەڕی ناو

شەقامەکانی لێدەکەوێتەوە، وەک تایلاند، یان مانگرتنە مەدەنییە گەورەکەی قرغیزیا، گەرمبوون و خوێناوی ناکۆکییە چەکدارییەکانی ناو سودان و تەقینەوە و خۆکوژییەکانی ناو عیراق... هەموو ئەو ململانێ و دووبەرەکییە سیاسییانەش، رەگوریشە و دەرئەنجامی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە زۆر لە حزب و قەوارە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە، مەسەلە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان پشتگوێ دەخەن، لەبەر بەرژەوەندییەکان و فشاری زۆر بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و سامانی وڵاتەکە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەبیردەکەن و بۆ چارەسەرییان خەمخۆر نابن.
لەناو کۆمەڵگاکان، رەوت و گێژاوی کۆمەڵایەتی نادیار دەخولێتەوە، ئەوەش وەک ئێران، شۆڕش و سەرهەڵدانی لێدەکەوێتەوە... من وادەزانم، لە بنچینەدا کێشەکان هۆکاری قووڵی کۆمەڵایەتییە، وەک کێشەکانی ناو عیراق و وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ جیاوازی دیار لە هاوکێشەکانی هێزی سیاسی و دروشم و داواکارییە سیاسییەکانی رۆژەڤ و شێوەکانی رێکخستن و بەڕێوەبردن.

ژنێک دەزگایەکی چاکردنەوەی ئامێرە کارەباییەکان بەڕێوە دەبات.

سەبارەت بە نەبوونی چارەسەرییەکی راستەقینەیی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی بوارەکانی ئیشکردن لە وڵاتە هەژارەکان، پەیوەندی بە بوون و قەبارەی سەروەت و سامان و پرۆژە سەرمایەگوزارییەکان نییە. کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەستە بە هزرە هەنوکەییەکان و سەیرکردنی ژنان بە چاوێکی کەم و بێدەسەڵات.
لە عیراق، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش، لەگەڵ پاشکەوتنی ئابووری دیار و بەرچاو، دابونەریت و ریسا کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەند بە رەوشی ژنان و مافەکانیان لە کارکردن و ئازادی و فێرکردن و قەدەغەکردنیان، رێگرە لە ئیشکردنیان، هەتا لەو ئیش و کارانەی خۆیان دەیاندۆزنەوە.
لەودواییانە، ژنە عیراقییەکان بەڕووی رێسا باوەکانی دەوەستنەوە، دەست بەکاری سەربەخۆ دەکەن و بواری گونجاو دەدۆزنەوە بۆ سەربەخۆیی لە ئیشکردن و ئازادی کۆمەڵایەتی.
دەزگاکانی راگەیاندن وەک پێشەنگ باس لە ژنێکی خەڵکی شاری بەسرا دەکەن، کە دەزگایەکی بۆ چاکردنەوەی ئامێرە کارەباییەکانی ناوماڵ دەکاتەوە و بەڕێوەی دەبات، ژنەکە وتویەتی رەوشی نالەباری ژیان ناچاریکردووە، بە دوو ساڵ خوێندن لە ئامۆژگایەکی تەکنیکی فێری ئەو

پیشەیە ببێت، لەو بوارە بکەوێتە کارکردنی ئازاد و بچێتە ناو بازاڕ، دیارە بە دەستی خۆی ئیش دەکات و کەلوپەلەکان چاکدەکاتەوە.

بیرۆکەیەکی پیشەنگە... ژنێکی پێشڕەوە، بریا ژنانی تریش، چاو لەو ژنە دەکەن، هەروەها خاتوونێکی تر لە بەغدا بەناوی (بدیری) لە نهۆمی شەشەمی هوتێلێک کافتریایەک دەکاتەوە و ژنیش وەک بەردەست ئیش پێدەکات، هەروەها ئەو ژنە وتویەتی ژنانی تریش وا چاو لە من دەکەن، دەیانەوێ کافتریا بکەنەوە و رۆژانەش هاوسەرەکان سەردانم دەکەن، بەڵام توندڕەوەکان ئەوانەی دژی مافەکانی ژنانن، هەڕەشەی کوشتنم لێدەکەن.

ئەو نەبەردییە دەبێتە نیشانە و نمونەیەکی سەوز، تا ژنانی تریش لە عیراق و لە هەرێمیش، لە دەروازە بەرینەکەی، لەگەڵ بوونی هەڕەشە و مەترسی و کۆسپەکان بچنە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی.

باشە، بۆ توندڕەوەکان، ژنان بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان بەکاردەهێنن، بواریش نادەن بۆ ژیان و پەیداکردنی رەزقی حەڵاڵ کاسبی بکەن، بە ئارەقەی نێوچەوانیان نان پەیدابکەن.

کارکردن مافێکی رەوای ژن و پیاوانە... لەبەر ئەوەی ژنان لە زۆر روو کۆسپ و تەگەرەیان لەبەردەمە، بۆیە بۆ ئەوان کارکردن پێویستترە.

بێکاری یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتییە ترسناکەکان. باشە بۆ ژنان ئەگەر بوارێک بۆ ژیان بدۆزنەوە، بۆ قەدەغەیان دەکەن کار بکەن ؟ وەک کردنەوەی کافتریایەک، یان رێستورانتێک، یان بەڕێوەبردنی شوێنێکی میللی گشتی، چاکردنەوەی ئامێری کارەبایی و لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلی تاکسی و زۆر کار و پیشەی تریش؟

دەبێ ژنان خۆیان لەو بوارەدا پێشەنگ بن و بێنە مەیدان، چاوەڕوان نەبن مۆڵەت بۆ کاری شەریف لە پیاوان وەربگرن، بە هۆکاری چەندین رووداو و بەسەرهات، لەو وڵاتە ملیۆنەها بێوەژن پەیدابووە، بۆ رێگا لەوانە دەگرن کارێکی حەڵاڵی شەریف بۆ ژیان دەدۆزنەوە؟

بەشی دووەم

ژن

لەیلا قاسم حەسەن

کیژە خوێندکارەکەی زانکۆ، شەهید لەیلا قاسم حەسەن، خەڵکی خانەقین بوو، لە بەغدا دەگیرێت و سزای لەسێدارەدانی لەسەر دەردەکەن، لە مایسیساڵی ١٩٧٤ی زایینی بەتومەتی پەیوەندیکردن بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسێدارە دەدرێت. لەودەمانە پارتی لەسەر ئاستی بەرنامە و قەبارەی رێکخستنەکان و سەرکردایەتی بزاڤی دیموکراسی کوردستانی گرنگترین و تاکە رێکخستنی حزبی بوو.

لەیلا، بەڕاستی ئەندامی ئەو حزبە بوو.

ئەو لەگەڵ هاوڕێیەکانی بەیەکەوە دەگیرێن و لەسێدارە دەدرێن، ئەندامی ئەو حزبە بوون، لەوانە یەکێکیان کرێکاری چاپخانەیەک بوو.

بیانووی لەسێدارەدانی ئەوانەش دەسەڵاتدارانی ئەودەمانەی عیراقی ئەوە بوو، وتیان کاریان بۆ بەرنامە و پلانی تێکدەرانە کردووە. لە خۆرهەڵاتی باکووری هەولێر، لەودەمانە بەرگری چەکدارانی کورد لەژێر هەڕەشە و فشاری ئاسمانی و وشکایی و هەڵمەتی راگەیاندنی رژێمی ئەودەمانە بەردەوام بوو، بەنهێنی ئێستگەیەکمان بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئینگلیزی بەڕێوە دەبرد، کە هەواڵی لەسێدارەدانی ئەو کیژە کوردە و هاوڕێیەکانی بڵاوکردەوە، دەنگ و سەدایەکی گەورەی لەناوەوە و دەرەوە پەیدا کرد، ناوی لەیلا دەبێتە سومبڵی ژنانی عیراق و کوردستان، ئەو یەکەم ژن بووە لە عیراق لەسەر سیاسەت لەسێدارە دەدرێت. زووتر لەسەر سیاسەت هیچ ژنی تر لەسێدارە نەدرابوو، نەک لەو وڵاتە لەسەر ئاستی هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتیش بەگشتی.

پاش لەسێدارەدانی ئەو ژنە، دەسەڵاتدارانی عیراق دەست ناپارێزن لە گرتن و لەسێدارەدانی ژنە خەباتگێرەکان، لەبن ئازار و ئەشکەنجەدان دەیانکوژن، بەنهێنی بێسەروشوێنیان دەکەن و چیتر وەک هەواڵی لەیلا هەواڵیان بڵاوناکەنەوە، تا لەدەرەوە دەنگۆی نەبێت.

هەتا ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی سەدان ژنە عیراقی لەناو زیندان و گرتووخانەکان دەمرن و ون دەبن، وەحشیانە، هەزارەها ژن لە پڕۆسەکانی ئەنفال و بۆردومانە کیمیاوییەکان لەناودەچن و شەهید دەبن.

لەبەرئەوەی ئەو کیژە، قارەمانانە لەبەردەم مردن دەوەستێت و مەردانە دەچێتە بەر داری سێدارە.

ئەو ئازایەتی و نەبەردییەکەی لەکوێ هێنابوو؟

بەقسەی ئەوانەی لە زیندان قسەیان لەگەڵ کردووە و لەوێ دیویانە، ئەوانەی لەگەڵ خانەوادەکەی ئاخاوتنیان کردووە، هاوڕێیەکانی وتوویانە، ئەو کیژە زۆر بڕوای بە بەرنامە و ئامانجەکانی حزبەکەی تێدا ئەندام بووە هەبووە، کە بەرنامەکانی سیاسی و هاوکات کۆمەڵایەتیش بوون. مەبەست و ئامانجە سیاسییە سەرەکییەکانی چەسپاندنی دیموکراسی لە

عیراق و چارەسەرکردنی دۆزی کورد، چارەسەرییەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانەی رەوا بوو. ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو حزبەش بریتی بوون، لە مافەکانی ژنان و منداڵان و کارکردن و باشکردنی رەوشی فێربوون و گەشەسەندنی گوند و لادێیەکان و چاکسازی زەویوزار و بایەخدان بە دارستان و باشکردنی رەوشی نیشتەجێوون و دۆزینەوەی بوارەکانی کارکردن... هەموو ئەو پلان و بوارانەی ژیانی ئاسوودە بۆ هاوڵاتیان فەراهەم دەکات.

دیارە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان ئامانجە سەرەکییەکانی بووە، کە ببووە مایەی جۆش و گەرمی و بەرگری ئەو کیژە و هەموو گەنجەکانی وڵاتەکەمان.

## ژنی سەربەست پیاویش سەربەست دەکات

لەم جیهانە زۆر کەم ژنێک هەیە ، دەستی لە کۆمەڵکوژی لە وڵاتێک هەبێت، ئەگەر ژنێکیش بەزۆری و بەهاندانی پیاوانیش ئەوەیان کردبێت وێنەیان کەمە. ژنان، لە کەمبۆدیا، لەوەش ژنەکان بەپاڵپشی و فشاری پیاوان، لە بێدەسەڵاتی ئەوەیان کردووە و زەبری کوشندەیان وشاندووە.

دیسان زۆر بەکەمی و بە دەگمەن، ئەگەر ژنان لەسەر کردەوەی توندکاری و کوشتن بەبیانووی سیاسی کوێرانە سزادرابن، لەرەوشی دەگمەن و ناوازەدا کراوە، مۆسۆلینی پێشەوای ئیتالی ژنە دۆستەکەی بەتاوانی بەشداربوون لە کردەوەیەک لەسێدارە دەدات. دەرئەنجامی دادگاییەکی خێرای خۆپیشاندەرانی دژ بە دەسەڵاتی پێشەوای رۆمانی شاوشیسکۆ، هاوسەری سەرۆکەکە، بەتومەتی بەشداریکردن لە خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات لەسێدارە دەدرێت.

زۆربەی شەڕ و سیستەمە زۆردارەکان و کردەوەکانی کوشتن و کۆمەڵکوژییەکان و پاکتاوی نەژادی بە دەست پیاوانەوە بووە.

کەواتە وادیارە، پیاو مۆراڵی فاشیەت و روخێنەریان هەیە، لە دەسەڵاتدا توندکار و بەزەبردەبن، هەموو بڕیارەکان دەخەنە دەستی خۆیان.

لەبەر ئەوە سروشتە توندە فاشییە، پیاو، زەبر و دەسەڵاتە توندەکەی کۆمەڵگای نێرینە بەڕێوەدەبات، هەموو دەروازە و پەنجەرەکان بەڕووی ئازادییەکانی ژنان و مافە کۆمەڵایەتییە رەواکانی دادەخات.

کۆمەڵگای عیراقیش، لەو رێسایە بەدەر نییە، لە چەندین رەوشت و پێشهاتدا بەڕووی ژنان زۆریش توندکار و زەبربەدەست بووە.

میراتە قورسە گرانەکەی لە دابونەریت پاشماوەکەی بیرە شێواوەکە لەسەر ژنان، پێویستی بە کۆششی مەزن هەیە بۆ دوورخستنەوەی لەو رێگایە.

کۆمەڵگای ئیسلامی و عەرەبی لەو دابونەریتە و هزرەی زۆر تێکەوتووە، بەشێکیان رامان و نیشتووی هزری ئیسلامییە، لەوانەش پاشماوەی کۆمەڵایەتی بووبێت، ئاسانیش نییە فاکتەری رەسەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی دەرچووی ئاستی گەشەی هەموو قۆناخەکان، لەیەکتری جیابکرێتەوە.

لەوەش زەحمەتر، جیاکردنەوەی راڤە و شرۆڤە جیاواز و دژەکانە، لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی تر.

بۆ نمونە پەچە، هەندێ لە زانایانی ئاینی دەبێژن و بەئاشکراش ئەوە دەڵێن: حیجاب لە ئاینی ئیسلام بوونی نییە. بەڵام هەندێکیان هەڕەشە لە ژنان دەکەن و زۆر دیاردەیان لەسەر توند دەکەن، وەک ئەوەی ئاین بۆ بەستنەوە و دژایەتی ژنان، بەناوی پاراستن پەیدا بووبێت! ئەوەش چاودێرییەکی درۆزنانەی پیاوە، چونکە نایەوێت ژن بپارێزێت، بەڵکو ئازار و ئەشکەنجەی دەدات، لەرووی دەروونی و جەستەییەوە شکۆی دەشکێنێت، لەبەر چاوان ونی دەکات... دەیەوێ ژنان لەپشت دەرگا و پەنجەرەکانەوە بن!

تا رادیەکی خەمگین و بەژانەوە، ژنان دەستەمۆی ئەو بڕیارانە دەبن، خۆشیان کۆشش دەکەن رێنمایی و کۆت و دیاردەکانیان لەسەر توندتر بکەن.

بەڵام ئەگەر ژنان ئازاد و سەربەست بن، دەتوانن پیاوەکانیش ئازاد بکەن، بەوەش نەوە و جڤاتیکی سەربەست لە هزر و بیرکردنەوە و بۆچوون دادەمەزرێنن. بەڵام سروشتی فاشییانەی پیاوان ئەو جۆرە ئازادییانە دەخنکێنن.

هەوارێکی ئارام و تەندروست

خانووبەرە مافێکی سروشتی مرۆڤە.
بەڵام نەک هەموو جۆرە خانوێک، خانووێکی تەندروست و ئاسوودە.
خانووە کۆنەکانی ناو گەڕەکە میللییە هەژارنشینەکان، خانووەکانی ئاو و کارەبا و شەقامی خاوێن و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی نەبێت، ئەوانە خانووی نیشتەجێبوون نییە، ئەگەر بەناچاری نەبێت، خەڵکە داماوە بەلەنگازەکان تێدا ناژین. خێزانەکان چ بکەن، ئەگەر ساپیتەیەک نەبێت بیپارێزێت و خانووێکی شایستەیان نەبێت تێدا بژین، بۆیە ئەوانە ناچارن گرووپ گرووپ لەناو خانووی کرێ و بەیەکەوە بژین.
لەو رەوشەدا، ئەو خێزانانە دەکەونە ناو ئاژاوە و کێشەی زۆر، منداڵەکان تێکەڵ دەبن و شەڕ دەنێنەوە و هەموولایەکیان لەگەڵ ئاڵۆزی و ناڵەباری رەوشە تەندروستی رووبەڕووی ناڕەحەتییەکی زۆر دەبنەوە.
بێبەشبوونی هەژارەکان لە خانوی باش بۆ ژیان و حەوانەوە، یەکێکە لە خەم و بەلەنگازیی هەژارەکان و خەڵکەکەی دەسکەوتیان سنووردارە.
ئەگەر سەرنج بدەیتە ژمارەی هەژارەکان بەپێوەرە باوەڕپێکراوەکان لەژێر پلەی هەژاری دەژین، دەردەکەوێت ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گەڕەکە هەژارنشینەکان رەوشیان خراپە و هەژارانە دەژین، ئەو هەژارانە خانووی نیشتەجێبوونیان نییە.
هەوار و خانووی نیشتەجێبوون، پاش بوونی ئاو و خواردن، مەرجێکی سەرەکییە لە مەرجە سەرەکییەکانی تری ژیان.
ئەگەر دەوڵەتەکەمان، دەوڵەتی عیراق ملیۆنەها یەکە نیشتەجێبوون بۆ ئەوانە دروست بکات، دەتوانێت کەرامەت و ئایندەیان ساز بکات.
لە هەرێمی کوردستانیش، هێشتا هەژاری زۆر و کەسانی دەسکەوتی سنوورداری تێدا ماوە، خانووی شایستەیان نییە. گەڕەکی بێ مەرجەکانی شایستە زۆرن لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان.
رژێمی پێشوو لەجیاتی ئەوەی گەشە بە پڕۆسەی دروستکردن بدات، ئاوەدانییەکانی دەڕوخاند و دەسوتاند، لەجیاتی ئەوەی هاوڵاتیان بحەسێنێتەوە و بیانژێنێت و بوارەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم بکات و مەرجەکانی نیشتەجێبوون و ژیانی ئارامیان بۆ دابین بکات، دەربەدەری دەکردن.
رژێم سەرمایەکی زۆری وڵاتەکەی لە شەڕەکانی دژ بە هەرێم و وڵاتانی هاوسێی تەرخانکردبوو، عیراق دەکاتە بیابان، رەنگە هەڵکردنی بەردەوامی گەردەلوولە لماویەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە دارستان و باخ و ملیۆنەها دارخورما نەماون، بەوەش رووبەڕووی بیابانبوون و وشکایەتی زۆرتر هاتووە.
بواری نوێی باش سازبووە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، کۆشش و بەرنامەرێژی بکەن بۆ دروستکردن لە بوارەکانی نیشتەجێبوون بۆ هەژار و ئەوانەی دەسکەوتیان سنووردارە، تا چیتر هەژارەکان بەناچاری بەکرێ دانەنیشن.

گەنجەکان زۆریان بەناچاری بەکرێ دادەنیشن. ئەوەیان مەسەلەیەکی جیاوازە، بەڵام دەبێ کرێنشین و ئاوارە و بەلەنگاز و هەژارەکان لە گرفتی کرێنشینی دەربازیان بێت. ئەوەش کار و بەرنامەیەکی سەرەکی و پێویستە.
ئەو کێشەیەش، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی و رۆشنبیری و مرۆییە.
کەواتە ئەو کێشەیە لە پێشەوەی هەموو کێشەکانە، ئەوەش وەک کێشەکانی تر کۆمەڵایەتییە و چاوەڕوانی چارەسەری دەکات ئەگەر هەنگاو بە هەنگاویش بێت.

بونەوەری زیرەک لە گەردوون

کەواتە... ئێمەی مرۆڤ لەو گەردوونە تاکە بونەوەری سەر رووی زەمین نین.
لەسەر هەسارە و ئەستێرە زۆرەکان بونەوەری زیرەکی زۆریش بوونیان هەیە.
لەسەر ئاستی توێژینەوەی جیهانی، کار بۆ ئەوە دەکەن نیشانەیەکی هاتووی سەر هەسارەیەکی تر بدۆزنەوە و هەستی پێبکەن، بونەوەرێکی هاوڕێ و هاوسۆز بێت، وەک منداڵە جگەرگۆشەکانمان لە باوەشیان بگرین، چۆن منداڵ شیر لە سینگ و مەمکی دایکیان دەمژن، ئێمەش وزە لەوانە بخۆینەوە.
ویلایەتی کالیفۆرنیا دەبێتە لانکە و سەرچاوەی زۆری گەشەی زانستی باڵکێش، لەوانە پیشەسازی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی ئەنتەرنێت و دەزگا زەبەلاحەکانی بیل گیتس و زۆری تریش، ئەم جارەیان سینییە گەورەکانی لە (هات کریک)ی کالیفۆرنیا دانراوە، دەنگ و نیشانەیەکی زیرەکی نوێی پێگەیشتووە، دەنگەکە لەو بونەوەرانەیە، گومان دەکرێت بوونیان هەبیت، رەنگە بونەوەری تر هەبێت و دەنگیان بگاتە ئاسۆکە و سینییەکان بیانگرنەوە، ئێستا گومانی بوون لەدەرەوەی هەسارەکەمان زۆرتر و باوەڕداترە.
بەپێی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست: زاناکانی فەلەک، وادەزانن گەردوون ملیار ملیار ئەستێرەی تێدایە، هەتا ئێستا لەدەرەوەی بازنەی خۆر، زۆرتر لە چوار سەد هەسارەیان دۆزیوەتەوە، بەڵام مەزندە دەکرێت ژمارەیان بگاتە چەندین ملیار یان تریلیۆن لە چواردەورەی سیستەمی خۆردا بوونیان هەبێت، (وتارەکە لە رۆژنامەی سەباحی بەغدادیی رۆژی ١٧ی مای ٢٠١٠ وەرگیراوە).
ئەگەر ئەو زانیارییە نوێیە باڵکێشانە لەسەر مەزنی گەردوون و ئەگەری بوونی بونەوەری زیرەکی باڵا بەبایەخەوە وەربگرین، ئەگەر خۆمان بخەینە ناو تابلۆیەکی مەزندەی بەرین، لەناو

قەبارەی شارێکی گەورە، ئێمە بەوەیان دەکەوینە ناو چەند خاڵێکی وردی سیسی گۆشەیەکی پەروایز و لەبەر چاوان ونیش دەبین.
کەواتە ئێمەی مرۆڤ، لەسەر هەسارەی زەوی، پێویستمان بە کودەتایەکی رۆحی هزریی بۆ داڕشتنەوەی چەمکەکان لەسەر بوونمان هەیە... دەردەکەوێت ئێمە تەنها چەند گەڵایەکی لاواز و سیسین، بە نمەی سروەیەک دەهەژێنەوە، جووڵە و چالاکییەکانمان لەسەر رووی زەوی، لە لێدانێکی سادەی شانەیەکی ئۆرگانی، لەناو دوورگەیەکی گەورەدا هیچی تر نییە.
هەر چەند قەبارە سادە و پێگە زۆر ئاساییەکەمان ببینین و هەستی پێبکەین، لووتبەری و گەمژەیی و خۆپەرستییەکان دادەبەزێت، دوورتر لە لووتی خۆمان نابینین. هەستدەکەم کودەتا رۆحییەکەمان ئەوەی رۆژێکیان دەیبینین، لە بڵقی خۆبەزلزانینی ناوەوەمان دەربازی بووە، هەستی گەمژەیی خودی خۆمان بەڕووی هاولاتیانی تر و هەموو بونەوەرەکان، پووچدەبێتەوە.
ئەگەر گەڕانەوە (ئەگەر توانیمان بگەڕێینەوە) سەر ئەو کانییە زەلاڵە، هەستمان بە راستی قەبارە و پێگە و ماوە کورتەکەی کارکردنمان کرد، ئینجا دەزانین ئێمە لەبەر سێبەری هەورێکین خێرا بەسەرمان گوزەر دەکات و دەڕوات... هەر چەند هەستمان بە گەڕانەوەی بەشێک لە هەست و نەستە راستییەکانمان بە بوون و گەشەی ئەو بوونە کرد، ئینجا تا رادەی تێربوون چێژ لە بوونمان دەبینین.

## ئاسوودەیی و عافیەت... دوو پێویستییە خۆڕسکەکە

١

ئاسوودەیی و عافیەت دوو مەرجی سەرەکین بۆ مرۆڤ و هەموو بونەوەرەکان.
لەبەر ئەوەی ئاسوودەیی مافێکی رەوای مرۆڤە، بۆیە مافی خۆیەتی کۆششی دەستەبەرکردنی بکات... هەروەها هەموو بونەوەرەکان، زیندەوەر و گیانلەبەری خشۆک و ئاوی و باڵندە و هەموو ئاژەڵی وشکایی و ماڵییەکان و زۆری تریش پێویستیان پێی هەیە.
لەناو دارستانەکان هەموو ئاژەڵەکان پێویستیان بە زەمانەتی ئاسوودەیی هەیە، واتە مانەوە و بەردەوامبوون. هەموو ئاژەڵێک بۆ مانەوەی بەناچاری، پەنا دەباتە بەر هەموو مەرج و ئامراز و

فێڵ و هونەر و زیرەکییەک بۆ دەربازبوون، جۆرێک لە ئاژەڵان بۆ رزگاربوون، پەلاماری یەکتری دەدەن، لەوانی تر خۆیان تێر دەکەن و دەیانخۆن.
باڵندەش بۆ ژیان و خۆپاراستن لە مەترسییەکان، هێلانەکانیان لە شوێنی دوورەدەست و ئارام ساز دەکەن، ئاسکیش بۆ خۆپاراستن دەچێتە پاوان و لەوەرگە ئارامەکان، هەندێک لە ئاژەڵی تریش هەیە، بۆ خۆپاراستن نوا و ئارامگەی تایبەت ساز دەکەن.

٢

سەربارەت بە مرۆڤ، لە هەموویان زیرەکترە، بۆ دۆزینەوەی بوارەکانی خۆپاراستنی خۆیان و ئەندامانی خێزانەکەیان، لە سەرما و گەرما و مەترسییەکانی پەلاماری ئاژەڵە دڕەندەکان دەدن و دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵکی تریش.
ئیشکردن لە هەموو بوار و شوێنێک، تەنها بۆ دابینکردنی لایەنێکی ئارام و بەشێکی ئاسوودەییە.
مەبەستی سەرەکی بەرهەمهێنانیش، سازییەکان و خۆشگوزەرانی و زامنی ئاسوودەییە.
مەبەست لە عافیەت هەموو ئاڕاستەکانە، هەموو لایەنەکانی تەندروستی و ئارامی دوارۆژ و دابینکردنی خواردەمەنی و چارەسەری و کارکردنە، هەندێجاریش مرۆڤ هەست بە ئەمان و ئاسوودەییش دەکات، بێ ئەوەی عافیەتی هەبێت، تێدا کەماسی ئارامی جەستەیی و دەروونی دەبێت ئەگەرچی ئەمانیشی هەبێت.
هەندێجاریش مرۆڤ، بەبێ ئاسوودەیی عافیەتی دەبێت، دەکرێ تەندروستی باشیش بێت، بێ ئەوەی ژیانی ئارامیش بێت، مەترسییەکانی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی، یان سیاسییەکان هەڕەشەی لێدەکەن.

٣

بە تێپەڕبوونی زەمان و سەردەمێکی زۆر، بەرپرسیەتی زامنی ئاسوودەیی و ئارامییەکانی مرۆڤ، دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت و بەرپرسیش دەبێت لە دابینکردنی ئارامی و هەموو بوارەکانی خۆشگوزەرانی و عافیەت، وەک: هاوسەنگی و یەکسانی دابەشکردنی سەروەت، بەمەرجێک هەموو هاوڵاتیەک خواردنی پێویست و هەواری نیشتەجێبوون و هەموو مەرجە سەرەکییەکانی ژیانی ئاسایی تری بۆ دابین بکرێت.
لەگەڵ بوون و دەرچوونی چەندین دەستوور و رێنمایی و بەڵگەنامەیی نێودەوڵەتی و لۆکاڵی و پەیمان، هێشتا مرۆڤ لە زۆر بواری ئەمان و ئاسوودەیی بێبەشە، مرۆڤ دەکەوێتە بەر هەڕەشەی

شەڕ و ناکۆکی نەژادپەرستی و سیاسی و کارەساتی کۆمەڵایەتی و سروشتییەکانیش، یەک بومەلەرزە، دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی دەیان هەزار کەس، باهۆزە گەورە و بەهێزەکان و زۆر رووداوی لەناکاو رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەوەش دەبێتە مایەی زیانی دارایی و نیگەرانی زۆر و لەدەستدانی کار و خواردەمەنی و چارەسەرییەکان، دیارە لەرووی بیردۆزەوە ئاسان نییە، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جێگر و ئارام ساز بکرێت، تێدا مرۆڤ هەموو بوارەکانی خواردنی ئیمڕۆ و ئایندەی بۆ دەستەبەر بکرێت و بێتەدی. ئەوەش مانای ئەوە نییە، نائومێد و دەستەوەستان بیت بۆ گۆڕینی بوارەکانی ژیان، بەرەو ژیانێکی مرۆیی شیاو، مرۆڤ لەسەرووی ئەوانەش کۆشش دەکات، مرۆڤیش تەنها بۆ کۆشش و خەبات شیاوە.

## پارکی ژینگەیی و سروشتی

پارکە سروشتییەکان وەک پەرستگایەکی رۆحییە لە هەوای کراوە.
زۆر لە هۆشمەند و پەیامنێر و رووناکبیرەکان ماوەی درێژ، لەناو خەڵوەتگاکانیان و لە سروشتێکی جوان، یان لەناو ئەشکەوت و دارستان و بیابانەکان بەتەنها ژیاون، تا بتوانن زۆرتر ئازادانە رامان بکەن، بیر لە نهێنییەکانی بوون و گەردوون بکەنەوە، لەوێ دەمینێنەوە تا چەشە و ئیلهامیان بۆ دێت، لە ویژدانیان رووناهی بدرەوشێتەوە و هۆشمەندی و هەستکردنیان چەکەرە بکات.
دەکرێ هەموو پارکە سروشتییەکان، وەک پەرستگایەکی رۆحی ئازاد سەیر بکرێت. بیرۆکەی سەرەکیش، خۆماتکردنی خود و گیرۆدەبوونە بەرەو رامانی ویژدانی.
دەرئەنجامی فەوتانی بەردەوامی بەکارهێنانی دارستان و درەختەکان و جۆرەها رووەکی دەستکرد، بۆ بەکارهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و شارسازی و شەقام و رێگاوبانەکان، بەتایبەتی رێگا قیرتاوەکان، کارگە و دەزگا پیشەسازییەکان رووبەری فراوانیان لەسەر گۆیی زەوت داگیرکردووە، ئەوانە هەموو فاکتەری داماڵینی رووی زەمینن، بۆیە مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە چاودێری سروشت بکات و بیپارێزێت، گەورەبوونی شارەکان چەندین رووبەری گەورەیان داگیرکردووە، هەموو ئامرازەکان لەسەر رووی زەوی زۆر بووە، تەنها دارستان و سەوزایی سروشتی

نەبێت، رووبەرە ئارامەکان بەشێکن لە عافیەتی هەموو مرۆڤ، بۆیە بوارەکانی ئاسوودەیی و رامان و پشوودانی مرۆڤ کەم بوویتەوە.
زانا و پسپۆرەکان هۆکاری بەرزبوونەوە و هەڵکشانی گەرمایی و شپرزەبوونی کەشوهەوا، بۆ کەمبوونەوە و نەمانی دارستان و پارکە سروشتییەکان و زۆربوونی گازی پیسی دەرچوو لە جووڵە و بەرهەمە پیشەسازییەکانی دەستی مرۆڤ دەگێڕنەوە.
لەو رۆژگارە، پاراستنی سروشت و دەربازکردنی ئەوانەی دەکرێن دەربازیان بکەین، بوویتە پێویستییەکی گرنگ، لەناو هەموو میللەت و حکومەت و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ نمونە رێکخراوی (فاو) یەکەمین دەزگا بووە، کۆششی کردووە بۆ پاراستنی سروشتە کۆنە رەسەنەکانی دەستکاریان نەکراوە. لە سەرانسەری جیهان، ئیشیان بۆ ئەوەش کردووە، چەندین پارکی تری نوێ لەو چەشنە ساز بکەن، چونکە لە جیهان شوێنی وا زۆرە شیاوی ئەوە بێت، ئەو جۆرە پارکەی تێدا بکرێتەوە، لەوانە عیراق بەتایبەتی هەرێمی کوردستان.
هۆکارە سەرەکییەکانی بەبیابانبوون و هەڵکردنی گەردەلوولە لماوییەکان ئەو ساڵانەی دوایی، دەرچە و دەرئەنجامی دەستکاریکردنی سروشت بووە لەو وڵاتە. سووتاندن و لەناوبردن و دارِمان لە ئەنجامی شەڕ و بۆردومان و وشکبوون و دەستکاری ئەهوارەکان و ئاگرکەوتنەوەی بەردەوامی دارستانەکانی کوردستان بەردەوامیان هەبووە. لە رۆژانی شەڕە درێژەکانی لەناوبردن و قڕکردنی نەژادی و مرۆیی بە دەستی سیستەمە سیاسییەکانی پێشوو، زیانی زۆری بە سروشت گەیاندووە، بەتایبەتی پارکە سروشتییەکان.

## پارکی بارزان

ئەوە نۆهەد ساڵە خەڵکی بارزان، پارکە سروشتییەکەی خۆیان بەباشی دەپارێزن و چاودێری دەکەن، لەودەمانە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی وڵاتانی تری خۆرهەڵات، ئەو جۆرە پارکانەی تێدا نەبووە. شێخەکانی بارزان، بیر لەو هزرە دەکەنەوە و سەرپەرشتی پاراستنی دەکەن.
شێخەکەی بارزان، لە ساتێکی خەڵوەت و رامانی قووڵی سرووتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی، بڕیاردەدات خەڵکەکە، پارێزگاری دار و درەخت و رووەک و سەوزاییەکانی رووبەرێکی فراوانی ناوچەی بارزانی خۆرهەڵاتی باکووری ئێستای پارێزگای هەولێر بکەن. بۆ ئەوەش چەند بڕیار و

ڕێنماییەک بۆ تەحریمکردنی کوشتنی باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکانی ئەو پارکە دەردەکات، بڕیاریش دەدات داربڕین قەدەغە بکرێت، هەموو ڕووەکەکان لە فەوتاندن بپارێزن و پاکوخاوێنی و سەلامەتی هەموو بونەوەرەکان رابگرن.

ئەو ڕێنماییە مرۆییانە، دەبێتە دەسکەوتێکی جوانی نازدار و ئێستاش سەرەڕای کاولکارییەکان و سووتاندنی بەردەوامی دارستانەکان و شەڕە نەگریسەکانی رژێمە دیکتاتۆرەکان، شوێنەوارە باش و پۆزەتیڤەکانی دیارە.

پاش ڕاپەڕینی مارسی ساڵی ١٩٩١ی زاینی و دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی لۆکاڵی، سەرۆک مەسعود بارزانی بەر لە هەموو شتێک پێشنیار دەکات، ئەو نەریتەی پشتاوپشت لە ناوچەی بارزان، بۆمان ماوەتەوە بپارێزن و رابگرن، خەڵکەکەش بەخۆشحاڵی و بە بایەخێکی زۆر پێشوازی پێشنیارەکانی دەکەن، بۆیەش ناوچەکە، دۆڵ و نهال و رەوەزە شاخەکان و کەنار ڕووبارەکانی پڕدەبێتەوە لە ئاژەڵە کێوی، باڵندەکانیش دەگەڕێنەوە لانەی خۆیان، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر دەرئەنجامی شەڕە قورسەکان و دەنگی بۆردمان و هەڵمەتەکانی لەناوبردن و سووتاندن و کێڵان و بنبڕکردنی رەچەڵەک و فەوتاندنی بە ئەنقەستی بونەوەرە سروشتییەکان لەناوچەکە نەمابوون و دوورکەوتبونەوە.

ئیمڕۆ پارکەکەی بارزان، گەشە دەکات و پەرەدەستێنێت و دەگاتە سنوورەکانی باکوور تا ئامێدی و دهۆکیش، ڕووبەرێکی فراوانی چیای گارا و مەتین دەگرێتەوە، کاردانەوەکەی دەگاتە باشووریش، بەرەو چیای سەفین و هندرێن و سەرسنوورەکانی حاجی ئۆمەران و شوێنی تریش، دەزگای حکومی و ئەهلییەکانی تایبەت، بە پارێزگاری ژینگە و قەلاچۆکردنی پیسبوون بیرۆکەی پارکی سروشتی گەشە پێدەدەن، بیرۆکەکانی دەگاتە ناوچەیەکی بەرفراوانی وڵات. لەبەر ئەوەی کەشوهەوای کوردستان، لەڕووی کەشوهەوا و خاک و پەروەردە و کلتوورەکە دانیشتوانەکانی ساز و باشە، بۆ دانانی پارکی سروشتی بۆیە ڕێکخراوی خواردەمەنی و کشتوکاڵی نێودەوڵەتی (فاو)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆشش دەکات زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بکاتە پارکی سروشتی، مرۆڤ لە کوردستان بەوە ناسراوە، جووتیار و وەرزێرێکی باشە، کۆشش دەکات سروشت و ئاژەڵ و ڕووەکەکانی باش چاودێری بکات، بەڵام شەڕی بەردەوام و قڕکردنی نەژادی و ڕووخاندنی گوند و دێهاتەکان و بڕینەوەی دارستانەکان و بەزۆر کۆچکردنی هاوڵاتیەکان، لە زێدی خۆیانەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان، فاکتەری پاسیڤی دیار بوون، لە شێواندن و نائومێدی و بێموبالاتی بەرامبەر بە سروشت، بۆیە دەبێ خەبات بکرێت، چەشە و ویستی سروشتپەرستی بۆ مرۆڤەکان بگێڕدرێتەوە، کاربکرێت ژیانێکی پڕ لە هیوای گەش فەراهەم بکرێت.

ڕژێمی سیاسی پێشوو، دوژمنی یەکەمی سروشت و ژینگە بووە، نووسراوی نهێنی باڵاترین دەسەڵاتی ڕژێمەکە دۆزراوەتەوە داوایان کردووە چاندن و دارستان و ڕووەکسازییەکان لەنزیک شاری هەولێر قەدەغە بکرێت، نەوەک یاخیبووەکانی ئەودەمانە سوودی لێ وەربگرن.

بەهاداری کات

ئەگەرچی زێڕ بەهادارە و پێوەریش ناکرێت، بەڵام کات لە زێڕیش بەهادارترە.

زێڕ کانزایکی جوانی گرانبەهایە، دەکرێ هەڵگیرێت و مامەڵە و ئاڵوگۆڕیشی پێ بکرێت، بەڵام ئاسان نییە، بتوانیت پێناسەیەکی کات بکەیت، قسەی زۆری لەسەر گوتراوە، هێشتا نهێنی زەمەن دەمینێتەوە، دەپرسین کات چییە! لەکێ دەستی پێدەکات، لەکوێ تەواو دەبێت؟ ئایا مانەوەی لەگەڵ مانەوەی ئەو گەردوونەیە؟ ئایا زەمەنی ئەو گەردوونە، وەک زەمەنی گەردوون و سەردەمانەکانی ترە؟ وادیارە کات بریتییە لە سوڕانی میلی سەعاتەکان و هاتنی شەو و رۆژ و وەرزەکانی ساڵ و گۆڕانەکانی سروشت، زەمەن دیاردەی لەدایکبوون و مردنە.

کەواتە زەمەن جووڵەیەکی بەردەوامە.

ئێمە، ئەوە نازانین، ئایا ئێمە زەمەن بەڕێدەکەین و دەڕوات، یان زەمەن ئێمە دەسووڕێنێت؟ لێکدانەوەی یەکەمیش، رەنگە بە رامانمان لە جووڵەی زەوی و هەسارەکان و پەیوەندی کاتیش، بە جووڵەی هەسارەکان و پەیوەندییان بە خۆرە، ئینجا لەگەڵ کۆمەڵەی خۆر لەناو هەسارەیەکی تایبەت و هەسارەکان کە ژمارەیان چەند ملیار دەبێت... هتد!

ئەوەی گرنگ و باڵکێشە، دەبێ ئێمە لەسەر زەمەن و کات هەڵوەستەیەک بکەین، دان بەوەدا بنێین، کە کات زۆر گرنگە و لە هەموو شتەکانی بیری لێ دەکەینەوە گرنگترە، بە مانایەکی تر، کات پەیوەندییەکی چەسپاوە و زۆر بەندە بە جەوهەری ژیان، ئەگەر ژیانیش نەبێت واتە مانیش نییە.

ئەو کاتە گرنگە، هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، ناتوانین و مەستەحیلە میلەکانی سەعاتیش، لە سووڕان بوەستێنین، ئینجا بەگەمژەیی و پووچگەراییەوە، بەهەدەری دەدەین و سوودی لێ وەرناگرین، زۆرجار زەمەن بەسەرماندا دەڕوات و تێدەپەڕێت و هەستی پێ ناکەین، ناتوانین بە بوون و ئامادەبییەکانی شادمان بین، ئەو بوونەش، بە واتایەکی تر، هەر کات و زەمەنەکەیە.

گوزەرکردنی چەند مانگێک لە تەمەن و کاتی میللەتێک، ماوەیەکی بەهادارە و زۆریش گرنگە، کە بەخۆڕایی بەفیڕۆی دەدەین، وەک ئەو رەوشەی لە عیراق دەگوزەرێت.

دەکرێ ئەو کات و زەمەنە، بە دووبارە بنیاتنانەوە و دروستکردنەوە تەرخانی بکەین، بوارێکی بایەخدارە بۆ ژیانی چەندین نەوەی مرۆڤایەتی.

هەر چەند کاروبارەکانی حکومەت و دەوڵەت رەمەکی و مەزاجی بێت، ماوەی بەفیڕۆدانی و لەکیسچوونمان درێژتر دەبێت.

ئەو رەوشە نەگەتیڤە لەلای زۆر لە میللەت و حکومەتەکانی خۆرهەلات و ولاتە تازە پێگەیشتووەکان، هەتا ئەودەمانەش سوودی نییە و بایەخی نازانن!

هەر چەند بوارەکانی تەکنەلۆژیا و زانست و زانیارییەکان گەشە بکەن، بەهاکانی کات زۆرتر دەبێت، کاتی میللەتە پێشکەوتووەکان زۆر لەکاتی میللەتە خاو و پاشکەوتووەکان بەهادارترە، دەکرێ بەرهەمی مادی و زانستی و بابەتی بە تەکنەلۆژیای باڵا و ئەلکترۆنی زۆر خێراتر بڕوات و دەرکەوێت، لەبەرامبەر ئەوەش، بوار و ئامرازە لاواز و سستەکان، هەتا لەگەڵ کاتیش زۆرتر دوادەکەون، ئەگەر ئەوانە بەیەک ساڵ بەرهەم بێت، ئەوە لەوێ بە چەند سەعات و خولەکێک بەرهەمەکانیان ساز دەبێت، ئەوەش بیرۆکەیەکی سادەیە، لە مانای جیاوازییەکانی وەرگرتنی بەهاکانی کات و تێگەیشتن لە سوودەکانی، ئێمەش لەودەمانە کاتەکانمان بەفیرۆدەدەین هەڵەی گەورە دەکەین.

بەهای ڕێژەیی کات

بابەتەکە روونکردنەوە و شرۆڤەی زۆرتری پێویستە... ئەگەر راست بێت بڵێین، فەلسەفەی کات بە وەرگرتن و قبووڵکردنی مانای بوون و ژیان، لەلایەن خەڵک و جڤاتەکانەوە بەندە و بەوانەش دەگۆڕێت و هەڵدەسوڕێت.

جڤاتی سست و نووستو ئێستاش هەر خاو و سستن، کات لەکن ئەوانە سفرە.

بەڵام لەناو جڤاتە پێشکەوتووەکانی بلەز و خێرا دەگۆڕێن و پێشدەکەون، بایەخی کات و بەهاکانیان پێ گرنگە و بەشکۆوە سەیری دەکەن، با چەند نمونەیەکی سادە بهێنمەوە...

ئەوەی فڕۆکە بەکاردەهێنێت، دەتوانێت بە چەند سەعاتێک ماوەیەکی زۆر ببڕێت، بەڵام ئەوەی بیەوێت بە سواری کەرێک، یان بەپیادەیی ئەو ماوەیە ببڕێت، چەند مانگێکی دەوێت و جیاوازییەکی زۆری کاتیان لەنێواندایە. ئەوەی سەفەرەکەی بە فڕۆکەکە کردووە، لەو چەند مانگە کار و ئیشی زۆر رادەپەڕێنێت، بەڵام کەسەکەی بە سواری کەرێک، دەیەوێ بگاتە شوێنەکە، لە ئیشەکانی زۆر دوادەکەوێت.

دەستنیشانکردنی نەخۆشییەک، رەنگە لە وڵاتەکانی ئێمە چەند رۆژ و هەفتە و مانگی بوێت، بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، بە ئامرازە ورد و نوێیەکانیان ئەو کارە و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان، بە چەند خولەکێک یان بە چەند سەعاتێکی کەم ئەنجام دەدەن، دیارە کە جیاوازییەکان چەند و چۆنە؟

جیاوازی لە کاتەکە زۆر زۆرە، نەخۆشەکەی زووتر چاک دەبێتەوە، سوود لە کاتەکە وەردەگرێت و بەرهەم و ئیشی زۆرتر ئەنجام دەدات، بەڵام لە وڵاتە پاشکەوتووەکان، کەسە نەخۆشەکان کە زۆر چاوەڕوانی چاکبوونەوە دەکەن، چەند رۆژ و هەفتەیان لەو چاوەڕوانییە لەکیس دەچێت، ئەو نمونەیە بیرۆکەیەکمان لەسەر بەکارهێنان و دابینکردنی کات و وەرگرتنی دەرفەت و فراوانکردنی بوارەکانی سوودوەرگرتن لە ژیان، لەجیاتی راکردن و کۆشش بۆ چارەسەرییەکی بەگومان و نامسۆگەرە.

هەر لەو بوارە نمونەیەک لە کەرتی چاندن دەهێنینەوە، کێڵان بە کەرەستە سەرەتاییەکان ماوەیەکی زۆری دەوێت، بەرامبەر بە کێڵان بە ئامێرە نوێیەکان، کە بە چەند سەعاتێک کارەکانت بۆ ئەنجام دەدات، هەروەها بۆ دوورنەکردن و هەڵگرتنەوەی بەروبومەکە، نمونەکە دروستە. دیارە جیاوازییەکی زۆر بۆ هەڵگرتنەوەی داهاتەکە بە کەروبار و پشتی مرۆڤ، لەگەڵ هەڵگرتن و بارکردن بە ئۆتۆمۆبیل، سەبارەت بە کات و چۆنیەتی بارکردنەکە هەیە. بەوەش کاتێکی زۆرت لە بەکارهێنان بە جۆری دووەم دەست دەکەوێت، دەتوانیت ئەو کاتە بۆ کاری تر و دەسکەوتی تر تەرخان بکەیت... ئیتر مەسەلەکە بەو جۆرەیە!

زیندەوەرەکان، مێش و مێرووله، باڵندە و هەموو جۆرەکانی تری ئاژەڵی دەشتایی، ئەوانە کارەکانیان بە چەشە و ئارەزوو لەکاتی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن و دواناکەون، هیچ هۆکارێک بۆ سستی و دواکەوتنیان نییە، ملیۆنەها ساڵە، هەنگ بەو جۆرە کاریکردووە بۆ دروستکردنی شانەکانی و کۆکردنەوەی شیلەی گوڵ و بەرهەمهێنانی هەنگوین، ئەوان رۆیشتوون و نەوەی تر شوێنی ئەوانی گرتووتەوە، قۆناخەکانی ژیان و بەرهەمیان بەردەوام بووە.

کات لەلای زۆری زیندەوەرەکان، یەکسان و دیاریکراوە، چ لە زاوزێ و بوونەوە تا پەیداکردنی خواردەمەنی و ئاو و شتی تریش، بەڵام بەهای کات لەلای مرۆڤ لەرووی رێزگرتن و بایەخەوە زۆر جیاواز و ناکۆکە، بەوەش دەردەکەوێت مرۆڤ لە هەموو بونەوەرەکانی تری زیندوو، کەساس و بەژان و گەمژەن، چونکە ناتوانن لەسەر یەک سیستەم بۆ بەرێکردنی کات و ژیان، هاوسەنگ و هاوشێوە بن. جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان لەڕووی هزر و فەلسەفە و دابونەریتەکانیان زۆرن، تێدا مرۆڤ چەند کاتژمێری ژیانیان بەهەدەر دەدەن و سوود لە جوانییەکانی بوون، لەو سەعاتانە نابینن.

دوو رۆژە، چۆلەکەیەک لەسەر لقێکی دار سەرووەکەمان دەنیشێت، بانگی شادییەکمان بۆ دەکات... ئەوە لە ئێمە دەخوازێت.

دوو رۆژە، هێلانەکەی دەکەوێتە بەر پەلاماردانی مارێک، لەگەڵ راونان و دەرکردنی مارەکە، یەکێک لە بێچووە ناسکەکەی بەردەبێتەوە و دەمرێت. بەنەرمی هەڵمانگرت و لەنزیک هێلانەکەی دانرایەوە، باوکەکە لەنزیک بێچووە مردووەکەی دەنوزێتەوە، خولدەخوات وەک ئەوەی بگریت و شین بگێڕێت. ئێوارەکەی بێچووە مردووەکە دیار نەما، ئینجا نەمانزانی مارەکە رفاندی، یان باڵندەیەکی تری بردی. کێشکەکە لەنزێک ئێمە، لەناو باخچەکەمان دەخولایەوە و نوزەی دەهات، داوای یارمەتی و پشتیوانی لە ئێمە دەکرد، بەداخەوە لەگەڵ کەسەرێکی قووڵ نەمانتوانی هیچی بۆ بکەین.

ماوەیەک پێش ئێستا، کەرێک بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل لەسەر شۆستەیەک کەوتبوو، تۆپیبوو. کەرێکی تر، لەسەر سەری داماوانە پاڵکەوتبوو، کەرە زیندووەکە نیوەی رێگای هاتوچۆکەی داخستبوو، بۆنی کەرە هاوڕێیە مردووەکەی دەکرد، وەک ئەوەی داوای لێ بکات زیندوو بێتەوە و لەسەر شەقامەکە هەڵبستێتەوە... ئێوارەکەی کە گەڕامەوە دیمەنەکەم وەک خۆی بینیەوە، ئۆتۆمۆبیلەکانیش رەچاوی رەوشەکەیان دەکرد و خۆیان لێی دووردەگرت، کوڕێکیش بە دارەکەی دەستی ئۆتۆمۆبیلەکانی لە کەرەکان دووردەخستەوە و داوای لادانی لێدەکردن.

ئەو دیمەنەم دووبارە بینی، کە دوو فەرخە سەگ بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیلێک لەسەر شەقامێک کەوتبوون، دایکیان هەردوو بێچووەکانی لەناوەندی شەقامەکە دووردەخاتەوە، لەدیار هەردووکیان وەردەکەوێت، نایەوێ تەرمەکانیان جێبهێڵێت و بڕوات، نائومێدانە سەیری دەکردن، بەدرێژایی رۆژەکە خەمبارانە بەدیاریان دەمینێتەوە.

ئەو دیمەنە لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی هاوسۆزن، دووبارە دەبێتەوە و زۆرن، لە گرتەیەکی تەلەفزیۆنی بینیم، کۆمەڵە مەیمونێک بە دیار مەیمونێکی مردووی ناو قەفەسێک شین دەگرێن و لەخۆیان دەدەن.

دەپرسین، بونەوەرەکانی تر، هەستیان بەرامبەر مردنی هاوڕێیەکانیان چییە، بۆ دابڕانیان سۆزیان چۆن دەردەبڕن!

ئەگەر بکرێت گوێ لە ناڵە و ژانی دارێک بگریت و ببیستیت، چ دەکەن بە قرتاندنی گوڵێک، لە لێکردنەوەکە پەشیمان دەبیتەوە و هیچ ناقرتێنێت، داریش بۆ شکاندنی لقێکی ژان دەگرێت و خەم دەخوات.

ئەو دیاردەیە وامان لێ دەکات، رامانێکی قووڵ لەسەر پەیوەندییەکانمان بە گەردوون و هەموو بونەوەرەکان بکەین، ئێمەش بەشێکی سادەی ئەو گەردوونەمان پێکهێناوە، تاوانە گەورەکەشمان ئەوەیە، ئێمە لە ساتێکی غافڵبوون و لەبیرکردنە، لەسەر هەموو بونەوەرەکان شکۆداردەبین و بەکەمی و بچووکییەوە دەستکاری هەست و کاروبارەکانیان دەکەین، ئەگەرچی ئێمە بونەوەرێکی بچووک و سادە و زۆر نەزان و کوێری ئەو گەردوونەین!

تەئەمول (رامان) بۆ نۆژەنکردنەوەی وزە

وەک چۆن کۆرپەلە لەناو سکی دایکی بە ناوکەپەتک دەخوات و هەناسە دەداتەوە، ئێمەش لەو منداڵدانەوە هاتووینەتە دەرەوە و ناو هەوایە کراوەکە، بەڵام بە پەتکێکی ترەوە بە منداڵدانی گەردوون و ئوقیانووسە بەرینەکەی بوویتە سەرچاوەی ژیان و بوون بەستراینەو، دەژین و هەناسە دەدەینەوە، کە بوویتە سەرچاوەی ژیان و بوونمان و بەپێی بۆچوونی بەشێک لە زاناکان ئەوە ناوی، رۆحە.
نهێنی مانەوەمان بەو پەیوەندییە ئورگانییە نادیارە، ئەو وزەی گەردوونیە، بەوەش دەژین و بەردەوام دەبین. بەبێ ئەوەی ئاگادار و پێ بزانین، پەیوەندی بەردەوامان بەوە هەیە. چەندین سەدەیە لە هیند و چین و ژاپۆن و هەندێ لە وڵاتانی تری خۆرهەڵات، قوتابخانە و رەوتی رۆحییە هەبووە، بۆ نۆژەنکردنەوەی پەیوەندی و بەهێزکردنی نێوان هەستی مرۆڤ و رۆحی لەلایەک، وزەی رۆحی گەردوونی لەلایەکی تر. تارادەیەک دەڵێن چارەنووسی مرۆڤ، بەندە بە مانەوە و بڕینی ئەو پەیوەندییە. هەندێ لە زانا و عاریفەکان دەڵێن: هۆکاری زۆر لە نەخۆشییەکانی جەستەی مرۆڤ، دەگەڕێتەوە بۆ سستی و نەمانی ماوەماوەی ئەو پەیوەندییە.
چەندین بوار و ئەزموون، بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو پەیوەندییە دانراوە و تاقی کراوەتەوە، لەوانە شێوازی (ریکی) و (زن) و (هیتاجی) و چەندین شێوازی یوگا.
نوێژ، ئامرازێکە بۆ گەڕانەوەی پەیوەندییە رۆحییەکانی نێوان کردگار و گەردوون.
هەروەها هەموو جۆرەکانی نزا و خوداپەرستی و پاڕانەوەی ناوەوەی دڵ، هەمان باندۆری هەیە. ئەوەی دەزانرێت، هەموو ئاینەکان سرووتی تایبەتی خۆیان بۆ نوێژکردن و نزا هەیە، کە کاکلی بنچینەیان رووکردنی رووبەڕووی دروستە بەرەو کردگار و نزیکبوونەوە لەو.
لەو دواییانە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاقیکردنەوە لەسەر چەند کەس لە حاڵەتی نوێژ و تەئەمولکراوە، دەرئەنجامەکانی بە شێوازێکی ئەلکترۆنی تۆمارکراوە، دەرکەوتووە چەندین تیشکی تایبەتی لە چەند ناوچەیەکی مێشکی نوێژکەرەکان دەردەچێت، ئەوەش دەچێتە ناو هەموو جەستەی مرۆڤە نوێژکەرەکە.

یەکەمجارە، ئەو تێستانە لەسەر مرۆڤ دەکرێت، هەواڵەکەش لە کۆتایی مانگی ئەیاری رابردوو لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان کرابوو بە کوردی.
سەبارەت بە ئەزموونە زیندووەکانی خۆرهەڵات، ئاماژە بە چەندین رەوش و ئەزموون دراوە، کە دەبێتە فاکتەری نۆژەنکردنەوەی چالاکییەکانی جەستە بە نۆژەنکردنەوەی وزە ونبووەکەی رۆح... کە وزەیەکی زۆر گەورەیە و بەردەوامیش ئامادەیە، بەخۆڕاییش لەناو هەموو بونەوەرەکان پەخشان دەبێت. مەزندەی ئەوەش دەکرێ، بێجگە لە مرۆڤ، بونەوەرەکان خۆڕسک فێری ئەوە بوون، وزە بگێڕنەوە و پڕۆسەکەش لەناوەوەی خۆیانەوە بەرهەم دێت.

تەنها بە هزر بابەتەکان یەکلادەکرێنەوە.

کاروان و پەلاماردانی توند و خێرا بەڕووی هزر و کاری توندڕەوی لە رووبەڕووبونەوەی هزر و کلتوورەوە دەبێت، پێش شێواز و کاری دەزگاکانی ئاسایش دەبێت.
ئێمە لە جڤاتی عیراقی، بلەز دەرگامان بەڕووی سروەکانی بزاڤی گۆڕان و گەشەسەندنی جیهان داخستووە، بزاڤێکە لەسەر رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و فرەلایەنی لە سیاسەت و کلتوور و مەزهەب و قوتابخانە هزری و ئاینییەکان سەرچاوەی گرتووە.
هەندێ لایەن بەربەست و تەگەرەی زۆری هزریی لەبەردەم کۆمەڵگاکە دادەنێن، ئەگەرنا بوار زۆرە خەڵکەکە بکرێتەوە و زۆرتر گەشە بکات، لەگەڵ ئەوەش لەسەر داوا و دەسکەوتە سیاسییە کاتییەکان ململانێی دەکەن، ئەوانە بابەتییانە دەبنە هۆکاری خنکاندنی بزاڤی هونەری و کەلتووری و زانیارییەکان.
لەپاش ساڵی ۲۰۰۳ی زاینی لە عیراق گەشەی بەرچاو و زۆر کراوە، گۆڕانەکان بێجگە لە وڵاتی تورکیا لە هەموو ناوچەکە باشتر و زۆرتر دیارە، بەڵام هێشتا پێشکەوتنەکان، شیاوی پێویست و هیواکان نییە.
هێشتا هزر و بیرۆکەی ژەنگاوی کۆن، لەناو هزر و بیری خەڵکەکە کەلەکەی کردووە و ماوە، گومان و بۆچوونی کۆنی پاشماوەی سەردەمی جاران بەگرانی نیشتووە... ئێستاش زۆر لەو بۆچوونە کۆنانە، نەک دوورناخەینەوە، بەپێچەوانە پشتیوانی و پێشوازی مۆراڵە چەوتەکان دەکەین، هەندێکمان شانازیش بە رابردوو دەکەین، خراپە و مۆراڵە گەمژەییەکانیش لەبەردەم یەکتری بەشانازییەوە دەگێڕینەوە، کردەوە ناڕەوا و دابونەریتە نەخوازراوەکانی پێشوو وەک دەقی پیرۆزیش سەیر دەکەین!

پیرۆزکردنی بەهاداری ئەو کلتووره ئافاتێکی ترسناکە، بەڵام ئەگەری باش و پۆزەتیڤیش لەودەمانە سەری هەڵداوە، پیرۆزی سیاسی بۆ تاکەکان کەمێک سیس و سارد بووه، هەموو کەسایەتییە سیاسییەکان رووبەڕووی رەخنە و گفتوگۆ و ناڕەزاییش دەبنەوە. هەڵسوکەوتی ئازاد و سەربەست و دیالۆگی کراوە، بوویتە سیمایەکی دیار، واباشە بەرەو بوارەکانی هزر و کلتوور و کۆمەڵناسی و دەزگا سڤیل و ئاینییەکان هەنگاو بنێت، باشتریش ئەوەیە هۆکارەکانی سستبوون و ترس لە چوونەناوەوەی دۆسیەکان بشکێندرێت.
رەوشە کۆمەلایەتییەکان بەرەو ئالۆزی و شێواندنی زۆر دەڕوات، ئەوەش بەقووڵی و لەبنەوە بابەتەکان دەورووژێنێت.
زۆرجاری تریش گوتومە، کێشە و گرفتە کۆمەلایەتییەکان، نزیکە دەربکەون و رووکارانە ببیندرێن، چیتر خەڵکی چینە هەژار و بەلەنگازەکانی بێبەش لە زۆر پێداویستەکانی ژیانی ئارام و خۆشگوزەرانی هەتاهەتایی سست و بێدەنگ نابن.
لێرە... کاتی ئەزموونە دروستەکەی هزر و فەلسەفە و بۆچوونەکانە... ئەوانە لەبەردەم بزاڤی پێشکەوتنە کۆمەلایەتییە قووڵەکەی ئاییندە، نزیکە هەڵدەوەرێن و دەبنە هەڵم و ون دەبن.
رابوون و بڵێسەکانی چواردەورەمان دەگاتە لای ئێمەش، بەڵام ئەوجارە بە کاری ئەرێنی و پۆزەتیڤەکەی، ژینگەی چواردەورەمان و هەرێمەکە، هزری توندڕەوی و بۆچوونی تاریکانە و دەمارگیری مەزهەبی و نەتەوەییمان بۆ دەنێرن، لە جەستەی کۆمەڵگای عیراقی دەچەقێنن.

دادگایەکی مەدەنی

دامەزراندنی دادگایەکی مەدەنی بۆ یەکلاکردنەوەی کاروباری هاوڵاتی و فەرمانبەران، بەتایبەتی رەخنەگرتن لەسەر بڕیار و هەڵوێستی وەزیر و وەزارەتەکان و بەرپرسە باڵاکان و هەموو دەزگا حکومییەکان، بوویتە پێویستییەکی گرنگ.
هەتا ئەودەمانەش دەزگای دادوەری یەکلاکەرەوەی قەزایی، بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوڵاتیانی بێدەسەڵات و بێ پشتیوانی هێزی سیاسی و قەوارەیەکی پەرلەمانی، یان حکومی و توێژێکی کۆمەڵایەتی زەبربەدەست لەو وڵاتە نییە.
هاوڵاتی زۆر هەیە، بە ماشێنی دەوڵەت و دوور لە بڕیار و پلاندانان پاندەکرێنەوە... هاوڵاتیان هێشتا لەلایەن ئامێرەکانی حزب و قەوارە سیاسییەکان و عەشیرەتەکان و ئاینییەکان زولمیان لێ دەکرێت، خانەنشینکراو و کەسوکاری ئەوانەی لە کاری توندڕەوی و تەقینەوەکان زیانیان لێ

کەوتووە، کۆچبەر و بێوەژن و کرێنشینەکان و ئەوانەی زیانی زۆریان پێگەیشتووە رەخنە و گلەییان هەبووە، کەسیش وەڵامی نەداونەتەوە.
ئەوانە... لەکێ داوا و شکایەتەکانیان بکەن؟
ئایا هیچ دەسەڵاتیک هەیە، لێپرسینەوە لە وەزیرێک بکات، ئەگەر مافی فەرمانبەرێکی سادە پێشێل بکات؟ یان لێپرسینەوە لە بەڕێوەبەرێکی گشتی بکات؟ یان لە بەرپرسێکی کۆمپانیایەکی ئەهلی بکات؟ یان لە سەرکردایەتی حزبی ئەوانەی مافی رەوای ئەندامەکانی پێشێل دەکەن، یان لە سەرکردەیەکی سەربازی، پۆلیس و سوپا و دەزگا ئەمنییەکان لێپرسینەوە بکەن؟
کۆمەڵگای عیراقی لەسەر ئاستی دەسکەوت و سوودوەرگرتن لە سامان و دەسەڵات و خزمەتگوزاری دابەشبوونەتە سەر دوو توێژی جیاوازی ناکۆکی بەرچاو، بەشێکیان کە ژمارەیان کەمە و سەرمایەی زۆریان لەسەر حیسابی پێوەر و بەها مادی و بابەتییەکان چاوچنۆکانە کۆکردیتەوە، بەشی دووەمیش کە خەڵکێکی زۆر دەگرێتەوە، هەژار و بەلەنگاز و بێبەشن لە مەرجەکانی نیشتەجێبوون و ئاو و کارەبا و خزمەتگوازی و کار و مافە کۆمەڵایەتییەکانیان.
بۆشایی و جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو توێژە ناکۆکە زۆرتر و بەرینتر دەبێت، چارەسەریش ناکرێت، یان لایەنێکی ئەو کەمتەرخەمییانە باش ناکرێت و بایەخی تەواو بە توێژینەوەی کێشە کۆمەڵایەتییە دیار و زەقەکان نادەن، تا چارەسەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەعنەوییان بۆ دواکەوتن بۆ بدۆزنەوە.
دەرچە و ئامانجەکانی بەردەست و دیار ئەو دەردەخەن، درزەکان قووڵە چونکە باڵادەستەکان (توێژە سیاسییەکانی بەرپرسن، لە بەڕێوەبردنی پەرلەمان و حکومەت و هەموو جومگەکانی کاروباری دەوڵەت) چەند ساڵە خەریکی کاروباری تایبەتی خۆیانن، کۆشش دەکەن پێگە و پۆست و دەسەڵاتەکانیان باشتر و شیاوتر بکەن.
باسکردنی ئەو بابەتە ریسواکردنی کەسێکی تایبەت نییە، ئەوە گەواهی و ئاوڕدانەوەیەکی زیندووە، لەسەر بوونی ئەو راستییەی هەموولایەکمان درەکی پێدەکەین، ئەگەرچی هەندێک چاوپۆشی و پەردەپۆشی دەکەن.
فەراموشکردنی گرفت و کێشەکان سوودمان پێ ناگەێنێت، ئەوان رۆژێک لە رۆژان رووبەڕوومان دەبنەوە و بۆ چارەسەرکردن و لێپرسینەوە، داوای رەوامان لێدەکەن بۆ چارەسەرکردن... ئەگەر زوو و بلەز ئیشی بۆ نەکەین و فەرامۆشی بکەین، کاردانەوەکەی رووخێنەر دەبێت.

بەشی سێیەم ـ چوارەم
لە ئەرشیفەوە

دەستپێشخەرییەکەی بارزانی ساڵی ١٩٦٨
هاوکاری کوردی ـ تورکی

گەردیلەیەک لە مێژووی نزیکەوە، لە فەلسەفەی بارزانی نەمر لە پەیوەندییەکان لەگەڵ میللەت و نەتەوەکانی ناوچەکە.
بارزانی لە سیاسەت و پەیوەندییە گشتییەکان، کەسێکی دووربین و میانڕەو و واقیعی بوو، بەهێمنی و بێدەنگ و ئارام ئیشیکردووە.
لەساڵانی شێستەکانی سەدەی رابردوو، زۆربەمان واماندەزانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەت و حکومەتی تورکیا زۆر خراپە، لەودەمانەی واماندەزانی ئەوە بوویتە فاکتەرێکی نەگەتیڤ و تەگەرە دەخاتە بەر کاروانی بزاڤی رزگاری کوردستان لە عیراق، بارزانی لەودەمانە هەلێک دەقۆزێتەوە، دوو نامەی توند ئاڕاستەی سەرکردایەتی تورکیا دەکات.
ئەوەش لەساڵی ١٩٦٨ی زاینی بووە، کە سەرکردایەتی بزاڤی کوردی رووبەرێکی زۆری وڵاتی کۆنترۆڵکردبوو.
لە مانگی یونیۆی ساڵی ١٩٦٣ی زاینی حکومەتی تورکیا یارمەتی هێزەکانی عیراقی و سوری و ئێرانی و ئەفسەر و پسپۆرانی ئەمریکی و بریتانی دەکات، بۆ گەمارۆدان و لێدانی هێزەکانی بزاڤی رزگاری کوردستان لە پێشمەرگە و خەڵکە هاوکار و هاوشانەکەی دەدات... لەو رەوشەدا بارزانی دەستەوەستان نابێت لە پەیوەندیکردن لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ لەوانە تورکیا و ئێران، هەروەها پەیوەندی بە عیراقیشەوە دەکات، کۆشش دەکات چارەیەکی سیاسی بۆ دۆزی کورد بدۆزنەوە.
بارزانی رادەستی نائومێدی و بێهودەیی نابێت، بەدوای داوێکی ڕووناکی بۆ نمایشی ئازادی و دیموکراسی وێڵ بووە.
بەدرێژایی ساڵانی شێستەکانی سەدەی رابردوو، پەیامی رەسمی تورکی بۆچوونی لەسەر بارزانی و بزاڤی کوردی نەگەتیڤ بووە. بارزانی ئەوەی باش زانیووە، ئینجا داوای هاوکاری لە تورکیا کردووە پشتیوانی دۆزی کورد و میللەتەکە بن، بۆ بەردەوامی دیمانە و بوونی پەیوەندی باش و گونجاو کۆششی کردووە.
لە رۆژی ٢٠ی مای ساڵی ١٩٦٨ی زاینی ژوورنالیستێکی تورک دیمانەی ژەنراڵ بارزانی و گەنجە دیارەکە ئیدریس بارزانی و دواییش مەسعود بارزانی کردووە، ژوورنالیستە تورکەکە دیمانەیەکی دوورودرێژی لەگەڵ سازکردون، بارزانی هاتنی ژوورنالیستە تورکەکە بە هەلێکی باش و گونجاو

دەزانێت، دوو پایەمی نووسراو بۆ سەرۆکی کۆماری تورکیای ئەودەمانە (جەودەت سونای) و سەرۆک وەزیرانی تورکیا (سولێمان دمیریل) بنێرێت، تێدا بەوردی باسی رەوشی میللەتی کورد و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی و هەڵوێستی نەگەتیڤی حکومەتی عیراقی سەبارەت بە جێبەجێکردنی رێکەوتنامەی ٢٩ی یونیوی ساڵی ١٩٦٦ی زاینی دەکات، بارزانی لە نامەکانی باس لە رەشبینییەکانی سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی حکومەتی عیراقی بۆ بەندەکانی رێکەوتنەکە، بۆ بەرقراربوونی ئاشتییەکی هەمیشەیی و زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردو میللەتی عیراقی کردووە. بارزانی داواشی کردبوو لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ میللەت و حکومەتی تورکی بکەنەوە، داواکارە هاوکاری کورد بکەن، فشار لەسەر حکومەتی بەغدا توند بکەن، بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەشێوازێکی دیموکراسی و ئاشتییانە. بارزانی لە دوو نامەکەی، ئاماژەی بە مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردووە، تێدا کورد و تورک لەژێر سێبەرەکەی هاوکار و ئارام چەند سەدەیەک ژیاون. باسی بوونی پەیوەندی دووقۆڵی نێوان دوو میللەتەکەی کردووە، هەروەها نووسیویەتی لەئایندەش قەناعەت و بڕوامان، بە گەشە و زۆربوونی پەیوەندیی دووقۆڵییەکان توند و بەهێزە.
بەکورتی هەردوو نامەکەی بارزانی داوای گەرم و بەسۆز بوون بۆ هاوکاری و یارمەتی نێوان دوولایەنەکە.

ئەرشیفی مێژوو

ئەگەر بیرەوەری رۆژنامەگەری نەبوایە، هەرگیز کەس زانیاری لەسەر ئەو دوو نامەیەی پێش ٤٢ ساڵ سەرۆک بارزانی بۆ سەرۆکایەتی تورکیای ناردبوو دەبوو.
لەورۆژانە سەرۆک مەسعود بارزانی سەردانی ئەنقرە و ئەستنبۆل دەکات، دەزانرێت سەرۆکایەتی حکومەتی تورکیا چۆن بە ئاستێکی بەرز و بایەخەوە پێشوازی لێدەکەن، بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە ناو ئەرشیفەکان و بەپەرۆشەوە دوو نامەکەی سەرۆک بارزانی بخوێنینەوە، تێدا شێلگێرانە بەرەو ئاستێکی بالاتر داوای پەیوەندی دووقولی دەکات.
ئەوەی ئیمڕۆ هاتووتە کایەوە، بەرهەمی خەباتی چەند رۆژ و هەفتەیەک نەبووە، بەڵکو کۆششی حەکیمانەی بەردەوام بووە، بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی کوردی تورکی، سەرۆکی کۆچکردوو تورکوت ئۆزال بەردی بناغەی پتەوی لەساڵی ١٩٩٣ی زاینی بۆ ئەو پەیوەندییە دادەنێت، باس لە

بوونی کێشەیەکی ناوخۆی تورکی گرنگ دەکات، ئەویش کێشەی کوردە، کە ساڵانێکی زۆرە چاوەڕوانی چارەسەرییەکی دیموکراسی و ئاشتییانەیە، لەودەمانە تورکوت ئۆزال پێشنیاری بیرۆکەی چارەسەری فیدراڵ لە تورکیا دەکات، تێدا میللەتی کورد لەناو چوارچێوەیەکی حکومی زاتی فیدراڵ لەناو وڵاتەکە بژین.

بارزانی کەسێکی هۆشمەند و دووربینی واقیعیانە بووە.

هەروەها ئۆزاڵیش هۆشمەند و واقیعی بوو... ئازایەتی حکومەتەکەی حزبی داد و گەشەپێدان لەوە دەردەکەوێت، کە تەیب ئۆردوگان پرۆژەیەکی سیاسی مرۆیی کۆمەڵایەتی پێشنیار دەکات، بۆ کرانەوەیەکی دیموکراسی لەسەر کورد و کێشەکەی.

سەرۆک بارزانی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، دەبێتە لایەنێکی باشە و پۆزەتیڤ بۆ پشتیوانی و هاندانی پرۆسە سیاسییە ئاشتییانەکەی تورکیا، بەرەو کۆتاییەکی گەشی خواستراو.

ئەرشیفی مێژوو پڕە لە نهێنی و زانیاری و پێشنیاری ترسناک، مرۆڤ سەرسام و شۆک دەبێت، کە هەندێکیان دەشاردرێنەوە و دەخرێنە ناو چاڵی ونبوون، ئەوانە ئەگەر ناوەرۆکەکانیان جێبەجێ دەکران، زۆر ڕێرەوی ڕووداوەکانی داهاتوویان دەگۆڕی.

لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی ڕۆژنامەی ستاری تورکی بەڵگەنامەیەکی شاراوەی نهێنی لەبەر چەند هۆکاری نەزانراو بڵاودەکاتەوە. لە بەڵگەنامەکەدا نووسراوە یەکەم پەرلەمانی تورکی، پاش دامەزراندنی کۆماری تورکی لەساڵی ١٩٢٣ی زایینی بیست و دوو پەرلەمانتاری کوردی تێدا بووە، مەستەفا کەمال ئەتاتورک سەرۆکی کۆماری تورکیا و دامەزرێنەرەکەی، بەنیاز بووە ڕێنمایی بۆ هاوڕێ و ئەندامەکانی کە زۆرینەی ناو پەرلەمان بوون دەربکات، هەڵسوکەوتی باش لەگەڵ کوردەکان بنوێنن و کۆشش بکەن شوێنەوارە کۆنەکان و ڕۆژە تاڵەکان لەبیربکەن. ڕۆژنامەی ستار نووسیویەتی، مەستەفا کەمال لەبەردەم ڕۆژنامەنووسان وتویەتی:

کە باس لە میللەتی تورکی دەکەین، دەبێ باسی کوردیش بکەین، چونکە ئەو دوو نەتەوەیە، تورک و کورد چارەنووسیان بەیەکەوە گرێدراوە، پەرلەمانی تورکییش پەرلەمانی هاوبەشی کورد و تورکە، چارەنووسی هەردوو میللەتیش هاوبەش و یەکە.

مێژوونووسی تورک تورکورت ئاوزاگمان دەپرسێت:

تێناگەین... نازانم بۆ ئەو جۆرە پەیڤانە شاردراونەتەوە، ئەو بۆچوونانە ئاشکرا نەکراون؟!

ئێستاش لە پرۆگرامی قوتابخانەکان دانراوە، مەستەفا کەمال ئەتاتورک وتویەتی:

لە هەر شوێنێک کورد زۆرینە بێت، ئۆتۆنۆمییان بدەنێ.

تێگەیشتن لە ئازادییەکان

سەیرە مرۆڤ، چۆن لە ئازادی و مافەکان تێدەگات، لە لێکدانەوە و شرۆڤەکانیش جیاوازی زۆریان هەیە.

لەودەمانەش ویلاتە یەکگرتووەکان و هەر بیست و پێنج دەوڵەتەکەی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی وەک کەنەدا و ئوسترالیا و هیندیش، هەموو دەروازە و پەنجەرەکانیان بەرامبەر ئازادییەکانی ڕادەربڕین و پەخش و ڕادەربڕین دەکەنەوە، بەرامبەر ئەوەش وڵاتانی زۆریش ئازادییەکانی

گشتی و تایبەتییش بەرتەسک دەکەنەوە، تا رادەیەکی زۆر پێشێلی دەکەن، وەک لە بوارەکانی راگەیاندن و ئازادی رادەبڕین دیارە.

لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتانی تر، زۆر بەکەمی حکومەت دەزگای راگەیاندن و میدیایی هەیە، ئەوانە هەمووی موڵکی تایبەت و کەرتی ئەهلی و کەسەکانە، هەموو ئازادییەکیشی تێدا بەکاردەهێنن. وڵاتانی زۆری وەک چین، کاردانەوەیەکی زۆری لەسەر رەوشی جیهان هەیە، ئینجا بوار نادات، یەک کەناڵ یان دەزگایەکی میدیای سەربەخۆی تایبەت کاربکات... لەو ژمارەیەش جیاوازی و پارادۆکسی زۆر دەبینین...

ئاژانسی هەواڵەکانی چین دەڵێن: لەو وڵاتە ١٢٨٣ کەنالی تەلەفزیۆنی هەیە، هەمووش موڵکی حکومەتە، لەلایەن کارمەندانی حکومەت و لەژێر چاودێری سانسۆرەوە بەڕێوە دەچێت.

ئەو کەنالانە، سالانە زۆرتر لە دوو ملیار کاتژمێر پەخشیان هەیە.

بەرنامەکانی ئەو کەنالانە، هەمووی رابواردن و کلتووری و زانستی و هەمەرەنگە.

ئەگەر دان بەوەدابنێین، کەنالە تەلەفزیۆنییەکان بایەخ بە کلتوور و زانست و پەروەردە بابەتێکی پۆزەتیڤی باشی هەبێت، سوودیش بگەێنێت، بەڵام نەبوونی ئازادییەکان و گۆڕینەوەی زانیارییەکان و دیالۆگی ئازاد و شرۆڤەی هزری و سیاسی سەربەخۆ و دوور لە سیاسەتی حکومەت، ئەوەش مەسەلەیەکی تری سەرسوڕهێنەرە، لە دوو گۆشەنیگاوە مایەی سەرنجە:

یەکەم، چۆن میللەت، یان میللەتانی چین، بەرگەی ئەو سانسۆر و بوونی پەردە لەسەر بۆچوونە ئازاد و فرەهزرییەکان دەکەن؟ چۆن دەتوانن بەرگەی زۆری و ماوەدرێژی دابڕانیان لە جیهانی چواردەورەی ئازاد و کراوە و رەهایان بگرن؟

دووەم، حکومەتی چینی و دەزگاکانی راپەڕاندنیان چۆن دەتوانن، ئەو یەکبینینە لەسەر راگەیاندن و میدیا بچەسپێنن؟ چۆن تا ئەودەمانە لەوە سەرکەوتوون، هاوڵاتیانی چینیان ئیقناعکردووە، یان ناچاریان کردوون بەوە رەوشە رازی بن؟

ئایا دەکرێ ئەو پەردەپۆشییە بەردەوام بێت؟ هەتا کەی بەردەوام دەبێت؟

لە وڵاتێکی وەک هیند هاوسێی چین، سەرژمێرییەکەی لەوان نزیک دەبێتەوە، لەگەڵ زۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانەکانیش، هیند، ئەو وڵاتەی رووبەرێکی فراوانی هەیە، چەندین زمان و ئاین و کلتوور و رەوتی سیاسی و فەلسەفەی تێدایە، ئەوان لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە هاوڵاتیان هەموو مافە و ئازادییەکانیان هەیە، سنوورێکی زۆریان بۆ رادەربڕین و بەکارهێنانی جۆرەها کلتوور و ئاینپەرستی و هونەر و جلوبەرگ و دابونەریت بۆ سازکراوە.

ئەو جیاوازی و پارادۆکسە مەسەلەیەکی سەیروسەمەر و نامۆیە... هەر بۆ زانین و باسکردنیش، دەبێ بێجگە لە وڵاتی چین، وڵاتانی تریش هەیە، ئازادییەکان لە میللەتەکەی قەدەغە دەکات و هەموو سەربەستییەکانیان لەسەر دادەخات.

پاش سەدان ساڵ لێپرسینەوە لە داهێنان دەکەن

دیسان... پاش کۆششێکی زۆر دەتوانرێت، چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە لە تومەتی ئابڕووبردن و لەکەدارکردنی حەیای گشتی پاکببێتەوە.
ژمارەیەک پارێزەری میسری داوای قەدەغەی بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆکە دەکەن، بەڵام داواکاری گشتی قاهیرە لەورۆژانە تومەتەکە پووچەڵ دەکاتەوە، هەواڵی بەرائەتەکە بڵاودەبێتەوە.
دووبارە چیرۆکەکان ئازاد دەبن و دەکرێ بڵاوبکرێنەوە.
میدیا و ژمارەیەک لە رۆشنبیرانی دیموکراتخوازانی میسری، بە داوا و شکایەتکردن لە ژمارەیەک لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە بۆ قەدەغەکردنی، نیگەران و بێزار دەبن، داواکە رووبەڕووی رەخنەی گاڵتەئامێزی توند دەبێتەوە، بۆ بەرگریکردن لەوە لیژنەیەک ساز دەکەن.
ئێستا نازانم پیرۆزبایی و خۆشحاڵییمان بەو بۆنەیە بە کێ رابگەێنین؟ پیرۆزباییەکەمان ئاڕاستەی نووسەرە نادیارەکەی چیرۆکەکان بکەین؟ یان نووسەرە دیموکراتخوازە میسرییەکان؟ یان بۆ رۆشنبیری و رۆشنبیران و پەیڤی گشتی؟
بێگومان ئەوانە هەموویان شایستەی ئەوەن پیرۆزباییان پێ بڵێین، بەو سەرکەوتنە سنووردارە، دۆزێکی کلتووری، دۆسیەی ئازادی رادەربرین و داهێنانە سەردەکەوێت.
کێشەی ئازادییەکان لە هەموو شوێنەکان یەک مەسەلە و بابەتە... رۆشنبیری لەگەڵ بوونی فرەزمان و جوگرافیا و رەگەکانی یەکە... گەنجینەیەکی هاوبەشی مرۆڤایەتییە. بۆیەش مافی هەموو تاکێکی ئازادی دیموکراتخوازە، بەبۆنەی سەرکەوتنی مافی ژیانی رۆشنبیرەکان و کلتوور و ئازادی رادەبڕین لە هەموو وڵات و کیشوەرێک شادمانییەک دەربڕن.
کتێبی هەزار و یەک شەوە، پەیوەندی بە کورد و کلتوورەکەی هەیە. حەمە کەریم هەورامی وتویەتی ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو کتێبە کوردی بووبێت و نووسەرەکەشی نەناسراوە، بەوەش دەردەکەوێت، کورد و میللەتانی تری بێجگە لە عەرەب لە سەردەمی عەباسییەکان، مافی ئەوەیان نەبووە و قەدەغەش بووە رەچەڵەک و رەسەنایەتی نەتەوەیی و زمانیان ئاشکرا بکەن، زۆریش لە داپلۆسین ترساون، لەوانە ئیبن ئەلموقەفەع. بەڵگەی دووەمیشی ئەوەیە ناوی کەسایەتی و پاڵەوان شوێنەکانی ناو کەشی چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە نزیکە لە ناوی شوێن و وشە و زاراوە کوردییەکان.
نووسەری کورد تاریق جامباز، پارێزەر و کۆنە پەرلەمانتار زۆر لەوە دوورتر بیردەکاتەوە، لەساڵی ۲۰۰۹ی زاینی کتێبێک بەناوی شەوە کوردییەکانی ناو هەزار و یەک شەوە بڵادەکاتەوە، چەندین نمونەی بەڵگەداریش لە دەقەکانی هەزار و یەک شەوە دەهێنێتەوە، لەوانە حیکایەتی (دێوەرە کوردەکە) شەوی ۲۹٦، تێدا ئامازە بەو دیالۆگە دەکات: من خەریکی کڕین و فرۆشتن بووم پیاوێکی کوردم بینی... هتد! هەروەها ئامازەی بە حیکایەتی شەوی ۲۹۷ داوە، باسی حیکایەتی گەنجە کوردەکە کردووە، کە لە شەوانی ۳۱۸، ۳۱۹، ۳۲۰، ۳۲۲، ۳۲۳، ۳۲٤ ناوی هاتووە.

ئیتر کۆتایی بە وتارەکەم دەهێنم نەوەک بڵێن هەزار و یەک شەوە دەکاتە کوردی!

---

ئەو وتارە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠ی زایینی بڵاوکراوەتەوە.

پەرۆشی دادپەروەری لە کەرامەتی مرۆڤایەتی

بە خاڵێک، قسە لەسەر هەڵسوڕانی میدیایی و هەڵسوکەوتکردنی میدیای تورکیا دەکەین.
رۆژین، هونەرمەندە کوردەکەی لە چەندین بواری هونەری دەردەکەوێت، پێشبرکێ دەکات لە جڤاتی هونەری و راگەیاندن.. ئەو لە چەندین بوار، لێرەولەوێ لە کات و شوێنی جیاواز بەرهەم و داهێنانی هەبووە.
هەرچەندە هونەرمەندێکی ژن یان پیاو بێت بناسرێت و دەربکەوێت، قسە و دەنگۆ و پروپاگەندەی لەسەر دەکەن، دەیانەوێ بەو پلانە ناو و بەهرەکە سووک بکەن.
رۆژین ژنە هونەرمەندێکە لەسەر ئاستی تورکیا ناسراوە، وەک چۆن جەماوەری کورد دەیناسن، تورکەکانیش دەیناسن، ژنێکی ئازایە، لە دۆزی میللەتەکەی دوورەپەرێز نییە و هاوشانی کێشەکانیەتی.
سێ چوار مانگ پێش ئێستا، رۆژنامەنووسی تورک سەردار تورگوت بە رەخنەی توند و ناوزەڕاندن باسی دەکات، بەبێ رەوای حەق، بە شەیدای سێکسی ناوی دەبات، لە رۆژنامەی حوریەتی تورکی ئەو تومەتەی دەخاتە پاڵ و باسی دەکات.
چەند نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد و تورک بۆ بەرگریکردن لەو ژنە هونەرمەندە هاتنەدەنگ و تومەتەکەیان بە کارێکی نەژادپەرستی ناساند، وتیان لەبەر ئەوەی ئەو هونەرمەندە کوردە، بۆیە هێرشی دەکەنەسەر و پەلاماری دەدەن. ئەگەرچی سەردار تورگوت دەیویست بیانوو بدۆزێتەوە، بۆچوونی خۆی شرۆڤە بکات و بڵێت من قسەکەم بە مەبەستی گاڵتەکردن بووە و نیازی ریسواکردنم نەبووە، بەڵام دۆسیەکە هەر دەمینێتەوە، هونەرمەندەکە بۆ خۆراگریی لە دادگای ئەستنبۆل شکایەت لە رۆژنامەنووسەکە دەکات، لەورۆژانە بەئامادەبوونی هونەرمەندەکە، نەهاتنی رۆژنامەنووسەکە، یەکەم دانیشتنی دادگاکە دەست پێدەکات. میدیای تورکیش دەستدەکات بە رەخنەگرتن لە هەڵوێستەکەی سەردار تورگوت، هەندێ لە وتارەکان داوایان

کردبوو، سەردار بەو تومەتە بگیرێت. پارێزەری ژنە هونەرمەندەکە داوای لە دادگا کردبوو، سەردار بۆ ماوەی دوو ساڵ و چوار مانگ بگیرێت.
هونەرمەندەکە، داواکەی لەسەر رۆژنامەنووسەکە دەهێڵێتەوە، بەڵام داواکەی لەسەر رۆژنامەکە هەڵدەگرێت، چونکە رۆژنامەی حوریەت لەسەر بڵاوکردنەوەی وتارەکە داوای لێبووردنی لە رۆژین کردبوو.
رۆژین یەکەم هونەرمەند بووە، لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنە کوردییەکەی تورکیا، ئین ئار تی ٦ بەشداریکردووە، بەرنامەی تایبەتی بۆیان سازکردووە، زۆریش بەکردنەوەی ئەو کەناڵە کوردییەش شادمانی دەربڕیبوو.
بەپێی شرۆڤەکان رۆژنامەنووسە تورکەکە سەردار تورگوت، بەتومەتی ناوبەدکردن و باسکردن دەگیرێت... بەڵام ئەگەرێکی زۆر هەیە ژنە هونەرمەندەکە داوای لێبووردنەکەی لێ قبووڵ بکات و داواکەی بکێشێتەوە.
لەو دۆسیە ئەوەی گرنگە، دادوەری و یاسا پشتیوانی کەرامەتی مرۆڤایەتی و مافە تایبەتییەکانی مرۆڤ بکەن.

---

ئەو وتارە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی نووسراوە.

بەشی چوارەم

شاکر فەتاح نمونەیەکی سوکراتی

١_٢

لەبەر ئەوەی تیشکی فەلسەفەی ژیانی گەورە رووناکبیرەکان، ئاوێتەی تیشکەکانی گەردوونی بێ سنوور دەبێت و ونیش دەبێت، بۆیە ئاسان نییە فەلسەفەکەیان، بە چەند رستەیەک پێناسە بکەین.
شاکر فەتاح (١٩١٣_ ١٩٨٨ی زاینی) یەکێکە لە بلیمەتە کوردەکانی سەدەی بیستەم. ئەو بەسادەیی پەروەردە دەبێت و فێردەبێت... خۆی زانیارییەکان دەخوێنێت و پەروەردە دەبێت، ئینجا دەستدەکات بە نووسین بە زمانی دایک، هێمنانە و ئارام نووسینی داهێنەرانە دەنووسێت،

تا ئەودەمانەی لە تەمەنی ٧٥ ساڵی شەهید دەبێت، ئارام و لەسەرخۆ و دوور لە چاوان، خەریکی نووسینەکانی خۆی دەبێت، کتێبخانەیەی گەورە لە نووسین و وەرگێڕانی لەدوای جێدەمینێت.
ئەو کەسێکی پڕ زانیاری بوو. هاوکات پەیامێکی تایبەتیشی هەبوو، لەژێر یەک هەست لەناو بوارەکانی مێژوو و ئەدەب دەکوڵا، دەیویست خوێندەواری بڵاوبکاتەوە، بایەخدان بە هزر و زانیارییەکان ئاشنا بکات، گەنجەکان بۆ زانین و وریایی هانبدات، زانیاری لەسەر مێژوو و ئایندەیان هەبێت، هەنگاو بنێن بگەنە ئاستی نەتەوە و میللەتانی تری جیهان.
بێ ئاژاوە دەپەیڤی، کەسێکی سوکراتی بوو، لەسەر ئەو رێبازەش شەهید بوو.
پیاوەکە لە هیچی کەم نەبوو، سامان و ماڵ و شکۆی هەبوو، لە هیچی کەم نەبوو و پەرۆشی زۆرتریش نەبوو، لە بوارەکانی فێرکردن و بەڕێوەبردن و ئەدەب و پەخش و پێگە و پۆستی حکومی لە دەزگا رەسمییەکان و هاوکارییەکان، بەرووکەش هەر لەساڵی ١٩٧٤ی زایینییەوە لەگەڵ پرۆژەکەی رژێمی سەدام حوسێن، بۆ چۆنیەتی دامەزراندنی ئیدارەی (حوکمی زاتی) بۆ کوردستان بوو.
ئەو دەیویست لەناو قەوارەکەی خۆی دەربازی ببێت، هاوکارییەکەی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٨٨ی زایینی لەسەری چەسپابوو و پەیوەندی پێوەکردبوو ببڕێت، بۆ خۆی و ژمارەیە لە هاوڕێیەکانی، رەوشەکەی سامناک دەبینی، کارەساتە مرۆییەکان زۆر بوون، کۆمەڵکوژییەکانی رژێمی پێشووی پیادەی دەکرد بەردەوام بوون، لەناخەوە و بەهێمنی ژان دەیگرێت و هەست بە رەوشە ترسناک و کارەساتەکانی رووبەڕووی میللەتی کوردستان ببوونەوە دەکرد، هەموو هەڵمەتەکانی لەناوبردن و قڕکردن و سووتاندن ئازاری دەدات، بۆیە لە رۆژێکی مانگی مارسی ساڵی ١٩٨٨ی زایینی (رۆژی ١١ی مارس یادی رێکەوتنەکە)... بانگەوازی راگرتنی خوێنرشتن دەدات، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر، پەیامی رزگارکردنی خەڵکەکە لە زولم و ستەم دەدات، داوا دەکات دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ پێشمەرگەی ناو چیاکان بکەن... بە واتەیەکی تر... لەگەڵ حزب و هێزە سیاسییە کوردستانییە ئۆپۆزسیۆنەکان دانوستان بکەن، ئەوانەی شەڕی بەرگرییان لە سیاسەت و هەڵمەتی لەناوبردنی میللەتەکەیان بەرپاکردبوو.
چۆن پیاوێک بەناو هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی رژێم، ئەو جۆرە قسانە بکات؟ چۆن دەبێتە هاوکار و پشتیوانی بەرگری و شۆڕشەکە، ئەگەرچی ئەو دوور و نزیک ئەندامی هیچ لایەنێک و حزبێکی سیاسی دەرەوەش نەبووە... ئەو رۆشنبیرێکی کوردی رووناکبیر بوو، رابوونی ویژدانی دەخولێتەوە و گەشە دەکات و داوا دەکات، بەرگری لە مافەکانی میللەتەکەی بکات.
پەرجووەکە بەهەژان بوو، عەقلیەتی رژێمە سیاسییەکە و دەزگاکانی ئەوەیان وەرنەدەگرت، بۆیە یەکسەر دەستبەسەری دەکەن و دەیگرن و ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن، ئەگەرچی تەمەنی ٧٥ ساڵ بوو لەسێدارەشی دەدەن.

شاكر فەتاح نمونەیەكی سوكراتی

## ٢_٢

ئایا شاكر فەتاح شێت بوو، كە دەیەوێ بەو شێوەیە خۆی بەكوشتن بدات، دەیزانی رژێم چ لە پیاوەكانی دەكات، ئەوانەی رووبەڕوو و بەئاشكرا دژایەتی دەكەن؟ یان كەسێكی بلیمەت و سۆزدار بوو، بینینە گەشاوەكە، لە هەولێر بەرەو دیمەنە سوكراتی و حەلاجی و نەسیمییەكەی دەبات.

ئەو دیاردەیە، هێشتا شرۆڤە نەكراوە، لەكاتی خۆی لەسەر ئەو بابەتەمان نووسی و لە دەزگا سادەكانی سەردەمی شاخ باسی ئەوەمان كردبوو... واتە ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان، دوور لە زەبر و دەسەڵاتی رژێم.

سەردەمەكە ترسناك و هەستیار بوو، هەڵمەتی قڕكردن و كۆمەڵكوژییەكان و پاكتاوی نەژادی، لەبەرچاوی هەموو ئاگادار و چاودێرەكان بەڕێوە دەچوو، بەتایبەتی رۆشنبیركانی ناچاربوون بۆ ژیان لەبن سێبەری رژێمە فاشییەكە بمینێنەوە.

ئەوە بەباش دەزانم، رەنگە ئەوەش ببێتە مەیدانێكی گفتوگۆ و دیالۆگێكی زۆر، هەندێ لە رۆشنبیرە كوردەكانمان، ئەوانەی پاش مارسی ساڵی ١٩٧٤ی زاینی بەشداری لە گاڵتەجارییەكەی رژێمی پێشوو دەكەن، ئەوەی ناوی نابوو، حوكمە زاتی ناوچە كوردییەكە، تا ناوی كوردستان نەهێنێت بەناوی ناوچەكە ناویان دەبرد.

ئەوانەی بەشداربوون، بەشێوەیەكی گشتی ببوونە دوو بەش، بەشێكیان بە قەناعەت و بەبڕیارێكی پێشوەخت و زانین و بە دیدی سیاسی خۆیان، سەبارەت بە هەڵوێستیان لەسەر بزاڤی رزگاری كوردستان، ئەو بزاڤەی پاش پڕۆژەكەی كۆتاییەكانی مارسی ساڵی ١٩٧٤ی زاینی راگەیاندرابوو، هەڵدەگیرسێتەوە، بەرگری و شەڕەكانیش بە هەموو شێوەكان لەسەر خاك و مەیدانەكان بەردەوام بوو، تا سەرەتاكانی مانگی مارسی ساڵی ١٩٩١ی زاینی.

بەڵام بەشی دووەمی رۆشنبیران، بەناچاری و لەبەر چەندین فاكتەر بەشدار ببوون، لەناو دڵ و بڕیارەكانیان بڕوایان بە سیاسەتەكانی رژێم و پڕۆژەكانی نەبوو، رەنگە بەشێكیان بۆ ئەوە بەشدار دەبوون، بتوان لایەنی مەسەلەیەك ئەگەر كرا بگۆڕن و دەربازی بكەن. ئەوەش بەوە دەركەوت ئەوانە هەنگاو بە هەنگاو دووردەكەونەوە، ژمارەیەكیان بە پلانی زۆر ترسناكیش دەگەنە ناو بەرەی بەرگری و شۆڕشەكە، ئەگەرچی ئەوانە ژمارەشیان كەم بوو، بەڵام بوونیان گوزارشتی بەهێز و كاریگەری بۆ بەرگریكردن نواندبوو.

بەڵام شاکر فەتاح، نووسەر و رۆشنبیرە هۆشیارەکە و بەڕێوەبەرە سەرکەوتووەکە، دوور لە بەرنامە و پلانی هەموویان، ڕێزپەڕانە دیوارە ئەستوورەکە دەبڕێت، بێدوودڵی و ترس و بەئاشکرا، پەیڤی خۆی درکاندووە، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆری خەڵکەکە، لەوانە دەسەڵاتدارانی حزبی بەعس و حکومەت، وتی من بەشێک نیم لە ئێوە، پشتیوانی شەڕە زاڵمانەکەی دژ بە میللەتەکەم ناکەم، من ئاشتی دەخوازم و داواکارم کێشەی ڕەواکەی میللەتەکەم چارەسەر بکەن. ئایا چارەنووسی خۆی پاش ئەو بڕیارە دەزانی؟ هەموو ئەو ڕاستییە دەزانن، کە ئەو باشی زانیوە، بەو هەڵوێستەی دەبێتە قوربانی و چاوەڕوانی هیچ پاداشت و نرخێکی نەکردووە. لەو بۆچوون و هەڵوێستە، پرسی بە هیچ لایەنێکی دەرەوە و شۆڕش نەکردووە و داوای یارمەتی نەکردووە، پاش ئەوەی قسەکانی کردووە، گەڕاوەتەوە ماڵەکەی لە سلێمانی و دانیشتووە چاوەڕوانی کردووە.
ئەو ڕێنماییەکانی زەردەشتی بەرجەستە کردبوو
شاکر فەتاح پاش ئەوەی قسەکانی خۆی دەکات، داوای لێبووردن لە دەسەڵات ناکات، پەیامێک بۆ لێبووردن و بەزەییش نانووسێت.
ئیتر ئێمە ئەو پیاوەمان بەو جۆرە ناسی، هەتا ئێستاش بۆچوونێکمان بەپێچەوانەی ئەوە بەنبیستووە... ڕەنگە ئەگەر کەسانێک بۆ کەمکردنەوە و سووککردنی شۆک و هەژانەکە کۆششیان کردبێت، بڵێن قسەکانی دەرئەنجامی پەلەکردن و لەدەمدەرچوونەوە بووبێت..
دەڵێن چەند ڕۆژێک ئەو لەناو ماڵەکەی خۆی چاوەڕوان بووە، چاوەڕوانییەکی سوکراتانە، فەیلەسوفی یونانی سوکرات، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت و ناچاری دەکەن بە خواردنەوەی ژەهر خۆی بکوژێت. هەندێک لە قوتابی و هاوڕێیەکانی دەیانەوێ دەربازی بکەن و خۆی بڕوات و دووربکەوێتەوە، تا سزاکەی لەسەر جێبەجێ نەکەن. بەڵام سوکرات پێشنیارەکانیان ڕەتدەکاتەوە، بەهێمنی و ئازایانە چاوەڕوان دەبێت، وتبووی من لەگەڵ یاسام. یاساش بەو شێوازە لەسێدارەی دەدات و دەیکوژێت. ژەهرەکە دەخواتەوە، ئەوەش دوا دیمەنی ئەو بووە لە مێژوو. هەڵوێست و مردنەکەی شاکر فەتاح لەو دیمەنە نزیک بووە. وتمان دیمەنەکە حەلاجیانە بووە، دەکرا پێش هەزار ساڵیش لە بەغدا، مەنسوور بینی ئەلحوسێن ئەلحەلاجیش کەمێک هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، کەمێک شلی بکات، بەوەش لە خاچ و کووشتنەکە دەربازی دەبوو. تومەت و تاوانی حەلاج هەر ئەوەندە بووە، هاوشانی هەژارەکان و بەلەنگاز و کەساسەکان وەستاوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عەباسی تاوانی زەندەقە و کوفریان بەدرۆ و بوختانەوە بەملی داهێناوە. حەلاج کەسێکی سۆفیگەر و زانایەکی گەورە و ئیمانداریکی زۆر پاک و بێگەرد بووە. نمونەی تریش نەسیمی بەغدادی (١٣٧٠_١٤٧٠ی زایینی)، سۆفی و عاریفەکەی دەسەڵاتداری حەلەب، پێش چەند سەدە دەیگرن و سزای دەدەن و کەوڵی دەکەن و سەری دەبڕن و جەستەکەی لەبەردەم خەڵکەکە بۆ چەند ڕۆژێک هەڵدەواسن. ئەویش بەبیانووی ڕووناکبیری بە هزری شۆڕشگێری سۆفیگەری و هاندانی خەڵکەکە بۆ وەستان بەڕووی زوڵم و ستەمەکان بەو جۆرە دەیکوژن.
بەدرێژایی ژیانی شاکر فەتاح، هەزارەها لاپەڕەی بە کوردی نووسیوە و بڵاویکردۆتەوە، ژیانی چەندین بلیمەت و زانای جیهانی وەک: سوکرات و بودا و زەردەشت و لویس پاستور و مەدام کۆری و میکائیل ئەنجلۆ و زۆری تریشی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی. زۆر لاپەڕەی شانازی ئەدەبی

کوردی و نووسەرەکانی ناساندووە، وەک ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، چەندین کتێبی بۆ گەنجەکان لەسەر سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریم خانی زەند و کورتەیەک لە مێژووی شارستانیەت و زانیاری نووسیوە.. شیعری شاعیرەکانی سەدەی بیستەمی کردۆتە کوردی، هەموو نووسینەکانی پشتیوان و هاندانە بۆ فێربوون و زانست و هونەر و فەلسەفە و بابەتە هزرییەکان. ئەو بەتەنها ئینسکلۆپیدیا و قوتابخانەیەک بوو. لە بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان و قەزا و ناحیەکان لێزان و لێهاتوو بووە، لە هەموو شوێنەکان کۆششی دەکرد، خۆشەویستی جوانی بڵاوبکاتەوە و ژینگە بپارێزێت، چەندین هاوینەهەوار و یانە و باخچە و قوتابخانەی دروستکردووە، بەتەنها و هەر بەخۆی، لە ئاکرێ و چەمچەماڵ و خورماڵ و قادر کەرەم و زۆری شوێنی تر، چەندین رۆژنامەی دیواری نووسیوە. بوارەکانی کارکردنەکانی گوزارشت بووە لە گوتار و فەرموودەکانی، بەپێی فەلسەفەی زەردەشتی حەکیم ژیاوە کە وتویەتی: بیری چاک و گوفتاری چاک و کرداری چاک.

فەزیلەتی وازهێنان لە خواردنی گۆشت

من بەقەناعەتەوە ببوومە ڤیگیتاری و گیاخۆر.
جارێکیان خوێنەرێکی مێینە لە منی پرسی: بە خۆت وازت لە گۆشتخواردن هێناوە، بۆیە باسی زیانەکانی گۆشتمان بۆ دەکەیت؟
منیش وتم: بەڵێ، هەتا ئەو ساڵانەی دواییش گۆشت و بەرهەمە ئاژەڵییەکانم دەخوارد.
ئیتر بەقەناعەتەوە بڕوا بە زیانەکانی گوشت و کاردانەوەی راستەوخۆی، لەسەر پەیدابوونی زۆر لە نەخۆشی، لەوانە نەخۆشییەکانی دڵ و کارانسەر هێنا.
لە ترسی نەخۆشییەکانم دەستبەرداری گۆشتخواردن نەبووم، بەڵکو بۆ ژیانێکی ئارام و باشتر ئەو بڕیارم دابوو. خواردنی سەوزە و میوە و تەڕە، دوور لە هەموو جۆرەکانی گۆشت، کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر شێوازەکانی هەرسی خواردەمەنی و کەمکردنەوەی کێش و بێگەردی بیر هەیە.
دەیان ساڵ بوو، ئارەزووی خواردنی گۆشتم نەدەکرد، هەستم دەکرد تەندروستیم باشە، زۆرم لە زانایان و پسپۆران و ڤیگیتارییەکانم دەپرسی، زۆرم لەسەر رووەک و گیا دەخوێندەوە، دەرئەنجام گەیشتمە ئەو ئەنجامە سوودبەخشە...

بۆیە وازم لە خواردنی گۆشتی سوور و سپی هەتا ماسیش هێنا. ئەوەش لەناخەوە هاوسۆزییم بووە بۆ هەموو گیاندارەکان... دەپرسم بۆ ئادەمیزاد، بەو جۆرە بکەوێتە سەر گیانی ئەو بونەوەرانە؟ بۆ بەو جۆرە و بەدڕندەیی وەحشیانە دەیانکوژێت؟ بۆ بەو شێوەیە، کە نزیکە لە نەخۆشی و کەماسی ئارەزووی خواردنی دەکەن؟

زۆر لە زانا و پسپۆر و رووناکبیرەکان، لە خواردنی گۆشت خۆیان دوور رادەگرن... زۆرمان لەسەر فەیلەسوفە یۆنانییەکان و فەیلەسوفانی تر و سۆفیزمەکان و حەکیمە هیندییەکان و زانا چینییەکان و شاعیرانمان خوێندیتەوە، لەوانە ئەبو عەلا ئەلمەعری، ئەوانە و ئێستاش ملیۆنەها کەس بەرەو ڤیگیتارایەت دەچن.

زانا و دکتۆرەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، پرۆتینە ئاژەڵییەکان بوارساز دەکەن، بۆ جۆرەها نەخۆشییەکانی کانسەر و دڵ و ئەوانی تر. بەپێچەوانەی ئەوەش پرۆتینە رووەکییەکان (پەیداکردن و بوونیان باش و زۆرە) قەرەبووی پرۆتینەکانی جەستەی مرۆڤ دەکەنەوە.

وادەزانم چاودێرەکان باش ئاگایان لەوە هەیە، خەڵکێکی زۆری گۆشتخۆر روو لە ڤیگیتاریەت دەکەن، زانیاری زۆریش لەو بابەتە لەبەردەستدا هەیە، بۆیە چیتر پێویست بە وردەکاری ناکات ئاماژەی پێ بدەم، کتێب و سەرچاوەی زۆر لە بازاڕ و ماڵپەرەکان هەیە، باس لە سوودەکانی وازهێنانی خواردنی گۆشت دەکات.

پێشەوای لوبنای شەهید کەمال جونبلات کەسێکی ڤیگیتاری بوو، زۆریش بەقەناعەتەوە دەستبەرداری خواردنی گۆشت بووە، ئەویش وەک مهاتما گاندی و زۆر لە کەسایەتییە سۆفیزمی و هۆشمەندەکان بەلێهاتوویی و بڕیار و زیرەکی خۆیانەوە، بڕیارەکانی خۆیانداوە و لە زیانەکانی گۆشتخواردن تێگەیشتوون، چارەسەرکردن بە ڤیگیتاریەت، گەیشتووتە بوارێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ و دەزانن خواردنی گۆشت و پرۆتینەکانی ئاژەل، ئەندامەکانی جەستە و مێشکیش لەکاردەخات.

داواکارم با خەڵکەکە، وەک ئەزموون و تاقیکردنەوە ماوەیەک واز لە گۆشتخواردن بهێنن و روو لە خواردنی گیایی بکەن، بۆ نمونە یەک مانگ، یان چەند مانگێک ئەوە تاقیبکەنەوە... ئیتر بزانن چۆن دەرکەوتەی لە نووستن و کۆئەندامی هەرس دەگۆڕێت، هەست دەکات بارگرانییەکی زۆر و قەبەزی لە جەستە و نەفس و رۆحی جارانی چۆن لەکۆڵ دەبێتەوە و سووک دەبێتەوە.

ئەوە تاقی بکەنەوە و پەشیمان نابنەوە، ئەگەر نەتانتوانی بەردەوام بن هیچ نەبووە، دەتوانن بگەڕێنەوە، هەر ساتێک ویستت دەتوانیت گۆشت بخۆیت بەڵام کەمتر، بە واتایەکی تر ئەگەر نەتانتوانی دەستبەرداری گۆشت ببن، دەتوانن تا رادەیەک باش خواردنی کەم بکەنەوە.

مرۆڤ رۆح و جەستەیە

واز لە مەشروب و ئەلکهول و جگەرە و گۆشتخواردن بهێنن، بەیانییان، یان هەر کاتێکی تری گونجاو وەرزشێکی بەسوود بکەن، بەوانە هەست دەکەن بەرنامەی رۆژانەی ژیانتان دەگۆڕێت، مەزاجی گشتیتان باشتر دەبێت، بە ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤ لەسەر سەلامەتی دەروونیتان رەنگ دەداتەوە.

مرۆڤ جەستە و رۆح و هزر و نەفسە.. ئەگەر بوارم بدەن من رستەکە سازبکەوە، بەو شێوەیە دەینووسمەوە، مرۆڤ رۆح و جەستەیە. واتە رۆح بنچینەیە، هزر و نەفسیشە.

یان وەک چۆن نووسەری میسری رەئوف عەبیدان نووسیویەتی:

مرۆڤ رۆحە نەک جەستە.

فەیلەسوف و زانا هیندییەکان، هەزارەها ساڵە بەو جۆرە بیردەکەنەوە، چەندین شێواز و بوار بۆ چارەسەری رۆح بەر لە جەستە دەدۆزنەوە، ئەوان وایاندەزانی نەخۆشییەکان زۆرتر لە بنچینەدا رۆحی و هزری و دەروونییە، بەر لەوەی ئۆرگانیزی جەستەیی بێت.

ئەو جۆرە بیردۆزانە سەرەتای فەلسەفەی تەسەوف و عیرفانی هیندییەکان و میللەتانی تریش بووە. ئەگەر کتێبەکەی فەیلەسوفی پزیشک و زانا ئیبن سینا بخوێنیتەوە، هەست دەکەیت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان نەفس و رۆح، چەند بایەخی بە چارەسەری رووەکی و گیایی داوە.

هەندێ لە هەتوان و چارەسەرییە گرنگەکانی بەردەستمان، بەندە بە ویست و ئارەزووەکانی خۆمانەوە. دەکرێ واز لە جگەرەکێشان بهێنیت، ناکرێ ئاماژە بە زیانەکانی بدەین و بڵێین جگەرەکێشان چەند زیان بە تەندروستی و سەلامەتی گشتی و رەوشی ئابووری دەگەیێنێت.

بەئاسانیش دەتوانیت واز لە خواردنی گۆشت بهێنیت، ئەوەش پێویستی بە ویست و بڕیاری ناوەوە هەیە و بەس، لە نووسینەکانی تریش ئاماژەمان بەوە کردووە، سەرەتا ماوەی یەک دوو مانگ، واز لە خواردنی گۆشت بهێنە، ئینجا سوودەکانی دەردەکەوێت، رەنگە هەر لە مانگی یەکەمەوە قازانجەکانی دەرکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر رێستورانتێکی گیایی یان لەماڵەوە بزانن ئەو خواردنانە ساز بکەن، بۆ ئەوەش سەرچاوەی فێرکردن زۆرە. هەروەها بەئاسانیش دەتوانیت واز لە هەموو مادە ئەلکهولییەکان بهێنیت... ئەگەر ناشتوانیت بەیەکجاری وازیان لێ بهێنیت هەر هیچ نەبێت کەمیان بکەوە.

هەر چەند دەتوانن جگەرە و ئەلکهول و گۆشت کەم بکەنەوە. ئەوەش بۆ گۆڕینی سیستەم ژیان، هیچ مەسرەف و وزە و کۆششی ناوێت. لەوانە تەنها پێویستت بە دەربازبوون دەبێت، لە خودی خۆت و لەدڵەوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ گۆڕینی ریشەیی لە شێوازی خواردن و خواردنەوە بدەیت.

ویست و ئارەزووەی ناوەوەی خەڵک لەبن هەژموونی خەڵکەکەیە. سەرەتاکەی سەختە، کەمێک ئاسان نییە، بەڵام بەپەلە و زوو دەرئەنجامەکانی دەردەکەوێت، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ دەست پێبکات...

هۆشمەند و فەیلەسوف و پزیشک و مامۆستا گەورەکان، جەخت لەسەر وزەی پێویستی ناوەوەی مرۆڤ دەکەنەوە، کە مرۆڤ وزەیەکی لەبن نەهاتوو و ئیمکانیاتی شاراوەی پێچراوی تێدایە، چاوەڕوانە بۆ گۆڕینی ژیان بەرەو ئاڕاستەیەکی باشتر، دەربازی ببێت. پابەندبوون و پەیڕەوکردنی بوار و شێوازەکانی چارەسەری رۆحی و دەروونی، باشترکردن و ئاسانکردنە، بەڵام سەرەتا بوارە گونجاوەکان پەیڕەو بکەن، ئەوەش باشترین بوارە بۆ گۆڕان و دەربازبوونی داهاتوو.

## بیرەوەری ریالیستی

### ١

داوای لێبووردن دەکەم، زۆرجار ئەزموونی زانا و عارفەکان دەکەمە سەرچاوەی قسەکانم، چونکە ئاسان نییە مرۆڤ بێ پشتیوانی ئەوانە، بتوانێت بەتەنها زانیارییەکان بزانێت.
ئاساییە مرۆڤ ئەوانە بکاتە سەرچاوەی زانیارییەکانی خۆی، بەڵام دەبێ بەجوانی و بەروونی ئاماژە بە سەرچاوەکە بدات، بۆیەش بەو پرنسیپە پابەند دەبم.
ئەوجارە باسی بیردۆزێکی حەکیمی هیندی ئۆشو (راجنیش بوراما) دەکەم، دەیکەمە بیرەوەری ریالیستی و بیرەوەری سایکۆلۆژی.
بیرەوەری ریالیستی، زانیارییە لەسەر مرۆڤ و شوێن و هەموو رەوشەکان وەک خۆی.
بیرەوەری سایکۆلۆژی، ئاوێتەی هەست و نەستەکان بە زانیارییە ریالیستەکانیشەوە لەسەر هەموو بابەتێک. ئۆشو دەڵێت:
دەبێ دەستبەرداری بیرەوەری سایکۆلۆژی ببیت، تەنها پشت بە بیرەوەری ریالیستی ببەستیت.
لەسەر ئەوەش نمونەیەکی هێناوەتەوە: بۆ نمونە، دوێنێ بەڕۆژ، کەسێک ریسوات دەکات و بەرۆژیش بەرێکەوت بەتەنیشت گوزەر دەکات. بیرەوەرییە ریالیستەکە دەڵێت:
ئەو کەسە دوێنێ بەرۆژ ئیهانەی کردم. بەڵام بیرەوەری سایکۆلۆژی، هەستکردنە بە تووڕەیی کە دووبارە پیاوەکەی ئیهانەی کردویت لەبەردەمت گوزەر دەکات... لەوەدەمانە جەستەت دەکوڵێت و هەڵدەچێت. رەنگە ئەو پیاوە بۆ ئەوە هاتووە داوای لێبووردنت لێ بکات. دیارە بیری لەوە کردیتەوە هەڵەیەکی بەرامبەرت کردووە و هاتووە هەڵەکەی راست بکاتەوە و نزیک ببێتەوە... بەڵام دوێنێ هەر دوێنێیە! پیاوەکەی ئیمڕۆ هەمان پیاوەکەی دوێنێ نییە، کە بینیووتە. بیست و

چوار سەعات گۆڕانی زۆر ئەنجام دەدات، تۆش لەو ماوەیەدا، هەمان کەسەکەی دوێنێ نیت و ئاساییە گۆڕابیت.
بیرەوەری ریالیستی دەڵێت: (بەبێ هەڵچوون و تووڕەیی و خەمگینی): (ئەو پیاوە دوێنێ بەرۆژ ئیهانەی کردم). بەڵام من ئێستا گۆڕاوم و ئاساییە ئەو پیاوەش گۆڕابێت. کەواتە، رووداوەکە لەنێوان دوو کەس روویداوە، پەیوەندییان بە تۆوە نەبووە. کە بیرەوەرییە ریالیستەکە بەکاردەهێنیت، لەرووی دەروونییەوە ئازاد دەبیت. تۆ ناڵێت: (من هێشتا تووڕەم). تووڕەییەکەت نەماوە و ساردبوویتەوە. بیرەوەری ریالیستی بە ئەرکەکەی خۆی هەڵدەستێت. هەروەها لە کاردانەوە و پەرچەکردارەکانی سایکۆلۆژی دەربازت بووە. لەگەڵ پیاوەکە کۆدەبیتەوە، وەک رەوش و دۆخەکەی ئێستا، کە ئەو تێدایە، هەروەها تۆش دۆخەکەت ئێستا چۆنە؟

٢

ئۆشو لە مادهیا برادش لە هیند لە رۆژی ١١ی دیسمبەری ساڵی ١٩٣١ی زاینی لەدایکبووە، ماوەیەک لە ئەمریکا ژیاوە، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچ دەیەوێ بیگێڕێتەوە وڵاتەکەی و دەریبکات، هەندێ لە راپۆرت ئاماژە بەوە دەدەن، دەڵێن هەندێ لە بەرپرسەکان ژەهرخواردیان کردووە، لە یونیۆی ساڵی ١٩٩٠ی زاینی مردووە.

---

سوودم لەو سەرچاوەیە بینیووە: اوشو: الابداع. اعداد مریم نور، ترجمه ریاض خلیل حسن، بیروت ٢٠٠٥م.

هەموو شتێکی نوێ

رەنگە باسکردنی یەک نمونە لەسەر رامان و قسەکانی ئۆشو (راجنیش بوراما) بەس نەبێت، بۆ شرۆڤەکردنی بیرۆکەی بیرەوەری و چۆنیەتی دەربازبوونی مرۆڤ لە پاشماوە و پەرچەکرداری بیرەوەری سایکۆلۆژی، سەبارەت بە کەس و رووداوەکان و پابەندبوون بە بیرەوەری ریالیست، واتە

پابەندبوون بە کردەوەکان، رووداوەکان وەک چۆن روویانداوە و حوکمی پێشوەختی بۆ نەدرێت. ئەو هەڵوێستە لە بوارەکانی راگەیاندن و سیاسەت بۆ دوورکەوتنەوە سوودبەخشە، زۆریش سوودی دەبێت، بەوەش مرۆڤ تا رادەیەکی باش، لە دەرکردنی بریاری سۆزداری پێشوەخت، نەک بڕیاری ریالیستی دووردەکەوێتەوە، بۆ ئەوەش ئوشو ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە:

_ رۆژێکیان پیاوێکی زۆر تووڕە دەگاتە لای هۆشمەندێک و تفێک لە رووی دەکات. پیاوە بیرمەندەکە، هیچ لە تفکردنەکە تووڕە نابێت، دەموچاوی دەسڕێتەوە و لە پیاوەکە دەپرسێت: چیترت ماوە بیڵێیت؟

یەکێک لە قوتابییەکانی بیرمەندەکە تووڕە دەبێت. روو لە بیرمەندەکە دەکات و دەڵێت:

رێگام بدە، من رەوشت و هەڵسوکەوتی ئەو پیاوە چاک بکەمەوە، زێدەڕۆیی کردووە و ناتوانم لەوەیان بێدەنگ بم.

پیاوە بیرمەندەکە بە قوتابییەکەی وتبوو:

ئەو تفی لەدەموچاوی تۆ نەکردووە. ئەو تفی لە رووی من کردووە. ئەوە لەلایەک تۆ سەیری ئەو پیاوە بکە، بەس سەیری بکە! دیارە کێشە و گرفتێکی هەیە، سەیری بکە، بزانە چۆن دیارە. بەزەییت پێی بێتەوە، دیارە مەبەستی بووە قسەیەک بکات. بەڵام نەیتوانیوە دەستەواژە و شێوازێکی تر بدۆزێتەوە، قسە و رازەکانی بدرکێنێت. ئەوە کێشەی منیشە... من دەمەوێ گوزارشت لە بۆچوون و زانیارییەکانم بکەم، ناتوانم بۆت باس بکەم، وشە و رستەی گونجاوم بۆ نادۆزرێتەوە. ئەو پیاوەش هەمان کێشەی هەیە.

_ هۆشمەندەکان شتەکان دەبینن، تەنها بیرەوەرییە ریالیستەکان دەبینن، ئەوانە و بەس! بەڵام قوتابی بیرەوەری سایکولۆژی دەخوڵقێنن...

_ ئوشو لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکانی بەردەوام دەبێت. پیاوەکەی تف لە رووی هۆشمەندەکە دەکات پەشیمان دەبێتەوە. بەیانی زوو دەگاتەوە کن بیرمەندەکە، لەبەر دەستوپێیەکانی دەچەمێتەوە و کڕنۆشی بۆ دەبات و ماچیان دەکات. پیاوە بیرمەندەکە بە قوتابییەکەی دەڵێت: سەیر کە، کێشەکە دیسان دووبارە دەبێتەوە! ئەو دەیەوێ خۆشەویسی بەرامبەر من دەرببڕێت، بەڵام ناتوانێت راز و هەستەکانی بە قسەکردن گوزارشت بکات.

پیاوەکە دەست دەکات بە گریان و دەڵێت:

گەورەم لێم ببوورە، زۆر داوای لێبووردنت لێ دەکەم. دوێنێ زۆر بە گەمژەیی بەرامبەر تۆ جووڵامەوە.

پیاوە هۆشمەندەکە دەڵێت:

بابەتەکە لەبیر بکە! ئەو پیاوەی دوێنێ تفت لە رووی کرد نەما و بوونی نییە، هەروەها پیاوەکەی تفی بەڕووی پیاوێک کردبوو، ئەویش نەما. تۆ ئێستا کەسێکی نوێیت، منیش کەسێکی نوێیم! سەیری ئەو خۆرە بکە، سەرلەنوێ هەڵاتووە. دوێنێ بوونی نەما رۆیشت. من بۆ لە تۆ ببوورم، بۆ؟ تۆ تفت لە من نەکردووە. تۆ تفت لە رووی پیاوێک کردبوو، ئیمڕۆ بوونی نییە و نەماوە.

---

بۆ ئەو بابەتە سوود لە کتێبی اوشو: الابداع، اعداد مريم نور. بيروت ٢٠٠٥م، وەرگیراوە.

پێشبینییەکانی کاسترۆ

**ئایا شەڕێک وەک بروسک، شەڕێکی کاولکارانە لەنێوان ئێران و ئەمریکا روودەدات؟!**
لە رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٦ی زاینی ئاژانسەکانی هەواڵ نووسیویانە، سەرۆکی پێشووی کوبا ڤیدیل کاسترۆ پێشبینی کردووە.
کاسترۆ لە پێشبینییەکانیدا گوتویەتی:
_ لەودەمانە هەموو جیهانی سەرقاڵی یارییەکانی فوتبۆڵە، ئەمریکا فرۆکە هەڵگرەکانی، پاپۆری هاری ترومان بەپاسەوانی چەند غەواسەی چەکی ناوەکی، دەباتە سەر کەنارەکانی ئاوی ئێران، لەوێ هەموو پاپۆڕەکانی لەو کەنارانە بۆ داگرتن و گواستنەوەی کاڵای بازرگانی کەنارگیر دەبن دەپشکنن، (واتە پاپۆرە ئێرانییەکان دەپشکنن).
کاسترۆ دڵنیایە شەڕێک لەنێوان ئەمریکا و ئێران روودەدات، شەڕەکە بە هەورێکی بەبروسک و هەورە تریشقە ناوبردووە، ئەو شەڕەش هەر لە ئێران روونادات پروشکەکانی دوور دەڕوات و دەگاتە کوریای باکووریش.
کاسترۆ ئەمریکای بە دژوارترین و کوشندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی ناوبردووە.
ناوەندە سیاسی و سەربازییەکانی هەموو جیهان، ئاماژە بە پێشبینییەکانی کاسترۆ بۆ روودانی شەڕێکی قورسی گەورە دەکەن، دەڵێن لەو شەڕەش بۆ یەکەمجار چەکی نوێ بەکاردێت.
دیارە لەورۆژانە ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیار لەسەر ژمارەیەک سزای توند بۆ گەمارۆدانی ئێران دەدات، کۆشش دەکات رێگا لەسەر دروستکردنی چەکی ناوەکی لەلایەن ئێران بگرێت، وەک چۆن جڤاتی نێودەوڵەتی باسیدەکەن. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەلایەن خۆییەوە چەند سزای توند لەسە ئێران دەچەسپێنێت، بەتایبەتی چاودێریکردنی پاپۆڕەکانی دەچنە ئێران، ئەوانەی لە بەندەرەکانی ئێرانیش دەردەچن. لە ترسی ئەگەری هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و خۆپاراستن، لەو چەند مانگەی رابردوو ئێران مانۆری دەریایی و وشکایی زۆر ئەنجامداوە.
لایەن و مەڵبەندەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، قسە و رامانیان لەسەر نهێنییەکانی پشتەوەی ئەگەری رووبەڕووبونەوەکانی ئێرانی نێودەوڵەتی هەیە، بۆیەش لە هەمولایەک جووڵە و چالاکی دبلۆماسی و سیاسی و ئابووری دەبینرێت، تا بکرێت حکومەتی ئێرانی نەرم بکەن و لەدوا ساتەکاندا روودانی شەڕەکە رابگرن، چونکە ئەو شەڕە ناوچەکە دەخاتە ناو تەوژمێکی گەورە و

هەژانێکی کوشندە، دەبێتە دەروازەی سەردەمێکی زۆر جیاواز و چاوەڕواننەکراو. ڕوودانی شەڕ لەگەڵ پەیدابوون و سەرهەڵدان و پێشکەوتنی بلەزی تەکنەلۆژیای چەکە نوێیەکان مەسەلەیەکی ئاسان نییە. ئایا بەڕاستی ئێران و ناوچەکە دووچاری ئەو قەدەرە دەبێتەوە و شەڕێک دەقەومێت، یان هێشتا بوارەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و ئاڵۆزییەکان لەبارە، تا میللەتانی ناوچەکە دڵنیاببنەوە؟

---

ئەو وتارە لە رۆژی ٢٠١٠/٦/٣٠ی زاینی نووسراوە.

پاراستنی ئاشتی و کرانەوە

لەبەر کەشە توند و شەڕەکانی ناو تورکیا و سەر سنوورەکانی، دیسان ئاسمانی قەدەری کوردی تەڕ و تەماوییە. لەودەمانەی ناوچەکە گەرم و هەستیارە و دەکوڵێت بەتایبەتی ئێران، کورد لەو رۆژەڤە چ قازانجێک دەکات، کە کێشە و ئەگەری شەڕمان لەپێشە، وەک چۆن پێشەوای پێشووی کوبی پێشبینی شەڕێکی بروسکەئاسای بلەز و دژواری بۆ ناوچەکە کردبوو؟!

ماوەی چەند هەفتەیەکە، کەشەکانی هەڵچوون و توندکارییەکان بەبێ بیانوو و هۆکاری دیار و بەرجەستە بەردەوامە. دیارە ملیۆنەها کورد داوای ئاشتی و ئارامی دەکەن، ئەگەرچی بوارێکی کەمی ئاشتی دەردەکەوێت، قسەش هەبوو لەسەر چارەسەری دۆزی کورد لە تورکیا و دۆزینەوەی شێوازێک بۆ چارەسەرییەکان، بواری پەرلەمانی و سیاسی و جەماوەری و میدیایی لەباربووە، بۆ چالاکی و بژاری ئاشتییانەی دوور لە ئاژاوە و توندکارییەکان.

ملیۆنەها کورد و تورک رۆژانە لە شار و گوندەکان بەیەکەوە دەژین و پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیان گەرمە. هەردوولا کۆششدەکەن و پەرۆشن رەوشەکە ئاشتییانە بەرێوەبڕوات و هاوژینی بەرقەرار بێت. واتە رەوشەکە لەبارە بۆ پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی ئاشتییانە بەرەو گونجاندن و گۆڕانی باشتر.

بەڵام لەهەردوو جەمسەر، لایەن و گرووپی بچووک هەیە، ترسیان لەو ئاشتییە هەیە و کۆشش دەکەن ئارامییەکە برەخسێت و بوارە ئاشتییەکان سازبکرێت.

هەوادارانی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادییەکانی نێوان تورک و کوردەکە و ئەوانی تریش، وادەزانن بوارێکی باش و ساز هەیە بۆ هەڤاڵبەندی بەرەو ئاشتی و ئاسوودەیی. ئەوەش خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتی کوردی، وەک چۆن خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی تورکەکانیش دەکات.

کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی _ تورکی دامەزرا، لەو چەند مانگەی دوایی لە بەیانێک داوای رەخساندنی بوارەکانی ئاشتی دەکەن، حکومەتی تورکی هەنگاوبنێن بەرەو کرانەوەی دیموکراسی و ئاشتییانەی لەسەر کورد و دۆزە رەواکەیان، کۆمەڵەکە هەردوو جەمسەرەکە هاندەدات، ئاڵۆزییەکان هێوربکەنەوە و بەرەو مەیدان و بوارەکانی دیالۆگ و ئاشتی بگەڕێنەوە.
کۆمەڵە و کەسایەتییە کوردە رووناکبیرەکان، ئەوان پێش کەسانی تر، دەبێ رووبەڕووی ئەو ئاڵۆز و گرژییەی ناو پەیوەندی کوردی و تورکییەکە ببنەوە، کوردەکەش پێش ئەوانی تر، دەبێ پارێزگاری بزاڤە ئاشتییانە و کرانەوە دیموکراسییەکە بکەن.
ئەزموونەکەی ئێمە لەناو عیراق، قەناعەتەکە پتەو دەکات، بۆ سەلماندن و بڕوابوون بە ئامرازە ئاشتی و دیموکراسییەکانی ناو کەشە ئاڵۆز و تەماوییەکە.

---

ئەو وتارە لە سەرەتای مانگی یولیۆی ساڵی ۲۰۱۰ ی زاینی نووسراوە.

بەشی پێنجەم

لە پزیشکی ئەلتەرناتیڤەوە

۱

پزیشکی ئەلتەرناتیڤی (بەدیل)، زاراوەیەکە و زۆریش بەکاردێت، مەبەست لەو دەرمان و هەتوانەیە، نەخۆش لەجیاتی ئامرازەکانی چارەسەرکردنی نوێ و دەرمان بەتایبەتی تێکەڵە کیمیاوییەکان، بەکاریاندەهێنێت.
یەکێک لەو دەرمانانە، تیمارکردنە بە رووەک و گیاوگۆڵ، ئەوەش چارەسەرییەکی کۆنە و لەمێژە مرۆڤایەتی درەکی پێیکردووە. لە هەمووو وڵات و هەرێم و ناوچەکانی جیهان، دکتۆرە میللیەکان پەیڕەویان کردووە و گیاوگۆڵیان وەک دەرمان بەکارهێناوە.

بەردی تایبەتیش هەبووە، بۆ کاردانەوەی موگناتیسی، ئەوەش ژانی کەمکردۆتەوە و هەندێ نەخۆشی چارەسەرکردووە.
یەکێک لە دەرمانە ئەلتەرناتیڤەکان وەک لە هیند و چین بەکارهاتووە، چارەسەری رۆحییە بە یوگا و شتی تر.. لەکۆنەوە نەخۆش بۆ چاکبوونەوە بڕوای بە دوعا و نزا هەبووە، ئەوەش دەرمانێکی کۆنی باوە لە وڵاتانی خۆرهەڵات، لەوانە کوردستانیش.
یەکێک لە جۆرەکانی پزیشک و دەرمانی ئەلتەرناتیڤ، بایەخدانە بە جۆری خواردن و چارەسەری بە ئاو و ئامرازەکانی تریش.

٢

من لە بوارەکانی تەندروستی رەسمی باوی کارکەر، لە پزیشکی ئەلتەرناتیڤ دکتۆر نیم. دیارە خوێنەران دەزانم من چوومەتە ناو بابەتێک، قورسترە لە زانیارییەکانم. ئەوەی دەبێتە مایەی سەرنجو زانین بۆ من، ئەوە بوو ویستم بزانین، دەکرێ سوود لە رووەک و دەرمانە میللییەکانی کوردستان ببینین. ئەوەش لەسەر زاری شێخ ئەبو ئەمیر دکتۆرە میللییەکەی باشووری عیراق باسکراوە، ئەو وتویەتی دایکم بە دەرمانە میللییەکان و گیاوگوڵی خۆمان چارەسەری پاشای عیراق فەیسەلی یەکەم و شاهەنشاهی ئێرانی کردووە. سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو دەرمانەش وتویەتی:
ئێمە ئەو گیا و رووەکانە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا و هیند و ئێران و هەندێ لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی هاوردە دەکەین... لە دیمانەیەکی رۆژنامەی ئەلسەباحی رۆژی ١/٧/ ٢٠١٠ی زاینی وتویەتی:
ویستمان بەشێک لەو گیا و رووەکانەی لە دەرەوە هاوردەیان دەکەین، لە سلێمانی و هەولێر و بەغداش بچێنین، هەموو کەشە تایبەتییەکانمان بۆ سازکردوە.
دەرکەوت چاندن و بەرهەمهێنانی ئاسانە و چیتر پێویستمان بە هێنانی ئەو رووەکانە نامینێت، وەک کەرەوزی بیر و بانبک و گەڵای گوڵە نیسان و ئەسپندەر و گوڵژاڵک...

٣

ئەوەی لێرە مەبەستمە ئێمە دەتوانین خۆمان ئەو رووەک و گیایە پزیشکییانە بچێنین و چیتر لە دەرەوە نەیانکڕین، دیارە بۆچوونیش لەسەر بەکارهێنان و سوودەکانی هەیە، ئەوەش بابەتێکی ترە..

---

ئەو بابەتە لە سەرەتاکانی یولیۆی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی نووسراوە.

لە دەریاچەی وانەوە

١

سەیران لەسەر ئەو زەمینە بکەن، ئەگەر دەتوانن گەشت بکەن، خۆشی زۆر دەبینن، هەست و هزر و ژیانتان دەبوژێتەوە.
ئەدی ژیان خۆی سەفەرێکی بەردەوام نییە لە شوێن و زەمانەکان.
لە رۆژانی ١٥ تا ٢٢ی مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی بوارم بۆ ساز دەبێت، سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی تورکیا بکەم. بۆ بەشداریکردنمان لە فیستیڤاڵی یادی شاعیری کورد فەقێ تەیرانی کۆچکردوو لەساڵی ١٦٦٠ی زاینی، سەفەری ئەو دەڤەرەم کردبوو. بەپێی توێژینەوە و نووسینەکان ئەو شاعیرە، بەوە ناسراوە شیعری پێشەنگی لە پێناسەی سروشت و پەیڤین لەگەڵ لقێکی گرنگی رووباری دیجلە هەیە، ئەو لقە ئاوەی بەناو دۆڵێکی سیحراوی دەڕوات، ئەو دەڤەرەی تێدا لەدایکبووە و ژیاوە، دۆڵی موکسی، کە دەسەڵاتدارە تورکەکان ناوەکەیان بە باخچەسەرا گۆڕیوە، واتە سەرای باخچەکە.
فیستیڤاڵەکە لەلایەن ژمارەیەک کەسانی رۆشنبیری پەرلەمانتار لە پەرلەمانی تورکیا و خەڵکی تریش سازکرابوو، ئەوە یەکەمجارە شاعیر و نووسەرانی هەرێمی کوردستان و ئێران و سوریا و عیراق و تورکیا و وڵاتانی ئەوروپیش بەیەکەوە بەشداربن. بەرنامەی یادەکە بریتی بوو، لە سەیرانێکی گەشتیاری بۆ سەر دەریاچەی وانی جوانی سەر دۆڵی موکسی. نوێنەرە کوردەکانی ناو حزبی داد و گەشەپێدان رۆڵی سەرەکییان لە سازکردن و بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکە دەگێڕا. ئامادەبووان بەئاشکرا بە زمانی کوردی قسەیان لەسەر زمانی کلتوور و مێژووی کوردی کرد، داواکاریش بوون، زۆرتر لەسەر ئەو بوارانە بکرێنەوە و قۆناخەکانی پڕۆسە ئاشتی لەسەر دۆزی کورد بەڕێوەبچێت و گەشە بکات.

٢

دیمەنی ناوچەکانی سەر بە دەریاچەی وان زۆر سەرنجی راکێشام، سروشتەکەم زۆر پێ جوان بوو، زۆریش خەمباربووم چونکە لە دیتنی دواکەوتم و زووتر ئەو ناوچەیەم نەدیبوو، دیارە

هۆکارەکانیش بەشێکیان سیاسی بووە، کە نەمتوانیوە سەردانی ئەو دەڤەرە قەشەنگە بکەم. کرانەوەی جیهانی سنوور، بۆ بازرگانی و سەفەرکردن بواری ئازادانەی گەشتکردنی رەخساندووە، ئەوەش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەردەمی رابردووی پێشوو هەیە، نەک بەرەو دەرەوە لە ناوەوەی وڵاتیش، بەتایبەتی وڵاتانی دەریای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە سنوورەکانیان بەتوندی داخستووە و چاودێری و کۆنترۆڵی وردیان لەسەر سەفەر و ئاودیبوون تا رادەیەکی زۆر دانابوو.
بە ئاکار و رووی شیرین پێشوازییان دەکردین، بەتایبەتی لە شارۆچکەی موکسی، کە ئارامگەی شاعیرەکەشی تێدایە، لەگەڵ دیتن و ئاشنابوون بە موژدەکانی بڕوابوون بە خۆد و گەشبینی و پتەوی بڕواکان بە ئایندەیەکی گەش لەگەڵ هەموو شتەکان، دەتوانم بڵێم سێ دیمەنی زیندووی بەهەشتیم لەسەر رووی زەوی بینی (هەندێ لەوانەی ئەنجیلی پیرۆزیان شرۆڤەکردووە وتوویانە بەهەشتی عەدەن، ئەوەی بەڵێنیان بە ئیماندارەکان داوە لەسەر خاکی کوردستانە)... یەکێک لە تابلۆکانی دیمەنی شاری (تتوان)ی کوردییە، کە دەکەوێتە سەر خۆرهەڵاتی کەناری دەریاچەی وان، دیمەنی دەریاچەکەش بەرووی شارەکە و دۆڵە سیحراوییەکەی نزیک بە چیا بڵندەکەی نزیک موکسی.. ئەوانە دەکەوێتە سەر سێگۆشە سنوورییەکەی عیراق ئێران تورکیا، بەڵام لەناو خاکی تورکیا.

٣

قەڵەم و پەیڤەکان ناتوانن گوزارشت لەو دیمەنانە بکەن، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم بەو سەفەرە کامەران بووم، کە ئارامگەی شاعیر و رووناکبیر فەقێ تەیرانمان بینی، خەڵکەکەش لەکاتی پێشوازییەکان و گەڕانەوەمان دەیانگوت:
زیارەت و سەردانەکانتان قبووڵە. چونکە ئەوان کەسایەتییەکە بە پیرۆزی دەناسن، بە یەکێک لە وەلییە گەورەکانی تەسەوفی دەزانن.

سوڵتانی مارەکان

لە ڕێگای ڕۆیشتنمان بەرەو زێدی شاعیر فەقی تەیران، لە هەولێر بە فڕۆکە بەرەو ئەستەنبۆل و ئەنقەرە فڕین، من دەچوومە ئەنقەرە، لەوێ خەڵاتی گۆڤاری دیالۆگی ناسینی تورکیا، ئەوەی لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی تورکی لە هەولێر دەردەچێت وەربگرم، ڕێزلێنانەکە لەلایەن گۆڤاری تایم چاپە تورکییەکەی لە ئەنقەرە، دانرابوو. بەئامادەبوونی دەیان کەسایەتی تورکی کوردی لەوانە پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و پێشەنگەکانی جڤاتەکە و کارمەندان و هونەرمەندان ڕێورەسمەکە بەڕێوەدەچێت... لەوێ ئەوەم بەرکەوت، خەڵات بەسەر چەند هونەرمەندێکی تورکیا پێشکەش بکەم.

ئەوەش پەیامێکی کۆمەڵەی دۆستایەتی میللەتی تورکی و کوردی دەگەیاند، لەوێش سەردانی پەرلەمانی تورکیام کرد، کە پاڵپشتی ئاهەنگەکەیان کردبوو.

دیسان بە فڕۆکە سەفەری دیاربکر (ئامەد)مان کرد، لەوێ بوارساز دەبێت شوێنەواری مێژوویی ببینم، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا، لەوانە مزگەوتە گەورەکە، تێدا شوێنەواری ئاینەکانی زەردەشتی و میترانی، تا سابئی مەندائی و کریستیانە ئەرمەنییەکان و دواییش ئیسلامییەکان، لە باڵەخانە و دیوارەکانی دەبینرێت. لەو دەڤەرە چەند سەردەم و وەچەرخانی مێژوویی بە ئاین و هزر و کۆمەڵگا و جڤاتی جیاوازەوە تێدەپەڕێت. وتیان لە حەوشە بەتاڵەکەی مزگەوتەکە، لەساڵی ١٩٢٥ی زاینی، شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێیە دڵسۆزەکانی لە سێدارەدراون.

لە دیاربکر، گۆڕانی زۆر بەرچاو دەکەوێت، شارەوانییەکەی چەندین باڵەخانەی نزیک لە شارە کۆنەکە نۆژەندەکاتەوە، زووتر و بەر لە دەیان ساڵ ئەوەم نەبینیبوو.

پاش دیمانەم لەگەڵ ڕۆشنبیرەکانی شارەکە و لیژنەی نووسەران (ژمارەیان سێ سەد کەس دەبوو، لە شارەکانی کوردستانی تورکیاوە هاتبوون)، بۆ بەشداربوونمان لە فیستیڤاڵەکەی فەقێ تەیران لە وان، بە ئۆتۆمۆبیل بەرەو وان بەڕێکەوتین، لەو کاروانەدا بەناو شاری تەبلیس گوزەرمان کرد، لەوێ قەڵاتە ناودارەکەمان بینی، زێدی مێژوونووسی یەکەمی کورد شەرەفخانی بەدلیسی، هاوڕێیە ڕۆشنبیرەکان باسی دێرینی شارەکەیان بۆ کردین، وتیان ئەو شارە سی سەدەیە ماوەتەوە، لەوەتی ئەسکەندەری مەکدونی بە سوپاکەی لە ساڵی ٣٥ی پ. ز پەلاماریداوە.

هەر لەو ڕێگایە گەیشتینە شاری تاتوان، شارەکەی لەسەر کەناری دەریاچەی وان هەڵکەوتووە... سەردانی چیای نەمرودمان کرد، ئەو چیایە دەرئەنجامی بومەلەرزەیەکی بورکانی پێش هەزارەها ساڵ پەیدابووە، لەو تەقینەوە مەزنەدا، دوو دەریاچەی هاوشانی یەکتری بچووک پەیدا دەبن، یەکێکیان ئاوەکەی زۆر گەرمە و ئەوی تریان ساردە، ئای لەو سەیروسەمەرە ناوازەیە!

لێرە، سروشت دەستی لێنەدراوە، پاکیزەیە، پاک و بێگەردە، دەستی تەکنەلۆژیا و داڕمان و رووخانی پێ نەگەیشتووە.

شەو گەیشتینە شاری وان، بەیانی زوو لە خەو ڕابووین، لە هوتێلی ماریوت، ئەوەی لەناو خەڵکەکە بە هوتێلی شایماران واتە سوڵتانی مارەکان ناسراوە دابەزیبووین. بەیانییەکەی ڕۆژی ١٨ی یونیۆ بارانێکی خۆش دەباری، نەرم نەرم و ئاوەکەش بەرەو دەریاچەکە دەڕۆیشت.. کەشەکە

خۆش بوو، هەوایەکم هەڵدەمژی، هەرگیز لە هیچ پارچەیەک ئەو جیهانە، ئەو بێگەردییەم هەست پێ نەکردبوو.
ئەو شارە گەشتیارییە ئاوییە شوێنەوارییە، بە پشیلەی سپی چاو دوو رەنگیش ناسراوە: پشیلەکان چاوێکیان شین و ئەوی تریان قاوەیەکی بۆرە، زۆریش بە فەرووە سپییەکەیان دەناسرێن، پشیلە سپییەکە بووتە سومبڵی شارەکە.

قسەکردن لەسەر نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی

١

ئەگەر برسیەتی و نەبوونی پیاو بوایە، دەمکوشت.
ئەو فەرموودە خراوەتە پاڵ ئیمام عەلی کوڕی تالیب ر.خ.
لەکۆنەوە هەژاری دیاردەیەکی نەگریس بووە. کەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی توانی ئەو میکروبە بۆگەنە بکوژێت، ئەوەی هۆکاری هەموو نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و پاشکەوتن و کەساسییەکانە؟!
خەونی لەناوبردنی هەژاری خەون و بەرنامەی چاکساز و هۆشمەند و پەیامهێن و خەڵکە سادە باشەکانە، سەدان سەدەیە کۆششی بۆ دەکەن، چەندین هزر و بەرنامە بەناوی یوتوپیا و شارە نایابەکە و یەکسانی تەواو و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگاکان بووە.

٢

بە ناونیشانێکی پانوبەرین لە رۆژنامەی ئەلسەباحی رۆژی ٢٠١٠/٧/١ی زاینی ئەوم بینی:
(عیراق بەجۆشەوە کۆشش دەکات، هەموو جیاوازییە چینایەتییەکان و برسیەتی بنبڕ بکات).
قسەکەش خراوەتە پاڵ نوێنەری عیراق وەکیلی شارەزا (الوکیل الاقدم)ی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نوری ئەلحلفی، لە بواری بەشداری بەرنامەی عیراقی لە کاروبارەکانی خولی بابەتییانەی یەکەمی ئەنجومەنی وەزیرانی کاروباری کۆمەڵایەتی عەرەب.

ئەو ناونیشانە منی تووشی شۆک کرد، ماوەیەک جوڵە هزرییەکەم راگرت و حەپەسام.
زۆر سەرسام بووم بە هزر و بەرنامەی نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و لەناوبردنی هەژاری.
هۆکاری سەرەکی وەستان و رامانی خەڵک، بەرووی بوونی جیاوازی چینایەتی و برسیەتی چییە!
بۆ خەڵک ئەو بابەتە دەورووژێنێت؟
برسیەتی بنچینەی هەموو جیاوازییەکی چینایەتییە. دەسکەوتێکی مەزنە ئەگەر ئێمە لەناو عیراق بتوانین برسیەتی و هەژاری نەهێڵین، یان هەر هیچ نەبێت کەمی بکەینەوە... بەپێی ئامارەکان دیارە هەژاری کارەساتێکە زۆربەی جڤاتەکە لەبەری دەناڵێنێت.
جیاوازی چینایەتی بەئاسۆیی و ستوونی دەردەکەوێت، کەسە ئاگادارەکان هەستیان بە سەرهەڵدانی چینێکی دەوڵەمەند و زۆرینەی هەژار، کە هیچ دەرامەتێکیان نییە، کردووە.
ئەو درزە چۆن بەرین و گەورە دەبێت، توێژێکی دەوڵەمەندی بەرچاو دەرکەوتووە، ئەوانەش دەسەڵاتیان بەکارهێناوە، بە قازانج و دەسکەوتی زۆر، لەسەر حیسابی توێژە زۆرەکەی کۆمەڵگاکە پەیدابوون، بە برسیکردن و کەساسکردنی خەڵکەکە دەردەکەون و پەیدابوون.

## ٣

هەرگیز گومانم لە بەڕێوەبردنی بەرپرسانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەت و جڤاتەکە نییە، وادەزانم ئەوانە پەرۆشن و کۆشش دەکەن، بۆ نەهێشتنی هەژاری و جیاوازی چینایەتی.
وادەزانم ئەوانە بۆ ئەو نەبەردییە بەرنامە و پلانیان هەیە، ئەوەش بابەتیکی جوانە. گومانیش لە نیەت و نەخشەکانیان نییە.
ئەوەی ئێمە لەو ئاسۆیە، حەکیمانە هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، بوژانەوەی چینی هەژارە، ئەوەش مەسەلەیەکی دژوار و سەخت و ئاڵۆزە، بەڵام موستەحیلیش نییە، ئەوەش بەشداری زۆرترین دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگاکە و دانانی بەرنامەیەکی دیاری بەرچاوی خەڵکەکەی دەوێت. وادەزانم خەڵکە باشەکە و ئازادیخوازەکان، بۆ هەموو چالاکییەکی چاکە و خێرخوازییەکان بۆ لەناوبردنی هەژاری لەناو هەموو توێژەکان هاوکاری ئەو بەرنامەیە دەبن، مانەوەی ئەو جیاوازییە چینایەتییانە ئاساییە درێژە بکێشێت و دیاریش نییە کەی کۆتایی دێت، ئەوەش لەناو وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوون و گەشەیان لاوازە، دیار و بەرچاوە.

سۆفیزم ڕەوشێکی رۆحی خۆڕسکە

١

دەپرسین بۆ مەزار و دەستە و کەسایەتییەکانی سۆفیزم لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی توندی هزری و سیاسی هەتا توندڕەوییش، وەک ئەوەی لە رۆژی ٢ی یولیۆ لە پاکستان روودەدات، لێرەولەوێ کەسایەتییەکیان بەکۆمەڵ دەکوژن؟

سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، زاراوەی جیهانی عەرەبی _ ئیسلامی و جیهانی ئیسلامی _ عەرەبی، مەبەستم وڵاتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە.

رووبەرەکەی تێدا سۆفیزم و سۆفییەکان هەڕەشەیان لەسەرە و کەساس دەژین، رووبەرێکی پانوبەرینە، لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوای سنووری چین تا مۆریتانیا دەگرێتەوە.

باشە بۆچی لەو وڵاتانە، ئەو جۆرە هەڕەشە لە سۆفیگەرییەکان دەکەن و لایەنە ئیسلامییە تەقلیدییەکان ئەو هەڵسوکەوتە دەگرنەبەر و وازناهێنن؟

ئەگەر بچینە ناو بابەتەکە، دەگەینە ناو چەندین بابەت و سەربردەی کۆنی ئاڵۆزی خەمگین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی تێدا ململانێی قوتابخانە هزرییەکانی لەناو بزاڤی ئیسلامی دەردەکەوێت و گەشە دەکات، وەک موعتەزلەکان و ئەوانی تریش.

٢

بۆچی زۆربەی زانا و لایەنە ئاینییە ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکان و کەسایەتییە ناسراوەکانی ناو جڤاتی عەرەبی و ئیسلامی سوورن و شێلگێرانە کۆشش دەکەن، تیم و گرووپە سۆفیگەرییەکان و عارفەکان دوورەپەرێز بکەن، ئەگەرچی ئەوانە موسلمانن و توێژێکی زۆری ناو جڤاتە گەورەکەی موسلمانانن؟

ئەگەر خۆمان لە هەندێ هەڵسوکەوت و رفتاری ئەوانە دووربگرین، هەندێکیان ناوازە و سەیرن، لەناو جڤاتەکەش نامۆن. بەڵام کرۆکی مەسەلەکە بەکفرزانینی هەندێ لەو تیم و گرووپانە خۆی دەنوێنێت، بۆیەش ڕەوشەکە دەگاتە ئاستی ئەوەی شەڕیان بکەن، گەمارۆیان بدەن و تەنگیان پێهەڵبچنن و بێزاریان بکەن؟

باشە ئەو سۆفیگەرانە تاوانیان چییە؟ ئەوانیش موسلمانی ئیماندارن!؟ هەندێ لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی وڵاتانی عەرەبی، زۆرتر لە دەیان ساڵە، تا رادەی تەکفیر ناویان دەبەن.

٣

بۆ ئەوەی زۆرتر وردبین و ئاگاداربین، دەمەوێ ئەوەش بڵێم سۆفیزم تایبەت نییە بە موسلمان و جیهانی ئیسلامی، سۆفیگەرایی رەوشێکی تایبەتە لەنێوان هەڵسوکەوتی رامانی رۆحی بۆ بەرجەستەبوونی شکۆداری و پێگەیشتن، ئەوەش لەناو هەمووو ئاین و میللەتانی جیهای هەبووە و هەیە، لەناو وڵاتی ژاپۆن چەندین تیم و قوتابخانەی سۆفیگەرایی هەیە، هەروەها لە هیند و ئەمریکای باشوور و ئەفریقیا و ئوسترالیاش بوونیان هەیە. بەجۆرەها ناو و نازناو قوتابخانەی سۆفیگەرایی لەنێو هیندییە سوورەکان و تیرە و هۆزەکانی ئەفریقی و میللەتە سەرەتاییەکان هەیە.

تەسەوف رەوشێکی رۆحی خۆڕسکە، لەگەڵ بوونی مرۆڤ پەیدابووە و گەشە دەکات، لەگەڵ بایەخدان و پەروەردەکردنی گەشە دەکات و بەرجەستەتر دەردەکەوێت. عیرفان پلەیەکە بۆ گەیشتن بە هاوسۆزی لەگەڵ کردگار، ئەویش خودایە. هەندێک ئەو رەوشە ناودەنێن هەستکردن بە یەکبوونی وەجود، واتە ئاوێتەبوونی تەواوی مرۆڤ بە بوون، ئەوەش لە شکۆکانی حەقیانەتی کردگارەوە خۆی دەنوێنێت... مەبەستی تەسەوف و عیرفان، وەک چۆن کتێب و رێنمایی تیمەکانی تەسەوف جەختی لەسەردەکەن، ئەویش بێگەردی نەفس و شکۆداری رۆحە بەرەو کەماڵ.

سۆفیزم لەناخەوە مرۆڤ ئازاد دەکات

ئەگەر سۆفیگەر لە جەوهەری ئاینە ئاسمانییەکان، مەبەستی کۆششی نەفس بێت، بۆ شکۆ بەرەو کەماڵی رۆح، بۆ لایەنە توندڕەوەکانی جیهانی ئیسلامی _ عەرەبی دژایەتی بزاڤی سۆفیگەری دەکەن؟

بۆ نمونە، بۆ چەندین کەسایەتی ناوداری جیهانی سۆفیگەری موسلمانەکان، لەو چەند سەدەی رابردوو دەکوژن و لەسێدارەیان دەدەن، لەوانە مەنسور حەلاج و شێخ شەهابەدین سەهرەوەردی و نەسیمی بەغدادیی و فەزیلولای نەعیمی و زۆری تریش؟ ئەوانەی و زۆری تریشیان کوشت بەبێ ئەوەی مێژووش ناوەکانیان تۆمار بکات، بۆ ئەوانە دەکوژن؟

بۆ دەستە دەستە ئیماندارانی ئەو تەریقەتانە، لەو چەند سەدەی رابردوو کوژران؟! ئەوانە چ مەترسییەکیان دەگەیاند، ئەو گرووپ و کۆمەڵانە دەیانتوانی لەبەر رۆشنایی ئازادی خوداپەرستی و رادەربڕین و کارکردنی سرووتەکانیان چ بکەن؟!

کتێبی زۆردارەکان و دەستە بەرپرسەکان، بەدرێژایی مێژوو، پڕ بووە لە شێوەکانی تومەت و بوختان و شاردنەوە و پەردەپۆشکردن و شێواندن، دەرحەق بەو رێبازانە (ئەوانە هەر چەند لە تێگەیشتن و رەوتی ئیسلامی باڵادەست و پلەداریش بوون، بەڵام بەزەییان بەو سۆفیگەرانە نەهاتووە).

بەبێ ئەوەی ناوی ئەو کۆمەڵانە بژمێرین، گرووپ و دەستەکان، هەموویان کۆک و هاوسۆزن لەسەر ئازادبوونی رۆحی ویژدانیان، کۆششدەکەن بگەنە سەرچاوە سەرەکەییەکی کردگار و بوون. وەک ئەو ئازادییەی، چۆن لە رووداوی دادگاییکردنەکانیان دەردەکەوت، گەورە سۆفیگەرەکانی بەر لەوەی بیانکوژن دادگاییان کردوون، ئەوەش تەنها رۆحی نەبووە، بەڵکو ئازادییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووریش بوون. ئەگەر بەکورتی بڵێن بزاڤە سۆفیگەرییەکان و کەسایەتییە سۆفیگەرییە هوشیارەکان، ئەوانە بەردەوام وەک نەیار و بەرهەڵستکار بەڕووی دەسەڵاتدارە زۆردارەکان، سیستەمە سیاسییە نەژادپەرست وەستاون، وەک بزاڤەکەی مەهدی لە سودان.

ئەو رژێمانە تاکڕەوانە ئیشیان کردووە، قبووڵی کەسی بەرامبەریان نەکردووە، ئینجا هەر کەسێک بووبێت، ئەگەر بە هەموو ماناکانی وشەکانیش، موسلمانێکی پاکی ئیمانداری چاکخوازیش بووبێت. لەو رەوشەدا چاکسازی و ریفۆرم بەشێک بووە، لە ئۆپۆزسیۆن و نەیاری دەسەڵاتدارەکان و سیستەمە سیاسییە کۆمەڵایەتییە تاکڕەوە داخراوەکان، ئەوانەیان زامدار و لەکەدار کردووە. بزاڤی سۆفیگەریش بەردەوام بزاڤێک بووە، بۆ کرانەوە و ئازادییەکان، ئێستاش بەهەمان مەرج و سیستەم خۆیان دەنوێنن. ریفۆرمخواز و رووناکبیرە گەورەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، زۆربەیان سرووتی سۆفییانەی روونیان هەبووە.

بەواتایەکی تر، کێشەکە، بوون و مەسەلەی ئازادییە، مەسەلەکە پەراوێزکردنی ئەو کەسانەیان کردووە بانگەوازی سۆفیزم بووینە.

لەڕاستییدا کۆمەڵگا عەرەبییە ئیسلامییەکان، فرەزمان و کلتوور و سیاسەت و رەگەز بووە، لەگەڵ ئەوەش بۆچوونی سۆفیگەری یەکێکە، لە مەرج و بوونی فرەهزری لەناو چوارچێوەی کلتووری ئیسلامی عەرەبی. بەڵام لەو جڤاتە بەتایبەتی دەسەڵاتدارەکان، قبووڵی ئەو فرەهزرییە ناکەن و ئازادییەکان پێشێلدەکەن و فرەرەگەزییەکەش دەشێوێنن.

لێرە دەگەینە راستییەکی گرنگی باڵکێش، جیهانی عەرەبی ئیسلامی دوورە لە کرانەوەی ئازادی، ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، ئازادییەکانی هزر و سیاسی، ئازادییەکان بۆ پیادەکردنی کلتووری ئیسلامی تایبەت لەناو خودی چوارچێوەی کلتووری ئیسلامیش.

ئەگەر ئەو دەرئەنجامە کورت و پوخت بکەینەوە، دەتوانین بڵێن، جیهانی ئیسلامی عەرەبی پێویستی بەوە هەیە، بەرامبەرەکەی قبووڵ بکات، کە ئەویش بەشێکی بەرچاوی ئیسلامبوونیەتی. تیمە سۆفیگەرەکان و کۆمەڵە ئیسلامییەکان، موسلمانن و بڕوایان بەو ئاینە پتەوە، بۆیەش کەسانی وا هەیە وتویەتی ئەگەر ئەو سۆفیگەرانە نەبوایە، ئیسلام هیچی نەدەما.

فرەحزبی لە جیهانی ئیسلامی دەخنکێندرێت

جیهانی عەرەبی _ ئیسلامی فرەحزبی و یەکتری لەناو ریزەکانیان قبووڵ ناکەن، ئەگەر لە رەگەز و نەتەوەی خۆشیان بێت، هەموو بۆچوونەکانی هاوبیری دەسەڵاتدار و کلتوور و ویستی گەورەکەیان نەبێت، رەتیدەکەنەوە.
کەواتە، لێرە هەڵوەستەیەک دەکەین، ئامرازە پاشکەوتووە توندڕەوەکانی پابەندن بە کلتوورە باوەکانی لەمێژە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی چەسپیبوون و ناگۆڕێن. کلتوورەکە بۆگەن بووە، کلسی گرتووە، چەندین سەدەیە پێشناکەوێت، نەخۆشییەکی ناو پەتای سیاسەت و پاشکەوتن و نەزانینە.
کلتووری یەک جەمسەری چەقیوو، ئەوانەی دیالۆگ و هەڤپەیڤین بەرامبەر کەسانی تر قبووڵ ناکەن، ئەو جۆرە کلتوورە دەخوڵقێنن، تێدا ئازادییەکان حەرامە، دیالۆگ حەرامە، فرەرەنگی حەرامە، جیاوازییەکان حەرامە، شرۆڤە زانستیەکانیش حەرامە... کرانەوەی هزری و کەماڵی رۆحی مرۆیی تێدا حەرامە.
ئەو جۆرە کلتوورە دەروازە و پەنجەرەکانیان بەڕووی عەقڵ و بیرکردنەوە داخستووە، ئەو هزرە هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئیفلیجکردووە، جووڵەیان نەماوە، هەموو میللەتەکانی گرتووتەوە، لەوانە کورد و تورک و فارس و عەرەبیش، زۆر نەتەوەی تریش.
تکادەکەم ئەو بۆچوونەم بەوە شرۆڤە مەکەن، من دەمەوێ لاسایی خۆرئاوا بکەمەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی لاساییان بکەمەوە، مەبەستم نییە ئەوە دەربازبوون و دەرمان و چارەسەرە بێت. من جەخت لەسەر یەک خاڵ دەکەمەوە، هاوڵاتیانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات بەیەکەوە هەموویان دەگرێتەوە، پێش هەموو شتێک مەسەلەی ئازادی و دیالۆگی ئازاد و بیرکردنەوەی ئازاد ئینجا رادەبڕینی ئازادانە لەسەر هەموو ئەوانە.
خۆرئاواش نەدەبوونە خودانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کلتووری و زانستی، ئەگەر بەنیعمەتی ئازادی رانەگەیشتبوایە. خۆرهەڵاتیش، بەتایبەتی جیهانە ئیسلامییە عەرەبییەکە پێویستی بە ماناکانی ئەو ئازادییە هەیە.
ئازادی موڵکی خۆرئاوا نییە، ئازادی سروشتی مەسەلەکانە. ئەگەر سەیری نمونەی ژاپۆن و چین و هیند بکەین دیارە ئازادییەکان پابەند نییە بە دەڤەرێک، ئازادییش مانای ئەوە نییە کایە کلتوورییەکانی میللەت و نەتەوەکان بپچڕێنێت (ئەگەر خەڵکێک هەبێت، تا ئیمڕۆش لەسەر رەسەنایەتی بەپەرۆشییەوە دەگرێن و وادەزانن ئازادییەکان رەسەنایەتی بنبڕ دەکات!).

ئەگەر سەیری نمونەکانی تورکیا و مەغریب و مالیزیاش بکەین، ئەوانە سەر بە وڵاتە ئیسلامین. ئەگەر هەنگاوێکی کەم لە کلتووره کۆنە ئاساییەکانی ناو کۆمەڵگاکان دووربکەوێتەوە، لەجیاتی ئەوانە لە ماناکانی ئازادی و هەڵسوکەوتەکانی نزیک ببێتەوە، دۆخەکان دەگۆڕێن.
ئەوانەی شارەزا و ئاگادارن دەزانن، چەندی سەدەیە وڵاتانی وەک مەغریب و تورکیا و مالیزیاش لەبن دابونەریتی کۆنی باوی جاران دەکوڵان و دەیاننالاند، ئێستاش ئەوانە پابەندن بە دابونەریت و رەسانەیەتی خۆیان دەپارێزن، ئەوانیش وەک هەموو میللەتانی تری ئەو جیهانە پابەندن بەرەگوریشەی دێرینی خۆیانەوە، ئەوانە و چین و ژاپۆن و هیند و وڵاتانی ئەورووپیش. ئەلمانیا و فەرەنسا و ئیتالیا لەگەڵ گەشە و پێشکەوتن و ئازادییە رەهاکانیش، دەستبەرداری زمان و کلتوور و هەتا دابونەریتەکانیشیان نەبوون. نازانم بۆ هەندێک لە جیهانی عەرەبی ـ ئیسلامی، ئەوەندە مەترسییان لە ئازادییەکان و فرەحزبی و مافەکانی مرۆڤ هەیە؟! بەبیانووی پاراستن و چاودێری رەسەنایەتی، کۆمەڵگاکەیان رووبەڕووی شێواندن و فەوتان ناکەن؟! دەرئەنجام ئەوان بەرگری لە کلتوورێکی چەقیووی تایبەتی سەر بە کەسانی خۆپەرست و دەسەڵاتدارەکان دەکەن، لەگەڵ گۆڕینی حزبەکان و کەسەکان و ناوی رژێمەکان دەمینێنەوە و خۆیان دەچەسپێنن.

## بڵاوبونەوەی ئاوەزی فەلسەفی هزری ئازادی خوڵقێنەرە

ئامانجی بڵاوبونەوەی رووناکبیری، بەرقراربوونی عەقڵی فەلسەفەی زانستییە، چونکە عەقڵ لە جیهانی عەرەبی ـ ئیسلامی بوویتە کۆیلەی کلتوورێکی داتەپیووی سیس، ئەوەش دەرئەنجام و ویستی دەسەڵاتدارە زۆرەکان بووە، بۆ چەسپاندن و بیانووی بیردۆزی (شەرعی).
لێرەولەوێ دەبیستین و دەزانین، ژمارەیەک لە خوێنەران بەو بۆچوونە لەسەر نالەباری کلتوورە باوەکەی جیهانی عەرەبی ئیسلامی سەخڵەت دەبن، هەندێکیان بۆچوون و شرۆڤەکانمان بە هەرەشە و دوورکەوتنەوە لە کلتووری ئیسلامی و کلتووری عەرەبی دەزانن.
من بە نەخێر، هەزار نەخێر وەڵامیان دەدەمەوە! بەدرێژایی پەیڤەکانم، گوزارەشتم لە کلتووری ئیسلامی یان کلتووری عەرەبی نەکردووە، تەنها باسی کلتووری باوی ئیمڕۆی ناو جڤاتی ئیسلامی و عەرەبییم کردووە و بەس.
جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان ئەو دوو قسە و ئاخاوتنە هەیە: قسەکردن لەسەر کلتووری عەرەبی و کلتووری ئیسلامی، لەگەڵ کلتووری چەسپیووی ئیمڕۆ لەو کۆمەڵگایانە هەیە.

هزر و بۆچوونەکانم بەو شێوەیە شرۆڤە دەکەم:
یەکەم: کلتووره باو و چەسپیووەکەی ئیمڕۆی ناو جڤاتەکە، کلتوورێکی ئیسلامی نییە، ئەو کلتووره نییە، کە لەلایەن رووناکبیر و فەیلەسوفە موسلمانەکان دانراوە. ئێستا رەنگدانەوەی کلتووری غەزالی و ئیبنی خەلدون و ئینی روشد لەناو کلتوورەکەمان بەدی ناکرێت؟
کوا کلتووری حەسەن ئەلبەسری و رابیعە ئەلعەدویە و حەلاج و جونید و ئەوانی تر، کلتووره سۆفیگەرییە عیرفانییەکانی پەخشان لە ئەڤین و عیشقی خودایی و بانگخوازی بۆ هاوسۆزی و یەکسانی و دادپەروەری نێوان خەڵکەکە، بە هەموو تیره و رەگەز و زمان و بیروباوەڕ و وڵاتەکان؟
ئەو کلتوورەی ئیمڕۆ چەسپیووە، کلتوورێکی داتەپیوو و رق و جوادخوازی و دوورگرتن و پەراوێزگرتنە، بیانووی کوشتن و شەڕ و سوتماکی وڵاتەکانە.
دووەم: کوا کلتووره عەرەبییەکە بەرهەم و هزری ئیبنی سینا و محەدینی عەرەبی و سەهرەوەردییە؟ کوا کلتوورەکەی ئیمڕۆ! رەنگدانەوەی کلتووری کەندی و فارابی و ئەبی حیان ئەلتەوحیدی و ئیبن هەیسەم و ئیبنی مسکویە و ئەبی عەلا ئەلمعەرییە؟
سێیەم: کوا لەناو کلتووره باوەکەی ئیمڕۆ، هەست بە کلتوورێکی پاکی محەمەد عەبدە و تەها حوسێن و سەلامە موسا و عەلی وەردی و ئەوانی تر دەکەیت، کوا هزری ئەوانە لەناو کلتووری عەرەبی و ئیسلامی؟
چوارەم: جیاوازییە رەیشەییەکە لە شکۆدارکردنی بابەتە کلاسیکی و کۆنەکاندا نییە، لەسەر حیسابی هاوچەرخەکان، تاکە جیاوازیش بوونی شێوازی بیرکردنەوەیە... ئەوان دەتوانن داهێنان بکەن و هزرێکی گەوره بەرهەمبهێنن، (تارادەیەک ئەوروپییەکانیش سوودی لێ وەربگرن، گەشەسەندنە کلتووری و زانستییەکان بە بەرزی هەڵسەنگێنن)، ئەوان ئازادی بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی ئازادیان هەبووە، بەدوا توێژینەوەی دروستکەر و شکۆی هزرەوە بوون، کۆششیان دەکرد نهێنییەکان بدۆزنەوە و شاراوەکان ئاشکرا بکەن، بیکەنە هزری رەسمی، (ئەوانەی نزیکبوونە و هەستکردنیان قەدەغە و حەرام بوو، نەدەبوا لێی دەربازی بیت).
پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە دەردەکەوێت، دەروازەکانی هزری ئازادی داهێنەر بە دەرگای ئەستووری رق داخراوە، چەکی تەکفیر و کوشتن و لەناوبردنی جەستەیی و هزری بەرەو رووی ئەوانەی دەیانەوێ هاوڵاتیان بەرەو ئاستی راستەقینەیی مرۆڤ بگێڕنەوە، ئەویش ئاوەزی زانستی و فەلسەفی ئازاد و دەرچوونە لەناو چوارچێوەی عەقڵی لاهوتی داخراو، ئەوانەی هزری توندڕەوی و کاولکاری و ترسیان، لەناو هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان چاندووە، لەوانە کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامییەکانیش.
جیاوازییەکان ئەوەیە... جیاوازییە ریشەییە سەرەکییەکان لە رەوتی بیرکردنەوە و ئاستی پابەندبوونە، بە هزری ئازاد و ئازادی بیرکردنەوەی دوور لە هەڕەشە و ترس.
من نەهاتووم رەخنە لە کلتووری ئیسلامی یان کلتووری عەرەبی وەک خۆی و بوونیان بگرم، هاتووم رەخنە لە رەوشە دابەزیووە کەساسەکە بگرم، کە هەردوو کلتووری بەنەبوونی ئازادی هزری و نەبوونی ئازایەتی لە بیرکردنەوەی ئازادی نەهێشتووە و بنبڕیکردووە.

لە کەشکۆڵی ڕۆژنامەگەرییەوە

١

ئاسان نییە مەسەلەیەکی باڵکێشی هزری، بە گۆشەیەکی ڕۆژنامەگەری بلەز و چڕ دەرببڕیت. قسەکردن لەسەر هزر، پێویستی بە بوارێکی کراوەی بەرین دەبێت، بەمەرجێک بەهەردوو ئاڕاستەی ئاسۆیی و ستوونی بکشێت، لە هەموو لایەنەکانی زانیارییش بکۆڵێتەوە و قووڵ ببێتەوە. بەڵام! لە گۆشەکەم، لە هەر گوڵێک گەردیلەیەک، بە مەبەست ویستوومە بابەت و ڕۆژەڤەکان بە ئاماژەی بەپەلە بورووژێنم، بەبێ ئەوەی بگەمە دەرئەنجام و کۆتایی.
گۆشەی ژمارە ١٠١ کاروانی گۆشەکانم تەواو دەکات. چاوەڕوانی بەزەیی و دلۆڤانی کردگار دەکەم بوارم بدات دووبارە دەست پێبکەمەوە. لەساڵی ١٩٦٧ی زایینییەوە فێربووم بەپێی گونجان ڕۆژانە و هەفتانە گۆشەی نووسینم هەبووە. مرۆڤیش وایە هەر کەسە چەشە و ئارەزوو و وزەیەکی تایبەتی لە بوارێکدا هەیە.

٢

گۆشەی ڕۆژانە، نووسینی ستوونێکی ڕۆژنامەگەری پیشە و نەریتێکی باوی ڕۆژنامەگەری جیهانە. گۆشەی ڕۆژنامەکانیش هەمەڕەنگە، سیاسی، ئاینی، هونەری، وەرزشی، تەندروستی ... هتد، بەڵام هەندێ کەسیش هەیە کۆشش دەکات لەو هەموو بوارانە بنووسێت.
ناتوانم لەسەر هەموو لایەنێک بنووسم... تاقەتی ئەوەشم نییە بەردەوام لەسەر بابەتێک، یان لەسەر ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکی تایبەتی بنووسم. ئارەزوومە نووسینەکانم هەمەڕەنگ بێت، نیگا لەسەر گۆشەیەک بکەمەوە. ئەوە مەرجی نووسینەکانی منە، وادەزانم دەبێ نووسەر لەو بابەتەی لەسەری دەنووسێت وریا و ئاگادار بێت، ئینجا نووسین و بابەتەکان لەسەر چ بێت، شێوە و دەربڕینە ئەدەبی و شێوازەکان چۆن بێت.

٣

کەواتە، بەهیوای دیدار لەگەڵ گۆشەیەکی نوێ بەناوی (هەموو ئاخاوتنەکان ناونیشانێکیان هەیە)، ئەوەش ناوێکی بەرین و فراوانە، واتە کردنەوەی ئازادییەکان بۆ قسەکردن و لێدوان لەجۆرەها بابەت بەپێی پێویست و رەوشەکان. نووسینیش لە جەوهەردا، پێویستییەکی مرۆییە، پێویستییەکە بۆ رادەربڕین... بونەوەرەکان، هەموویان و بە شێواز و دەربڕینی جیاواز و زۆرەوە پەیڕەوی دەکەن، لەوانە جووڵە و چالاکی و بیردۆز و چڕین و هاوارکردن لە باڵندە و ئاژەڵیش ئەو هەستە دەردەبڕن... هەموو ئەوانە جۆرێکە لە دەربڕین، دڵنیابوونە لەسەر بوون و خود. بۆق کە دەقیرێنێت، ئەسپ کە دەحیلێنێت، جریوەی چۆلەکە و شنە و گڤەگڤی با و نرکەی بروسک، هونەرمەند کە ستران دەبێژێت و نیگارکێش کە فڵچەکەی لەناو رەنگەکە هەڵدەهێنێت و ژەنیار و شاعیر و مۆنتێر و ئەکتەرەی سەر شانۆ و سینەما... هەموویان رازەکانیان بەئاهێک یان بەوشەیەک، یان بەجووڵەیەک، یان بەنمایشی جلوبەرگ و ... دەردەبڕن؟

## ٤

ئیتر بۆ هەموو پەیڤ و ئاخاوتنێک ناونیشانێک بوونی هەیە.

ناونیشانەکان زۆر و بێ کۆتاییە.

ئەوەش راستی بوونە، بوون فرەبونەوەرە و جوانییەکانی بێسنوورە، دەبێ ئێمەش بە نیگایەکی کراوەی رەهای ئازاد، بەشێک لەو جوانییە لەناو بوونمان بەرجەستە بکەین.

لێرە بەئازادی هەناسە دەکێشین، لێرەش بوون، خولە بەردەوامەکەی تەواو دەکات، دەردەکەوێت و لەناکاویش ون دەبێت و دووبارە پەیدا دەبێتەوە. عاشقی شەیدا و پەرۆشیش دەتوانێت لەوانە مژێکی شیرینی خۆشی جەوهەری ژیان وەربگرێت.

بوون، بۆ شادی و کەمال و شکۆ بەرجەستە بووە... ئەوانەش هەموو بەشادی ویژدانی ناوەوەی بێکۆتایی دەردەکەوێت.

## کلتووری گوڵ

بەبۆنەی رۆژی جیهانی زەوی ٢٢ی ئەپریل

کلتووری گوڵ، مەبەستم پەروەردەکردنی گوڵە.

پەروەردەکردنی گوڵ و خزمەتکردنی ببێتە خووی گشتی خەڵک و کۆمەڵگاکەمان، کلتوور بریتییە لە جۆرەکانی رەوشتی هاوسۆزی دیاریکراو بە بابەتێک.

دەکرێ قسەش لەسەر کلتووری بیابان، کلتووری دەریاش بکەین... هەروەها ئاساییە قسە لەسەر کلتووری کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتیش بکەین، چونکە ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیایە نوێیانە هەڵسوکەوت و دابونەریتی تایبەتی لێدەکەوێتەوە، جۆرێکی تایبەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەخولقێنێت.

ئەوانە کاردانەوەیان لەسەر رەوشتی کۆمەڵایەتی رۆژانەی مرۆڤ دەنوێنێت و دەکرێ قسە لەسەر چۆنیەتی نووستن، وەرزشکردن، هەڵسوکەوتی جۆری خواردن و پۆشاک لەبەرکردن، خوێندنەوە و سەیرانیش بکەین... ئەو چالاکییانە هەموویان دەچنە ناو خانەی کلتووری تاکەکەس، هەروەها بەشێکن لە کلتووری کۆمەڵگاکە، ئەگەر دابونەریتەکە بووبێتە نەریتێکی گشتی بەرچاو، وەک سەیرکردنی یارییەکانی فوتبۆل، یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن.

دابونەریتەکان بەپێی پێویستی رەوشەکان و بوارەکانی گونجان و ژیانیش بەرجەستە دەبن، هەندێجاریش ئەو دابونەریتانە دەرئەنجامی بەرنامە و راسپاردەیەکی دیاریکراو دەردەکەوێت، هەندێجاریش مرۆڤ کۆشش دەکات، خۆڕسک ئەوانە وەربگرێت، بۆ نمونە مەشقی بۆ دەکات، چۆن لە سەعاتێکی دیاریکراو لە خەو هەڵبستێت، ئیتر پاش ماوەیەک رۆژانەکەی دەبێتە خووێکی چەسپیوو. زۆر کەمیش مرۆڤ دەتوانێت دەستبەرداری ئەو خووە ئاساییانە ببێتەوە، یان ئەوانەی بۆی ماونەتەوە، بەتایبەتی جۆرەکانی بیرکردنەوە و هزر و باوەڕەکان.

تەلقین، خود و ویستی دابونەریتە باشەکانە، سوودی بۆ کەسەکە و کۆمەڵگاکە دەبێت، یەکێکە لە فەزیلە مەزنەکان، بەو شێوازە مرۆڤ دەتوانێت ژیانی خۆی زۆر بگۆڕێت.

ئەو پێشەکییە پێویست بوو، بۆ ئەوەی قسە لەسەر پەروەردەکردنی گوڵ بکەین، خەڵک فێربکەین گوڵ بڕوێنن و بیپارێزن، کلتووری گوڵ بڵاوبکەینەوە، بەداخەوە لەلای ئێمە هێشتا لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان گوڵی نایلۆن و دەستکرد هەستی پێدەکرێت، زۆریش بەکاریدەهێنن، ئەگەرچی میللەتانی جیهان فێربوون گوڵ دەچێنن و بەرهەمی دەهێنن... گوڵی سروشتی جوان و باڵکێش و کراوەیە، چونکە لەسروشتەوە هاتووە، نەک لە ئەوروپا و ئەمریکا و ژاپۆن، لە وڵاتانی دراوسێیەکانیشمان گوڵی سروشتی بەکاردەهێنن، لە بچووکترین شەقامی پاکستان گوڵفرۆشی زۆر دەبینرێت. بەڵام وڵاتانی ئێمە لەو بوارە زۆر دواکەوتوون، وڵات هەیە وەک هۆڵەندا، گوڵی زۆر بەرهەم دەهێنێت و رەوانەی دەرەوەشی دەکات، ئەوەش بوویتە داهات و دەسکەوتێکی زۆر بۆ وڵاتەکەیان، ئێمە نازانم بۆ گوڵی خۆمان پشتگوێ خستووە؟ ئایا کوردستان ناتوانێت ئەو گوڵانە بەرهەمبهێنێت؟

یان کەماسییەکە لە عەقڵیەت و دابونەریت و جۆری بیرکردنەوەماندا هەیە؟ ئەوەش فاکتەرێکی بابەتییە و لەدەرەوەی ویستی خۆمانە، یان نەخۆشییەکە لە جۆری عەقڵیەت و دابونەریت و بیرکردنەوەکانمانە؟ یان بە دەستەواژەیەکی تر: فاکتەرە بابەتییەکە لەدەرەوەی ویستمانە، یان خۆمان کەماسییەکمان لەناخدا هەیە، ئێمە خەڵکی کوردستان و عیراق؟

وادەزانم... بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەخۆشی ناوەوەمان، نەخۆشییەکە، دابونەریتە خراپەکەی بایەخنەدانە بە گوڵ. چونکە رەوشە بابەتییەکەی بەرامبەرمان بۆ مەرجەکانی چاندنی گوڵ و کلتوورەکەشی وەک دابونەریتی گونجاوە، دەتوانین ئەوە بکەین. کوردستان کەشوهەوایەکی

گونجاو و خاکێکی بەپیت و ئاوێکی سازگار و دەستی کاری زۆرمان لەبەر دەستە، وڵاتەکەمان بکەینە وڵاتێکی بەرهەمهێن، بکەینە وڵاتێک گوڵیش هەناردەی دەرەوە بکەین.
قەناعەتەم بەوە هەیە، دەتوانین گوڵچاندن بکەیتە دابونەریت، رەنگە ژمارەیەک لەو خەڵکە ببنە پێشەنگ و کوشکی گوڵفرۆشی سروشتی بکەنەوە، ژمارەیەک نەمامگەش لەناو پایتەخت سازبکەن و بەرهەمی گوڵیش زۆر بکەن و چەندین کێڵگەش بکەنەوە.
یەکێک لە بەرنامەکانی یادەکانی ئازاری ساڵی ١٩٩٧ی زاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی بەرفراوانی بۆ دارچاندن و سەوزکردن بەڕێوە دەبات، ساڵانە ئەو بەرنامەیە گەشە دەکات و پێشدەکەوێت. ئەوەش کۆتایی نییە. باشتر و گونجاوترە ئەگەر هاوڵاتیان، بەپێی توانا روو لە چاندنی گوڵ بکەنەوە، لەماڵەوە گوڵ پەروەردە بکەن بەتایبەتی رووەکی بەر سێبەر، کە بە پارەی کەم دەستدەکەوێت، دەکرێ هەندێ لایەنیش نەمامگەی گوڵ بکەنەوە. تەلەفزیۆنەکەی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم بەرنامەیەکی نیومانگی هەیە بۆ رێنمایی و شارەزابوونی خەڵک بۆ خزمەتکردنی باخچە و بڵاوکردنەوەی کلتووری گوڵچاندن و پەروەردەکردنی، وادەزانم زۆربەی خەڵکەکە دەتوانن خۆیان خزمەتی بکەن، بەو بەرنامە سادەیە، لەگەڵ وشکەساڵییەکەش دەتوانن ئەوە بکەن.
فێربوونی گوڵچاندن و خزمەتکردنی رەوشتێکی باڵا و باشە، لە هەموو رووێکەوە سوودبەخشە، دەبێتە فاکتەری ژینگەپەرستیش، بەوەش هەستی جوانی و خێر و لێبووردەیی و پەنابردن بۆ ئاشتی و خۆشەویستی گەشونما دەکات.

---

ئەو وتارە لە گۆڤاری زاگرۆس ژمارە ١٧ی رۆژی ١٩٩٩/٤/٢٧ی بڵاوکراوەتەوە. گۆڤارەکە بە زمانی عەرەبی لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچوو.

پاش کۆشش و بانگەوازی زۆر، توانیمان لەساڵی ٢٠٠٥ی زاینی پەرە بە چاندنی گوڵی سروشتی بدەین، نەک گوڵی دەستکرد، خەڵکەکە وا خەریکە نمایشگەی گوڵفرۆشی دەکەنەوە و گوڵ بە چەپک بۆ دیاری دەکڕن، هەروەها هەڵمەتی بەرفراوانی چاندن و دارستان لەناو شارەکان و دەرەوەی کراوە، سروشت و خاکی کوردستان ژینگەیەکی جوان و دڵرفێنی وەرگرتووە، زۆر بەختیارم، لەگەڵ هاوڕێیەکانم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی کلتووری چاودێری و پارێزگاری ژینگە و جوانکردنی بەشدارین و کۆششی بۆ دەکەین.

کۆتایی